Klawrojna

# ئیداره‌ی گشتی

## Business Administration

(Public Administration)

### چەمك و ریفۆرم

ئەزموون و بەراورد و هەڵسەنگاندن

نعمت عبدالله پیرداود

كوردستان - هەولێر ٢٠٠٩

# ئیدارەی گشتی

## چەمك و ڕیفۆرم

### ئەزموون و بەراوردو هەڵسەنگاندن

نعمت عبدالله پیرداود

چاپی یەکەم ٢٠٠٩ هەولێر

**لەبڵاوكراوەكانی**

**یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان**

**ژمارە (٥)**

ناوی كتێب: ئیدارەی گشتی، چەمك و ڕیفۆڕم

بابەت: ئەزموون و بەراورد و هەڵسەنگاندن

نووسەر: نعمت عبدالله پیرداود

تایپ: ڤینۆس سادق غەفوور

ڕێكخستن و هەڵەچنی: راستی محەمەد كەریم

نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ: ئەبوبەكر مەلا عەبدوڵڵا

چاپ: چاپخانەی منارە – هەولێر

نۆرەی چاپ: چاپی یەكەم – ٢٠٠٩

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی (٢٣٩٤) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

**هەموو مافێكی بڵاوكردنەوەی ئەو كتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر**

# ناوەرۆك


**بەشی یەکەم:** چەمکی کارگێری

**بەشی دووەم:** ڕێکخراوەکان و پلانەکانی سەرکەوتن

**بەشی سێ یەم:** میکانیزمی کارکردن لە دام و دەزگاکان

**بەشی چوارەم:** گۆڕانکاری و ئیدارەدانی رکابەریەکان (ادارة الصراع)

**بەشی پێنچەم:** گەندەڵی

**بەشی شەشەم:** دەوڵەت (قەوارەی سیاسی)

**بەشی حەوتەم:** ژیان لە سایەی بێ یاسا و سەروەری

**بەشی هەشتەم:** وەگەڕ خستنی سەرمایەی بیانی

**بەشی نۆیەم:** پەروەردە ماڵی هەمووان

**بەشی دەیەم:** بودجەو چاودێری و ووردبینی

# پێشەکی

لە چ ەرخی بیست و یەکدا بە تایبەتی لە بارودۆخە هەستیارەکاندا ئیدارە ڕۆلێگی گرنگ دەگێرێت و کاریگەری زۆری هەیە و دەچێتە نێو ژیان و ڕێکخستنی کاروبارەکان هەرچەندە مێژووی ئیدارە دەگەرێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور کەچی لە لایەك دەبێ خۆی لەگەڵدا بگونجێنرێ و لە لایەکی تریش ئیدارە بگونچێ لەگەل ئاستی زانستی ی و رۆشنبیری و زانیاریدا..

چونکە ئید ارە وەك پێناسەیەکیش زانست و هونەرە یەکێکە لە مەرجەکانی سەرکەوتن لەکاتی ئاشتیدا و لە کاتی شەردا ، کەرستەکان بەبێ ئیدارە دەبێتە مایەی سەر لێشێواوی و بێ سەروبەری زیان بە ئامانج و مەبەستەکان دەگەیەنێ چ وەك تاك چ وەك کۆمەلێ بۆیە ئیدارە لە ماڵەوە دەست پ ێ دەکات بۆ دام و دەزگاکانی پەروەردە و زانکۆو سیاسەت و ئابووری و پەیوەندیەکان و پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانیش. کەواتە ئیدارە وەك سیستەم و (نیزام) خۆی گەردوونێکە هەمووان لە دەوریادا دەخولێنەوە سەرئەنجام یان پێ ی دەحەسێنەوە یان پێ ی دەپووکێنەوە...

بۆیە تێگەیشتن و شیکردنەوەی هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ کرانەوەیەکە بەرووی بەرێوەبردنی واتە ئیدارەکردنی مرۆڤ و ئیدارەش بە شێوەیەکی گشتی ، چونکە ڕاپەراندنی کارەکان بەشێوەیەکی باش و بەرهەم هێنەر و لێهاتوویی دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستەکان چ وەك تاك یان کۆمەلێ یان کارمەندان و بەرێوەبەران (رووٚساو و مرۆوسین) لەو کاتەی ئەگەر هەڵسەنگاندن و بەراووردکردن لەحەزوو ، ئارەزوو، هەست بە لێپرسینەوە رەچاوبکرێ بەمەش خالە بەهێزو لاوازەکانی ئیدارە بەدیار دەکەوێ بۆ وێنە گەلێکی وەکو یابان کە ڕەوشت و هەڵس و کەوتی جیایان هەیە دەبێتە هۆی ئەو هۆکارانەی کە ئێستا لە رووی ئیداریی و ئابووریدا لە ریزی پێشەوەی جیهاندایە. ئەمرۆ هەموومان لە دنیایەکین بە کات ڕاناگەین زۆرجاریش کات لەبەردەستدا نامێنێ بەزوویی

تـێ دەپـەڕێ بۆیـە پێویـستە لەگـەڵ ئـەم گۆڕانكاریـە گەورانـە وەك هـەورە تریـشقە و برووسكە خۆمان بگونجێنین و ئاوێتەی یەكتری بین بەرهـەممان هـەبێ و پێـشڕەو بـین و بەرەنگاریش ببینەوە ، بۆ ئەوەی لایەنی كەم بەشێك لە ئامانجەكانمان بۆ خۆمـان و دام و دەزگاكانمان و ڕێكخراوەكانمـان و كۆمەڵگاكـەمان بـەدی بێـنین ئیـدارە ئـەو زانـست و هونەرەیە بووەتە بەشێك زیاتریش لەژیانماندا ، بۆیە پـەیڕەوكردنی ئیدارەیـەكی زانـست تاكە ڕێگایە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانمان لە كاری ڕۆژانەو هەڵوێستەكانی بازرگـانی و پیشەسازی و مرۆڤایـەتی ئیـدارە شـۆربۆتەوە كانگای، گۆڕەپانـەكانی زانـست و زانیـاری كەسەكان ئامادە دەكات و فێریان دەكات بۆیە دەبینن نهێنـی سـەركەوتنی ئەوانـەی لـە بواری بازرگانی و ئیـدارەدا دەگێریتـەوە بـۆ سـوود وەرگرتنیـان لـەو زانـست و زانیاریـە ئیداریانە كە بە باشترین شێوە لە كاری خۆیاندا پەیرەویان كردووە.

ئـەو وولاتانـەی ئـەمرۆ پێـشكەوتوون و لـە پێـشەوەن هـەمووی دەگەڕێتـەوە بـۆ كـەلك وەرگرتنیان لە زانست و ئیدارە زۆر وولاتیش هەیە هیچ بـەرووبوومێكی درووسـت كـراوی پیشەسازیان نیە كەچی دەوڵەتێكی پیشەسازین گەر لێیان بپرسی نهێنـی سـەركەوتنتان چیە دەڵێن ئێمە هیـچمان نیـە لـە كاتـەكان لەشـتە بنەرەتیـەكان تـەنیا ئـەوەی هەمانـە (Hand and land) بـەڵام عـەقلمان بـەكار دەهێـنین و بـیر دەكەینـەوە ئـەزموون وەردەگرین چاكسازی دەكەین.

بۆ ئەوەی گەندەڵی تەنگەتاو بكرێ ، پێویـستە تـەنیا خـەریكی ئـەوەبین چـۆن گـەل و وولاتەكەمان پێش بكەوێ ئەمەش بەرزترین پلەی ووشیاریە.

بۆ بەڕێوەبردنی شیاو بۆ كارگێری بەتوانا و ماقوول پێویست دەكات ئیدارە كار بكات لە سەر نەخشە و پلان و ڕێكخستن و سەركردایەتی و چاودێری بەمـەش هـەموو ئەركـەكانی كاروباری ئیدارە ئەنجام دەدرێت.

ئیدارە لـە سـەر چـەندین دەست مایـە (مـوارد) دەوەسـتێت ئـەویش مرۆیـی ، دارایـی ، كەرسـتەكان ، فیزیكـی ، زانیاریـەكان ، ئەمـەش بەرێوەبـەرێكی بـە كـاری دەوێ بـۆ گەیاندنی چالاكیەكان بە كەمترین كات و باشترین دابەشـكردن ئـەمڕۆ ئیـدارەی سـەردەم

لەسەر چەند ئەستوونێك ڕادەوەستێ وەك زانیاریە تەكنەلوژیەكان ، سەرمایەی بیر ، بازاری سەرتاسەری جیهان ، جیهانگیری ، بازرگانی ئەلیكترۆنی.....هتد

ئامانج لەم كتێبە لێكۆلینەوەی كاری ئیدارە و كارگێریە (بەڕێوەبردن) دەچێتە ناخی ئەركەكانی لە رووی پەیڕەو كردن و لایەنی زانستیەوە كە هەلس و كەوت و چۆنیەتی رێگاكانی كاركرنی بەڕێوەبەرەكان دیار دەكات. ئەزموونەكان نیشان دەدات، ئیداری ، سەركردایەتی بۆ هەلسووراندن و بەڕێوەبردنی دام و دەزگاكان.... پەرەپێدانی بیرو فەلسەفی ئیدارە و ئاراستە سەروەریەكان دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی هەمیشە نوێ بوونەوەو هاوچەرخیانەی خۆی دەربخات (ڕیفۆرم) كە لێرەدا ئیدارە بە پێشخستنی زانست و زانیاری و تەكنەلۆژی دەبەستێتەوە ئەوە لە لایەك لە لایەكەی تر چەند بەشێكی ئەم كتێبە بەشێك بووە لەو پێداویستیانەی بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەی دكتۆرا بەجێ گەیاندراوە.

كە لەم كۆرسانە پێك دێت:-

١. دانانی بودجەی گشتی بودجەی بێ قازانج.

٢. كارگێری سەرچاوە مرۆیەكان.

٣. مەسەلەكانی كارگێری گشتی.

٤. كێشە ژینگەیەكان.

٥. بڕیاردانی ناوەندی.

٦. كۆكردنەوەی زانیاری.

٧. بەڕێوەبردنی فەرمانبەرانی كەرتی گشتی.

٨. ڕێكخراوەكان بۆ قازانج كارناكەن.

ئەم بەرهەمی ئەزموونی زیاتر لە سی سالی كاركردنە لە بوارە جیا جیاكانی ئیدارە (پەروەردە ، تەندروستی ، شارەوانی ، گەشتیاری ، ڕێكخراوەكان ، پەرلەمانتاری)

كە لە هەریەك لەم بوارانەی سەرەوە پلەو پایەی دیاریكراوی بەپێ ی یاسا (لە یاریدەدەری تێبینەر بۆ بەڕێوەبەر و یەڕێوەبەری گشتی بۆردو سەرۆكی بۆردی چەندین ڕێكخراوی ناحكومی و حكومی تا پەرلەمانتاری و بەرپرسیاریەتی لە بەڕێوەبردنی یەك لە

فراكسیونەكانی پەرلەمان. ئەم كتێبە دێتە ریزی ئەو جۆرە كتێبە دەگمەنانەی لەبواری ئیدارەدا به زمانی شیرینی كوردی دەردەچێت سەرەرای كەم و كورِی و ناتەواویەكانیش دەكرێ ببێتە سەرچاوە بۆ خوێندكاران و لێكۆڵەوەرانی بواری ئیدارەی گشتی و كاری بازرگانی و كاروباری حكومەت.

نعمت عبدالله

هەولێر – ٢٠٠٩/١٠/١

## بەشی یەکەم:

# چەمکی کارگێری (بەڕێوەبردن) ئیدارە

کارگێری بەهۆی ئەوەی لەنێو بازنەیەکی داخراودا نیە بەڵکو لق و پۆپی زۆری هەیە و زۆریشی لێ دەبێتەوە بۆیە توێژەران هەریە کە بەپێ ی بواری لێکۆڵینەوەی خۆیان بیرو باوەری جیاوازیان هەیە لەسەر پێناسەو تێگەیشتن و بۆ چونیان دەربارەی کارگێری باشترین وایە چەندین پێناسە بخرێتە روو:

ئینکلوپیدیای زانستە کۆمەلایەتیەکان کارگێری بەمە پێناسە دەکەت کە کارگێری بەهۆی ئەوەوە مەبەستێکی دیاری کراو جێ بە جێ دەبێ و سەرپەرشتی لەسەر دەکات ووزەو توانای جۆراوجۆری بیرو بازوی مرۆڤی تێدا خەرج دەکرێت کەسانێنك دەگرێتەوە ئەوانەی هەلبژێردراون کاری کارگێری دەکەن وەکوو بریار بەدەستان و چالاکیەکانی بەرپرسان (بەرێوەبەران) کە بەپلان و رێکخستن و رێگای چاودێری کاردەکەن ئەمە بەواتای (Management) بەلام بەواتای (Administration) ئاماژە کردنە بەکاری رێکخستنی کارگێری کە دانانی سیاسەتی سەرەکی ئیدارەیە هەروەها راپەراندنی یەکە ئیداریەکانی دەولەت و چالاکی گرنگی دان بە تۆمارگەکان و ریزوبەندی زانیاریەکان هەروەها ئەرکەکانی بەرپرس لەدام و دەزگا جۆراو جۆرەکان کەچی کارگێری لەکاری بازارەکانی (Business Administration) ئەوە دەگەیەنێ کارکردن لە رێگەی چالاکیەکان بەئامانجی قازانج کردنە کارگێریش وەك سیستەم لە ئەرك و فەرمانە کانی تاکەکان کەسەکان کەرستەو میکانیزم و بەرێوە بەرایەتیەکان و بەشەکان پێك دێن کارگێری ناسی بەناو بانگ (فریدریك تایلور) پێناسەی ئیدارە دەکات و دەلێ کارگێری دەقاو دەق ئەوەیە کەبزانی چیت دەوێ و دلنیاش بی لەوەی کە کەسەکان بەباشترین و هەرزانترین شێوە ئەنجامی دەدەن.

(جۆن مـی) پێناسـەی ئیـدارە دەکـاو دەڵێ: هونـەری لـە دەسـت کـەوتنی ئەنجامـەکان بەکەمترین ماندوبوون بۆ وەدیهێنانی بەرزترین پلە رەواج و بەختەوەری بۆ خاوەن کار و کارمەندان و پێشکەش کردنی باشترین خزمەت گوزاری بۆ کۆمەل.

## گرینگیەکانی کارگێری ( بەرێوەبردن ):

کارگێری لەگۆرەپانەکانی کار کردن د ەبێتە هۆکارێکی گەورە بۆ گۆرانکـاری لـە هـەول و تەقەلاکانی مرۆڤ بەوەی کـە شـیاو و لێهـاتویی خـۆی بەدەسـت بێنـێ کـە دەبێتـە هـۆی پەرەپێدانی بەرهەم و کەم کردنەوەی خەرجیەکانی تێچون (تکالیف) و بوژانـەوەی بـیرو بۆچـون و وەسـتایی لـەکار (أبـداع) داهێنـا سـەرەرای ئەمانـەش کـارگێری دەبێتـە هـۆی چارەسـەرکردنی کێـشەکان و راسـتکردنەوە و گەرانـەوەی لادان (انحـراف) کـارگێری

## لەنێوان زانست و هونەر ( العلم و الفن ):

پرچەك کردنی بەرێوەبەر یان بەرێوەبردن بە زانست و زانیاری لە رێگەی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی توێژینەوەی زانستی لە هەر بوارێـك ئەمـە زانـست دەگەیـەنێ بۆیـە ئیـدارە زانستە هەروەها دەکرێ بلێین هونەرە کە لێهاتووی و بۆچونی دروست بەکار بێنێ.

زانست واتە فێر بوون کەچی هونەر چۆن فێردەبیت:

## فەرمانەکانی کارگێری ( وظائف الأدارة ) :

### ١- پلان دانـان:

مەزەندەکردن لە کارکردن کـە چـۆن و کـەی ی و لـە کـوێ دەکـرێ هـەرروەها کـارکردن لەسەر هەندێ بنەمای دروست بۆ ئەوەی بۆچونەکانت راست دەربچێت و ئەنجامی باشـی لێبکە وێتەوە.

### ٢- رێکخستن:

رێکخستنی کارەکان ئەوە بەدەست دەگەینێ کە کێ بۆ کێ کاردەکات کێ بەرپرسە کـێ کارمەندە، دەسەڵاتەکان هی کێن و چەندن پەیوەندی نێوان کارمەندان و سەرۆکەکانیان چۆن دەبێ راپۆرتەکان بۆ کێ بەرزدەکرێتەوە، هەروەها لێك جیاکردنـەوەی پـسپۆری ی و بە پرسیاری لەنێوان گشت لایەك.

## ٣- دامەزراندن ( توظيف ):

واتــه ئوانــەی كــاری دامەزرانــدن دەكــەن ئەمــە ناونيــشانێكە بــۆ گــەران بــە دووای كارگێريەكان ودەستذ يشانكردنيان ودامەزراندنيان وپلـە بەرزكردنـەوەيان و خانـە نـشين كردنيان.

## ٤- ئاراستە كردن ( التوجيە ):

ئەمە وەزيفەيەكی جێ بەجێ كردنە بەوەی كە سەركردايەتی تاكەكانەوە سەرپەرشتيان دەكات و رێنمای و رابەرايەتيان لە ئەستۆ دەگرێ لە پێناو ئامانجێكی هاوبەش دا.

## ٥- رێككەوتن ( التنسيق ):

ئەمە لەنێوان ئەوكارانە دەبێ كە چالاكيەكانيان كەوتونەتە ناو يەك وايـان لێ دەكـات كـە بۆ ئامانجی گشتی هەنگاو بنێن.

## ٦- چاودێری ( الرقابة ):

بـە واتـای بـەدووا داچـوون و گـەران بـە دووای هەلـەو ناراسـتيەكان بـۆ ئـەوەی بزانـرێ پلانەكان بەگوێرەی ويستەكان جێ بەجێ دەكرێ يـان نـا، ئەمـە چـاودێر يـە لـەناو يـەك فەرمانگـە دەبـێ، هــەروەها ئەگەردەسـتەلاتێكی بـالاتر هــەبوو لــەو فەرمانگەيــە ئــەوا لــەدەرەوەی فەرمانگــەش دەبــێ. ئــەم كــارە وەزيفانــەی باســكرا بەسەرپەرشــتی بەرێوەبەرايەتی سەروو (العليا) يـە كـە بەپلـەی ريزبەنـدی كـارگێری ئەمانـەی خـوارەوە دايە.

أ. سەروو

ب. ناوەند

ج. خوارەوە

د. جێ بە جێ كەران

بەراوردكردن لەنێوان كارگێڕی گشتی كاری بازرگانی

(الأدراة العامة و ادارة الأعمال)

لە رووی وەك يەكی و هاوبەشياندا

یوونی هاوبەش لەفەرمانەکانی کارگێڕی وەك یەکی لە پەیڕەوکاری کارگێڕایاندا لەبیرو فەلسەفەماندا ، کاریگەری هەردوو لالەیەکتری بەتایبەتی هی حکومەت لەسەرکارگێڕی کاری بازرگانی بەهۆی شارەزاییی و کۆنی لەپەیڕەوی ئیداری.

هەروەها بەهۆی کاری بازرگانی چەمکی نوێی ئیدارەپەیدا بوو و کاری کردەسەر کارگێڕی گشتی (الأدارة العامة).

سەرەڕای ئەوەش هەردووکارگێڕی لەیەك کانی هەڵقولاوون کە کۆمەڵەو بۆ بەرژەوەندی گشتی یە باریگاکانیش جیاوازبن.

لەڕووی جیاوازیان:—

١. ئامانجی بنەڕەتیان جیاوازە لەنێوان خزمەتگوزاری گشتی و قازانجی تایبەت

٢. لەنێوان پەیرەو کردنیان لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

٣. کاریگەریان لەسەرە یەکیان سیاسەتی سەرەکی دەوڵەت بەڕێوە دەبات ئەویتریان لەسەربنەمای ئابوری.

٤. ئیدارەی گشتی لە سەر بنەمای یاساو سیستەم و ڕێنمایەکانی دام و دەزگاکانی دەوڵەتە بەلام کاری بازرگانی لەسەر پەیرەوو پرۆگرامی کۆمپانیاکان و بریارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەکانە.

٥. جیاوازیان بەهۆی بارودۆخی کارکردن و چەند و چۆنیەتی چالاکیەکانە هەروەها لەروی کێبرکێ و سەپاندنی دەسەلاتەکانی سەروو هەروەها شێوەی کارکردنیان گشتی و تایبەتن.

٦. بریاردان لەئیدارەی گشتی پێوانەکەی سۆزو پاڵەپەستۆی سیاسیەکەی کارگێری بازرگانی بەشێوەی بیرکرد نەوەو بەرژەوەندی قازانج و پەرەپێدانە.

٧. لەروی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی دا جیاواز ترن.

٨. جیاوازی لەپێوانەی سەرکەوتن و قەبارەی دەزگاکانیان دا.

## قۆناغەكان( قوتا بخانەكان )ی كارگێڕی

بەهۆی ئەوەی كەكارێك هەبێ ئەوكارەش ڕۆژگارانی بەسەردا تێپەربكات دەبێتـە دابـەش بوونی بەپێ ی بارو دۆخەكان:-

١- قوتابخانەی كلاسیكی لە كارگێری دا.

أ- كارگێری (بەڕێوەبردن)ی زانستی.

ب- كارگێری (بەڕێوەبردن)ی پرۆگرامی.

٢- ئیدارەی زانستی پشت بەچەند بنەمایەك دەبەستێ

١- ڕێژەی نێوان ئەنجام و تێچونی (كلفة).

٢- كەوتنە ژێر باری لێهاتوی ی‌و سەرنج و تێبینی و زانیاری ئەزمون و شارەزایی.

٣- لەسەر مەزەندەو بیری بۆچونی سەقەت و زیان بەخش ناوەستێ بـەلكو لەسـەر یاساو راسای رونەوە دەوەستێ.

٤- لەسەر دابەش كردن و دابەش بوونی كارەكان و پێوەریە

٥- رابـەرانی ئیـدارەی زانـستی: فریـدریك تـایلۆر، هێنـری فـایۆڵ، هینـری غانـت، هەریەك لـەم رابەرانـەی كـارگێری هەڵسەنگاندنی تایبـەتیان هەیـە لەسـەر بـەڕێوەبردنی زانستی (الأدارة العلمیة).

٣- ئیدارەی بیروكراتی: خاوەنەكەی زانای ئەلمانی (ماكسو بیر) یە ئەم ئیدارەیـە ئـەوە دەگەیـەنێ كـە پـشت بەئەوانـە دەبەسـتێ لەپـشت مێـز دانـە مەكتـەبین تـەنیا بـەپێ ی ڕێنمایی و یاسا كاردەكەن كەلەبەردەستیانە كەپشت بنەمایەك دەبەستێ:-

١- سەیری وەزیفەكان دەكات نەك ئەوەی وەزیفەكە دەبینێ.

٢- پابەند بوون بە كار بەدەقی یاساو پرۆژەكـانی بەرنامـەی كاركردنـە كەسـەكان هـیچ ڕۆلێك نابینن پشت بە نوسراو دەبەستێ.

٣- بەپێ ی پلەی وەزیفی كارەكان رادەپەڕێنن.

٤- لەسەر ڕێو شوێنی دەسەلاتەكان و دەستوری و ڕێنمـایی هـەر بـەرپرس و سـەرۆكێك كاردەكرێ بۆ ئەوەی سنوریان دیار بێ.

٥- دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوی خۆی.

٦- بەداموو دەزگاکردنی دەوڵەت بەپێ ی یاسای کارکردن.

٧- گرینگی دان یەئەرشیف و نوسراو وتۆمارگەو مۆرو پەسەند کردن.

٨- بونی هۆبەی نهێنی (القلم السري) بەمەبەستی پاراستنی هەندێ کاروباری گرنگ.

ج- قوتابخانەی کارگێری هەلس وکەوتی رەوشەکان (الأدارة السلوكية) کە لەسەر پەیوەندی مرۆڤایەتی یو ئەزمونەکان کاردەکات واتە لەسەر ئەزمونی کەسەکان و بیرو بۆ چونیان ئیدارە دەگێرن و بەرێوەی دەبەن.

د- قوتابخانەی کارگێری سەردەم و نوێ (الادارة الحديثة) ئەوەش کۆمەلێکی هەمەرەنگە بۆ لێکۆلینەوەی کارگێری بۆ پەیرەوکردنی لەکاری رۆژانە.

## چەمکی پلان دانان ( مفهوم التخطيط )

پلان دانان چەندین واتی هەیە چ بەفراوانی چ بەدیاری کراو.. بۆیە لە وردکردنەوەی ماناکەو واتاکەی توشی تێکچون دەبی.

(جۆرج تێری) بەفەرمی پێناسەی پلان دانان بەم شێوەیە دەکات:

پلان دانان دەست نیشانکردنێکە دەبەسترێتەوە بە راستی (حقائق) ئەو بۆ چون و مەزەندانەی پەیوەندیان بەدوارۆژە سەرئەنجامی باشی دەبێ.

بۆیە پلان دانان کارو کردەوەیەکە بەبەردەوامی هەیەو دەبێ.

بۆیەپلاندانان کاردەکات بۆ بەرزبونەوەی لێهاتووی و ئاوێتەبوون بەبەرێوەبردن کە وەزیفەیەکی پێویستەبۆ کارگێری بۆ دروست کردنی گۆرانکاریەکانی تەکنەلۆژی، سیاسەتی حکومەت، چالاکی ئابووری، بۆ رەوشی کێبرکێ، بۆ پێوانەی کۆمەلایەتی، بۆ سەرمایەی مرۆڤ و مادی.

## چۆن پلان دادەنرێ ( هەنگاوەکانی پلاندانان ):-

١- دیاری کردنی ئامانج ٢- دانانی مەزەندەی پلاندانان ٣- دیاری کردنی جێ گۆرکێ کان (بدائل) ٤- هەڵسەنگاندنی جێ گۆرکیەکان ٥- دەست نیشانکردن ٦- دانانی پلانی پێویست (الخطة المطلوبة)

## پلانی نەتەوەیی:

ئەم پلانە دام و دەزگاكانی دەولەت كەدەستەیەكی پلاندانانی ناوەندی یان وەزارەتێكی تایبەت بەم پلانە ئامادەی دەكات پەرلەمان پەسندی دەكات كەرەچاوی بەرژەوەندی گشتی دەكات بەمەبەستی پێشكەشكردنی خزمەت گوزاریەكان لەسنوری توانا و هەولەكان دابێ. ئەم پلانە ئەوەییە دابەش دەبێ بۆ پلانی سەرەكی و لق. كە هەندێكیان پەیوەندی بەبەرهەم و هەندێكی تر بە خزمەتگوزاریەكان ئەم پلانەش كە هەموو لایەك تێیدا بەشدار دەبێ بە پلانی گەل، دەولەت دەناسرێ كە دەكرێت سالانە بێت (سالی دارایی) یان دوورە درێژ بۆ چەندین سالْ تا دەگاتە دەسالْ وەك ئەوەی دەلێن پلانی پێنج سالی یان حەوت سالی یان دەسالی.

## پلانی ستراتیژی:

یەكێكە لەو پلانانەی كە دووبارە بەكار دێنەوە.

## پێناسەی ستراتیژی لەرووی سەربازی:

دانانی هێزەكانی چەكداری لەگۆرەپانی شەڕ بۆ سەركەوتن بەسەر دوژمن....

لەرووی سیاسی: بەكارهێنانی و بەگەر خستنی سەرمایەی مادی ی و بەشەری لەپێناو گەیشتن بەئامانجی نەتەوەیی بەرز لەبواری ئابوری دابەش كردنی سامانەكانی دەگمەن بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاری كراو.

كەچی لەبواری كارگێری: ستراتیژی دیاری كردنی ئامانج و مەبەست و سیاسەتی سەرەكی دەگەیەنێ.

(الفرد شاندلر) پێناسەی ستراتیژ بەوەدەكات كەدیاری كردنی ئامانجی سەرەكی درێژ خایەنە كە رێگەی كاركردن و دابەشكردنی سامانە پێویستەكانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی كە هەیە.

## سوودەکانی پلانی ستراتیژی:

١- پشتی پیٚ دەبەستریٚ بەهۆی ئەوەی کەئامانجی دیاری کراوی هەیە.

٢- بوونی پێوانەی باش کەبریاری دروستی لەسەر دەردەچیٚ.

٣- تێکەلٚ بوون لەگەلٚ بارو دۆخی هەمەجۆر.

٤- بیرکردنەوەی درێژخایەن.

٥- دەست گرتن لەبەکار هێنانی داهات.

٦- ئامانجی ستراتیژی روون و وورد، کاری لەسەرکراوە کەدەبێتە مایەی دەرئەنجامێکی باش.

٧- کەمکردنەوە لەمەترسی ی و دلٚنیابوون.

## دەسەلاٚت و بەر پرسیاری:-

ئەم دووانە پێکرا لەنێو هەر رێکخستنێك بن کاریگەریان یەکجار گەورە دەبیٚ

## چەمکی دەسەلاٚت:

دروست کردنە بۆ گۆران نەوەك بۆ ئەوەبیٚ کەدەست بخەینە بینا قاقای خەلك ئەگەرنا دەسەلاٚت هیچ مانایەکی نامێنیٚ، دەسەلاٚت راسپاردنی یەکێکە کە هەلسو کەوتی پێویست بکات بۆ گەیشتن بەئامانجێکی دیاری کراو لەرێگەی دەرکردنی بریار و فەرماندا.

بوونی دەسەلاٚت بۆ هەر فەرمانبەرێك یان بەرێوەبەرێك دەبێتە هۆی ئەوەی پەیرەوی بەرپرسیارێتی خۆی بکات بەرێك و پێکی.

دەسەلاٚت ئەوەنیە کەخواروی خۆت بچەوسێنیتەوە چونکە دەسەلاٚتیش بەریٚ و شوێنی تایبەت پابەندە هەتا هەتایی نیە بەگوێرەی یاسا دەدریٚ لەپێناو سەرکەوتنی بەرژەوەندی گشتی دایە، بونی دەسەلاٚت واتە ئەرکی بەرپرسیارەتی بەپێچەوانەوەش بوونی ئەرکی لەبەرپرسیاری پێویستی بەبونی دەسەلاٚت هەیە بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی، دەسەلاٚت ئەوە نیە کەرەهابێت بەلکو لەچوارچێوەی یاساو بەرژەوەندی کۆمەل دەستەبەر دەبیٚ.

## سەرچاوەکانی دەسەلاَت:

دەسـەلاَت لەچـەند سەرچـاوە هەڵـدەقولێ وەكـو وەزیفـەی کەسـێك یـان بـەهۆی پلـەو پایەکەی یانەبەهۆی تایبەتمەندی کەسایەتی وەکو پالەوانی، زانیاری،شـارەزای زیرەکـی ئەمانە وا لەو کەسە دەکەی بتوانی خۆی بەسەرخەلکی کۆنترۆل بکات و قسەی گـوێی لی رابگیری و فەرمان بدات، یان ئـەوەتا دەسـەلاَت لەرێگـەی هێـز دەسـەبەر دەبـێ یـان لـە رێگەی سەرۆکایەتی کردنی خێل و کۆمەلێك خەلك سەرچاوەی دەسەلاَت لـە دامەزرانـدن دێت بەوەی کـە دەسـەلاَتی دامە زرانـدن هـەبێ بـۆ پلـەکانی دام و دەزگاکـانی دەولـەت. دەسەلاَت ی هێز پێویستە رەزامەندی خەلکی لەسەر هەبێ کە ئـەرکی دەسـەلاَت بگەیـەنێ نەك زۆرداری بکات.

## جۆرەکانی دەسەلاَتی کارگێری ( ئیدارە )

١- دەسەلاَتی جێ بە جێ کردن و دەسەلاَتی راوێژکاری.

٢- دەسەلاَتی وەزیفە (پلە و پایە) ناونیشانی وەزیفە.

٣- دەسەلاَتی لێژنەکان.

ئەمانە هەریەکە لە ئاستی خۆی دەسەلاَتی پێدراوە کە کاربکات بەهۆی ناوەکانیـان یـان وەزیفەکانیان وەك ئەوەی لێژنەی دامەزراندنی هەیـە... بەرێوەبـەر دەسـەلاَتی تایبـەتی خۆی هەیە.

## پێدانی دەسەلاَت ( تفویض السلطة ):-

دابەش کردنـی وەزیـفـە بـۆ بـەش و یەکـەکان پێویـستی بەپێـدانی دەسـەلاَت هەیـە واتـە شۆربونەوەی دەسەلاَت لەسەروو بۆ خواروو بەپێ ی ئەرکـەکان بەمەبەسـتی راپـەرانـدنی کارەکان بۆگەیشتن بە ئامانج. بـەلاَم هەمیـشە بەرێوەبـەرەکان دەتـوانن لەبەرپرسـیاری خوار خۆیان بپێچنەوە چونکە بەرپرسی یەکەمە.

دەسەلاَتی ناوەندی و خود موختاری( المرکزیة و اللامرکزیة)

رێکخستنی کـارگێری گرینگـی لەوەدایـە لەدەسـپێکی وادەی گلدانـەوەی دەسـەلاَت یـان پێدانی دەسەلاَت بەگوێرەی هەیکەلی رێکخستن.

## دەسەڵاتی ناوەندی: Centralization

واتە کۆکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی باڵای ئیداری، وەرگرتنی بڕیارەکان بێ گەڕانەوە بۆ جێ بە جێ کەری ئەرك و فەرمانەکان.

دەسەڵاتی ناوەندی: لامەرکەزی (خودموختاری)

واتە شۆربونەوەی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە کەسەرۆك بەشێك لەدەسەلتی خۆی دەدا بە یاریدەدەرەکەی یان ئەوانەی کە متمانەی پێ یان دەبێ.

دەسەڵاتی ناوەندی هاوشێوە دەبێ لەگەل دام و دەزگا بچوکەکان نەوەکو گەورەکان کە هەما هەنگی ی و هاوکاریان باشتر دەبێ لەرووی پەیوەندی و وەرگرتنی شارەزای ی و کەم بونەوەی چاودێری بەلاَم ئەمانە بۆ دەسەڵاتی ناگونجێ کە پێویستی بەدەسەڵاتی رەهاتر دەبێ بە هۆی فراوان بوونی دام و دەزگاکانی...

## دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەر:

بۆ ئەوەی ئەم پلەو پایەی وەزیفە پربکرێتەوە دام و دەزگاکانی حکومەت توشی گیر و گرفتی هەلبژاردن دێت بەوەی کێ دەتوانێ یان بۆی هەیە ئەم کارەبکات لە سەرۆك بگرە تا دەگاتە لێژنەکان لە هەموو قۆناغەکانی ئیدارە. بەوەی کەکێشەی هەیە لەرووی سروشتی ناوەندەکانی کارگێری لەناو خۆیاندا هەروەها هەلسەنگاندنی پیۆری و شارەزایی ئەوکەسانەی ئەم وەزیفانە پردەکەنەوە بەبەراورد لەگەل چەند و چۆنیەتی.

بۆیە پێویستە ئەم خالانەی خوارەوە بەهەند وەربگێرێ:-

١. دەزگاکان یان رێکخراوەکان دەبێ سەرنج بدەنە نەخشەی رێکخستنیان بەباشی شوێنە ئیداریەکان بپشکنن.

٢. گەرانەوە بۆ پلانەکانی ئایندە پێویستی بەناونیشانە کارگێریەکان.

٣. مەزەندەکردنی لەوانەی کە دامەزراون لەسالانی رابردو بەپێی ی ئامارەکانی بەردەست.

٤. هەبونی زانیاری لەسەر بەرێوەبەرەکان کە چەنەت هەیە (رصید) میلاکی ئێستا.. بەپێ گۆرانکاریەکان کەلەسەریان دەکرێ بە هەرهۆیەك بێت.

٥. پێداچونەوە بە پلانەکانی دوارۆژ کە بزانی ئایە پێویست دەکات بەفراوان کردنی یان کەمکردنەوەی.

٦. ئەوانەی کە پێویستە بخرێنە خولی مەشق و راهێنان.

## هەڵسەنگاندنی بەرێوەبەر:

وورد بونەوە لەکارە کانی لەهەلسوکەوتی لەراپۆرتە نهێنیەکان لە بۆچون و کردەوەکانی لە کەسیەتی لەرێگەی کۆمەلایەتی لەبەر پرسەکانی کۆمەلێك لەهاورێیان لە کار لەرێگەی هەندێ پرسین لەرێگەی دەرروونی لەرێگەی خودی خۆی (ذاتی).

## ئاراستەکردن ( رێنمایی کردن ) التوجیە :

پێناسەکەی ئەوەیە وا لەو کەسە بکرێ کە لێهاتوو بێت دووای ئەوەی کە بەرێوەبەر ئامادەی دەکات.

بنەماکانی ئاراستە کردن:

١. دەرکردنی فەرمانی رون و ئاشکرا کە جێ بە جێ بکرێت لە سەروی تواناکان نەبێ.

٢. بەگوێرەی بارو دۆخی کارکردن رێنمایی و پێشنیاری بەسوود بخرێنە بەردەم کارمەندان کەڕ نیشان دەربێت.

٣. هاندانی فەرمانبەران بۆئەوەی بەباشترین شێوە کارەکان راپەرێنن بەرێگەی سوپاس و زیاد کردنی دەرمالەیان پێدابێ.

٤. پاراستنی سیستەم و هێمنایەتی بۆ ئەوەی بەگەرم و گوری کارەکان ئەنجام بدرێن.

## دابەش کردنی سەرکردایەتی ( القیادة ):

بەگوێرەی کارکردن بەم شێوە دەخرێتە روو:—

## ١. سەرکردەی دکتاتۆری ( الاوتقراطیة )

کە هەمیشە گرینگی بەخۆی دەداتوو متمانەی تەواوی بەخۆی هەیە خۆی بەزلزان دەزانێو دان بە هەلەکانی نانێ شانازی بەخۆی دەکات توند و تیژە (توندرەوە) هەردەم بەدوای هێز دا دەگەرێ بەهەر نرخێك بێ نهێنی پارێزە لەکاتی شکست و سەر زەنشتی یاریدە دەرەکانی دەکات و سەرکەوتنەکانیش بۆ خۆی دەگێرێتەوە.

ئەمانە دوو جۆرن: ستەم كار و داد پەروەر مەترسی لەسەركردەی دكتاتۆری داد پەروەر ئەوەیە لەكاتی مردنی یان نەمانی كۆمەڵ و دەورو پشتەكەی توشی مەترسی دێن.

## ٢. سەركردەی دیموكراتی:

ئـەم دەسـەڵات ە راوبۆچـونی دەورو پـشتی وەردەگـرێ مـاوەی كاركردنیـان پـێ دەدات دەیەوێ بەیەك تیم كاربكات.

ئەمەش دووجۆرە: سەرۆكایەتی بەدەستەو كۆمەڵ، سەرۆكایەتی تـاك و وەرگرتنـی رای راوێژكاران.

## ٣. سەركردایەتی بێ سەروبەر ( ؟ ):

ئـاژاوەگێری ئـەم سـەركردەیەتیە مـاوەدەدات كەئەندامـەكانی دەزگاكـەی بەهەوەسـی خۆیان كاربكەن بریار بدەن هەرچی بكەن رەوایە بۆیـە دەبێتـە ئـاژاوەگێری و كـەس بـە كەس نابێ ئەمەش وای لێ دێت،

ماندوبوونی دوولایەنی (رارایی) بەفیرۆدانی كات پشت گۆ خـستن هەنـدێ لایـەنی گرنگـی چالاكیەكان فراوانكردنی دەسەڵات دان بەخەڵكی تر رێنمایەكان گشتی دەبن و ووردنـین، متمانە بەخۆ نەبوون.

## ٣. سەركردایەتی ئاراستە نەكراو:

ئەمەلەناو ئەو دام و دەزگایانەدەبێت كەئەندامەكانیان لەپلەی بەرزی زانست و ئـەكادمی دان كەسەركردە دەبێتە راوێژكار كارەكانی لەدەست دەچـێ نـاتوانێ دەسـەڵاتی خـۆی بەسەریاندا بسەپێنێ بەتایبـەتی لەوشـوێنانەی وەكـو ناوەنـدەكانی زانـستی پزیـشكی، دەزگاكانی توێژینەوەی زانستی.

## سەركردەی سەركەوتوو:

سەركەوتن لەنێوان پلەكانی وەزیفی دا هەریەكە ئاستێكی خـۆی هەیـە بـەلاَم كاریگـەری خاسیەتەكانی سەركردەی سەركەوتوو بۆسەر تەواوی ئەنـدامان و خـودی دەزگاكـە یـەك جار زۆرە بۆیە ئەو خاسیەتانە دیاری بكرێن سوودی كۆمەلگا دەگەیەنێ.

١. باوەری درووست.

٢. پشت بەستن بەراستیەکان.
٣. ڕاوەرگرتن.
٤. دووربینی و زیرەکی.
٥. جیدی.
٦. ئازایەتی.
٧. توانای جەستەیی.
٨. توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاری.
٩. شارەزایی لەداب و نەریتی زانستی لەکارگێری (بەرێوەبردن).
١٠. مێشکی کارامە.
١١. هەڵسوو کەوتی هەست بەرزی مرۆڤایەتی.
١٢. بوونی توانای وەرگرتنی متمانەی خەڵك.
١٣. گۆرینەوەی خۆشەویستی.
١٤. خۆسەپاندن و کەسیەتی جێ بە جێ کەری هەبێ.
١٥. نمونەیی بێ رابردوی پاك و روناك بێ.

## پەیوەندی کردن:

بەرێوەبەر دەبێ بەشێك لەئەرکەکانی خۆی دابنێ بۆ پەیوەندی کردن بەلایەنەکانی دەرەوە دەزگاکە بەم رێگایانە چ بەخۆی و چ بە کارمەندانی تایبەت روبەرو بونەوە (موقابەلات) کۆبوونەوە لەگەل بەشەکان، کۆبوونەوەی گشتی، کۆنگرەکان تەلەفۆن و لاسلکی، چاپەمەنیەکان، راپۆرتی سالآنەی فەرمانبەران، نامەو پۆستەکان، چاپەمەنی سەر دیوار، بلاوکراوەی وەرزی، بلاوکراوەی تایبەت، وێنەو فیلم ی سینەمایی.

## هەماهەنگی (التنسيق):

هەماهەنگی کارێکی گرنگە لەنێوان یەك رێکخراودا وە لەنێوان چەندین رێکخراو کە ئامانجەکانیان لەیەك نزیکن.

هەماهەنگی گەرم و گوری و رێگای راست دێنێتە کایە کەدلنیایی لەکارکردن و ئەنجامەکانی مسۆگەر دەکات، لەوانەیە بەماندو بوونی هەمەلایەنە لەکات قازانج بکرێ هەروەها لەکەم کردنەوەی ئەرکەکان سەرەنجام ئابووریەکی پتەو یان ئیدارەیەکی سەرکەوتووی لێ دەکەوێتەوە هەماهەنگی لەنێوان ئەو رێکخراوانە دەکرێت کەچالاکیەکانیان تێکەلاوی یەکترن، ئەمە مەسەلەیەکی سروشتیە هەماهەنگی پێویست دەبێ لەهەر شوێنێك کاری هاوبەش هەبێ، باشترین رێگە بۆ سەرکەوتنی هەماهەنگی دامەزراندن یان درووست کردنی لیژنەی هەماهەنگیە هەماهەنگی چەندین هۆکاری باشی دەبێت:—

١. بوونی هەماهەنگی لەیەك رێکخراودا ئامانجی ئەوە دەبێ کەتێکەلاویەکە لار نەبێ بەباشترین شێوە کاربکەن.

٢. دەبێتە هۆی نەمانی دوو لایەنی کارکردن (أزدواجیة) ئەبێ.

٣. ئامانجەکان دەپێکێ ئەگەر بێت و لەنێو بەشەکان و تایبەت مەندیەکان هەبێ.

٤. بوونی لەکاتی پلان دانا ن و رێکخستن و دانانی سیستەمەکان و بریارەکان کاری گەری خۆی هەیە.

٥. هەماهەنگی پێویستە هەمیشەیی بێ لەنێو کار و بەشەکانی دا.

٦. لەهەموو وەزیفەکانی کارگێری پێویستە هەماهەنگی هەبێ بەتایبەت لەپلان دانان، رێکخستن، ئاراستەکردن لەچاودێری کردنی دارایی و کارگێری بۆیە دەبینین کاکلەی پرۆسەی کارگێریە.

## چاودێری ( الرقابة ):

ئەمەش وەزیفەیەکی گرینگ ترە لەوەزیفەکانی کارگێری کەرۆلی مەزنی هەیە لەبەرەو پێش بردن و راستکردنەوەی هەلسوکەوتەکان و سیستەم و رێنمایی لەگەل یاساکانیش.

چاودێری ئەو کارە ئیداریەیە دووپاتی ئەوە دەکات کەچالاکیەکان ئەنجامی خراپەیی لێ نەکەوێتەوە، ئەم چاودێریە دوو قازانجی هەیە:

یەکەمیان: بەدوا داچوون و لێ پێچینەوە هەڵسەنگاندنی ئامانج و ئەنجامەکان.

دووەمیان: دەسکەوتەکان بەشێوەیەکی باشتر ئاراستەدەکات ئاراستەی تاکەکان و بەرپرسەکانیش دەگرێت بەرەو هەنگاوی باشتر و فێربوون وەك ئەوەی ئەوکارمەندە خوولێکی راهێنانی بۆ کرابێتەوە.

چاودێری لەچەند رویەکەوە کاری بۆ دەکرێ:

لەچەند، چۆنایەتی، کات، رۆژگار، لەبری تێچوون (تكلفة).

## جۆرەکانی چاودێری:-

١. چاودێری پێش کاری جێ بە جێ کردن کەلێنەگەرێ لەسەرەتاوە تووشی لادان و هەلە بێت واتە (خۆپاراستن).

٢. چاودێری دوای جێ بە جێ کردن واتە (چارەسەر کردن) دۆزینەوەی رێگە چارەی ئەم هەلانەی کەرویان داوە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە.

٣. چاودێری دارایی.

٤. چاودێری ژمێریاری و دارایی.

٥. چاودێری لەکاتی کارکردن.

٦. چاودێری ناوەخۆ (الداخلية) بوونی بەشێك لەدەزگاکە بۆ چاودێری کارەکان واتا سەر بەیەك فەرمانگە.

٧. چاودێری دەرەوە وەکو دیوانی چاودێری دارایی کەلەسەر گشت فەرمانگەکان دەگەرێ.

٨. هەروەها چەندین چاودێری تر وەکو چاودێری گشتی، پسپۆری، بەلگەمامەکان، کەسیەتی، چەند و چۆنیایەتی، چاودێری لەناکاو، چاودێری وەرزی. ئەم جۆرە چاودێرانە بەگوێرەی پێوانەیی کات و پێوانەیی رێکخستن و پێوانەیی سەرچاوە دابەشکراون بۆ چەندین جۆر (شێوە).

## چەمکی دام و دەزگا:

بریتیە لە کۆمەلە کەسێك بۆ ئامانجێکی گشتی کار دەکەن، دەزگای گەورەو مام ناوەندی و بچوکیش هەیە.

دابەش دەکرێن بۆ دوو بەش

١- دام و دەزگای گشتی: کە زۆربەیان بۆ قازانج کار ناکەن.

٢- دام و دەزگای تایبەت: مەبەستی قازانجە هەردوکیان لەپێناوی بەدیهێنانی رێو شوێنەکانی کۆمەڵکاردەکەن.

گرینگی دام و دەزگاکان لەوەدایە دەبێتە ناوەندێکی کار و کردەوەو وێستگەیەکی بەرهەم هێنەر بۆ ئێستاو ئایندە کە رابوردوێکی زیندوشی هەیە....

## چەند جیاوازیەك لەنێوان دام و دەزگای پێشوو نوێ

| پێشوو | نوی |
|---|---|
| چوارچێوەیەکی گیر خواردوو | میکانزمی |
| کارگێریەکی ووشك | نەرم |
| پشت بەستن بە ژمارەی وەزیفەکان | چۆنایەتی وەزیفەکان |
| تاك ڕۆڵ دەبینێ | کۆمەڵ رۆل دەبینێ |
| بەپێ ی بنەمای کار دەجولێتەوە | بەپێ ی بنەمای پێویستیەکان |
| بەرێوە بەرەکان بریار دەرن | تاك و بەرێوەبەران بریار دەدەن |
| کارکەرانی (پرپێك) یەك چەشن | کارکەرانی هەمە چەشن |
| کارکردنی بەردەوام | کارکردنی کاتی |
| پەیوەندیەکانی هێلەکانی کار | پەیوەندیەکانی دەزگاکانی کار |
| کاتی دیاری کراو | کاتی کار کردن دیارناکرێ |
| بەرهەم و داکردن (تخزین) | خستنە بازار |
| بازرگانی بەشوێن | بازرگانی بەزانیاری |

(بادین و زافتۆ و لادافت) دام و دەزگا وادەبینن کە چەند قەوارەیەکی کۆمەڵایەتیە بۆ ئامانجی دیاریکراو کاردەکات بەپێ ی چا ڵاکیەکان لەسنووری ئاشنابون پێ ی، دام و دەزگاکان لە ناوەو دەرەوەی خۆی پێویستی بە پلان و جێبەجێکردن هەیە لەسەر چوار کۆلەکە دەوەستێ:-

١. کارمەندان بە هەموو پلەو پایەکانیەوە بەپێ ی لێهاتووی و شارەزایی خۆیان ڕەوانەی وەزیفەکان دەکرێن واتە دادەمەزرێن.

٢. دارا یی بەهێز بۆ پشتگیری و دەست گرتن بە بەرهەم و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان.

٣. کەرستە و پێداویستیەکانی بەرهەم بۆ هەڵسوراندنی کارگێری کارەکان و بەڕێوەچوونیان.

٤. هەبوونی زانیاری و ئامار بۆ ئەوەی بە ووردی بڕیارەکان بدرێن و جێگەی خۆیان بگرن.

گرنگی دان بە کا رگێری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جوڵانەوەیەکی بەئەزموون هەنگاوانە بۆ پێشەوە بەرامبەر هەر ڕووداوێك، بەڕێوەبەرەکانیش دڵی زیندوو دام و دەزگا و خودی ئیدارەن کە چاڵکی بەرز و لێهاتووی خۆیان دەنوێنن هەر چەند کاتیش بڕوات ئەوان شارەزای تر وەردەگرن بۆیە دەبینی کارکردن لە کارگێری (ئیدارە) هەلێك دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی زیاتر نێزیك بین و تێکەلاوی لەگەڵ دەوروبەر پەیدا بکرێ و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتەك.

## ئیدارەی هاوچەرخ:-

بەپێ ی پێویستیەکان و داواکاریەکانی سەردەم کارکردن لە دام و دەزگاکانیش گۆڕانی بە سەرداهاتووە چ لە ڕووی ئامانج و چۆنیەتی پێکانی ی و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کارەکان (ألآداء) بە بوونی فەلسەفەی نوێ بەهۆی بوونی سروشتی نوێ (البیئة) وە ڕەچاوکردنی گۆڕانکاریەکان کە بە پەلە دێنە مەیدانی ئیدارەو کارکردن و پرۆسەی بە رهەمهێنان و ساغکردنەوەی (ألآنتاج و التشویق) بە بڕی هاوشێوە لەگەڵ سەردەم.

ئەوەی کە دیارە بۆ ئیدارەی هاوچەرخ (سەردەم) ئەوەیە کە:-

١. پشت دەبەستێ بە تەکنەلۆژیا و زانست و زانیاری.

٢. بەهێزی سەرمایەیی شارستانی، بیروهۆشی مرۆڤەکان، ووزەو کارگەران و ئیدارەی لێعاتووان.

٣. پشت بەستن بە بازاڕی جیهان و کێبڕکێ ی ستراتیژی سود وەرگرتن لە کات و هەڵسوڕاندنی باشترین شێوە هەمەلایەنەی کارکردن.

٤. ڕەچاوکردنی جیهانگیری (العولمة) کە لە بازاڕی ناوچەی بۆ بازاڕەکانی دنیا هەنگاو بنێ.

٥. سەرەڕای ڕەچاوکردنی کارکەرانی هەمەچەشن و هەمە جۆر و تایبەتمەند، ئەمانەش چۆن دەکرێ تەنیا لە ڕێگەی ئەو بەڕێوەبەرانەی وەکوو ئەوەی دەڕوانێتە پاشە ڕۆژ و پلانی ستراتیژیان هەیە پشت دەبەستن بە تۆڕی زانیاری و پەیوەندیەکان کە هەریەکەیان سەرکردایەتی بۆ ئاراستەکردنی لە پێناو یەك ئامانج.

٦. زاڵبوونی بەرژەوەندی گشتی لەسەر هی تاك.

٧. قەرەبووی کارمەندان بە دادپەروەرانە لە ڕووی پێدانی مووچە و دەرماڵەکانی تر.

٨. سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی.

٩. شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان.

١٠. ڕێك و پێك کردنی کاروبارەکان بە گشتی بۆ ئاسانکاری.

١١. پەیڕەوکردنی یەکسانی لە نێوان هەمووان.

١٢. جێگیربوونی دەست لێنەدانی وەزیفەکان و مانەوەیان نەوکوو کۆتایی پێهێنانیان.

١٣. هەوڵ بدرێ کارمەندان زیاتر خۆیان شارەزا بکەن و بڕیاری پێشکەوتوو بدەن.

١٤. تەبایی و هاوکاری لە نێوان فەرمانبەران .

## چەمکی بڕیار ( المفهوم القرار ):-

بڕیار وەرگرتن یان بڕیار دان (Decision – Mating) بریتیە لە دەستنیشانکردنی هەندێك لەو ڕێ و شوێنیانەی لەبەر دەستدایە جاری وا هەیە هەڵیان دەبژێرێ یان

هەڵیان نابژێرێ کە ئەمەیان زۆر زەحمەتە، وەرگرتنی بڕیاری باش دەبێتە بەرزبوونەوەی ئاستی کارگێری دەزگاکان.

## بڕیاردان لە چەند هەنگاوێك پێك دێت:-

١. دیاریکردنی کێشەکە ( ساردی لە کارکردن، پێویست بە پێداویستی).
٢. دیاریکردنی پێوانەی بڕیار (نرخ، زەمانەت).
٣. پەرەپێدانی ئەو ڕێگایانەی کە دەکرێ پەیڕەو بکرێ.
٤. شیکردنەوەی ڕێگەچارەکان.
٥. وەرگرتنی هەر باشەکان.
٦. جێبەجێکردنی (ئایا ئامانجەکان دەپێکێ).
٧. هەڵسەنگاندنی بڕیارەکە (لە کۆتاییدا).

## مەبەست لە پلاندان چی یە؟

ناساندنە بە ئامانجەکان و دانانی ستراتیژی گشتی و سیاسەتی هەر دام و دەزگایەك کە بەدوواداچوونی تێدابکرێ و جێ بەجێ بکرێ.

## پلانی کارکردن لە چوار توخم پێك دێت:-

١. دیاریکردن و پێناسەی ئامانجەکان.
٢. دیاریکردنی پێداویستیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.
٣. گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی کە چۆن هەڵسوکەوت دەکرێ.
٤. جێ بەجێکردنی پلان و هەمووارکردنی لە کاتی پێویست.

## هۆیەکانی پلاندانان:-

١. هەماهەنگی و ئاراستەکردنی توانەکانی مرۆڤ.
٢. کەمکردنەوەی مەترسی گومان.
٣. کەمکردنەوەی دووبارەبوونەوە و بەفیڕۆدان.
٤. دیاریکردنی پێوانەی چاودێریکردن.

## جۆرەکانی پلاندانان:-

١. پلانی درێژخایەن.

٢. پلانی ئاسایی (مام ناوەندی).

٣. پلانی کورت خایەن.

## بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان:

دام و دەزگا هاوچەرخەکان بەدەر لە جیاوزەکانیان لە چالاکیەکانیان... بەشێوەی پڕۆژە کارەکانیان بەڕێوەدەبەن کە خاڵی دەست پێك و کۆتایی هەیە، کە کاتێکی دیاریکراو بودجەیەکی دیاریکراو مەرج و پابەندبوونی هەیە هەروەها کارگێری لە پڕۆژەکان بەسەرپەرشتی دەستەیەکی بەتوانا و لێهاتووی بەئەزموون بەڕێوەدەچێ و کە بەپلانی دیاریکراو و هاندان ئامانجەکان دەستەبەر دەکات.

## ڕێکخستنی دەزگاکان:

پێویستیەکی گرنگە لە لای بەڕێوەبەرەکان کە چەندین ئامانجی جۆراوجۆری هەیە:—

١. دابەشکردنی کار.

٢. دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسی.

٣. هەماهەنگی لە چالاکیەکان.

٤. دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان تاك و کۆ و بەشەکان.

٥. دیاریکردنی دەسەلاتەکانی ڕاسشتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و دابەشکردنی.

٦. کۆکردنەوەو دابەشکردنی داهاتەکان بە گوێرەی پێویست.

## الهيكل التنظيمي: پەیکەری ڕێکخستن

گۆرە پانێکە، دەزگاکان چالاکیەکانیان و ڕێکخستنەکانیان و هەماهەنگیان دابەش دەکەن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان کە چوار کۆڵەگەی داڕشتنی هەیە:—

أ. شیکردنەوە و دابەشکردنی ئەرك و کارەکان بۆ ئاسانکاری.

ب. کۆکردنەوەی وەزیفەکان و کارمەندان لە بەشەکان.

ج. زنجیرەی ڕێکخستنی بەشەکان و وەزیفەکان (التسلسل التنظيمي).

د. میكانیزمی ڕاپەڕاندنی كارەكان و چاودێری كردن.

## چەمكی گۆڕانكاری:

تێگەیشتنە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانە كە هەندێ جار سودبەخشە و هەندێ جار زیانبەخشە هەركەسە بە گوێرەی بەرژەوندیەكان تێ ی دەگات، گۆڕانكاری ئەو ئاڵوگۆڕە هەست پێ كراوەیە كە لە بەشەكان و لایەنەكانی دەزگاكان دەست پێ دەكات كە هەندێ جار لایەنی تەكنەلۆژیی یان لە بەشەكان و سیاسەتە جۆراوجۆرەكان دەگرێتەوە ئەم گۆڕنكاریە توشی ناكۆكی دێت یان خۆ گونجاندن یان ڕووبەڕووبوونەوەش دێت.

## دیارترین گۆڕانكاری لە جیهانی سەردەم ئەمانەن:-

١. جیهانگیری و جیهانی (العولمة و العالمیة).

٢. زانیاری بەپەلە (ئەنتەرنێت).

٣. ڕێگای ڕاگەیاندن ( سەتەلایت (بە بەرنامەیی) ) .

٤. دەستەگەری ئابووری جیهانی.

٥. بەتەكنەلۆژیاكردنی زانیاریەكان و زانستەی نوێ.

٦. زۆربوونی دانیشتوان و دابەشكردنی دەوڵەت بەگوێرەی دەوڵەمەندی و هەژاری.

٧. سروشت و پیسبوونی ژینگە و تەندروستی.

٨. كۆتایی بوونی شەری سارد و پەیدابوونی تاك جەمسەری.

٩. پەیدابوونی تێگەیشتنی تازە و ڕكابەریەكانی جیهانی.

گۆڕانكاریەكان لەسەر ئامانجی پلەی یەك ئەوەیە كە گۆڕانكاری دەكرێ بۆ گواستنەوە لەم قۆناغە بۆ قۆناغی ئایندە چونكە وەستان ڕازی بوونە بەرامبەر بێ دەنگی یە گۆڕانكاریەكانی سەردەم كە زەحمەتە بتوانرێ كەس خۆی لە بەرامبەر ڕابگرێ.

گۆڕاكاری لە بەرەبەیانی مێژوو بەردەوامە بەڵام جیاوازی لە كاتدا هەیە لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانەش هاوتەریب ڕۆیشتن زەحمەتی زۆری دەوێ، باشترین ڕێگا قۆناغ بە قۆناغە و بەستنەوەیە بە ڕابردوو، ئێستا، ئایندە.

## دیارترین هۆکارەکانی گۆڕانکاری دەرەکی:-

١. جیهانگیری (گوندێکی بچووکی دنیا) تۆڕی زانیاری.

٢. ڕای گشتی کە ئاراستەی سیاسەتەکان دەکا.

٣. یاسا و پرۆژەکانی یاسادانان کە خۆی دەسەپێنێ للایەن دەوڵەت و دەرەکی یە.

٤. کێبڕکێی جیهانی ( جیهانی ئیدارە، توێژینەوە، زانستەکان).

٥. بەرزبوونەوەی ڕادەی ئاستی ڕۆشنبیری لای خەڵك وەکو گرنگی دان بە (ژینگە، مافی ژنان، مافی منداڵان، سەندیکا و کۆمەڵگای مەدەنی).

## دیارترین گۆڕانکاریی ناوەخۆ:-

١. نموونەی ڕێکخستنەکان: پەرەسەندن و گۆڕنکاری دەزگاکان.

٢. هێزی مرۆڤ: وا دەکات وا دەکات هێز و توانایی نوێ بێتە ئاراوە کە دەبێتە خۆسەپاندنی هەڵسوکەوتی نوێ.

٣. بەرهەمەکان: بەرهەمهێنانی نوێ کە ڕێگەی بەرهەمهێنانی نوێ و بەڕێوەبردنی نوێ ی دەوێ.

٤. تەکنەلۆژیا: چالاکی نوێ پێویستی بە گۆڕانکاری نوێ دەبێ و ئیدارەی نوێ دەبێ.

٥. سیاسەت: دیموکراتی و هاوبەشی.

٦. زۆربوونی شێوەکان: بەشداری ژنان و کرێکارانی بیانی لە کار.

بۆیە ئیدارەی گۆڕانکاری ئیدارە دانە بە کار بە بەشێکی یان چەند بەشێکی کە بیروباوەڕی نوێ دێتە مەیدانی کارکردن لە دەزگاکان لە کاری بازارگاکان.

## داهێنان:-

کاری ڕۆژانەی بەڕێوەبردن ئەگەر بە باشترین شێوە ڕابپەڕێنری ئەوا پێویستی بەکەسانی لێهاتوو خاوەن بیرهۆشی خوڵقێنەرە واتە (أبداع کردن، مبدع) (داهێنان).

## ئەم بیرمەندانە کێن؟:-

١. گرنگی دانی هەمەلایەنە هەیە بەبێ بەرنامە لێ دەڕوانی.

٢. نەرمی نواند و خۆ گونجاندنی تەواویان هەیە.

٣. بەلای قورسی دەشکێتەوە نەك ئاسانکردن.

٤. خاوەن بڕیار و بیری خۆیانن.

٥. پابەندبوون بە دەسەڵاتی خۆی ی و پابەندبوون بە دەسەڵاتی سەپێنەر.

٦. کێشە دروست کردن و چارەسەرکردنیشی.

٧. هەمیشە لە بەراوردکردنن سەبارەت بە جیاوازیەکانی نێوانیان و بە پرسی نیان.

ئەمانەش چەند جۆرو شتێکی دیارن بۆ دروست بوونی کەسایەتی لێهاتوون ئەمانەش بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێ:-

١. هاتنە کاییەی بیروبۆچوونەکان.

٢. چارەسەرکردنی کێشەکان و پەرەپێدانی بیر (فکر).

٣. جێ بەجێکردنی ئەوەی بەسوودە لەو بیروراپایانە.

سیستەمی دەرهێنانی تازە (النظام الأبقسري) کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە کە تاك و کۆمەڵەکان و دام و دەزگاکە پێکەوە دەیانگرێتەوە بە هەموویان پێکەوە ئەم سیستەمە دێتە کایە وەك ڕەوشت و هەڵوێستت کە لە ئەنجامدا بیری تازە و شتە جوانەکای لێ دەکەوێتەوە مەبەست لە هەڵوێست ئەوەیە کە کاری چاك و نایاب لەلایەن کۆمەڵ و دەزگاکا ن هان بدرێ و پشتگیری لێ بکرێ.

## هاندان ( تحفيز ):

مرۆڤ لە ژیاندا پێویستی بە سێ شتی گرنگ هەیە سەرەڕای پێویستیە زۆرەکانی تر چ لە ژیانی ڕۆژانەی یان لە درێژای تەمەنی بەڵام ئەگەر هەموو شتەکان کۆبکرێتەوە سێ یان دیار و کاریگەرن:-

١. پێویست بوون بە مانەوە و بەردەوامی کە خواردن و خواردنەوە و مووچە و قازانجی وەزیفە و بارودۆخی کارکردن.

٢. پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی: واتە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە بەرفراوانەکان وەك دۆستایەتی، هاوڕێی، خێزانی، یەکترناسین، کاریگەری لەسەر یەکتری و لێك تێ گەیشتن.

٣. پێویستیەکانی پەرەپێدان: بریتیە لە بیری نوێ، داهێنان و کاریگەری لەسەر دەوروبەر.

پێویستیەکان زۆرن وەك هەست کردن بە ئاسایش و بە ڕێز گرتن، بۆ ئەوەی هانی کۆمەڵێك بدرێ پێویستە ڕەچاوی ئەم ئەو پێویستیانە بکرێ بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر بۆ سەرخستنی کارەکان کە ئەمە بەهۆی چەند بەهۆی چەند هێز و پاڵپێوەنەرێك بۆ ئەوەی هێز و توانی زیاتر بخریچتە گەڕ کە کارەکان بە باشترین شێوە ئەنجام بدرێ بۆیە هاوکاری و پشتگیری باشترین چالاکیە کە بەڕێوەبەرەکان بەکاری دەعێنن بۆ کاراکردن و ڕاکێشانی کارمەندان بۆیە بەڕێوەبەرەکان دەتوانن ئەو هاندانانە بکەن و بیخولقێنن بۆ ئەوەی بۆ قازانجی دام و دەگاکانیان بەکاری بهێنن بۆ وێنە لە کاتی گۆڕینی ناونیشان یان جێگۆڕکێ لە وەزیفەیان پێدانی دەرماڵە و بەخشین باشترین ڕێگا بۆ هاندا ئەوەیە کە بەڕێوەبەرەکان بە یەك چاو بە گوێرەی کارکردن و بەرهەمهێنان و لێهاتووی و ماندووبوون و هەڵسوکەوت بکە واتە بە ویژدان (أنصاف) بن ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجەکانی هەمووان وەك دام و دەزگا (فەرمانگە) چ وەك بەشێك لە بەشەکانی فەرمانگە یان بۆ هەر بەڕێوەبەرێك لە بەڕێوەبەرکانی فەرمانگە یان ئامانجی هەر کارمەندێك لە کارمەندانی فەرمانگە.

## دوو جۆرە هاندان ( پشتگیری و هاوکاری و بەسەرکردنەوە ) ( تحفیز ):-

١. باش (أیجابي).
٢. خراپ (سلبي).

١. باشەکان ئەمانەن:-

١. قەرەبوو کردنەوە (مووچە و کرێ) بەشداری لە بەشی قازانجەکان.
٢. پاداشتی پارە و شتومەك.
٣. بەخشینی جۆراوجۆر.
٤. دابین کردنی بارودۆخی شیاوی شوێنی کارکردن.
٥. دڵنیایی لە شوێنی وەزیفە و ئاسایشی وەزیفی.

٦. هاوبەشی لە دەرکردنی بڕیارەکان و وەرگرتنی.
٧. خودی کاری وەزیفەکە (پلە و پایە).
٨. پەیوەندی و ڕێزگرتنی نێوان سەر و خوارو.
٩. بارودۆخی لەبار بۆ هاندان و بابەتی تازە.
١٠. بەرنامەی مەشق و ڕاهێنان و پەرەپێدان.

٢. خراپەکان ئەمانەن:-
١. ئاگادارکردنەوە (أنذار).
٢. وریاکردنەوە (تنبیه).
٣. مووچە بڕین.
٤. پلە دابەزین.
٥. گواستنەوە.
٦. بەڕێکردن و لادان.
٧. کۆتایی هێنان.

ئەمانە جۆرە هاندانێکە بۆ ئەوەی بەرەو ڕاستکردنەوەی ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکان بچن نە بێتە مایەیی بەفیڕۆدانی کات و ماندو بوون و نرخ لە ڕێگەی ئەو هەڵە نادروستانە.

سەرکردایەتی (القیادة) (سەرکردە):

ڕۆڵی سەرکردەی هەر دام و دەزگایەك کاریگەری دیاریکراوی دەبێت لەسەر کارمەندان و فەرمانگە و سیاسەتی بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندن چونکە هەریەکە فەلسەفەی خۆی جێ بەجێ دەکات ئەمە ئەنجامەکەی یان سەرکەوتە یان شکستە بۆیە لێکۆڵێنەران و توێژەران گرنگی زۆر دەدەن بەسەرکردە و ئاشکرا کردنی نهێنیەکان و ڕۆڵیان، سەرکردە یەکێکە لە پلە و پایەکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردن دەبێ حیسابی بۆ بکرێ چ لە ڕووی دەستنیشانکردن یان چاودێری کردن پێناسەی سەرکردە پێناسەیەکی بەرفراوا نی هەیە جیاوازیش هەیە لە ڕووی بەرپرسیارەتی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، کارگێری، دەروونی، ئابووری... هتد

سەرکردە واتە بەکارخستنی توانایی بۆ هاندانی کەسەکان و ڕێنمایی کردنیان و ئاراستەکردنیان بەرەو مسۆگەرکردنی ئامانجەکان بەشێوەیەکی دروست و چالاك و پوخت جیاواز لە کەسانی ئاسایی بۆ هەموو لایەنەکانی فەرمانگە (سەرکردە و کارمەند و پێویستیەکانی تر) ئەمە ئەو پێناسەییە بەگشتی کە لێکۆلەوەرانی بەڕێوەبردنی بەتوانا وەکو (ستۆگریلی)، دوبنزوتمان)، (نورپهاوس)، (برنز) ئاماژەیان پێ کردووە.
ڕوونتر لەم پێناسانەش سەرکردە ئەوەیە کە لای کەسانێك شیاوە و پێ ی ڕازی دەبن حەز دەکەن ئەو کەسە سەرکردەیان بێت و لە ژێر دەسەلاتی کاربەن، سەرکردەی بەڕێوەبردن ئەو ستراتیژیەیە کە بەر چاو ڕوونیەکی تەواوی هەیە بۆ ئەوەی ڕێو شوونی دام و دەزگایەك بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بیبات ئەمەش ئەنجانمی باشی لێدەکەوێتەوە سەرکردەو بەڕێوەبردن دوو شتی جیاوازن لە ڕووی تێگەیشتنیان بەلام هەردەکیان پێکەوە بە سترانەتەوە سەرکردە پێویستی بە کاریگەری هەیە لەسەر ئەوانەی خوارەوە واتە ئامانجی سەرکیتی کە چی بۆ سەرکەوتن پێویستی بە دەسەلات هەیە بۆ ئەوەی کار لەسەر هەلسوکەوتەکان بکات کە چی بەڕێوەبردن وەك بەڕێوەبەر دەیەوێ کاریگەری خۆی لە ڕێگەی پلەو پایەکەی بەسەر خەلکانی تر بسەپێنێ، سەرکردە لەناو خەلك وکەسانێك دیار دەکرێ کە پێکەوە کار دەکەن واتە سەرکردە دەستنیشان دەکرێ یان هەلدەکەوێ بەلام بەڕێوەبەرێك لە رێگەی خەلکی تر ئەرکەکانی پلەو پایەکەی جێ بەجێ دەکات.
سەرچاوەی هێزی سەرکردە زۆربەی توێژەرەکانی بەڕێوەبردن وەکو (کانتر، کوتەر، مارتن) لەسەر چەندین هێز و ڕاو بۆچونیان کۆکە:-

١. هێزی یاسایی (قوة الشرعية) وەك سەرۆك پەیڕەو دەکات.
٢. هێزی پاداشت کردن کار بکەو پاداشتدەکرێ.
٣. هێزی لێپێچینەو (قوة ألأكراه أو المتابعة) سزادان.

ئەم سێ یە سەرچاوەکەی لە ڕێگەی پلە و پایەوە دێ کە سەرکردە دەسەلاتی هەیە.

٤. هێزی شارەزایی (قوة الخبرة).
٥. هێزی پێشبینیە سەرکردەی (قوة المرجعية)ناوەبەنگ و تەبایی.

ئـەم دوو هێـزە پەیوەنـدی بـە تایبەتیەنـدی كەسـیەتی سـەركردەوە هەیـە كـە خـۆی بسەپێنێ.

تایبەتمەنـدی هـەر سـەركردەیەك لـەوە دایـە كـە هەیبـەتی هـەبێ، كراوەبێـت، لێهـاتوو شـارەزاو پـڕ لـە زانیـاری بێـت، تێكـەڵ بێـت لـە ڕووی كۆمەڵایـەتی، دادپـەروەربێت، هاندەربێت، پلانی و ئامانجی ڕوونی هەبێت.

سەركردە سێ جۆرن لە ڕووی كاركردن:–

١. بەشێوەی فەرمان دەركردن.
٢. بەشێوەی پرس و ڕا وەرگرتن.
٣. بەشێوەی سەركردایەتی كردنی بە كۆمەڵ.

سێ ڕوانیین هەیە لە سەركردایەتی سەردەم:–

١. سەركردایەتی گۆڕانكاری و بڕینی قۆناغەكان:

ئەو سەركردانەن بەشێو ەی كاریزمایی كاردەكەن ئاڵای گۆڕانكـاری هەڵدەكـەن و خۆیـان بەسەر خەڵك و تاك و كارمەندیان و كۆمەڵ دەسەپێنێ.

٢. بەشێوەی هەڵسوكەوت كردن:

دانانی ئامانج و ئاراستە و پاداشت و پلان بۆ گەیشتن بەسەرەنجامی دیـار و ڕوون بـەپێ ی كارنامەی وەزیفەكان.

٣. سەركردایەتی بەشێوەی تیپ:

ئەمـە كـارێكی باشـە و پێویـستیەكی هەنوكەییـە كـە لـە هـەر دام و دەزگایـەك چـەندین سەركردەی تیپ هەیە بۆ كارەكانیان بە باشترین شێوە و لێهاتووی جێ بەجێ بكـەن لـە كۆتایی سەدەی بیست ئەم جۆرە سەركردایەتیە و شێوەی كاركردنیان بەرەبـەرە چـرای بـەختیان خـامۆش دەبـێ كـ ە لـە سـایەی پەرەسـەندنی بیروبۆچـوونی سـەردەمیانەی سەركردایەتی و بەڕێوەبردن بەرەو ئاراستەی نوێكردنـەوە دەبـات لـە سـەدەی بیـست و یەك دا

## سەرکردە لە چەرخی ( سەدە )ی بیست و یەکدا

(کاترین ئالن) و هاوڕێکانی ئامانجەکانی سەرکردە لە سەدەیی (٢١) لەسەر سێ شت دەوەستێ:

١. خولّقاندنی ئاراستەیەکی باش بۆ پشتگیری خەلّك.

٢. پەیداکردنی پێکەوە ژیان لەگەڵ سروشت و درێژەدان و مانەوەی بۆ نەوەکانی ئایندە.

٣. هێنانە کایەیی کۆمەڵگاکان کە پێکەوە بژین و ئەرکی بەرپرسیارەتی هەڵبگرن.

## ئاستەنگەکانی بەردەم سەرکردەی سەدەی ( ٢١ ):-

١. جیهانگیری.

٢. پاڵەپەستۆی دەوربوبەر.

٣. پێشکەوتنی بەردەوام و بەپەلە کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ڕۆشنبیری و زانیاریەکان دەبێتەوە (النطور االسریع).

٤. گۆڕانکاریە زانستەیەکان و کۆمەلایەتیەکان.

بۆیە هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا پێویستیمان بە هەڵسوکەوتی بە کۆمەڵ هەیە کە لە رشێگەی زانست و زانیاری و هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا کارەکانی وەگەربخرێت کە دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر تەگەرەکان.

پەرەپێدانی سەرکردە لە سەدەی (٢١) کارێکی یەکجار چارەنووس سازە بۆ ئەوەی پرۆسەی پێشکەوتن بەرەو پێش بچێ و لانەدات و نەگەڕێتەوە دوواوە کە بەم ڕێگایانە دەبێت:-

١. پێدانی هۆیەکانی سەرەدەریکردن (درایة) واتە پێدانی زانیاری.

٢. خوێندنەوەی پاشەرۆژو ئایندە.

٣. هاندان بۆ وەرگرتنی هەنگاوی دروست و بالا (المبادرة).

٤. هەماهەنگی بۆ ئاراستەیەکی لێك نەترازاو.

٥. هەڵسەنگاندن واتە شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان.

گرنگی ئەوە بۆ سەرکردەی چەرخی ٢١ گەیشتن بە ڕۆشنبیری زانیاری ببەستێ بە داهێنان و زانستی نوێ بەپێی پلانی ستراتیژی بە هەماهەنگی و بە کۆمەڵ.
تێگەیشتن لە سەرکردە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ڕۆشنبیری دەرئەنجامی سەرکردەکان بێت و ببنە بارگرانی بۆ نەوەکانی دوارۆژ کە بەسەرکردە بڵێن باوك.

## چاودێری ( الرقابة ):

چاودێری کارگێری (بەڕێوەبردن) ئیدارە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لەسەر پێشلکاریەکانی و لادان و بەفیڕۆدان و گەندەڵی نەهێشتنی هەر لاساریەك و نایاساییەك لە دام و دەزگاکانی چاودێری ڕاستگۆی بۆ پشکۆی دەوڵەت دەگەڕێتەوە دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەم و باشکردنی تێك و پیچکدانی مشەخۆران و هەڵپەرستان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی نابەر پرس. بۆیە هەموو لایەك و هەموو دەزگایەك لە ئەو پەڕی پێویستی دایە بۆ دەزگای چاودێری ئیداری ڕەنگە دوور ئەڕۆیی گەندەڵی دارایش هەر سەرچاوەکەی لە گەندەڵچی ئیداریەوە بێت.
پێناسەی چاودێری: کارێکە، پرۆسەیەکی کارکردنە بۆ ڕاگرتنی دروستی لەسەر چالاکیەکانی کە بەبێ بەرنامە و پلانی پێش وەخت بڕوات و بۆ راستکردنەوەی هەر لادانێك کە ڕوودەدات چاودێری ڕاپەڕاندن (ألآداء) ڕێك دەخات بە ڕێگاکانی کەمترین نرخ و باشترین و زۆرترین ئەنجام (بەرهەم) چاودێری پێویستە پێشتر ئامادەبێ و لە کاتی کارکردن و هەروەها لە دوای کارکردنیش واتە چاودێری پێش وەخت و چاودێری بەدوواداچوونی کارکردنەکان و چاودێری لەسەرەئەنجامەکان.

## ڕوونکردنەوە داراییەکان بریتیە لە :-

١. سیولە Liquidiry: واتە توانای هەر دەزگایەك کە دەتوانێ کەرستەکانی وەرگێرتە پارەوپوول (کەل و پەلەکان، بەرهەمەکان).
٢. باری دارایی گشتیەکان: واتە هاوکێشەی پلانی درێژخایەن لە نێوان قەرزەکان و ئەو شتانەی کە هەیە و پێویستیەکانی لێ دەرچێ.

٣. قازانج: واتە توانای فەرمانگە و دەزگاکان بۆ وەدەست هێنانی قازانج لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە دوایی یەك.

ئەم سێ ڕوونکردنەوانە زۆر گرنگە لەبەر دەستی بەڕێوەبەرەکان بێت بۆ بەراورکردنی کاروباری داراییان، دەرکردنی ئەم سێ ڕوونکردنەوانەش بە پێ ی بارودۆخی هەر دەزگایەکە هەندێکیان ساڵانەیە و هەندێکیان وەرزیە و هەندێکیان مانگانەیە.

## سێ جۆرە ڕوونکردنەوە هەیە ( بيانات مالية ):-

١. پلانی چەك.

٢. ڕوونکردنەوە لە مداخیلەکان.

٣. جوڵەی دراو (پارەوپول، کەل و پەلەکان)

## چاودێری لەسەر سێ لایەن دەکرێ:-

١. چاودێری لەسەر کڕین.

٢. چاودێری لەسەر داکردن لە کۆگاکان (المخزن).

٣. چاودێری چۆنایەتی (نوعیە) کە بەپێ ی پێوانەکان بێت

لەلایەکی تر پەیوەندی نێوان پلان و چاودێری ئەوەیە کە چاودێری کاری هەڵسەنگاندنی پلانە لە هەموو ڕوویێکەوە چونکە هەر کارێکی پلاندان بێ چاودێری نرخەکەی کەم دەبێتەوە وەك ئەوەی لێ دێ هەرکەسە بۆ مەرام و ویستی خۆی پیلان داڕێژێ بێ ڕەچاوکردنی پێوانەکان.

## چاودێری لەسەر ڕێ و شوێنی تازە ( حديث ):-

١. لەسەر تایبەتمەندیەکانی کاروکارمەندان (تاکەکان).

٢. لەسەر درزین و گەندەڵیەکان چ پارە چ کەرستە.

٣. لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی لە ناوکار کردندا.

بۆیە چاودێری پێویستە لە خۆمانەوە (خود) دەست پێ بکرێ و بەرەبەرە چاودێری ئیدارە بڕوات پێویستەیەکانی چاودێری خۆی بکات لەخۆی ووردبێتەوە وەك چۆن لە تەندروستی خۆی دەڕوانێ پابەندبێ بەو بەڵێنامە و پەیوەستانامەی کە لەگەڵ کۆمپانیا

یـان هـەر لا یـەنێك دەیبەسـتێ ئـەرکی چاودێریـشە کـە مـافی ئیداریيـەکان بـدات لەسـەر ئاسایشی کارمەندان و چاودێری خوڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانیان لە کاتی کارکردندا.

چاودێری چاوی بەرپرس (بەرێوەبەر) ویـژدان و ڕۆشـنبیریش چـاوی فەرمانگەیـە لەسـەر بەڕێوەبەر بۆ ئـەوەی هـەموو لایـەك هەسـت بکـات کـە سـامان و دارایـی ئـەو کەسـانەیە کەسووچەیەکیان لیٚ ی هەیە بە (بەڕێوەبەر و کارمەندانەوە).

## هەندێ زاراوە کارگێرییەکان ( بەڕێوەبردن ):-

١. داهێنانی کارگێری: بریتی یە لە هێنانە کایەیی ڕێگاکـانی بـەرە و ئامـانج بەشـێوەی جیاواز لە پێشتر کە بەرامبەرەکان وە ری دەگرن و کاری لەسەر دەکەن واتە داهێنـان لـە کەسێکەوە دەردەچێ بۆ ئەوەی کۆمەڵ توێژەکانی تر لە چاوی بکەنەوە یان پەرەی پێ بـدەن و پێکـەوە جـێ بـەجێ بکـەن کـە ڕێـز لـە بیروبۆچـوونی خـەڵکی دەگـرێ لەسـەر ئاوهەوای تەندروستی و لەسـەر بناغـەی لێهـاتوویی کەسـەکان و کـە پێـوەرە زانسـتی و مرۆڤایەتی پەیڕەو دەکات.

٢. سەرانە: هەندێ جار وەك بەرتیل بـەکاردێت هەنـدێك جـار وەك هاوکـاری و یارمـەتی جـاری واش هەیـە وەکـو کـرێ بـەکاردێت واتـە سـەرانە تـەنیا بـۆ قـازانجێکی تایبـەتی بەکاردێت.

٣. پەیوەندی کارگێری (Communication): کارێکی بنەڕەتیە بـۆ ئاراسـتەکردنی هەڵسوکەوتەکان (السلوك) کاریگەری بەتینە بۆ سەرپەرشتی کردنی سەروو بۆ خـوارەوە وە بەپێـچەوانەوە لـە هـەموو ڕووێکـەوە کـە پەیوەنـدی بـەکاری ڕۆژانـە و بـەردەوامی دەزگاکان هەبێ.. ڕێگاکان کەناڵەکانی پەیوەندی زۆرن وەکو:

ڕووبەرووبونەوە، تەلەفۆن و کۆبوونەوە، کۆڕ، کۆنفڕاس، ڕاپۆرتەکان، سکاڵاکان، نامە و وێنە و ڤیدیۆ، فیلم و سینەما و بڵاوکراوەکانی سەر دیـوار جگـە لـە مانـەش دیـاریکردنی جوڵەی لەش و و ڕەنگ و ڕوو.

٤. ئۆتوکراتی: واتە دەسەڵاتی ڕەها (دیکتاتۆری) کە بەکار دێت بۆ مەبەسـتی تـایبەتی بێ گوێدان بە یا سا و ڕێنمایەکان و سیستەمی بەڕێوەبردن، ترس و دڵەڕاوکێ.

٥. پاشەکەوت: لە ڕووی دارایی ئەوە دەگەیەنێ کە هەندێ داهات کۆدەبێتەوە یان زیاد دەبێت لەوەی کە خەرج کراوە بۆ ڕۆژی تەنگانە بەکاردێت.. ئەم پاشەکەوتە بۆ تاکە بەلاَم بۆ دەولَەت بەسوود لە قەلَەم نا درێت. بودجەی دەولَەت ئەم پاشکەوتەیە هەلَناگرێ مەگەر حکومەت دەسەلاَتی وەرگرتن و دانانی باجی ەبێ.

٦. چۆنیەتی دامەزراندن لە پلە و پایەی وەزیفەدا: ئەمە پەیڕەوکردنی ڕێوشوێنی تایبەتە بۆ ئەوەی دامەزراندن لە نێو دەزگاکانی دەولَەت دا بکرێ بۆ ئەوەی لە هەموو لایەنەکانی ئەو کەسە بکۆلێتەوە کە بڕیارە پۆستێك وەربگرێ لە ڕووی تەندروستی و ساغ و سەلامەتی ئەندامەکانی لەش و هەلَسوکەوتدا ئەمە هەر بۆ کارمەندە نوێیەکان نیە بەلَکو بۆ ئەوانەشە کە لە وەزیفەدا بۆ ئەوەی کاری نوێ وەربگرن و پلەکەیان بەرزبێتەوە چەندین تاقیکردنەوە و دەستنیشانکردن هەیە بۆ ئەوەی وەزیفەیەك وەردەگرێ ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدا هەبێ:—

١. پێوانەی زیرەکی: لە ڕووی ووردبینانە و هەلَسوکەوت و پێشینیەکان و جۆری بیرکردنەوەیان.

٢. پێوانەی ڕێك و پێکی و توانایی هەبوونی ئەنجامدانی کارەکەی هەبێ.

٣. پێوانەی حەزکردن بە کارەکە و خۆشەویستی بۆ ئەرکەکانی.

٤. پێوانەی باری دەروونی کە چەندین ڕەوشت و مای لێ دەبێتەوە.

٥. چەندین پێوانەی تر هەیە و چەندینیتر دێنە کایەوە بەلاَم پێویستە ئەم پێوانانە بە دروستی و ڕاستگۆیی و بابەتی بەراورکردن و نەگۆڕ ڕەچاو بکرێ.

## بەگشتی سێ جۆر لە تاقی کردنەوەکان هەیە:-

١. بە ڕێگای نووسین و وەلاَمدانەوەی نووسراو.

٢. چاوپێکەوتن (ڕووبەڕوو بە قسە) بۆ دیاریکردنی ساغ و سەلامەتی هەموو هەستەکان.

٣. لە ڕێگەی شارەزایی لە کار وەکو بۆ شوفێری دەبێ ئۆتۆمبێل لێخوڕێ و نوسەر بۆ زانیینی چاپکردن.

٦. خوڕەوشتی لە وەزیفەدا ئەمە دوو لایەن دەگرێتەوە:-

یەکەمیان: جێ بەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکان بە گوێرەی یاسا و ڕێنمای.

دووەمیان: وەرنەگرتنی بەرتیل و دیاری، بەکارنەهێنانی دەسەلآت بۆ بۆ بەژەوەندی تایبەت، پاراستنی ناوبانگی وەزیفەکەی کە لە ڕیچگەی دڵسۆزی دا ڕێز بدا بە کورسی و مێزەکەی نەك بە پێچەوانە.

٧.ڕاپەڕاندن (ألآداء): ڕاپەڕاندنی کارەکان بە هەموو دەسەلآتەکە و ئەرکەکان کە بۆی دیاری کراوە ئەمەش بەپێ ی کات و شوێن و جۆری کارەکە پێوانە دەکرێ.

٨. کارگێری (بەڕێوەبردن) (ألآدارة): چالآکیەکی پسپۆریە لە نێوان زانست و هونەر بەمەبەستی ئاراستەکردنی ماندووبوون و توانەکان بەپێ ی زانست و کە دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە ئەویش کارگێریر گشتی و کارگێری لە کاروباری بازرگانی (ألآدارة العامة و ألأدارة ألأعمال) لە چوار بواری تری کارگێری خۆی دەنوێنێ:-

١. کارگێری دەستە و ڕێکخراوە تایبەتیەکان.

٢. کارگێری کەرتی گشتی (دەوڵەت).

٣. کارگێری کۆمەڵە هەرەوەزیەکان.

٤. کارگێری لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان.

کارگێری چەند ئەرك (وەزیفە)ی سەرەکی هەیە وەکوو پلان و ڕێکخستن و هەماهەنگی ی و ئاراستە و چاودێری کە لە ڕێگەی کارمەند و کەرستەکان بە گشتی کارەکان ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و کەمترین ئەرك و ماندووبوون و کەمترین کات ئامانجەکان تەواو بکرێ.

٩. بەڕێوەبردنی تەنگ و چەڵەمەکان و تەنگەژە (أدارة ألأزمات): واتە بەکارهێنانی هەموو لایەنی چوار چێوەکانە بە پێ ی ڕێگە چارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوەکان کە مەترسین لە دەزگا و ڕێکخراوەیەك دەکات هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەچارەی پێویست بۆ هەر ڕووداوێکی لە ناکاو کە دروست دەبێ و مەترسی کەم دەکاتەوە. بە گشتی واتاکەی لەوە دایە کە کاری خۆپاراستن دەکات پێش ئەوەی ڕوربدات یان لێ ناگەڕێ ڕووبدات.

١٠. بەڕێوەبردنی گۆڕانکاریەکان: وەك ئەوەی بەرپرسی دام و دەزگا بیەوێ گۆڕانکاری لە ئامانج و ئیش و ئەرك و پێکهاتەی ڕێکخراوەکەی بکات کە ئەمە توشی بەرەنگاربوونەوە و دژایەتی دەبێ.

١١. ڕاوێژکاری کارگێری: پێدان و زانیاری بەگەرخستنی پسپۆڕی لە پێناو سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکان بە باشترین شێوە بەهۆی ڕوێژکردن و پێشکەشکردنی ڕێگە چارەی دروست کە لە شارەزایی و ئەزموونی کەسێکەوە دەبێت ئەمە لە ڕێگەی تاك و لە ڕێگای نووسینگەکانی ڕاوێژی ئەنجام دەدرێت.

١٢. دەست لەکار کێشانەوە (وازهێنان): کاتێ کارمەند دەیەوێ بەیەکجاری واز لە وەزیفەکەی بێنێ بەڵام ئەمە دووای داامەزراندنی کارمەند لە شوێنەکەی ئەنجام دەدرێت.

١٣. چاکسازی کارگێری: چاکسازی لەسەر ئەو ڕەفتار و کردەوە نایاسایانە کە ڕووبەڕووی ئیدارە دەبێتەوە و لێ ناگەڕێ ئامانجی خۆی بپێکێ، ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە سیستەم و بەشەکانی دەکرێ یا خود لە ڕیێگەی پەرەپێدانی بەڕیێوەبردن و چاکسازی لە گەندەڵی ی و بێ سەر و بەری دەبێ.

١٤. لێپرسینەوە (المساءلة): لە کاتی لێپرسینەوە ئەوە دەگەیەنێ کە سزا دێتە گۆڕێ لەسەر ئەو کار و کردەوانەی لە کاتێکی دیاریکراو دا ئەنجام دراوە ئایا بە باشی ڕۆیشتوە یان بە خراپی ئایا دەسەڵاتەکان چۆن کاریگریان هەبووە،

١٥. بەرپرسیارەتی (المسؤلية): ئەمە پێناسەکەی دەگەڕێتەوە کە ئایا ئەو کارمەندە یان هەر بەرپرسێکی تر ئەو ئەرکە دە خەنە ئەستۆی خۆیان و بەرپرسیارەتیان هەیە کە لەم بەرپرسیارەتیە چەندین جۆرن وەکو بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی، ڕەوشت، ڕاماری، یاسایی.. کە یاسایی دوو جۆرە:-

أ. بەرپرسیاری شارستانی: کە پێویستە چاکسازی بکات لەو زیانەی کە داوییەتی.

ب. بەرپرسیاری لێ وەرگرتن (جەزایی) واتە قەربووکردنەوەی شکاندنی سنوری یاساییەکان.

## سەرەتاکانی ئیدارەی گشتی:

ووشـەی ئیـدارە (بـەڕێوەبردن) لـە دوو ووشـە پێـك هـاتووە ( Administration management) کە لە ڕووی مێژووی ووشەی یەکەم پێشتر بـەکار هـاتووە، ووشـەی دووەم بۆ چـوار چێوەی کارەکـانی بـەڕێوەبردنی گـشتی ی و ڕەهەنـدەکانی بـەکاردێت کەچی ووشەی یەکەم ئەو چالاکیانەیە کە بـە پـێ ی پـلان و نەخـشەی دیـاریکراو ڕووەو سەرکەوتن دەچێ.

پێناسـەی گـشتی بـەڕێوەبردنی گـشتی: بەشـێوەی گـشتی پێناسـەی ئیـدارەی گـشتی هەمەلایەنەیە و بەگوێرەی بەکارهێنانی ووشە و ڕستە و دارشتنی خۆی دەنوێنێ:-

١. ئەگەر لە ڕەگ و ڕیشەی مێژووی دەست پـیچ بکـەین ئـەوە پێناسـەیەکی حـەکیمی چینی (کونفوسیشوس) ە کـە دەڵـێ ئیـدارەی گـشتی هۆکـار و ڕێگایەکـە بـۆ دەسـەلاتی گونجاو و باش واتە وەك زانستە بۆ ئـەوەی بـیر و هـۆش و لێکدانـەوەی هەمـە لایەنـەی لەسەر بکرێ.

٢. یان ئەوە تە ئیدارەی گشتی ئەوەیە کە لە ڕێگای بەکارهێنانی هەموو چالاکیەکان بـە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە.

٣. یان ئەوەیە کە تایبەتە بە پسپۆڕان و ئەوانەی کاری ئاراستەکردن دەکەن و لەگـەڵ هەماهەنگی ی و چاودێری بەردەوام.

٤. یان ئەو پرۆسە هاوکاریە و هەماهەنگی یە لە نێوان ئەوانەی کار دەکـەن لـە پێنـاوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.

بۆیە ئەوانەی لە نێو بەڕێوەبردنی گشتی دان (کەسەکان و کەرستەکان) بریت یە لە:-

١. ئامانجێك یان زیاتر بۆ گەیشتن بە سەرەئەنجام.

٢. چالاکیەکان و کردەوەکان کە لە ڕێگای ئەوان ئامانجەکان دێنە دی.

٣. هێز و توانای بازووی کەسەکان کە لەسەر کارە هونەریەکان دەوەستێ.

مێژووی بەڕێوەبردنی گشتی واتە (بەڕوەبردنی دەوڵەت و ئامرازەکانی) شتێکی تازە نیـە لەگەڵ شارستانی چین و میسر و عیراق هاتونەتە کایەوە بەلام نووسینەوەی ئەم مێژووە

زۆر کەمە و ووردیش نیە لە ئاسەوارە کۆنەکانی میسری کۆن شوێن پێ ی ئیدارە دەردەکەوێ هەروەها یاسا و ڕێساکانی حامۆڕابی باشترین بەڵگەیە، هەندێك لە زانایانی مێژوو بە دیارکەوتنی بەڕێوەبردنی گشتی دەگێڕنەوە بۆ سەرەتاکانی ڕێکخستنی کاروباری سەربازی ی جەنگ و شەڕ وشۆڕ لە نێو میلەتان و ئیمپڕاتۆڕەکان کە بەڕێوەبردنی لەشکر و کەرستە و تفاق و سەرکردایەتی کردنی پێویستی یە هونەری کارگێری و جوولانەوەی بە دیقەت هەیە شارستانی سۆمەری و فیرعەونی و چینی ئەفریقی و ڕۆمانی هەندێك چەمکی کۆنترین دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسراو کە لە جیهاندا هەیە ئەو ەیە کە توێژەران لە شارستانی سۆمەری دۆزیانەوە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵ دەبێ کە وا دیار دەدات سۆمەریەکان جۆرێك لە چاودێری بەڕێوەبردنیان هەبووە، لە چینی کۆن کۆنترین سیستەم هەبووە بۆ ئەوەی کەسێك دابمەزرێ ئەویش لە ڕێگەی کێبڕکێ و تاقی کردنەوە بووە  کە ئەمە لە سەردەمی ئێستادا لە چەرخی نۆزدە و بیست هاتووتە کایەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی ئەفریقیەکان ئەوان بەڕێوەبردنی گشتیان بە ئەنجوومەنێکی پێنسەد (٥٠٠) کەسی پێکهێناوە بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری دەوڵەت کە پێیان دەگوت (دەوڵەتی شار) کە لە دە خێل پێکهاتبووە بۆ هەریەکەیان (٥٠)  نوێنەریا دانا بوو دەبوایە هەر ڕۆژێ یەکێکیان بۆ پلەی سەرۆکایەتی کردن هەڵبژێردرێ، ڕۆمانیەکانیش هەر لە کاتی بەرپابوونی سیستەمی کۆماری پێش پێنسەد ساڵ پێش زاین کە هێمنی و ئارامی باڵی بەسەر ئیمپڕاتۆرەکان گرتبوو چەندین یاسا و بیرو بۆچوونی یاساییان جێهێشتووە.

بەڕێوەبردن (ألأدارة)  لە ژیانی دەرەبەگایەتی دا هیچ مانایەك نابەخشێ ئەمە چ لە کۆن چ لە ئێستا (حیزبایەتی) لەبەر چەندین هۆ:-

١.  نەمانی پلە و پایەی دیار بەهۆی لاوازی لە چالاکیەکانی.

٢.  لە هەندێ هەرێم وەزیفەکان پەیوەندیان بە بەرووبوومی کشتوکاڵ هەیە.

٣.  نەمانی قەوارەی دەسەلاتی ناوەند (المرکز)  بە هۆی نەبوونی دام و دەزگای گشتی دەوڵەت چونکە دەسەلاتی یەکەم خۆی لاوازە و بێ دەسەلاتە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هەرێمەکان یەك لایەنانە کار بکەن و سەربەخۆیی ڕابگەیەنن بۆیە ئەو چەشنە

بەڕێوەبردنانە تەنیا بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی ی و پەیمان بەستنی خێڵەکی دەگونجێ سەیر لەوە دایە لەو چەرخی بیست و یەکەمە لە هەندێ وولات و هەرێم هێشتا ئەو جۆرە سیستەمانە باوە پاشە گەردانی ی و هەوەس و دەستەگەری ی و سیستەمی سیاسی ڕۆڵی وێرانکەر دەبێت و گەندەڵی ی و بێ سەروبەری لە هەموو ڕووێکەوە پێ گرتوون بەڵام بەهۆی بێ توانایی و نەبوونی بوێری و پەروەردەی سەقەت جارێکی تر سیستەمی دەرەبەگی بەکردەوە پەیڕەوە دەکرێ بێ ئەوەی کەسیش خۆی بکاتە خاوەنی گەڕانەوە بۆ سیستەمی کۆن کارەساتە چونکە لە ڕووی کارکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەرەسی هێناوە کەمترین داواکاری جێ بەجێ ناکات کەچی لەلایەکی تر بەڕێوەبردنی گشتی (دەوڵەت) لەسەر پێ ی خۆی دەوەستێ لەسەر پێشکەوتنی بازرگانی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سەربازی، سیاسی، بەرهەم و زۆر و کەمی دانیشتوان و دیاریکردنی سنورەکان چەمکی بەڕوەبردنی ماناکەی دەگۆڕێ.

بەڕێوەبردنی ناوچەیی، هەرێمی، ناوەندی، جیهانی، نێونەتەوەیی، کۆمپانیاکان، سەنتەرو بنکە جۆراو جۆرەکان، بارەگای سەربازی، هەموویان پێویستیان بە بەڕوەبردن هەیە جیاوازن لە سیستەم و ئەرك و دەسەڵاتەکان بەڵام کۆکن لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە ئەم ئەرکانە پەرش و بڵاو بوون و هەریەکە بە ئاقارێك دەڕوا بۆیە پێویست دەکا بەشێوەیەکی زانستی ی و سەردەمیانە بەڕێوەبردن ببێتە گرتنەبەری ئەم شێوازە تازەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی (ویلسون) سەرۆك کۆماری ئەمریکا (١٨٨٧) کە یەکەم کەس بوو بیرۆکە و داهێنانی بەڕێوەبردنی گشتی لەسەر بنەمای زانستی خستە ڕوو.

ئەو سەردەمە لە ئەمریکا وەك سەردەمانی ئاژاوە و بێ سەر و بەری و خزم خزمانێ و دەستەگەری باڵی بەسەر وولاتدا کێشابوو، ڕێچکەی (ویلسون) ئەوە بوو کە کێشەکانی ئیدارە ئەوەند ە لە کێشەکانی سیاسی پەیوەندار نیە سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسیارەتی ئیدارە لەلایەن سیاسەتەوە دێتە کایە سیاسەت دەکەوێتە ئەرکی پیاوی دەوڵەت بەڵام ئیدارە کارێکی هونەریە تایبەتە بە لێهاتووی و توانا و شارەزایی کە دەبێ دوور بێ لە کاریگەری سیاسەت لێ ی.

هەروەها (ويلسون) داوای كرد كە لايەنی بەڕێوەبردن بكرێ بیە ئەكاديمی، لە كۆتای سەدەی نۆزدەم بەرەبەرە بەڕێەبردن فراوان بوو كەوتنە نێو بازنەی كێشە و چارەسەريەكان. لە سەرەتای سەدەی بيست جوڵانەوەی ئيدارەی زانستی بەچەند هەنگاوێك دەستی پێكرد:-

١. كۆكردنەوەی ڕاستيەكان و دانانەكان (الحقائق وألأصفات) تايبەت بە كێشەكانی بەڕێوەبردن.

٢. تاقی كردنەوەی بۆچوونەكان كە ئايا گونجاون دەكرێ بەكاربهێنرێن بۆ مەرامی تريش.

(فردريك تايلور) لەم ڕووە وە سێ بنەمای زانستی ڕەچاوكردووە:-

١. لێكۆڵينەوە لەسەر هەر هەنگاوێك كە دەنرێ.

٢. ڕاهێنان و هەڵسەنگاندن و مەشق كردنی كارمەندان لەسەر ڕاپەڕاندنی كاری باش.

٣. بوژاندنەوەی پەيوەندی نێوان خوار و سەروو.

## ئايا ئيدارە پێويستە ئايا ئيدارە زانستە و هونەريشە؟

نهێنی سەركەوتنی هەر پرۆژەيەك لە باشی بەڕێوەبردنيەتی، پێوانەی پێشكەوتن و دووا كەوتنی هەر وولاتێك بەندە بە كاری بەڕێوەبردن و ئيدارەدان بە گیر و گرفت و كێشە و پێشهات و پلان و هەماهەنگی.. زۆر وولات هەيە دەوڵەمەندە لە ڕووی دانيشتوان و كەرسەی خاو و بەروبوومی سروشتی و ئاوهەوا و زەوی بەپيت و ڕووبار و هێزی كار و گەلێ شتی بەكەڵكی تر كەچی دوواكەوتووترين وولاتە لە ڕووی تەكنەلۆژيا، شارستانی، ژيان، مسۆگەركردنی هۆكارەكانی ژيانی سەردەم.. هتد وولاتيش هەيە تەنيا زەويان هەيە خاكێكی رووت و قووت كە چی لە ڕێزی وولاتە پێشكەوتوكانە ئەمە هۆی چيە؟ ئەمەی دووای تەنيا دەست و زەويان هەيە بەلام عەقلّيان بەكارهێناوە لە ڕێگەی ڕۆشنبير ی زانست و هونەريەكەی وولاتی يەكەم ئەم لايەنەی فەرامۆشكردووە هەنگاوەكانی زۆر بەقورسی دەنێ جاری واش هەيە دەگەڕێتەوە دوواوە.. يابانی بەهۆی بەڕێوەبردنی باش و عەقلّی زيندوويان پێشكەوتووترين وولاتن كە چی وولاتێكی هەژار لە

ڕووی سامانی سروشتی و كشتوكاڵ و كەرستەی خاو بەڵام لە ڕووی بەرهەمهێنان و ئابووری و تەكنەلۆژیا لە پێشەوەی دنیا دایە یان لە ڕێزەكە دایە.

بەڕێوەبردن لە لایەك وەك زانست وایە كە پێویست بە توێژینەوە لێكۆڵینەوە هەیە و دابەش دەبێ بە چەندین ڕێگای ڕاپەڕاندن كە زانایان ئیدارەیان دابەش كردووە بە پێ ی جۆر و چەشن و چەند چۆنایەتی دەسەڵات و ئامانجەكان لەلایەكی تر ئیدارە هونەرە كە ڕادەی توانای كەسیەتی دەردەخات بۆ ئەوەی داهێنان بكات لە كاتی جێ بەجێ كردندا بە كەمترین كات و نرخ و باشترین ئامانج دەپێكێ هەروەك چۆن لە پێشدا باسی پێكهاتەی كردەوەی بەڕێوەبردن كراوە ڕەگەزەكان ئەمانەی خوارەوەن:–

١. پلاندانان (التخطیط) (Planning).
٢. ڕێكخستن (التنظیم) (Organizing).
٣. كارگێری كارمەندان (أدارة ألأفراد) (Staffing).
٤. ئاراستەكردن (التوجیە) (Directing).
٥. هەماهەنگی (التنسیق) (Co-ordinating).
٦. ڕاپۆرت و پەیوەندیەكان (التقاریر و ألأتصالات) (Reporting).
٧. ئامادەكردنی بودجە (أعداد الموازنة) (Budgeting).

ڕەهەندەكانی (مجالات) بەڕێوەبردن بە گوێرەی ژمارەی كەرستەكانی ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسی.. دوو ڕەهەندی سەرەكین:–

یەكەمیان: بەڕێوەبردنی گشتی (Publicadminisration): ئەمە تایبلەتمەندی بە دەوڵەت هەیە كە سیاسەتی گشتی دەوڵەت جێ بەجێ دەكات لە ڕێگای دام و دەزگای جۆراوجۆر كە هەموو پێكهاتەكانی بەڕێوەبردن دەخانە ئەستۆی بۆ خواستی حوكمەت (ئامانج، الهدف) ئەمەش وەزارەتەكا ن و دەزگاكان و ناوەندەكانی دەسەڵات دەگرێتەوە. بەڕێوەبردن كارێكی جێ بەجێ كردنە جیایە لە سیاسەت چونكە كارێكی تەشریعیە (یاسادانان) ە جێگەی داخە تا ئێستاش لە وولاتی ئێمە بەڕێوەبردن هەر ئەو سیاسەتەیە كە لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەەم لە ئەمریكا باووبو بەوەلی كە وەزیفەی دەولەت كارێكی سادە و ساكار و ئاسانە لە وەی كا زیاتر پەیوەندی بە حیزبایەتی هەیە

پێویستی بە لێهاتووی و شارەزایی و ئەزموون نیە بۆیە دەڵێن یان وا سەیری وەزیفەی حکومەت دەکرێ کە دەسکەوتی حیزبی سەرکەوتووە لە هەڵبژاردنەکان ئەمە وای لێ دێ خەرجیەکان بەفیڕۆ دەڕوات و سامان و داهات لە نێو ئەندامەکانی دابەش دەکەن..

لەسەر ئەو مەترسیە گەورەی کە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێ بە گوێرەی پسپۆڕی و شارەزایی و پلە و پاییە وەزیفی نابێ بەچاوی جەماوەر سەیر بکرێ کە وەزیرێك دادەنرێ یان پەرلەمانتارێك هەڵدەبژێردرێ.

هەرچەندە بیانوی ئەوە هەیە کە بەرێوەبردن وسیاسەت لەیەك جیابکرێتەوە کەچی بەکردەوە سەلماندنی زەحمەتە بەهۆی تێکەڵ وپێکەڵی دانانی سیاسەت و جێبەجێکردنی..دەسەلاتی سیاسی راوێژلەگەڵ کەسانی بەرێوەبەر دەکات لەکاتی دانانی سیاسەتی گشتی وولا ت و بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکەش راوێژیان لەگەڵدا دەکات.

بۆیە لەم روانگەوە ئیدارەی گشتی بەشدارە لەسیاسەتی گشتی دەوڵەتوو جێبەجێکردنی وهەڵسەنگاندنی و راستکردنەوەو هەموارکردنیشدا.

بۆیە کاری وەزیفە هەمەلایەنە بەلا م ئەم رۆڵە گرنگە شی بەندە بەچاودێری پەرلەمانێکی کاریگە رکە دەزگاکانی حکومەتی تەنیا بەجێبەجێکەر دەمێنێتەوەو پەلەمانیش بڕیادەری یەکەمە لەوەرگرتن و پێشنیارەکانی حکومەتو گەرانەوەی

دووەمیان: کارگێڕی کاری بازرگانی dusinessadmimistration

پێناسەی ئەم کارگێڕیە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەن کە لەبواری ئابووری دەگەڕێتەوە بەمەبەستی گەیاندنی بەقازانج واتە گەیشتن بەقازانج.

ئەم کارە راستەوخۆ لەلایەن خاوەنەکانیان سەرپەرشتی دەکرێن بێ ئەوەی دەوڵەت کاری بەسەریانەوە هەبێت جگە لە مەرج وبنەماکانی ئەو یاساو سیستمانەی بۆئەم بوارە ئامادەکراوە.

جیاوازیەکی نیوان بەڕێوەبردنی گشتی (دەولەت) لەگەل بازرگانی

١. ئیدارەی گشتی لەژێر کاریگەری یاساکان کاردەکات وپابەندبوونی هەیە کەچی کاریگەری کاری بازرگانی بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕیوەبردن کاردەکات پابەندبوونی کەمتر ولەهەڵسوکەوتی بەڕێوەبردن ئازادی بەفراوانی هەیە.

٢. بەڕێوەبردنی گشتی لەپێناو بەرژوەندی گشتی دایەکەچی بازرگانی بەمەبەستی قازانج

٣. پێوانەی سەرکەوتنی کارگێڕی گشتی لەسەر ئەوەیەکەکۆمەڵ چەند رازیە هی بازرگانی سەرکەوتنی لەسەر ئەوەیە کەچەند قازانجی هەیە

٤. کارکردن لەکارگێڕی گشتی گۆرانکاری وجوولەی زۆر لاوازە ئەگەر سوود و لێهاتوویی کەسەکان ئەنجامێکی نەبێ. کەچی لەکاری بازرگانیدا کێبرکێ ورکابەری هەیە بەمەبەستی هەلی زیاتردەرەخسێنێت بر پەرەپێدان وزۆربوونی دەستکەوت.

٥. بەرپرسیاری لەکاروباری دەوڵەت هەمەلایەنە یەو گشتیە یان لەراستیدا دیارنیە کەچی لەکاری بازرگانی دیارە بەرووی خاوەن پڕۆژەکان دەبنەوە.

٦. کاری کارمەند لەبەڕێوەبردنی گشتی سەبارەت بەئەرکەکانی فەرمیە بۆهەموو کارێك ناتوانێ لێکیان بکاتەوە. کەچی لەکاری بازرگانی کامە کاروبار گرنگی هەیە ئەورادەپەڕێنێ.

٧. کارکردن لەکاری بازۆگانی مەترسیدارە بەهۆی قازانج و زیان کەچی لەکاری گشتی (دەوڵەت) ئەم مەترسیە نیە چونکە پشت بەخەزێنەی دەوڵەت ئەبەستێ گوێ ناداتە زیان و قازانج هەبێ یان نەبێ مووچەی مسۆگەرە.

٨. دەزگاکانی دەوڵەت گەورەو فراوانە کەچی دەزگاکانی کاری بازرگانی زمۆر بچووکترەودیاریکراون.

٩. کاروبارەکانی دەولەت لەلایەن هاولا تیانەوە شاراوەنیە هیچ نهێنیەك ئەگەر زۆر گرنگ نەبێ ئاشکرایە. کەچی بەپێچەوانەوە لەکاری بازرگانی کاروبارەکان زۆر نهێنین هەروایە ئاسانی ناخرێنەڕوو.

١٠. لەکاری گشتی دا سامانەکان هەمیشە لەمەترسیدان لەرووی بەهەدەربوون و بەفیرۆدانی کەچی لەکاری بازرگانی تائەو پەڕی سنوور دەپارێزرێن

١١. لەبەڕێوەبردنی گشتی کات وپلان هێندەگرنگی پێ نادرێ لەوەی کەلەکاری بازرگانی زۆر گرنگ پێ دەدرێ.

١٢. لەبەڕیوەبردنی گشتی گەندەڵی ئاسان و بەرفراوانترە لەوەی کە کاری بازرگانی ئەنجام دەدرێ. سەرەرای ئەم جیاوازیانەش بەرەبەرەبەرەو کەم بونەوە دەچن لانی کەم بەڕێوەبردنی گشتی هەوڵ دەدات تووشی زیان نەبێت ئەگەرقازانجیش نەکات.

بۆیە ئەم دوو بەڕێوەبردنە لێك نزیك دەبنەوە لە رووی ئامانج وکێبرکێ لەبازارەکاندا وپلەی مەترسیەکان.

ئیدارەی دەوڵەت ئێستا خەریکە لەسەر ئەو بنەمایە بڕوات کە کاری بازرگانی لەسەری دەڕوات. باشترین بەڕێوەبردن ئەوەیە کەلەسە ردابەشکردنی کارەکان وپسپۆڕی دابمەزرێ.. فەرمانەکانیشی لەیەك سەرچاوە وەربگرێ لایەنی دەروونی ولەش رەچاوبکرێ وباشترین شێوەی کارکردن هەڵبژێردرێن بەرهەمهێنان بەگوێرەی تواناکان بێ.. ئەمانە رەگەزەکانی بەڕێوەبردنی زانستیە کەرەنگە لەکاری بازرگانی زیاتر ئەنجام بدرێت نەك لەکارگێڕی گشتیدا.

## بەربەستەکانی پلان:

١. هەڵبژاردن ودەستنیشانکردنی ئامانجی ناڕێك وپێك وگونجاو بێ ئەوەی رەچاوی تواناکان وجێبەجێکردنی بکرێ.

٢. دەسنیشانکردنی ئامانجی کورت بین کە کار دەکاتە سەر ئەوەی کە ئامانجەکان درێژخایەن بن.

٣. گۆرانکاریەکانی سەردەم کە زۆر بە پەلە هەنگاودەنین چ لە رووی تەکنەلۆژیاویاسا دانان و ژمارەی کێبرکێ کان.

٤. نەویستنی هەندی بەرپرس و بەرێوەبەرو دژایەتی کردنی پلاندانان.

٥. نەبوونی پارەو دارایی بۆ کاری پلان دانان.

## ڕاوێژکاری کارگێری:

ڕاوێژکاری بەڕێوەبردن (کارگێری) ئەو کەسەیە کەچەندین توانای بەهێزی تێدایە تاکوو ببێتە ڕاوێژکارێکی کاریگەر (فعال).

دوو پێوانە هەن کاریگەری ڕاوێژکاری کارگێری دەست نیشان دەکات:

یەکەمیان: گەیشتن بە ئامانجەکان و سە رکەوتنی ئەرکی ڕاوێژکاریەکەیەتی.

دووەمین: چۆنیەتی پێشکەشکردنی کاری راویژکاریەکەی و چەند رازیبوون هەیە لەو خزمەتەی لەلایەن ئەوانەی کارەکەی بۆکردوون.

## هۆکارەکانی کاریگەری راویژکاری کارگێری ئەمانەن:

١_ هەبوونی تواناو سەرەدەری (قدرات) هونەری، بیرمەندی، رەوشت و هەلس و کەوت، هەروەها هەبوونی توانای تێگەیشتن لە خۆی و دەوروبەری.

توانای دروست کردنی پەیوەندی.

توانای تێگەیشتن لە کۆمەل و هەلس و کەوت کردن لەگەلیاندا.

توانای تێگەیشتن لەریکخراوەکان هەلس وکەوت کردن لەگەلیاندا.

توانای تێگەیشتن لە گۆڕانکاری و گۆڕانی بەردەوام.

٢_ ئەوکێشانەی کە راویژکار چارسەری دەکات.

٣_ ئەوەی کە راوێژی بۆ دەکات.

٤_ ئەو دەوروبەرەی کە راوێژکاری تێدادەکات.

بۆیە دەبینین راوێژکار ٧٠٪ کاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ گویگرتن و گفت و گۆ کردن لەگەل خەلکی تر. ئەمەش وا پێویست دەکات کە بوونی توانای هەلس و کەوت کردن دەبێتە هۆی هاتنە کایەی راوێژکاری کاریگەری لەرووی کارگێری، ئەم هەلس و کەوتە (سلوك) رەفتار لەگەل مەشق و راهینان هەروەها توێژینەوە دەبنە کۆلەگەی پەرپێدانی کارگێری.

## بەڕێوەبردنی ستراتیژی:

ستراتیژی چیە: دانانی پلانی پتەو لە هەموو ڕووێکەوە حیسابی بۆ کرابێ بەگوێرەی چالاکیەکان و دابینکردنەکەیەتی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن...

یان پلانێکی تەواو گشتی یە بەپێ ی جێبەجێکردنی دروست ئامانجەکان دەپێکێ بەمەرجێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی دیار بکرێن.

پلانی ستراتیژی: دیاریکردنی پەیامی بە ڕێوەبەرایەتیەك یان ڕێکحراویەکە کە ئامانجەکان دادەنێ، پەرە بەستراتیژیەکان دەدات کە دەگونجێ لەگەڵ کاروبارەکانی خۆی چ دوور چ نزیك.

مێژووی سەرهەڵدانی ستراتیژی دەگەڕێتەوە بۆ سەربازی کە لەوێ سەری هەڵداوە و بە نیشتیمانی ئەودا دادەنرێ.

بەرە بەرە هاتۆ تە نێو بوارەکانی تر بە تایبەتی بەڕێوەبردن کە لە دەیەیی چوارەمی سەدەی ڕابردوو ستراتیژ کەوتونە نێو ئیدارە.

ستراتیژ لە زانستی سەربازی لە بەربەیانی مێژووە پەرەدەسێنێ تاوەکو ئەمڕۆ بە چەند قۆناغ تێپەڕیوە.

ووشەی ستراتیژ یۆنانیە کە بە واتای سەرکردایەتی هێزەکان دەگەیەنێ بەشێوەی هونەری واتە هونەر لە سەرکردایەتی گردنی هێزەکان.

چەندین بیروبۆچون هەیە سەبارەت بە تێگەیشتن لە ستراتیژ چ کۆن چ نوێ هەر وولات و هەر دەولێتێك بە جیا سەیری دەکات بە گشتی لەوەی کۆکن کە ستراتیژ هونەر و زانستە بۆ ئەوەی بەرەو پلان و هۆکارەکان بچێ کە دەربارەی بارودۆخی گشتی ململانێیەکان بە مەبەستی بۆ گەیشتن بە ئامانج چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

دەستوری ستراتیژ لە زانستی سەربازی:

١. هێشتنەوەی سەربەستی لەکار.

٢. دەست پێوەگرتن بەهێز.

٣. دەست پێشخەری.

٤. کاری چاوەڕوانەکراو.

٥. توانای کۆکردنەوە.

٦. سووکی لە جولاندنەوە.

٧. بوونی هاوکاری و هەماهەنگی.

٨. سەرکردایەتی یەکگرتوو.

٩. سادەی پلاندادەنری ستراتیژ.

ستراتیژ لە کاروباری بەڕێوەبردن دەگەڕێتەوە بۆ دووای جەنگی جیهانی دووەم لە سالّی ١٩٤٠ دەست پێدەکات بە مەبەستی کێبڕکێ و ڕکابەری پێویست بە ستراتیژی دەکرد بۆ ئەوەی ئیدارە کاری پێ بکات.. ئەمەش بە چەند قۆناغێك تێ پەڕ دەکات.

١. قۆناغی سەرەتایی.

٢. قۆناغی ئامادەکاری (بلورە).

٣. قۆناغی گەیشتن (گەیی بوون).

## قۆناغی ستراتیژ لە چەرخی جیهانگیری ( العولمة ) :

بە گوێرەی گۆڕانکاریە بە پەلەکان و ئامانجە نوێیەکان و هۆکاریە تازەکان و دەرئەنجامەکان کە پێویستیان بە بەردەوامی پلان هەیە ئەمڕۆ لە چەرخی جیهانگیری (العولمة) پلانێکی یەکگرتوو سەرتاسەری و تەواوکەری پێویست بۆ گەیشتنی بە ئامانجی بنەڕەتی هەر دام و دەزگایەك.

ئەم پلانانەش بەردەوام دەگۆڕێن لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری بەردەوام هەیە و ئامانجی نوێ هەیە.

## چوار ئاراستەی تێگەیشتن لە ستراتیژ هەیە :

١. خاوەن پلانی ستراتیژ دەسەلاتی پێدراوی خۆی هەیە کە لە ڕێکخراوەکەیەدا بەکاری بنێ.

٢. بەوەی کە بەرپرسی یەکەمە لە ڕێکخراوەکەیدا.

٣. تێکەلاوکردنی دەسەلات و بەرپرسیاری.

٤. ئاراستەیەکی نوێیە کە پشت بە تێڕوانین و بیرکردنەوەی ستراتیژ دەبەستێ.

دوو تایبەتمەندی هەیە کە کەسی ستراتیژ لە کەسی تر جیاناکرێتەوە:

یەکەم/ توانای هەبوونی تێگەیشتن لە ڕووداوەکان وەرگرێت.

دووەم/ توانای هەبوونی جورئەت لە وەرگرتنی بڕیار.

## پێناسەیەکی تری ئیدارەی گشتی ( ألأدارة العامة ):

مە بەست لە بەڕێوەبردن گشتی ئەوەیە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتی گشتی پەیڕەوکردنی کاروبارەکان و چالاکیەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئامانجەکانی دەوڵەت بپێکێ، سەر ئەنجام پێکدێت لە ئاراستەکردن و سەرکردایەتی کردنی توانای مرۆڤی (پلان و هەماهەنگی، بڕیاردان، چاودێری) لە دام و دەزگای جێبەجێکاری دەوڵەت کە وەزارەتەکان دەگرێتەوە بە واتایەکی تر (بڕیاردان و دووایش جێ بەجێکردنی) هەروەها ڕێکخستنی هێزی کار (مرۆڤ) بۆ ئامانجی گشتی هەتا ماوەیەکی درێژ چاکسازی سیاسی و چاکسازی ئیداری دەدرا.

## پێکهاتەی دام و دەزگای کارگێری ( ئیدارە ):-

دام و دەزگای حکومەت لە پەسندیەکە و ڕێکخراوێك پێکدێت، یان هەر دەزگایەك بوودجەی تایبەتی هەبێت، یان هەر یەکەیەکی ئیداریی ناوخۆ یان هەر دەستەیکی گشتی.

## یەکە حکومیەکان دەکرێتە چوار بەش:-

١. ئەوانەی ڕاستەو ئەرکەکانیان جێ بەجێ دەکەن وەکو وەزارەتی خوێندنی بالاّ، پەروەردە.

٢. یەکە یاریدەدەرەکان: ئەو دەزگایەی هاوکاریەکەی بەکەم دەکەن.

٣. یەکەی هەماهەنگی (تنسیق).

٤. یەکەی هاوبەش (مرکب) هەر سێ کارەکانی پێشو دەکەن.

یەکە حکومیەکان:-

## أ. ئەنجوومەنی وەزیران:

بەرپرسی یەکەمە لە دام و دەزگا جێ بەجێکەرەکان ئەمەش لە وولاتێك و لە شوێنێك جیاوازی هەیە.

## کارە سەرەکیەکانی ئەنجوومەنی وەزیران:-

١. دانانی سیاسەتی گشتی بۆ دەوڵەت و سەرپەرشتی جێ بەجێکردنی.

٢. ئامادەکردنی پڕۆژەی پلاندانان و بەدواداچون.

٣. هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان و ئاراستەکردنی بۆ ئەوەی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کار بکرێ.

٤. دەرکردنی لە چوار چێوەی یاساکانی کارپێکراو.

٥. ئامادەکردنی پڕۆژە یاساکان بۆ پەرلەمان.

٦. ئامادەکردنی بوودجەی گشتی دەوڵەت.

٧. بەدواداچوونی جێ بەجێکردنی یاساکان لە پێناو پاراستنی ئاسایشی گشتی و مافی هاوولاتی.

٨. دامەزراندن و لادانی فەرمانبەران بە گوێرەی یاسا کە لە دەسەلاتی ئەنجوومەنی وەزیران دایە.

٩. بەدواداچوونی چالاکی وەزارەتەکان بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی خۆیان لانەدەن.

١٠. پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بۆ پەرلەمان سەبارەت بەو کاروبارانەی تەواو دەکرێن.

١١. بەرپرسیاری لە دابینکردنی ئاسایشی وولات و نەتەوە و ئابوری و خۆراك و تەندروستی و بەدواداچونی بلاوکراوەکان.

١٢. وەرگرتنی سکالا و پێشنیاری هاولاتیان.

١٣. بە گشتی کار و ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی ئەو بەدواداچونانە دەکات کە ئەرکی جێبەجێکردنە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتەکان هەریەکە بە یاساو ڕێسای خۆی.

## ب. وەزارەتەکان:-

هەموو چالاکیەکی دیاریکراو لە دەولەت یەکەیەکی سەربەخۆ جێبەجیٚ دەکات پێی دەڵن وەزارەت کە کاکلـ ەی دەزگای بەڕێوەبردنە، هەندێکیان فراوان و هەندێکیان کەمترە لەسەر دوو بنەما کار دەکەن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (مركزي و لا مركزي).

بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتانە بە باشی کارەکانیان بەڕێوەبچیٚ بۆ چەند هۆبە و بەش و بەڕێوەبەرایەتیب و چاودێری دابەش دەکرێت بەپیٚ ی بارودۆخی هەر وەزارەتێك لە وەزارەتەکان دەستەو دام و دەزگای جیاجیا بەپیٚ ی پێویستی ئابوری وئیداری و بەرهمهێنان لیٚ دروست دەبیٚ. واتە دام و دەزگا (مؤسسة) کاری چالاکی بازرگانی دەکات ودەستەی (هيئة) کاروباری خزمەتگوزاری دەکرێتە ئەستۆ.

بودجەی دارایی د ەزگاکان شێوەیەکی باررزگانی لە خۆدەگرێت واتە بودجەکانی بازرگانی بەلام هی دەستە شێوەی بودجەی گشتی دەولەت لە خۆدەگریٚ چاودێری لە دەستەکان زۆر فراونترە لە هی دەزگاکان لە نێو دام و دەگاکانی دەولەت بەشێکی زۆر گرۆنگ هەیە بۆ ڕاوێژکاری ماف جێبەجیٚ کردنی کاروبارەکانی نیە تەنیا پێدانی ئامۆژگاری و پێشنیار دەکات لەگەلٚ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە کە بۆ سەرۆکی یەکە ئیداریەکان ئامادەی دەکان.

بۆ سود وەرگرتن و قازانج و گەیشتن بە ئامانج بە کەمتریت کات و بەکەمترین نرخ و باشترین دەسکەوت و بەرهەم، دروست بوونی دەزگا ڕاوێژکاریەکان یارمەتی دانە بۆ سەرۆك کۆمار و سەرکی وەنجوومەنی وەزیران و ئەوانەی لەو پلەو پایانە نزیکن.

ج. بەرژەوندیەکانی حکومەت (دەولەت) (المصالح الحكومية):-

ئەمە دەزگایەکی سەرەکیە لە وەزارەت کە وەزیر ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات، بەڕێوەبەرێکی بۆ دادەنریٚ بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکان، چالاکی ئەم بەرژەوەندیە فراوانە لە هەر بوار و ڕوێکەوە کە بە گشتی هەماهەنگی یان بۆ سودی وەزارەتەکەیە.

## د. یەکە خۆجێییەکان ( وحدات الادارة و المجتمع ):-

بـەڕێوەبردنی ناوەنـدی هەیـە کـە هـەموو بڕیارەکـانی لای خـۆی دەردەچـێ ئەمـە لـە پایتـەختی وولاتـە بـەڕێوەبردنی ناڕاسـتەوخۆ (لامركـزي) ئـەوە دابـەش دەبێتـە سـەر هەرێمەکان ئەم دووئیدارەیە چ بەهەماهەنگی بێت یان بەگوێرەی بڕیارەکانی سـەرووبێت بە گوێرەی دابەش بوونی دەسەلاتە لە وولاتێك کـە چـەند کۆمـارێکی تێدایـە یـان چـەند وولایەتە یان پارێزگان یان لیوا.

## کەموکوڕیەکانی دەسەڵاتی ناوەند:-

- وەستانی کاری کـارگێری بـەهۆی دوری پایتـەخت لـە ناوچـەکانی تـر لـەو کاتـەی کـە بڕیارەکان دەدەچێ تا دەگاتە بواری جێبەجێ کردن.
- لاوازی پلاندانان بەهۆی نەشارەزای دەزگای ناوەندی لە باردۆخی ناوچەکان کە ڕەنگە پلانەکە توشی کۆسپ بێ.
- نزمـی پێداویـستی کـارگێری بـەوەی کـە ئەوانـەی پلـەی بـەرزی ئیـداریان هەیـە هـەر خەریکی بڕیار دەرکردنن بۆ ناوچەکان.

لە کاتی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروبـاری کـارگێری دەسـەڵاتی مەرکـەزی (ناوەنـد) ڕەهایە و دەسەڵاتی لامەرکەزی ڕەهانیە تێکەڵاوە، بەڵام دەسـەڵاتی ناوەنـد بریتیـە لـەو بڕیارانـەی بـۆنی نەتـەوەیان لـێ دێ (بەرژەونـدی گـشتی وولات) دەربـارەی ئـابووری، کەلتوری، کۆمەڵایەتی، ئاسایش، بەرگری، دادوەری (القضاء) پلان، سیاسەتی کار بەڵام لامەرکەزی.

## ئەو بڕیارانەن کە پێویستە ئیدارەی سەرو نەیدا بە خواروو:-

١. بڕیارە گەورەو گرنگە داراییەکانو ڕێکخستنی گەورە.
٢. دامەزراندنی پلەو پایەی گەورە و دابەشکردنی هێزی کار بەسەر کارگێریەکان.
٣. گۆڕانکاری لە سیاسەتی باڵا.

لە ڕاستیدا ئەو هۆکارانەی کەدەبنە پێوانە بۆ ئەوەی مەرکەزی و لامەرکەزی دەسەڵاتیان جیابکرێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:—

١. دەگەڕێتەوە بۆ خودی سەرۆکی فەرمانگەکە لە ڕووی ئەوەی کە خۆپەرستەوە کارەکان لە دەستی خۆی دەگرێ زۆر دێتە ناو کارەکان چ گەورە چ بچووك.

٢. بڕیاردانی گەورەو گرنگ.

٣. توانای ئەو کەسەی کە کارێکی پێدەسپێردرێ.

٤. لێهاتووی دە زگای چاودێری بۆ بەدواداچوونی ئەوانەی دەسەڵاتیان دەدەرێتە دەست.

## ٥. دەستە گشتیەکان ( الهیئاة العام ):-

دەوڵەت بۆ هەمان هۆیەکانی دامەزراندنی دام و دەزگاگشتیەکان دەستەی گشتی دادەمەزرێ کە کەسایەتێکی ئیداری گشتی یە بوودجەیەکی تایبەتی هەیە.

دابەشبوونی وەزیفەکان:-

١. بەشی یەکەم/ کە پلەو پایەی بەرز دەگرێتەوە بریتین لەو کەسانەی لێهاتوون، پسپۆڕن و شارەزان وەك بریکاری وەزارەتەکان، بەڕێوەبەری بەرژەوەندیەکان و دەستەیەکان،بەرپرسیاری دەرچوونی بڕیار و ڕێکخستنی کاری کارمەندان و سەرۆکایەتی کردنیان واتە ئەوانەی سیاسە تی گشتی و پڕۆژەیان و ڕێنمایی ڕێسایەکان دادەنێن.

٢. بەشی دووەم/ ئەوانەن کە سیاسەتی گشتی لێکدەدەنەوە و دەیگونجێنن لەگەڵ بڕیار و پێشنیار و یاساو ڕێساکان بەپێ ی بارودۆخی فیعلی ئەمانە هەندێ ئازادیان هەیە پێ یان دەڵێن جێتیك لە بەڕێوەبەری کارگێریەکان.

٣. بەشی سێیەم/ ئەوانەن کە جێبەجێکەری خاڵەکانی سەروون بەپێ ی ڕێنمای ولێکدانەوەی بەشی دووەم دەجوڵێنەوە ئەمانە ئازادنین و پاپەندبوونن پێ یان دەڵێن (سەرۆك بەشەکان).

٤. بەشی چوارەم/ ئەو کارمەندانەی ڕاستەوخۆ کارەکانیان جێ بەجێ دەکەن چینی کارمەندانیان پێ دەڵێن (الموظفین).

## هەڵسانگاندنی وەزیفەکان:-

واتە شیکردنەوە، ڕێزبەندیکردن (ترتیب) ، دیاریکردنی کرێ ئەمە لە ڕێگەی:-

أ. ڕووبەڕوو(مقابل): کە کات و ماندووبوونی زۆری دەوێ.

ب. تاقیکردنەوە: لەسەر ئەو وەزیفەیەی کە پێویستە کار بکات ئەمەش یان لە ڕێگای کۆمەڵێك پرسیار لەسەر ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە:–

١. لەسەر زیرەکی.

٢. ووریایی.

٣. چاڵاکی.

٤. توانایی.

٥. حەزو ئارەزووی ئەو کارە.

٦. کەسێتی.

ئەم هۆکارانە پێکەوە ئەنجامی باش دەگەیەنێ ئەگینا تەنیا کەسێتی بەس نیە بۆ دەستنیشانکردنی کارمەندی باش و سەرپشك بۆیە ئەمڕو تاقی کردنەوەی کەسێتی باشترین نموونەیە بۆ دامەزراندن بە مەرجێ لە هەموو ڕووێکەوە کەسێتی لێك بدرێتەوە.

## خەسڵەتەکانی کارمەندی حوکومەت:-

١. ئەمیندار و دڵسۆز لەسەر کارەکەی کە بە ویژدان و پاکیەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی هەنگاو بنێ.

٢. ڕێزگرتن لە هاتنە سەر کارو دەست لە کاربەردان.

٣. هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی بە ئازایەتی و چاونەترسی.

٤. هەڵس و کەوتی ڕێك و پێك بێ کێشەو گرێ کوێرە نەخاتە بەردەم هاوڵاتیان واتە ئاسانکاری بکات.

٥. قسە خۆش و بەڕێز بێ چونکە کارەکەی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵە بەهۆی ئەوەیە کە پلەو پایەی وەرگرتووە نەك خۆ بەزل زانی.

٦. متمانە بەخۆبوون بەوەی کە بەرژەوەندی گەل و وولات و کۆمەڵ دەپارێزێ.

٧. پشت بەخۆ بەستن گرنگە بۆ ئەوەی أتیکالی نەبێت.

٨. شانازی بەکارەکەی و چالا یەکەی بکات کە وەك پیاوی وولات بۆ گەیاندنی سوود و قازانج.

## خەسڵەتەکانی سەرۆکی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو ( کارگێری ):-

١. توانای بوونی ئەوەی هەبێ کە کێشەکانی کارگێری بخاتە ڕوو لە هەموو کون و قوژبنێکەوە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

٢. بەرژەوندی گشتی لەسەر هەموو شتێك دابنێ.

٣. ئەوەندە زیرەك و بەتوانا بێ بۆ ئەوە ی بتوانێ کامە ڕێگە باشە هەڵبژێرێ بۆ زیاتر کردنی بەرهەم، ئەمەش لە ڕێگەی تێگەیشتن و وورییایی و ئیدارەیی خۆی هەروەها هەندێ بنەمایی زانستی و دەرونزانی و کۆمەڵناسی.

٤. وەرگرتنی پشتگیری ڕای گشتی لەسەر یاسا نوێیکان و گۆڕانکاری و هەموارکردنەکان کە ئەمڕۆ پێویست دەکات.

٥. پێدانی زانیاری بە هاولا تیان لەسەر خزمەتگوزاریەکان کە دەوڵەت پێشکەشی کۆمەڵ و تاك و درشدەکان دەکات، هەروەها پێدانی زانیاری هەڵبژاردن بۆ ئەوەی دەنگدان بە باشی بدرێ و بەڕێوەبچێ بۆ کۆی.

٦. گواستنەوەی بۆچوون و بیروڕاکانی کۆمەڵ بۆ شوێنە گرینگەکان کە یاسا لێی دەردەچێت.

٧. وا لە هاولا تیان بکرێ کە ژیان پێویستیبەڕێکخستنی ئیداری هەیە بۆیە هاوکاری ئەو زۆر پێویستە.

٨. پێدانی هاولا تی بە کەرستەکان بۆ گەیاندنی بیرو باوەڕی خۆی بەگوێی دەسەڵاتداران.

٩. بڵاوکردنەوەی دەنگ یان چالاکیەکانی حکومەت.

١٠. پێدانی زانیاری و دەنك و باسی هەموو لایەکی پەیوەندار بە گەل بۆ ئەوەی لە پلان و دوا ڕۆژ بگات.

## ئیدارە بەگشتی : ( ئیدارە بەگشتی ڕێگایەکە بۆ حکومدارێکی چاك ):-

ئیدارەی گشتی یەکێکە لە کارە سەرەکیەکانی زانستی بەڕێوەبردن (کارگێری)

١. واتە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی تاکەکانە بە مەبەستی گەیشت بە ئامانجەکانی حکومەت.

٢. واتە هونەر و زانست بۆ جێ بەجێکردنی کاروبارەکانی دەوڵەت.

٣. هاوکاری و هەماهەنگیە بە پلەی بەرزی دروست بۆ گەیشتن بە ئامانج بە گشتی بە کەمترین بە کەمترین ماندووبوون و کەمترین کات و کەمترین تێچوو.

٤. ئەو زانستە کە لێکدانەوە شیکردنەوەی لە چالاکیەکانی حکومەت.

٥. ئەو هێزە بەرپرسیارەیە کە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ئیدارەی حکومەت دەکات و لێنتا گەڕێ تێك بچێ.

٦. ئەو هۆکارەیە کە بەهۆیە ئامانجەکان وشەیە گشتیەکان دێنێتە سەر گۆڕەپانی واقیع.

پێناسەکان هەموو لایەنن بە گوێرەی زاراوەو ووشە بەکارهێنان هەر بە گوێرەی کارەکان و ئامانجەکان بۆیە ئیدارە بە گشتی زۆر هەڵدەگرێ بەلام هەر ئەو پێناسەیەی کۆنفوشیوس لە بارتر و گشتی ترە.

پەیدابوونی ئیدارەی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی لەڕووی سەربازی دوواتر لەڕووی گرتن و کێشەی نێو دەوڵەتیەکان دوواتر بۆ جەنگ و شەڕ شۆڕ تا دەگاتە شۆڕشی پیشەسازی و ئابووری و بازرگانی و بەرەبەرە پێویستی ئیداریە گشتی لەم چەرخە نوێ و چەرخی تەکنەلۆژیا و ژیانی بەرفراوانی پڕ لە کەرستەی پێشکەوتوو تا دەگاتە عەولەمە ذ ەمانە هەمووی ئیدارەی گشتی لە خزمەتیاندایە بۆ ئامانج کە ئەمیش هەمەلایەنە.

لە ڕاستیدا ئیدارە وەك زانست و هونەر وەك پڕاکتیك و پەیڕەوکرن زۆر کۆنە، بەلام وەك کارێکی ئەکادیمی بەگوێرەی هەندێ وولاتان نوێ و تازە بابەتە.

پەیوەندی نێوان ئیدارەی گشتی ی و بە ئیدارەی کار ( ألأدارة العامة و ألأدارة ألأعمال):—

لێکچوونی هەردوو ئیدارە تەنیا لە ڕووی ڕووخسارە ئەگینا لە ڕووی ناوەڕۆکەو یەکن بۆیە (فردریك تێلر) یەکەمین کەسە کە داوای پەرە پێدانی کارگێری دەکا لەسەر

پەیڕەوکردنی یەك ڕێگا و ڕێبازی پەیڕەوکراو، بۆیە زانای فەڕەنسی (فایول) هەر ئەو بۆچوونەی هەیە لە هەموو بوارەکانی بەڕێوبردن، لە عەڕەبەکانیش مامۆستا (عبدالقادر الجمال) لەسەر ئەو ڕێبازە بۆچوونی خۆی جێگیر دەکات بۆ وێنە:

کاری تایبەت و سەربەخۆ بۆ سەرکەوتنی خۆی دەبێ ڕەچاوی بەرژەوەندی خودی خۆی بکات لە ژێر سایەیی بەرژەوەندی گشتی، ئەگەرنا خۆی توشی سەرکوت کردن دبێ لە لایەن دەسەڵاتەوە.

## ئەم خاڵانەی خوارەوە پێکەوەیان دەبەستێتەوە:-

١. هەردوو ئیدارە پابەند بن بە سەرەتاکانی دابەشکردنی کار و پسپۆڕ و یەکێتی فەرمانەکان و سنوری سەرپەرشتیکردن.

٢. هەردوو ئیدارە دەیانەوێیگەنە بە ئامانج بەکەمترین نرخو سوکترین ماندووبون و کورترین کات لە ڕێگەی بەکارهێنانی نوێترین هۆکار و ڕێگا.

٣. کارکردن لە هەردوو ئیدارە لە ژێر کاریگەری هونەر و ئامادەکاری کەسێتی و بەهرەی خودی کەسەکەیە.

٤. هەردوو لا لەژێر باری یاساکان و کەلتوور و کۆمەڵایەتی و بەهاکاندا هاوبەشی دەکەن لە چاککردنی ئابوری نیشان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان.

جیاوازی نێوان ئیدارەی گشتی و ئیدارەی کاری تایبەت:-

خاوەنی ئەم بیروبۆچوونانە فردریك پوشیر، الدکتور عبدالملك عودە، الدکتور سید الهواري، الدکتور کمال دسوقی لا یەنگری لە بوونی جیاوازیەکاندەکەن لە نێوان هەردوو ئیدارەدا:-

١. ئیدارەی گشتی واتە ئیدارەی حکومەت (دەوڵەت) بۆیە سیاسەتی تێدا ڕەنگ دەداتەوە لە هەموو ڕووێکەوە (ڕێکخستن و چاودێری).

٢. جیاوازی نێوانیان لە ڕووی ئامانج و پەیوەست بوونی ئیدارەی گشتی بە گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەیە.

٣. نەگونجاندنیکەرستە و ڕێباز و ڕێگاکانی کارکردن لە هەردوو ئیدارەدا دیارە.

٤. ئیدارەی کاری تایبەت لەسەر بنەمای قازانجی تاکە و کێبڕکێ و بازرگانی کردن بەمەبەستی دەسکەوتە.

٥. سەرەڕای ئەم جیاوازیانە جیاوازی تریش هەیە وەکو پەیوەندی ئیدارەی گشتی بەدەسەڵات ی یاسادانان و پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵ و بەدەستور و یاسا و ڕێسا ئیداریەکان و ڕێنمایەکان... بەرفراوانبوونی

بە پەیوەندی سیستەمی بیرو/هەمە چالاکی ی و ژمارەی بێ سنوری ککارمەندان، بوونی فەرمانی زۆر هی ئاشکراو هی نهێنی... قورسی بڕیاردان و کەمتەرخەمی لە جێ بەجێکردن، کەمی ئیدارەی تایبەت گوێ ناداتە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان تەنیا قازانج دەخوێنێتەوە ڕەچاوی هەستی تاك و کۆمەڵ ناکات.

لە ڕووی مێژووی ئیدارەی گشتی زۆر کۆنترە لە ئیدارەی کاری تایبەت وەك لە نووسینەکان (البردي) لە میسری فیرعەونەکان و شرعەی اورکاجیفا و حامۆرابی و شوێنەواری ئەکەدیەکان و ئاشوریەکان لە عێراقدا هاتووە، کە چی مێژووی کاری تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی.

ئیدارەیی زانستی: دامەزرێنەکەی ئەم ئیدارەیە (تایلور) ە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاس تی زیرەکی لە پیشەسازی لە چوار چێوەی بەرزی ئاستی بەرهەم و کەمکردنەوەی تێچوونی هەر بەرهەمێك ئەمەش لە ڕێگای دوو ئامانجی سەرەکی دەکرێت:—

یەکەمیان/ ژماردنی پێوانەی باروودۆخی کار.

دووەمیان/ ژماردنی پێوانەی ڕێگاکانی کارکردن.

## ئەرکەکانی سیستەمی ڕێکخستن لەسەر سێ کۆمەڵگایە :-

أ. پلان التخطيط

ب. ڕێکخستن الترتيب

ج. چاودێری الرقابة

١. دیاری کردنی ئامانج بۆ هەر پڕۆژەیەك.

٢. دیاریکردنی چالاکیەکان لە پێناو جێ بەجێکردنی ئامانجەکان.

٣. کۆکردنەوەی چالاکیە سەرەکیەکان و لقەکان.

٤. دیاریکردنی پەیوەندیەکانی دەسەڵات لە نێوان لق و و لایەنەکان.

٥. دیاریکردنی ئەرك و فەرمانی سەرپەرشتی و جیٚ بەجێکردنی.

٦. دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و بەرپرسیارتیەکان.

## ئاراستەکردن ( التوجیه ):-

فەرمانێکی بەڕێوەبردنە بۆ ئەوەی پڕۆژە بگاتە ئامانجی خۆی، پڕۆژەش لە کۆمەڵێك تاك پێك دێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش لە ژێر ئاراستەکی نیشانکراو (سەرکردە).

## نموونەی سەرکردە لای ( تێری ) ئەمانەن:-

١. دەرەبەگایەتی: کارکردن بەشێکە لە پڕۆژە بەرام بەر بە کریٚ.

٢. باوکایەتی.

٣. دکتاتۆریەی.

٤. هاوبەشی کردن.

٥. پەرەپێدان.

دوو بیر ڕا هەیە لەسەر دوواکەوتووی باری ئابووری:–

یەکەم/ کەمبوونی سەرمایە و کەرستەی خاو لاوازی تەکنەلۆژیا.

دووەم/ دەگەڕێتەوە بۆ کەمی لێهاتووی ئیدارە و ڕێکخستنی لە دواوە.

## جۆرەکانی گەندەڵیٚ:-

١. بەرتیل.

٢. دزی و پارە خواردن و چەواشەکاری.

٣. تانە لێدان.

٤. مەزەندەی خراپ.

٥. خزم خزمانیٚ.

٦. بەشداری نەشیاو لە سیاسەت.

## چۆنیەتی هاندانی کارکردن بە ڕوونی و ئاشکرا ( شفافية ) لە ڕێگەی:-

أ. حکومەتی نیشتیمانی.

ب. حکومەتی هەرێم.

ج. کەرتی تایبەت.

د. ڕێکخراوە مەدەنیەکان.

هـ. دەزگاکانی میدیا (ڕاگەیاندن).

و. کۆمەڵە پیشەوەریەکان.

ز. هاونیشتمانی تاك.

## چۆن لە ناوخۆ کاربکرێ:-

١. هەڵسانگاندن و چاودێری.

٢. لەبەر دەستدانی زانیاری.

٣. ڕەوشت و پاکی (دەست و دەم و داوێن پاك).

٤. چاکسازیی لە دام و دەزگاکان.

٥. دەست پێکردن لە کات و شوێنی تایبەت.

## تەمەنی گەندەڵی ( بیروڕای سەرهەڵدانی گەندەڵی ):-

لە ساڵی ١٩٩٧ شتێکی شوێنەواری هۆڵەکەی (١٥٠) نووسراوی بزماری لە راکا لە سوریا دۆزرایتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەی پێش زاینیی لە ئەرشیفی تایبەت ئاماژە بەوە دەکات کە چەندین فەرمانبەر و بەرپرسی گەورە لە وانە ناوی ئەمێرێکی ئاشوری هاتووە کە بەرتیلیان وەرگرتووە.

## کەرستەکانی هەڵسانگاندن و چاودێری:-

١. لیستی وردبینی شارەوانی.

٢. ڕووپێوکردنی گەندەڵی شارستانی.

٣. هەڵسەنگاندنی لاوازی شارەوانی.

٤. هەڵسەنگاندنی گەندەڵی هاوبەشکەران.

٥. کارتی ڕاپۆڕت.

٦. سەلماندن (واتە تۆماری گشتی چالاکیەکان و دارایی).

## بەشی دووەم:

# ڕێكخراوەكان

ڕێكخراوەكان: تێ گەیشتن و چۆنیەتی دامەزراندنی ڕێكخراو بە تایبەتی ئەو ڕێكخراوانەی سەربەخۆن كار لە بوارەكانی ژیانی كۆمەلگە دەكەن بۆ ئەوەی هاوكار بێ یان راوێژكار بێ پێویستە پێشتر رەخسانی ئاو هەوای لە بارو پشتگیری لە دیموكراسی لە رێی پالپشتی ی و گەشەپێدانی ئابووری ی و بازرگانی بە هۆی بازاری ئازاد و پرۆژە تایبەتیەكان و چاكسازی یاسایی بە دیهێنانی گشت ئەم ئامانجانەش لە رێی شیتەلكردنی سیاسەتی ئابووری ی و فێركردن و پڕۆگرامەكانی گەشەپێدانی رێكخراوەیی و كارە بازرگانیەكان و ئامادەكردنی توێژینەوە سەبارەت بە كەرتە ئابوورییە نا خەرجیەكان. گۆرانكاری كۆمەلآیەتی گەورە بەلآم ئەركی هاوبەش بە توانا ترن بۆ ئەوەی خێرا تر و كاریگەرتر بگاتە هەمان ئەو ئامانجە. رێكخراوی سەركەوتوو دەبێ بە هۆی ئەندامی كارامە كە ئام رازەكان بە شێوەیەكی كاریگەر و باش بەكار دەهێنن نەوەكوو سەرەڕۆیانە كاربكات وەك ئەوەی لە فەرمانگەیەكدا هەندێ كەس هەن كات بەرێ دەكەن و هەول نادەن ئەو فەرمانگە ناوبانگی باش دەربچێت و دەبێتە هۆی لەكەدار كردنی لە بری چالاككردنی.

ئەگەررێكخراو پشت بە پرۆ گرامی كاركردنی شیاو ببەستێ ئەوە دەبێتە هۆی سەرچاوەیەكی بە نرخ و پایەدارو بەهێز. رێكخراوەكان ژووری بازرگانیەكان لە دەولەتە دیموكراسیەكان و ئابووریی بازاردا رۆلی گرنگ دەبینن لە دیاركردنی ئاستی گوزەرانی خەلكدا هەروەها بووەتە هۆكارێكی گرنگ لە بواری چاككردنی پێكهاتەی ئابووری ی و سیاسی ی و كۆمەلآیەتی لە بازارە جیهانیەكان دا.

ئەم چەرخی بیست ویەکە بە چەرخی رێکخراوەکان دادەنرێت ئەمە درێژە پێ دەدرێ چەرخی پیشە کۆمەڵەکان دەیانەوێ لە رێگەی دامەزراندنی رێکخراو رۆل ببینن لەسەر ناوەخۆ ناوچەیی و جیهانیش بەلاّ م هەندێ بێ سەروبەریی وای کردووە سەنتەر و رێکخراو کۆمپانیاو ژوورە بازرگانیەکان تووشی قەیران دێن بەلأم بە پێچەوانەی ئەمانە ئەمڕۆ هەموو وولأتانی جیهان بە شێوەیەکی بەرفراوان لەو بازارانەوە کە لەژێر ڕکێفی دەولەت دانە روویان کردە ئەو بازارانەی کە پشت بە ئابووری بازارەوە دەبەستن (ئازاد) ئەو رێکخراوانەی کەلەکەش و هەوای ئابووری بازاردا کاردەکەن سەرەرای وەرگرتنی پارەو وەگەرخستن، رۆلیان هەیە لە دروستکردنی ئەو بڕیارە سیاسیە گشتیانەشدا کە کاریگەریان لە سەرکەرتی تایبەت و پرۆژەکانیان هەیە. ئەو رێکخراوانەی خۆبەخشانە خزمەتی بەرژەوەندی ئەندامەکانی دەکات بۆ نموونە ژوورێکی بازرگانی لە سنووری خۆی یارمەتی دانی کارگەیەك دەکات بۆ کۆمپانیایەکی تایبەت کە دەبێتە هۆی:

رێکخراوەکان لەو دەولّەتانەی کە بازارەکانیان بەرفراوانە لە گشت قۆناغەکانی بڕیاردەرکردندا بەشداری دەکەن لەسەر ئاستی نەتەوەیی، ناوەخۆ، ناوچەیی بەباشی بەرگری لە خۆیان دەکەن، هانی حوکومەت دەدەن کە یاسای گۆرانکاری دەربکات بۆ کێبرکێ بازاری ئازاد (کراوە) بەمەش باجێکی زۆربە دەولّەت دەدەن بەمەبەستی گشتی چالاکیی و کارەکان کاریگەریان لەسەر گەلێك لە توێژەکان دەبێت لە رێی کارکردن بۆ باسکردنی بارووذۆخی کۆمەلگە بەگشتی بەهەردوو بەشەکانیەوە. کەسەبیرۆکراتیەکانی ناو حوکومەت هەولی هێشتنەوەی دەسەلاّتی خۆیان دەدەن بە سەرکەرتی تایبەت دا بەمەش ژوورەبازرگانیەکان و رێکخراوەکان دەکەنە داردەستی خۆیان کە لە زۆر شوێنی دوواکەوتوو بێ سەروبەری هەندێ لە وولاتان دا هەیە بەلأم بەرەبەرە هەلی باش بۆ رێکخراوەکان دەرەخسێ کە خۆیان لەم قەیرانەدا رزگار بکەن و دەسەلاّتی گەندەل وەلابنێن ئابووری جیهان ئازادو قەبارەی بێ توانایی بازرگانی کێشەکانی سەخت دەبن دەکەونە ژێرباری ئەوانەی کەیارمەتیان داوە ناچار دەبن هەندێ چاکسازی سیاسی لەبواری مافی مرۆڤ و ئازادی رۆژنامە نووسی و هەلبژاردن ئەنجام بدەن لە وەش زیاتر

دەبێ باج بدەن وەك پەیڕەوکردنی دیموکراتی برەودار بەکەرتی تایبەت و بازاری ئازاد یان لەبەر فشار دەبێ دەست بکات بە چاکسازیی ئابووری دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گۆڕان بەرەو بازاری ئازاد ئابووری بازار کە پێشتر خۆی کۆسپ بووە بەم جۆرە یاسای نوێ ودادپەروەرانە خۆی سەپاند و کۆنترۆل کرا ٠ ئەم چاکسازیە و باج دانە دووزمان پەیدا دەکات (ڕاگەیاندن)

١) زمانی حوکومەت کە بۆچوونەکان و دەنگ و باسەکان بلأودەکاتەوە.

٢) زمانی ئۆپۆزسیون کە بەردەوام بەرپەچی پەیامی حوکومەت دەداتەوە زمانی جەماوەرە.

## چۆن نووشستی ئابووری چارەسەردەکرێت:

چارەسەری ئەم قەیرانە دەکرێ بە دامەزراندنی ژووری بازرگانی بە هاوکاری هەمەلایەنە دەتوانرێ باری ئابووری راست بکرێتەوە بەهاوکاری کۆمپانیا گەورەکانیش و رێکخراوەکانی تر.

هەروەها گرنگە دامەزراندنی کۆمەلەی ژنانی خاوەن پرۆژەوپیشە کە دەبێتە هۆی زیاد کردنی توانای وولات بەیەکسانی لەگەڵ پیاوان دا کە شوێنەکانیان پڕدەکەنەوە وەکوو ژمێریاری، پارێزەری، بانکەکان، بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکان و بازرگانی ی و بەلێندەرایەتی بەمانە و بە هەبوونی کەرەسەی خاو + کارمەندیراهێنراو + دەیان گارگە و کۆمپانیای پیشەسازی کە سەدان کرێکارکاری تێداوەکەن دەبێتە هۆی پێشکەوتنی وولات بە پێچەوانەوە وولاتی دوواکەوتوو هەمیشە لە قەیران دایە کێشە سەرەکیەکانی وەکوو سیاسی، ئابووری، کەلتووری، کۆمەلایەتی، بازار، هەموو بەهەلپەسێردراوی ماوەتەوە تەنیا وەك نموونەی سیستەمی دەولەتێکی بەدەر لە یاسا و دەستوور خۆی لە رێگەی هێزو هەلخەلەتاندن چەواشە کردن سەپاندووە سەرەرای ئەو رێکخراوانەی کە هەنە بە هی کۆمەڵگەی شارستانی بە دەست هێنانی دەسەڵات کاردەکات ئەوانیش لە رێگەی دەسکەوتی تایبەتی رازی دەبن و دەنگی نارازیەکانیش بەبێ کێشە کپ دەکرێن هاوکاریی ی و لێکتێگەیشتی نێوان کۆمپانیاکان و حوکومەت ئەنجامی باشی لێ

دەکەوێتــەوە کێـشەکان چارەســەردەکرێن لــە کــاتی گونجــاو حوکومــەت پــشتگیری ڕێکخراوەکان دەکات و بەمەبەستی جوولەی بازرگانی دەبوژێتەوە وداهـاتی تاکەسـی لـە وولاَت زیاد دەکات

کۆبوونــەوە و گۆڕینــەوەی زانیــاری لــە نێــوان هــەردوولا ڕێکخراوەکــان بــە تایبــەتی کۆمپانیاکـان و حوکومـەت دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە هەنـدێ کێشەی بنـەرەتی هەیـە چارەسەربکرێت وەکوو:

حوکومەت دەیەوێ پێشانگاو بازارەکانی جیهان زۆر بێت بەم پێ یە کـاری ئـابووری کـە دەچێتە بواری بازرگانی پێویست بە پاراستنی بوژانەوەی هەیە هەول بدرێ ئەو کارانەی کە ئەنجام دراون لەسەر ڕێی و شوونی شیاو دوورلە چەواشە و خۆ دۆزینەوە لە راگرتنی جوولەی با زار بەپێ ی پێـوەرو چـاودێری ی و پـشکنین ئـەوە شکـستی بـەبازاری خـۆت دەدیت و هەلی کارکردن و ڕەخساندنی بازار لە دەست دەدیت ئـەوکات هەموولایـەك لـە پــەراوێزی بــازاردا زیــان دەبەخــشێت دووای هەنــدێ زانیــاری ی و شــارەزایی لەســەر ڕێکخراوەکان خرانە روو کەبەگشتی بریتیە لە دەولەت، ژووری بازرگـانی، ڕێکخراوەکـان، ڕێکخــراوی پیــشەیی... هتــد ئەمانــە هەریەکــە کــە قــەوارەی تایبــەتن بــەلاَم دەکـرێ هاوبەشیان لەنێو خۆیان دا هەبێ وەکوو هەبونی ئەندامان دەستەی کارگێری، لیژنەکانی جــێ بــەجێ کــردن هــەروەها بەرپرســان و لیژنــەکان و کارمەنــدان.. ئەمانــە بەگــشتی پێویستیەکی هەمیشەین لە هەمووکۆمەلە ڕێکخراوەکان دا.. ئەمە لەسەر پەیکـەری هـەر ڕێکخراوێك کـە هاوبەشـیان لەگـەڵ یـەکتری هەیـە بۆیـە سـەرکەوتنی هـەر ڕێکخراوێـك دەگەڕێتەوە بۆ سـەرکەوتنی پڕۆگرامـەکانی کـە ئـەویش لەسـەر پەیکـەری ڕێکخراوەکـە دەوەستێ چەند باشە چەند خراپە..

## بەڕێوەبردن لە ڕێکخراوەکان ( کۆمپانیاکان ):-

ووشەی ڕکخراو بەکاردێت بۆ هەر دەزگایەك و پەیکەرێك کە چالاَکی تێدا پەیڕەو دەکـرێ وەك دام و دەزگاکانی دەولـەت (نەخۆشـخانە، دەسـتەی گـشتی، کارگـە) هـەروەها وەك کۆمپانیا و میوانخانەکان.

ئەم ووشەیە باشترین پێناسەیە لە هەموو پێناسەیەکی تر ڕوونترە داڕشتنێکی زانستیە بۆ هەر قەوارێك کە هەبێت.

ووشەی ڕێکخراو لە ڕێکخستنەوە هاتووە بەپێ ی پلان و نەخشە و هەماهەنگی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو کە بەڕیوەبردن ئاراستە دەکات واتە ئاراستەکردنی ئیدارە.

## چەند سەرنجێك بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئیدارەدانی هەر ڕێکخراوێك:-

١. بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی بەرچاو پێویستە ئەو ڕێکخراوە بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا کارکردنی لە پێناو بەرژەوندی ئەندامەکا ڕابگەیەنێ.

٢. هۆکارەکانی پەیوەندی بەسەرکردنەوەی بەکاربهێنێ چ تەلەفۆن چ ناونیشان چ ڕاگەیاندن.

٣. ڕابۆچوونەکان بە جدیوەربگرێ و وەلأم بداتەوە.

٤. کارەکان بە گوێرەی پسپۆڕی دابەش بکات بەشەکانیش لە یەکتری جیا بکاتەوە بارەگایەکی شیاو بوونی هۆڵی کۆبوونەوەکانی کە زۆر گرنگە.

٥. کە متمانەت پێکرا یان وەرت گرت ئەوا دەتوانی ئامانجی ڕێکخراوەکەت بۆ بەرژەوندی گشتی بەکاربێنی وەك پێشکەش کردنی پرۆژە، بار سووکی لەسەر حوکومەت کە دەبێتە پێشوازیەکی بەرفراوان لەلایەن خەڵك.

٦. کۆبوونەوەی وەرزی، کۆبوونەوەی ناوە ناوە، کۆبوونەوەی پێویست نابێتە هۆی دابڕان.

٧. ڕێکخراو یان ئەندامەکانی دوربن لە مشەخۆری و گەندەڵی کە وەك مۆرانە ڕێکخراوەکە دەپوکێنێتەوە.

٨. ڕێکخراو دامەزراوێکی پتەوە ئەگەر وای لێهات ئەندمەکانی وەك (اسرار الحرب المجال) هەڵسوکەوت بکەن ئەوا ماڵئاوای لەو ڕێکخراوە بکەو ئەندامەکانیش بەرە بەرە لێ لادەکشێنەوە.

٩. هەر ڕێکخراوێك پێویستی بەرپرسێکی بەتوانا و بەجورئەت و خۆشەویست هەیە بەڵام گرنگە ئو بەرپرسە پرسی وابکات ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری هەبێت کە لە چەنجەی دەست تێنەپەڕی خۆبەخشانە کار بکەن لە پێناو دەرکردنی ناوبانگی ڕێکخراوەکەیان.

١٠. ڕێکخراو هەر بیر لە ئەندامە دەست ڕۆیشتوەکانی نەکاتەوە پەیوەندی لە نێوان ڕێکخرا و خەڵك لاواز دەبێ هەمیشە بتوانرێ ئەندامیر نوێ بێتە ناو ڕێکخراوەکە.

١١. بەردی بناغەی ڕێکخراو ئەندامەکانی لە دوای ئەمانە دەزگاکان لە پێشەوەی هەموویان (ئامار، پلان)یە بەردەوامیش هەڵسەنگاندن (تقیم).

١٢. پەرەسەندن و پێشکەوتنی ڕێکخراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی توانای ئەندامەکان هەمیشە بەکارەکان دابچێتەوە لە ڕێگە ئیسلاح (چاککردن).

١٣. لە دەست دانی ئەندام بە ڕێگەی پێویست ڕێی لێ بگیرێ بەهەوەنتە لە دەستی خۆتی مەدە چونکە یەکێکە لە بەرهەمەکانی ڕێکخراو.

١٤. بینا لەسەر وەعدو وعود ڕێکخراو توشی هەرس هێنان دەکات، ئەمە ئەمە بۆ ڕێکخراوی سیاسی دەرزێکی کوشندەیە پێویستە خۆتی لێ بپارێزی.

١٥. ڕێکخراو شوێنی ئامۆژگاری و خوێندنەوە نیە بەڵکو مەڵبەندی کارکردنە لە پێناو ئامانجیێك یان زیاتر کە ڕێکخراوەکە بە هۆیەوە دروست بووە.

١٦. پۆلێن کردن نەك پادان کردن لە بەرنامەی کار و کەرستەکانی کارکردن و ئامرازەکان گرنگی زۆرە بۆ گەشەکردنی ڕێکخراوەکە.

١٧. گلەی گازاندە و پرتە و بۆڵە لە ڕێگەی شەفافیەت و ڕوونکردنەوە بنبڕ دەکرێت.

١٨. هەر کاتێ ڕێک خراو توشی قەیران هات ئەوە چارنیە دەبێ بەدەای چاردا بگەڕێ پەنابردن بۆ دەستنیشانکردنی هەڵ و مەرجی نوێ زۆر پیرۆزە ئەگەر لەسەر حیسابی یەکە یەکە ئەندامەکانیش بێت چونکە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو کارەساتە لەسەر هەموو ئەندام و دۆستەکان و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری وولات.

١٩. هەر کاتێ دەوڵەت ڕێکخراوی لە مردن ڕزگار کرد ئەوا ئەو ڕێکخراوە دەبێتە داردەستەی پیاوانی دەسەلات بەڵام پێویستە ڕێکخراو پاڵپشت و هاو کاری دەوڵەت

بكات لێ نەگەڕێ دەسەڵات لە پشتی ڕێكخراو بێت ئەمە زۆر بە ووردی و ووریایی پێویستە هەڵسەنگاندنی بە ووردی بۆ بكرێت.

٢٠. بەرپرسی سەركەوتوو تر ئەوەیە كە لە پارە و لە ڕابواردن دووربێت.

پشتگیریلە دیموكراسی لە ڕێی پاڵپشتی ی و گەشەپێدانی ئابووری و بازاری ئازاد و پرۆژە تایبەتیەكان و چاكسازی یاسایی بەدیهێنانی گشت ئەم ئامانجانە لە ڕێی شیتەڵكردنی سیاسەتی ئابووری گەشەپێدانی ڕێكخراوی كارە بازاریەكان و ئامادەكردنی توێژینەوە سەبارەت بە كەرتە ئابووریە ئەهلیەكان. ڕاستی ئەم پرینسیپە سەلماوە كە دەڵێن كاری تاكە كەسی دەبێتە هۆی گۆڕانكاری گەورەی كۆمەڵایەتی بەڵام ئەركی هاوبەشی بەتواناترە بۆ ئەوەی خێراتر و كاریگەرانتر بگاتە هەمان ئامانج.

## چەند پرسیارێك:-

یەكەم/ چۆن ڕێكخراوێك دروست دەكرێت.

دووەم/ ئەندامان كێن و چۆن سەرچاوەی دارایی دابین دەكرێت.

سێیەم/ چۆن دەتوانرێت كاروباری ڕێكخراو بەڕێوەبەرێت.

چوارەم/ چـ ۆن دەتوانرێت ئەو كارانەی كاریگەریان لەسەر كاروباری ئەندامان هەیە بخرێتە بەردەم حكومەت و ڕای گشتی.

پێنجەم/ چۆن پێشینەی سەركردەكانی هەر ڕێكخراوێك دیاری دەكرێت و چۆن دەتوانن بگەنە بەم ئامانجە.

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە بەناخی ڕێكخراوە كاندا بچین ئەو ئامرازانەی كە كارمەند تێیدا هەیە چۆن دەتوانێ بیخاتە خزمەتی ئامانجەكانی ڕێكخراوە كە چونكە كارمەندی كارامە ئەو ئامرازەكان بەشێوەیەكی كاریگەرو باش لە ئانجامەكاندا دەبێ هەروەها پرۆگرامی كاركردنی شیاو بۆ داهاتوو بە سەرچاوەیەكی زۆر بەنرخ دادەنرێت، ڕێكخراوەكان و ژوورە بازرگانیەكان لە دەوڵەتی دیموكراسی و ئابووری بازاڕدا ڕۆڵی گرنگ دەبینی لە دیاركردنی ئاستی گوزەرانی خەڵكدا، هەروەها دەبێتە هۆكارێكی گرنگ لە بواری چاككردنی پێكهاتەی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی لە بازاڕە

جیهانیەکاندا.لە سەدەی بیست و یەك دا هەموو وولآتانی جیهان بە شێوەیەکی فراوان لەو بازاڕانەوە لە ژێر ڕکێفی دەولەت بوونني ڕوو دەکەنە ئەو بازاڕانەی گەیشتن بە ئابووری ئازاد دەبەستن (بازاڕ) ، ئەو بازاڕانەی کە لە کەش و هەوای ئابووری بازاڕ کاردەکەن سەرەڕای وەرگرتنی پارەو وەگەرخستنی ڕۆلیان لە دروستکردنی ئەو بڕیارە سیاسیانەش هەیە بەگشتی کاریگەریان لەسە کەرتی تایبەت و پڕۆژەکانیان هەست پێ دەکرێ.

ئەو ڕێکخراوە خۆبەخشانە خزمەتی بەرژەوەندی ئەندامەکانیان دەکات وەکو:-

أ. کە هەلّی کارکردن بۆ دانیشتوانی ناوچە دەڕەخسێ.

ب. زۆربوونی داهاتی باج بۆ حکومەت.

ج. باشکردنی خزمەت گوزاریەکان.

د. پێشڤەچوونی ئابووری لە دەرکەوتنی توانای شاراوە.

ه. چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان.

ئەو ڕێکخراوانەی کە بۆ قازانج کار ناکەن پێویستە داهاتەکانیان لە خەرجیەکان کەمتر نەبێت بەلّکو زۆر تربێت.

زاراوەی قازانج:- مانای مانەوەی بڕێك پارەیە دوای دانەوەی گشت قەرز و پابەندە داراییەکان لە بواری کارە بازرگانیەکان ئەم پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندەکانیان وەك داهاتێك لە بەرامبەر پارە و وەگەرخستنیان بەلآم لە بواری ڕێکخراوەکان ئەم بڕە پارەیە بۆ فراوانکردنی چالآکیەکانە باشکردنی ئاستی خزمەت گوزاریەکانە چونکە هەر قەوارەیەك پێویستی بە گەشەکردنی بێ زێدە پارەکان نادرێت بە مانای پارەی خۆیان وەگەرخستووە هەر ڕێکخراوێك پتر لە داهاتی خۆی خەرج بکات تووشی نابووتی دێت، ژوورەکانی بازرگانی بەپێ ی جۆری چالآکی و کارەکانی و ئەندامەکانی تایبەتمەندیەکانی دیاری دەکات بو زۆری خزمەتی ناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراو دەکات هەروەها ئەوی ڕێکخراوەکان و یەکێتی کرێکاران و کۆمەلّە پیشەوەریەکان دەگرێتەوە لە جیهاندا وەك پێشتر باسمان کرد سێ ژووری بازرگانی نموونەی هەیە:-

أ. نموونەی ئەوروپایی (ئەلّمانیا و فەڕەنسا).

ب. نموونەی ئەنگلۆساكسۆنی (بەریتانیا و ئەمریكا).

ئەمانە بەر بڵاوترن:-

یەكەمیان/ حكومەت و ڕێكخراو پێكەوە كاردەكەن بەجۆرێك پەیوەست بوون بەیەك.

دووەمیان/ ڕێكخراوەكان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئامانج و ئەركەكان بێ ئەوەی حكومەت دەستێوەردانی هەبێت.

كامەیان باشترە:-

ئەگەر مەبەست بۆ گەشەپێدانی ئابووری بێ ئەوا یارمەتی حكومەت شتێكی بەكەڵكە بەڵام ئەگەر حكومەت سەرچاوەی پارەكە بێ ئەوا دەستێوەردانی دەكات بەمەش زیان بە ڕێكخراوەكە دەگەیەنێ.

ج. نموونەی سێیەم تێكەڵاوی هەر دوو نموونەكەی لە ڕێگەی خاڵە بەهێزەكان وەك ئەوەی حكومەت پشتگیری ژووری بازرگانی بكات و ژووری بازرگانیش بە دامەزراندنی ئەندامی خۆبەخش، بەگشتی هەر ڕێكخراوێك گونجا و سەركەوت بێت ئەوە دەگەڕێتە بۆ كاری گونجاوی ئەندامەكانی كە ئەم كارە دەكەن.

ڕێكخراوەك ان لەو دەوڵەتانەی كە بازاڕەكانیان بەرفراوانە لە گەشت قۆناغەكانی بڕیاردانیدا بەشداری دەكەن لەسەر ئاستی نەتەوەیی، ناوخۆیی، ناوچەیی، بەباشی بەرگری لە خۆیان دەكەن و هانی حكومەت دەدەن كە یاسایی گۆڕانكاری دەربكات بۆ كێبڕكێ ی بازاڕی كراوە بەمەش باجێكی زۆر دەدەنە دەوڵەت بەمەش كاریگەریان لەسەر گەلێك لە توێژینەوكان دەبێت بۆ ئەوەی بارودۆخی ژیانی كۆمەڵگا باش بێت.

ئەوەی جێگەی ئەوەیە كەسانی بیروكراتی لە ناو حكومەت هەوڵی هێشتنەوەی دەسەڵات ی خۆیان دەدەن بەسەر كەرتی تایبەت بەمەبەستی ڕێكخراوەكان ژوورە بازرگانیەكان دەكەنە داردەستی خۆیان، بەهۆی زۆررلابوونی بێ ئەندازەی دانیشتوان و بڵاببوونەوەی بێ كاری گەورەبوونی قەبارەی توانایی بازرگانیەوە كێشەكانی وڵات سەختر دەبن دەكەونە ژێر فشاری دەوڵەتە پیشەسازیەكان كە یارمەتیان دەداتە ئەو حكومەتە لاوازانە ناچار دەبێ هەندێ چاكسازی سیاسی لەبواری ماف مرۆڤ و ئازادی ڕۆچنامە نووسی و هەڵبژاردن ئەنجام بدات، لەژێر فشاری ڕای گشتی جیهانیش حكومەت

خێراتر دەست دەكات بە چاكسازی ئابووری، دابینكردنی ژینگەی لەبار بۆ گۆڕان بەسەر ئـابووری بـازاڕدا كـە پێـشتر دەوڵـەت خـۆی كۆسـپ بـوو، بـەم جـۆرە یاسـایی نـوێ و دادپەروەرانە دەست بەسەر هەڵەوسانی كۆنترۆڵكردن دەكات.

بۆیە چاكسازی و باجدان دەست پێدەكات بەرەو سیستەمێكی نوێ هەنگاو دەنێ، ئەمـە لەسەر ئەوەشیان دەنرێ كە پتـەوی ژێرخـانی ئـابووری لـە بـواری دروسـتكردنی باخـچە گشتیەكان + پارەدان بە هەژاران + گەشەپێدانی خزمەت گوزاریەكان.

قـەبارەی چـالاكی ڕوشـوێنی دارایـی هـەر پرۆژەیـەك لەسـەر ژوار كـەرتی سـەرەكی دەوەستێ:-

١. كشتوكاڵ.

٢. بەندەری دەریا.

٣. گەشت و گوزار.

٤. پیشەسازی كەرستەكانی بیناسازی لێكبەستنی ئامێرەكان.

بەووردی هۆی شكست هێنانی یەك لە دوا ی یەكی ئەم پرۆژانە وای كرد توشـی نـشوستی (كساد) ئابووری بن، چارەسەری ئەم قەیرانە دەكرێ بـە هاوكـاری هـەردوو لا دەتـوانرێ باری ئابووری ڕاست بكرێتـەوە واتـە ڕێكخـراوە گـەورەكان و ڕێكخراوەكـانی تـر... بۆیـە چۆن بۆ دەستپێك یارمەتی و هاوكاری پێویستە هەر بەم جۆرە لـە كـاتی ڕزگـاربوون لـە هەر قەیرانێك یارمەتی و هاوكاری پێویـستە چـونكە ڕییكخراوەكـان لـە بنەڕەتـدا لەسـەر هەماهـەنگی و دەسـت یـەكگرتن دروسـت بووینـە، نـەك هـەر ئـەوە بـەڵكو دامەزرانـدنی جیاجیا وولات پتەوتر دەكات لە ڕووی كارگێری، ئابووری... كۆمەلایەتی بۆ دێتە توانای ژنان یان هەر توێژینەوەیەكی نزیك لەوان بەقازانج دەجگەڕێتەوە لـە ڕووی پڕكردنـەوەی شـوێنەكانی ژمێریـاری، پـارێزەری، بانكـەكان، بازرگـانی تـاكو فرۆشـتن یـان یـان سوپەرماركێتەكان بۆ وێنـە كـە زیـاتر پێویـستی یـان گوناجـاوترە بـۆ ژن یـان بـۆ لاوان، وولات بەمە ژێرخـانی بـە هێزتر دەبێـت كـە حكومـەت لـەلای خـی و ڕێكخراوەكـان لـەلای خۆیان هەوڵ بدەن لە ڕێگەی كەرستەی خاو + كارمەندی بە ئەزموون + دەیان كارگـە و كۆمپانیایی پیشەسازی كە سەدان كرێكاری كارامـە و كـاری تێـدا دەكـەن ئەمـە دەبێتـە

هـۆی پێشـچكەوتنی وولآتـیش، هـەركاتێ لـە نێـوان ڕێكخراوەكـان بەربـەرەكی و لـەلای حكومەت و ڕێكخراوەكان بەربەرەكی تر ڕاوێژكرا ئەوا مسۆگەر چارەسەری كێشەكان بە ئاسانی دەكرێت و هەڵی كاركردنی نـوێ دەبێـت و لـە ڕووی بازرگـانیش هـەنارده بـەرەو گەشەسەند دەڕوات داهـاتی تاكـە كەسـیش زیـادە دەبێـت قـازانج بـە هـەموو لایەنـەكان دەگات و كۆمەڵگاش سودمەندی بەكەمیش نەبێ بەكمترین نیە بـە هـۆی دەسـكەوتی بـۆ وێنە كالآی باش و بـەنرخی گونجـاو... بووژانـەوەی كاریگـەری گـەورەی لەسـەر هـەموو بوارەكان دەكات.

## چەند كێشە دەكەوێتە نێوان ڕێكخراوەكان ( كۆمپانیا ) لە ئە نجامی:-

١. بەرزی ڕێژەی تا ریخەی كەرسـتەی پێمانـەوە و چـاپكردن و بیناسـازی دەبێتـە هـۆی بەرزبوونەوەی نرخ و لاوازكردنی توانای كێبڕكێی وولآت لە بازاڕەكانی جیهان.

٢. نـەبوونی پێـوەری چـۆنیەتی كالآكـان و بەرهەمـە پیـشەسازیەكان و كـشتوكالێیەكان دەبێتە هۆی لە دەست دانی كرێكارەكـان مەعمیلـەكان و بەرهەمـەكان بازاڕیـان شكست دەهێنێ و بازاڕی زۆر لە دەست دەچێ بۆیە پێویستە پێـوەرە ژینگەیـەكان چارەسـەری بۆ بدۆزێتەوە.

٣. بەرزبوونەوەی باج.

٤. نەبوونی ڕابۆچوونی كارمەندان.

٥. پێویستە حكومەت بەشداریی لە پێشانگاكانی نێـو دەوڵەتیـەكان بكـات و بـچێتە نـاو بازاڕەكانی جیهان بۆ ئەوەی شتومەكی ناردنە دەرەوە ڕانەگیرێ.

٦. كێبڕكێی نامەعقوول.

٧. كاركردن لە پشتەوەی یەكتر.

٨. تێكەڵكردنی بەرژەوەندیەكان لە ڕێ ی نابەجێ (نامەشروع).

٩. زۆربوونی بەرهەم یان كەمكردنەوەی كە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی بازاڕ (ئاڵۆزكردنی بازاڕ).

١٠. زۆربوونی ڕێكخراوەكان واتە تێكچوونی كار.

## دەولەت ( حكومەت ) دایكی هەموو ریكخراوەكانە :

حكومــەتیش رێكخــراوە وەك هــەر رێكخراوێكــی تــر بــەڵام ئەوەنــدە هەیــە چــۆنیەتی دامەزرانــدنی ئــەرك و پرۆگــرام و پلانــەكانی لــە رووی پراكتیــك و هەنــدیكیش لــە رووی روخسار جیاوازە وەك ئامانج لە یەكتری نزیكن و حكومەت سنووری دیـاری كـراوی دیـار نیە و هەمیشە لە كاردایە.

لە كاتیكدا ئەگەر كۆمـەڵێك رێكخـراو ئـارەزووی پێكـەوە گـروپ دروسـت كـردن بـن بـۆ كاركردن لە پێناوی وە دبێ هێنانی ئامانجی هاوبەش ئەوا سەركەوتووتر دەبێ.

بـەڵام پێویـستە هۆكـاری ل ەگەڵـدا بـێ كـە دەتـوانری ئـەوكات بوژانـەوە و پیـشكەوتنی ئابووری و بازرگانی و بیانی و ناوخو دێتە كایەوە.

١- بە هێزی ژێرخان.

٢- ئارامی باری سیاسی و ئاسایش.

٣- پالپشتی دەولەت.

## جۆرو شێوەی رێكخراوەكان

١- نیودەولەتیەكان كە دۆنەر لەو ولاتانە پەیدا دەبێ بە گوێرەی تواناو هێزو دەسـەڵات و ژمارەی دانیشتوان: وەكو( ؟ ) ، ریكخراوەكان سەربە ( ؟ )

٢- هەرێمـەكان كەلـە چـەند ولاتێـك پێـك دێـت وەكـو جامیعـەی عـەرەبی ، ئـەفریقی ، ئاسیایی یان ناوچەی تەسك تر.

٣- حكومیەكان ئەوانەی دەولەت راستەوخۆ و ناراستەوخۆ سەرپەرشتیاری دەكات وەك سێبەری دەولەتن.

٤- خیرخوازەكان.

٥- بازرگانیەكان.

٦- كۆمەلایەتیەكان و رۆشنبیریەكان.

٧- هونەریەكان و پیشەوەریەكان.

٨- كومەلە كەسێك.

٩- تاکە کەسێك.

١٠- بە گشتی ریکخراوەکانی کومەلگەی مەدەنی و ئابووری.....

ریکخراو پێك دێت لە دەستەی دامەزرێنەران ( )ئەندامەکان، کارمەندان بە گشتی هاوکاران.

ئامانج: پرۆگرام و بەرنامەو پرۆژەکان

کارکردن: یاساو ریساکانی خۆی

سوودمەند: تایبەت ، گشتی ، خزمەتگوزاری ، جەماوەر

بۆرد و ئەندامان : کارکردنی خۆبەخش

کۆمپانیاو سەنتەرەکان لە هەندی ولات کە هێشتا عەقلی شارستانی بە کارهینانی لاوازە تەنیا بە دووای قازانج بۆ خۆیان دەگەرێن لە سەر حیسابی وەگەر خستنی بوژانەوەی ژیانی کۆمەلگە هەرچەدە دەتوانن سوودمەند بن لە ریگەی:

١- پەیرەوکردنی هەلی کارکردن.

٢- باج بۆ دەولەت.

٣- بوژاندنەوەی ئابووری.

٤- سەرەنجام دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی کومەلگە لە بوارەکانی تر.

ئەندامانی رێکخراو نابێ مشە خۆری و لەسەر داهات و بودجەی (یارمەتی)یەکەی بلەورێن.

بۆ ئەوەی هەندی ریکخراو کە لە سەر یارمەتی دەولەت دەژی ئەم پیشنیارانە دەکرێن:

١- لە رێی کرێی خەرجی مانگانە حکومەت کومەلگەیەك دروست بکات بۆیان بە دابین کردنی پێداویستیەکانی کارکردنیان.

٢- یان پێدانی زەوی و سولفە بۆ دروستکردنی بیناکەیان.

٣- کۆبونەوەی هاوبەش لەگەلیان دا بکرێ بۆ ئەوەی بە گویرەی ئامانج و چالاکیەکان هەلس و کەوتیان لەگەڵدا بکرێت و مافەکانیان دیاری بکرێ.

٤- هەول بدرێ کۆمپانیای گەرورە و ژووری بازرگانیەکان ئەم رێکخراوانە بگرنە خویان و هاوکاریان بکەن(واتە سەرچاوەیەك).

٥- لەبەردەستدانانی زانیاری و تەكنولوژیای سەردەم.

٦- بەستنی كۆنفرانسی گشتی بۆ سەرجەم ریكخراوەكان بە مەبەستی بەرزكردنەوەی پەرەپێدانی ئاستی ریكخراوەكان.

بۆ بەڕێوەبردنی ڕێكخراوێك یان دەوڵەت یان ژووری بازرگانی، كۆمەڵە ڕێكخراوەكان، ڕێكخراوی پیشەیی، ڕێكخراوی دیكە... چەند پلانێكی ستراتیژی هەیە پێویستە بەهەند وەربگیرێ و كاریان لەسەر بكرێ كە دەبێتە سەركەوتنی ئەم ڕێكخراوانە:-

یەكەم/ دانانی پرۆگرامێكی بەهێز بۆ كاركردن:-

پەیكەری ڕ ێكخراو سیستەمی پرۆگرامی كاركردن و پرۆژەكانی لەسەر وەستاوە هەر ڕێكخراوێك تایبەتمەندی خۆی هەیە وەك (بوونی ئەندامان) دەستەی كارگێری، لێژنەی جێ بەجێكردن، بەرپرسان، لیژنەكان و كارمەندان دەكرێ ئامانجیش بێ.

خاوەنی ڕێكخراو بریتیە لە ئەندامان و كارمە ندان و ئەوانەش كە لەتەك ئەوانە كاردەكەن كە:-

أ. ماف و ئەركیان هەیە.

ب. مافی هەڵبژاردن و هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بۆیە پێویستە كارمەندان و بەڕێوەبەرەكانی ڕێكخراو هەوڵی ڕازی كردنی ئەندامان بدەن لە ڕێگای پێشكەشكردنی كار و خزمەت گوزاریە كان و بەرەو پێشبردنی پرۆژەكان چونكە ئەندامان سەرچاوەی دابینكردنی پارەن و خۆشیان خۆبەخشی كاردەكەن.

ئەندامان كێن؟

ئەو كۆمەڵە خەڵكانەن كە لەبواری جیاجیادا چالاكی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن وەكوو (خزمەتگوزاری، دابەشكردن، بازرگانی بەتاك و كۆ..) بەلام ڕێكخراوە پیشەوەریەكان لە كەسانێك پێك دێت كە لە هەمان پیشە كاردەكەن.

## دوو جۆری سەرەكی ڕێكخراو هەیە:-

١. ستوونی: ئەندامان لە كار و چالاكی هاو جۆر بەشدار دەبن هەرچەندە ئاستی كارەكانیان لە ڕووی ئابووریەوە جیاوازن.

٢. ئاسۆیی: ئەندامان لە گشت جۆرەکانی پیشەسازیدان چەترێکە بۆ کۆکردنەوەیان لە یەك پیشەدا.

## شێوەی ئەندمێتی جۆراو جۆری هەیە:-

١. ئە ئەندامانەی چالاکن و مافی بەشداری کردنیان هەیە.
٢. ئەندامە پەیوەندی دارەکان، بیّ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبیّ.
٣. ئەندامە هاوکارەکان کە مافی دەنگدانیان نیە.
٤. ئەندامە شاگردەکان.
٥. ئەندامە فەخریەکان.

چالاکی ڕێکخراوە بازرگانیەکان لە وولاتی ئابووری بازاڕدا و دیموکراسی بەپیّ ی یاساو دۆکیۆمێنتەکان پیادە دەکرێت، کە لەلای حکومەت بڕیاری لەسەر دەدرێت.

## بەمەبەستی مۆڵەت وەرگرتن پێویستیان بە:

أ. ناوی ڕێکخراو.
ب. ئامانجی ڕێکخراو.
ج. ناوی ئەندامانی دامەزرێنەر.

کیّ ڕێکخراو بەڕێوەدەبات: ئەندامەکان بەلام لە ڕووی پراکتیك بەڕێوەبەرەکان کە لە ڕێگای کۆنگرەی گشتی سالانە هەڵدەبژێردرێت یان دەستنیشان دەکرێت.

## کۆنگرە بۆ؟

١. چاو خشاندنەوە بە بڕیارەکانی پێشوو.
٢. پێدانی دەسەلاتی زیاتر.

ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن: یان بە هەڵبژاردن یان ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت یان لە بەنهێنی لەنێو بەڕێوەبەرەکان.

بەهۆی گرنگی کاری ئەو ئەنجوومەنە دەکریّ ٢/١ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لە ڕێگەی لێژنەکانی جیّ بەجێکردن هەڵبژێردرێت بەمەش ئەزموونی پێشوو لەگەڵ توانا نوێیەکان یەك دەگرن.

## بەڕێوەبەری نموونەی لەو ڕێکخراوانە:-

أ. فەرمانڕەوا بێت.

ب. لەخۆ بوردەی هەبێت.

ج. بەدوای دەسکەوتی خۆی نەکەوێت.

د. شارەزای لە کارەکەی.

هـ. نەرمی بنوێنێ یان تێیدا هەبێت.

و. ڕاگرتنی هاوسەنگی و هاوکاری بۆ بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵە کە کاریان لە تەک وادەکات.

لێژنەی جێ بەجێکردن: لە چەند خۆبەخشێکی دەسەڵاتدار و سەرۆی ڕێکخرو پێک دێت وەك لقێك سەر بە دەستەی بەڕەوەبردن ئەرکی دەرکردنی بڕیارە لە ناکاوەکان و هەڵسوڕاندنی کاری ڕیسێکخراوەکەیە ژمارەیان لە ٥-٧ کەس دەبێت.

## ناونیشانە پیشەیەکانی بەرپرسە سەرەکیەکانی ڕێکخراو:-

سەرۆکی دەستە (ئەنجوومەن، سەرۆك، جێگری سەرۆك، خەزنەدار.

گرنگی لێژنەکان:- گرنگی لیژنەکانی ڕێکخراو دەبنە بنەمای بۆ دەستنیشانکردن و مەشقکردنی پێشەوایانی داهاتوو بۆ ڕێکخراوەکە.

تایبەتمەندی بەرپرسی سەرکەوتوو:-

١. خاوەن ئاکار و ڕەوشتی بەرز و دیبلۆمانسی بێت.

٢. توانای هەڵسەنگاندن و پلان دانان.

٣. لە کێشەی ئەندامان تێ بگا.

٤. توانی وەگەرخستنی ئەندامانی هەبێت.

٥. پەیوەندی توند پەیڕەو بکات لەگەڵ دەرەوە.

٦. سپاردنی کار و فەرمان و بە لیژنە و بەرپرسە گەورە و گرنگەکان.

٧. هەماهەنگی و کاریگەری لەسەر خەڵکانی تر هەبێت.

٨. لێهاتووی سەرکردایەتی تێدابێت بۆ فایل کردنی خەڵکانی تر.

کارێکی بنچینەیی یە. پەیکەری ڕێکخراو بنچینەیەکی پرۆگرامی کارکردن و چالاکیەکان و پرۆژەکانی لەسەر وەستاوە. لە هەر دام و دەزگا یەکی گشتی و تایبەتی پەیکەری خۆی هەیە سەرکەوتن و شکستی دەگەڕێتەوە بە زۆری بۆ چۆنیەتی دامەزراندن و کاراکردنی پەیکەرەکە.. پەیکەر هۆکارێکە خودی ڕێکخراو پێویستە هەمیشە و لە ئێستاو لە ئایندەش ڕەچاوی بکات گەرانەوە بۆ پێداچوونەوەی هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە و پاداشت و سسزا و بەرنامەی ئایندە چارنیە دەبێ ڕێکخراوەکان لەسەری بوەستن و پلانەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، پەیکەر زۆر شت دەکرێتەوە لەکارمەندان و بەرێوەبەری کاتی بەشی هونەری، پلان، کەرەستەکان و بارەگاکانیش خاوەنی ڕێکخراو ئەندامان و کارمەندانن هەروەها ئەوا نەی کە لەتەك ئەم دووانە دا کاردەکەن بەلاَم لە راستی دا ڕێکخراو بریتی یە لە ئەندامەکانی بۆیە پێویستە کارمەندان و بەرێوەبەرەکانی ڕێکخراو هەولی قاییل کردنی ئەندامەکان بدەن لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کارو خزمەتگوزاریەکان و بەرەوپێش بردنی پرۆژەکانی چوونکە ئەنـدام سەرچاوەی دابین کردنی پارەن کە خۆشیان خۆبەخشانە کاردەکەن هەمیشە لە هەولی ئەوەدان کە ڕێکخراوەکەیان تووشی کەم و کوڕی ی و پەکی نەکەویّ.. لە چالاکی دان پەیوەندی لەدەست نەدان متمانەی ئەوانەی بە لێنییان پیّ دا بوون واتە بەشێك بوون لە ئامانجی سەرەکی. ئەندامەکان کۆمەڵە کەسانێکن لە بواری جۆراوجۆر کاردەکەن و شارەزاییان هەیە ئامانجێك کۆی کردوونەتەوە ڕێکخراوی واش هەیە وەکوو ڕێکخراوە پیشەوەریەکان ئەوانەش ئەندامەکانیان هەموویان لەیەك بوواردا کاردەکەن و چالاکی دەنوێنن واتە لە پسپۆریەکی دیاریکراودا. بەلاَم ژوو ری بازرگانیەکانیش بۆ کۆمپانیاو کاری ئابووریی کاردەکەن دوو جۆری سەرەکی ڕێکخراو هەیە یەکەمیان ستوونی: کە گشت ئەندامەکان لە کاروچالاکی هاوجۆردا بەشدار بن هەرچەندە ئاستی کارەکانیان لە رووی ئابووریەوە جیاوازبن

دووەمیان: ئاسۆیی ئەندامەکانیان لە گشت جۆرە ئاستە کانی پیشەسازیدان چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی گشت پیشەکان. شێوەیی ئەندامیەتی جۆراو جۆر هەیە وەك:

١) ئەو ئەندامانەی چالاکن و مافی هەلبژاردنیان هەیە.

٢) ئەندامە پەیوەندیدارەکان بیّ ئەوەیی مافی دەنگدانیان هەبێت.

٣) ئەندامە هاوکارەکانیان کە مافی دنگدانیان نیە.

٤)ئەندامە قووتابیەکان.

٥)ئەندامە (فەخویەکانی).

مۆلەت وەرگرتنی رێکخراو (بەلگەنامەکان بۆ رێکخستنی چالاکیەکانی رێکخراو) چالاکی رێکخراوەکان بەگشتی و بەتایبەتی لە وولاتی ئابووری دیموکراسی کراوەدا بەپێی یاساکان و دوکومینتە ناوەخۆییەکان پیادەدەکرێن کە لەلایی حوکومەتەوە بڕیایی لەسەر دەدرێ:

(ناوی رێکخراو + ئامانج + دامەزرینەران) ئەمە بۆ داواکردنی مۆلەتە. بەلگەنامەکانی رێکخراو واتە دۆکۆمیێتە ناوخۆیەکان: هەر رێکخراوێك پێویستە بۆ رێکخستنی ناومالی خۆی پشت بە چەند هۆکارو ئامرازێك ببەستێ کە دەبێتە کۆلەگەیەك لە کۆلەگەکانی بنچینەیی رێکخراو کە هەمیشە دەبێ لەبەر چاوی خۆی بگرێ وەك بەلگەنامەی لەسەرووی تێز و ئەرشیفەکان دابێت چونکە هەردەم پێویست دەکا بگەرێیتەوە سەری لە کاتی پێویست دا وەك پەیکەری کارکردنیشە بۆ چالاکی کردن و چاکسازیی ی و لێپرسینەوە. لەلایەك بە رامبەر بە یاسای حوکومەت لەلایەکی تر بەرامبەر بە ئەندامەکانی رێکخراو... ئەویش ئەمانەن.

١. ناوی رێکخراو یا هەر کۆمپانیا و ژوورێکی بازرگانی لەگەلْ ئامانج لە دامەزراندن.

٢. مەرجەکانی بە ئەندام بوون، جۆرەکانی ئەندامیەتی، مەرجەکانی هەلبژاردن.

٣. ئابوونەی ئەندامان و مە سەلە داراییەکان دیاری بکات ئەمە ئەنجومەنی بەرێوەبردن دیاری دەکات.

٤. دابەشکردنی کارەکان لەلایەك پەیکەری رێکخراوەکان بە ئەندام و بەرپرس و بەرێوەبەرەکانەوە لەگەلْ دانان و پێدانی دەسەلات و ئەرکەکان و رێساکانی دانان لەسەرکار.

٥. ناساندن و پێناسەی رۆلی سەرۆك یا بەرپرسی سەرەکی بەرێوەبردن یان بەرێوەبەر.

٦. خشتەی کاتی کۆبوونەوەکان (وەرزی، سالانە، مانگانە) گشتی.

٧. چۆنیەتی دانانی لێژنەکان

٨. دیاریکردنی چۆنیەتی گۆرانکاری و هەلوەشاندنەوەی لێژنەکان و لەسەر کار لادان.

٩. کورتەیەك وەك پەیرەوبەرنامەی بنکەیەکی رۆشنبیری یان ئابووری.

دووای ئـەم کارانـە پێویـستە رێکخـراو بەمەبەسـتی بـەرێوەبردن و چـوونە نـاو پرۆسـەی کارکردن بەرێوەبەرێك بۆ لیپرسراوەتی رێکخراو هەلبژێردریت لە رێگەی کۆنگرەی گشتی و پالاوتن چونکە لە راستی دا ئەندامـەکان گـرنگن بـۆ رێکخـراو بـەلاًم بەرێوەبـەر ئـەرکی راپەراندنی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامانیش هەلسوراندنی کاری ستراتیژی ی و پلان و دانـانی پرۆگـرام و بەرنامـە دادەرێـژن، خـاوەن رێکخراوەکـان کـاری سـەرەکی بەرێوەدەبـەن.. هـەروەها لـە گـۆنگرە دا گـەلێك بـاس و کـارو کـردەوە بـۆ داهـاتووو چاوخشاندنەوە بەرابردوو ئەنجام دەدرێت لەگەڵ هەلبژاردنی ئەنجومەنی رێکخراوەکـەش ئەمانە هەموویان پێکەوە لەگەڵ کارمەندان ماکینەی رێکخراون هەریەکە لە ئاستی خۆی بەرپرسیاری هەیە لەگەڵ ئەرك و مافەکان

## بەرێوەبەری نموونەیی کێ یە:

١. فەرمانرەوا بێت (بە دەسەلاًت بێ).

٢. بەرژەوەندی تایبەتی وەلانێ بۆ بەرژەوەندی گشتی رێکخراوەکە.

٣. بە دوای دەستکەوتی تایبەت نەگەرێ.

٤. شارەزاو پسپۆر بێ لە کارەکەی.

٥. نەرم بێ.

٦. هاوسەنگی بنوێنێ لە نێوان ستافی رێکخراوەکە دا.

<u>پێکهاتەیی دەستەی بەرێوەبردن</u> (بەرێوەبەر، سکرتێر، پلان دانەر، ژمێریار، کارمەندان، خزمەتگوزاریەکان)

١. رەنگداوە ی بەشەکانی رێکخراو پیشە و کار و کەرتەکانی کۆمەلگە.

٢. رەنگدانەوەی دابەشبوونی جوگرافی رەچاوبکرێت.

٣. توانا و جۆری بەرهەم دەبنە سەرچاوە بۆ پرۆسەی برپیاردەرکردن.

٤. ژمارەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەردن لە وولاتێك و لە شوێنێك و لە ڕێكخراوێك دەگۆڕێ لە ٥-٧-٩-٢٠ تا دەگاتە ٢٠٠ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بە گوێرەی ئەرك و پرۆژە و پلان و پرۆگرام و كاری بازرگانی ی و ئابووری دەگۆڕێ تا كۆمەلگە شارستانیەكان لە هەندێ ڕێكخراو دا بۆ زیاتر چەسپاندنی پرۆگرام و چاوساغی و لێپرسینەوە مەترسی گەندەڵی یان سستی لە جێبەجێ كردن لیژنە جێبەجێ دروست دەكرێ ئەو لێژنەیە كاری سەرەكی دەكات لەگەڵ بەڕێوەبەردا كارنامە و دارشتنی پلان و دیاریكردنی سنوری دەسەلاتەكان بەلاّم لە هەندێ ڕێكخراو ئەولێژنەیە كاری هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی تۆمارە داراییەكان دا دەكات. ئەركی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن:

١. دامەزراندنی قەوارەی یاسایی زاینی پاساكان و گرێبەست بە ناوی ڕێكخراوەكەو ناوبانگی.
٢. متمانە پێكردن و پاراستنی بەرژەوەندی ڕێكخراوەكە و كەل وپەل و پرۆگرامی ڕێكخراو.
٣. كاركردن بۆ گەیشتن و ئەنجامدانی ئامانجەكان و سیاسەتەكان و بەردەوامی لە كارو هەڵسەنگاندنی داهاتەكان.....هتد.
٤. پشتگیری لە ئەندامان و دابینكردنی پێداویستیەكان بۆ مسۆگەركردنی كارگوزاری كارامە و داراییەكی بەردەوام بۆ وەرگرتنی متمانەی كۆمەلگە.
٥. مسۆگەركردنی بەستنی كۆبونەوە و ئامادەبوون.
٦. ڕێگرتن لەو كارانەی كە ڕێگەیان پێنەدراوە.

<u>خالێكی هەستیار:</u> بەرپرسیاریەتی جۆرا و جۆروناوی جۆرا و جۆریش هەیە بەلاّم ئەمرۆ بە هۆی هەندێ مەسەلەی پێویست دەبێ تاك و بەرامبەر لەگەڵ بەرامبەر بۆ وێنە ناو ئەگەر بۆ بەرپرسی یەكەم سەرۆك بێت یان بەڕێوەبەر یان سكرتێر یان هەر ناوونیشانێكی تر ئەمە لە كاتی كاركردن و رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ بەپرسی یەكەمی دەولەت یان لەگەڵ حەزی میدیاكان (ڕاگەیاندن) ڕێكناكەوێ بۆیە هەر ڕێكخراوە یان هەر وولاتێك ئەو كارانە هەلدەبژێرێ بەلاّم بەزۆری لە بەرپرسی یەكەم: واتە ئاماژە دانە بەبالادەسترین كارمەندی ڕێكخراو. زاراوەی سەرۆك: ئاماژەدانەبە گەورەترین كارمەندی خۆبەخشی هەلبژیردراو لە ڕێكخراوەكان دا. تایبەتمەندیەكانی بەرپرسی سەركەوتوو:

١. خاوەن ئاكارو ڕەوشتی بەرز و توانایی پەیوەندی زۆربێ.

٢. توانای هەڵسەنگاندن و پلاندانان و کێشەی ئەندامانی هەبێ.

٣. هەماهەنگی بکات و کاریگەری هەبێ لەسەر خەلکی تر.

٤. هەبوونی لێهاتوویی سەرکردایەتی تێدابێت خاوەن بیرورای خۆی بێ و بتوانێ خەلکانی تر قاییل بکات.

٥. حەز بەکارەکە بکات.

٦. جورئەتی ئەدەبی و بریاری هەبێ.

٧. کەسیەتی بوارەکانی کۆمەلایەتی، نمونەیی لە خۆبگرێ.

٨. کوژاندنەوەی ناکۆکیەکان نەوەکوو ووروژاندی دووبەرکی و تەکەتولات (دەستەگەری).

٩. گوێ گرو لێکدانەوەی بە جاوێکی تیژ و بە هزرێکی وودو بریارێکی درشت.

١٠. خۆی بە وەزیفە چیڕنەکاتەوە.

## پلانی دووەم: بناغەی پشتگیریەکی بەهێزی ئەندامان:-

ئەوانەی پارەی خۆیان وەگەر دەخەن لەناو ڕێکخراوێکدا لە ڕێگای ئەندامە چالاکەکانی ڕێکخر او متمانە دەبەخشێ بەوە کە ئامانجەکانی ڕێکخراوی دەهێنەتەدی ئەمە پشتیگری پتەوی ئەندامە خۆبەخشەکانی دەوێت بۆیە دەبینیین لە سەدەی بیست و لەو سەدەیەش چەرخی رێکخراوەکان واتە ڕۆژ ڕۆژی ڕێکخراوەکانە لە جیهانب ئەمڕۆ بۆیە دەبینین لە چەندین وولات لە ئەمریکا مرۆڤ سوڕ دەمینێ لە زۆری ڕێکخراو دیارە ئەمە بووە هۆمارێك بۆ ژیان، یاخود یان بە مەبەستی پێکەوە گروپ دروست کردن بۆ کارکردن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەشدا ئەمە بە مانای گواستنەوە لە قۆناغی سیستەمی کۆنترۆلی نێوەندیەوە بۆ سیستەمی ئابووری بازاڕ ئەمەیە واتای هەمووان بۆ تاکە کەس و تاکە کەس بۆ هەمووان (هێز لە یەکێتی دایە) ئەمە گەشەکردنی دیموکراسی و فراوانبوونی بازاڕی ئابووریە بەڵام دەبێ ڕێکخراو وریابێ زۆر و بۆری لە وەرگرتنی ئەندامان چونکە ئەمە خێراترین ڕێگایە بۆ نشوستی هەر ڕێکخراوێك، هەر چەند پاراستن و فراوانکردنی ئەندامان پێویستە وەك بناغەی پتەوی ڕێکخراو هەروەها کات و پارەی ستاف و خۆبەخشانە مەرجن بۆ پاشە ڕۆژی ڕیێکخراو لە سەدەی بیست و یەك دا.

چۆن هانی ئەندامان دەدرێ:-

ڕێکخراو بتوانێ و هەوڵ بدا خزمەتگوزاری جۆراوجۆر پێشکەش بکات چ لە ڕووی یاسایی، ئابور، سیاسی، بازرگانی بۆ ئەوەی ئەندمان ڕابکێشێت بۆ حاڵی بوون لە کارەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت لە هەموو بوارەکان ئەمەش لە ڕێگای دانانی لیژنە لەوانەی کە خەڵك متمانەی پێ هەیە.

وەك باسکرا وەرگرتنی ئەندامی نوێ و زۆر بوونیان دەبێتە مایەیی کێشە بۆ ڕێکخراوەکان لە بڕی ئەوەی بە دووای ئامانجەکانی ڕێکخراو کاربکرێ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەندامان ئەمە کات بە فیڕۆدانە چونکە ڕێکخراو بەو دۆزە بەڕێوەناچێت.

دوو شێوازی خراپ هەیە بۆ ڕاکێشانی ئەندامانی نوێ:-

١. پێداهەڵدانی ڕێکخراو گرنگی بوون بە ئەندام تێدا.

٢. باسکردنی چالاکیەکانی ڕێکخراو بۆ ئەو کەسانەیپ دەخوازرێت ڕابکێشرێت.

بۆیە هێشتنەوەی ئەندامان گەلێك گرنگترە لە ئەندامی نوێ، گرنگیدان بە ئەندامان و پەیوەندیکردن پێیان و سۆراخ کردن و وەرگرتنی بیرورا و هەڵوێست و پێشنیاز و گەلێ شتی تر کارێکی پڕ بایەخە بۆ هێشتنەوەی ئەندامان کارکردن لەسەر شێوازی نوێ لەگەڵیاندا هەروەها لەگەڵ هەست کردن بەوەی کە پێشوازیان لێ دەکرێت، لە ڕاستیدجا ئەندمان پشت و پەنای هەر ڕیێکخراوێکن بەڵام جۆر و شێوازی کارکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکان مەرجی سەرکەونتنە بەکارهێنانی فرت و فێڵ و درۆ بەهای ڕێکخراو لە کار دەکات و بزردەبێت.

دروست بوونی رێکخراو،پەرەسەندنی، شکستخواردنی هەمووی دەگەرێتەوە بۆ رادەو ئاستی بە هێزی ئەندامەکانی ئەو رێکخراوانەی بە دەستەیەکی بەرێوەبردنی گونجاوشـ یاو بە توانا لە کارەکانی خۆی بەردەوامە ئەوا بەدلنیایەوە رووە و هەنگاوەکان و ئامانجەکانی سەرکەوتووانە بەرەو پێشەوە دەڕۆن. بۆ پشت بەستنی بە ئەندامە سوار چاکەکان واتە بردنەوەیە لە مەیدانی پێکانی ئامانجەکان ئەو ئەندامانەش تایبەتمەندی ی و جۆر و چەشن و شێوە ی خۆیان هەیە چ وەك تاکەکەسی یان کۆمەلە کەسێك وەك ئەوەی کارکردن بۆ هەمووان دروشم هەڵ دەگرن..

هەروەها ئەوانەی پارەوەگەر دەخەن لە ناو ڕێکخراوێکدا لـە ڕێگـەی ئەندامەچالاکەکانی ڕێکخـراو متمانـە دەبەخـشن بـەوەی کـە ئامانجـەکانی ڕێکخـراو وەدی دەهێـنن.. ئەمـە بناغەیـەکی پـشتگیری بتـەوی ئەندامـە خـۆ بەخـشەکانە. دامەزرانـدنی زۆری ڕێکخـراو دەگەڕێتەوە بۆ ژیان کە پێویستی پـێ ی هەیـە ئـارەزووی پێکـەوە کـارکردن و دروسـت کردنی گرووپ لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەشدایە چونکە هێـز لـە یـەکێتی دایـە ئەمـە و دوای گەشـەکردنی دیمـوکراس ی و بـازاریی ئـابووری یـە بـەلاّم خۆگێـل کـردن لەمەسەلەی وەرگرتنی زۆری ئەندامان خێراترین ڕێگەیە بۆ کۆششی ڕێکخراو. هەر چـەند ئەندامان بناغەی ڕێکخراون بۆیە پاراستن و فراوانکردنی ئـەو بناغەیـە پێویـستە و هەقـە بەهەند وەربگیرێت... ئەندامان کە بوون بـە ئەنـدام لەهـەر ڕێکخراوێك ئـەوە دەگەیـەنێ دەبێ ڕێکخراو گرنگی پێ بدات ئەندامانیش بەرژەوەندیەکن.

بەلاّم لە ڕێگەی تووانـاو پێـشکەشکردنیخواست و خزمەتگوزاریـەکانی ڕێکخـراو دەتـوانێ ئەندامان بـۆ خـۆی زیـاتر رابکێـشێ بۆیـە دەستنیـشانکردنی هانـدەرەکان پێویـستە کـە ڕێکخراو خەلك بۆ خۆی رادەکێشی:-

١. سەلماندنی توانای پیشەیی و کەسێتی.
٢. دەستکەوتی دارایی.
٣. دەستکەوتی تایبەت.
٤. هەلی تۆربەندی پێکهێنان لە تەك دامەزراوەی دیکەدا.
٥. پرۆگرامە پەروەردەییەکان.
٦. گەیشتن بە زانیاری بە نرخ.
٧. پەیوەندی ی زانیاری سیاسی.
٨. پشتگیری حوکومەت لە کارەکان.
٩. پەخش و بلاوکردنەوە.
١٠. خزمەتگوزاریی تەندروستی یا (تأمین).
١١. توێژین زانیاریە تەکنەلۆژیەکان.
١٢. کارە کۆمەلایەتیەکان.

١٣. هەلی کارکردن لەسەر سیاسەتی گشتی.

١٤. یەکێتی.

١٥. پێوەرەکانی پاشەکەوت.

١٦. هەست کردن بە پەیوەندی بوون بەکۆمەلێکەوە.

١٧. گەشەکردن لەسەر ئاستی کەسایەتی،پیشەوەریی.

١٨. خۆدەرخستن لە ناو کۆمەلێك دا.

١٩. گۆرینەوەی تواناو پیرەو زانیاریەکان.

٢٠. مسۆگەر کردنی پاشەرۆژی.

## چەند رێگایەك بۆ راکێشانی ئەندامان و هاندانیان وەك:

١. پێدا هەلّدانی رێکخراو و گرنگی بوون بە ئەندم تێیدا.

٢. باسکردنی چالاکیەکانی رێکخراو بۆ مەبەستی راکێشان کە خۆبەخشانەیە بۆ رێکخراو.

٣. دامەزراندنی یانە بۆ ستافەکان.

٤. خەلاتکردن.

٥. پێشکەشکردنی باجی تایبەت.

٦. پێشکەشکردنی مەدالیای رێزلێنان.

٧. دیاری کردنی شوێنی تایبەت بۆ سەرکەوتوەکان لە ئەندامانە.

٨. رێکخستنی پێشبرکێ.

٩. نووسینی ناوی ئەو کەسانەی کە چالاکن تۆمارکردنیان بۆ ئەوەی لە شوێنێکی شیاوی رێکخراو هەلبواسرێ.

١٠. ئامادەکردنی میوانداریەکی نانخواردن بۆ رێزلێنان لەو کەسانەی سالاّنە ئەندامی نوێ رادەکێشن.

١١. خستنە بازار لە رێگەی تەلەفۆن.

١٢. دامەزراندنی چەند شارەزایەکی بواری خستنە بازار وەك(دەلال)کە کرێ وەردەگرن.

١٣. لە رێگەی پۆستی ناوەخۆ ناردنی نامە ئەنجام بدرێ.

١٤. ئاگاداریەکان (ریکلام).

١٥. ناساندنی هەموو ئەندامان لە کۆبوونەوە.

١٦. ناساندن و پەیوەندی پێ کردنی ئەندامانی کۆن و نوێ.

١٧. هەبوونی تۆماری بوونە ئەندام کە مێژووی هاتنە ریزی رێکخراو لەگەڵ چەند زانیاری تر بۆ ئەوەی لە یادی سالانەی بوونی بە ئەندامی ئەوکەسە پیرۆزبایی لێ بکرێ.

١٨. گرنگی دان بەڕاو بۆ چوونەکانی ئەندامان

وورياىی لە هەندێ رێگای خراپ بە مەبەستی راکێشانی ئەندامی نوێ:

١. بەڵێندان و پرۆپاگەندەیی بێ بنەما.

٢. باسکردنی چالاکیەکان بێ ئەوەی هیچ زانیاریەك لەبەردەست ئەندامە نوێ یەکە هەبێ.

٣. هەلس و کەوتی قسەکردن بێ ئەوەی حیساب بۆ بەرامبەر بکرێ تووشی هەلوەستە دێ.

٤. ئەوەی پێویست نیە باس نەکرێ.

٥. زۆر بوونی ئەندامی نوێ کێشە دروست دەکات چونکە ئەوا هەندێکیان پێ یان خۆشە باسی کیشەکانیان بکرێ نەك ئامانجی رێکخراوەکە کەئەمەیان کات بەفیرۆدانە.

٦. هێشتنە وەی ئەندامان گەلێك قورسترە و گرنگ ترە لە پەیداکردنی ئەندامی نوێ. بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ بە هەموو شێوەیەك ئەندامان بمێننەوە.

سەرنجی وورد: هەر ئەندامێك دێتە رێکخراو بڕە پارەیەك دەدا ئەگەر کەمیش بێ پشتگوێ نەخرێ چونکە دەشێت خەرج بکرێ بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەندامە نوێیەکە لە لیستی تایبەتی رێکخراو دا خەرج بکرێت ئەمە دەبێتە هۆی پشتگوێ نەخستنی ئابوونەی سالآنەی ئەندامە نوێ یەکە چونکە نەدانی ئەو ئابوونەیە دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەندامیەتی ناچار دەبێ جارێکی تر پارەی هاتنە ریز و ئابوونەی سالانەش بدات...

## پلانی سێیەم: بناغەی دارایی بەهێز:-

هەموو کەس هەمیشە لە پارە و پـول دەپێـچێتەوە بۆیـە لـە هـەموو ڕێخراوێـك لـە کـاتی کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبردن لە ڕاپۆڕتی دارایی وردەبنەوە دوو پرسیار دەکەن؟

١. شیتەڵکردنی قازانج و خەرجیەکان.

٢. دیاریکردنی باشە و خراپە.

ئەم دوو پرسیارە دوو سودی هەیە:-

یەکەم: ئاگاداربوونە لە بودجەی ساڵانە.

دووەم: دەبێتە مایەیی دوور و درێژ ڕاپۆڕتی دارایی.

بەڵگەنامە ژمێریەکانی ڕێکخراو پێك دێت لەم ڕوونکردنەوانەدا:-

١. بودجە.

٢. داهاتەکان.

٣. هاتووچۆی پارە.

٤. هاوسەنگی دارایی.

بۆ چارەسەرکردنی باری ناتەواوی هاتوچۆی پارە پێویستە ڕەچاوی چوارشت بکرێت:-

١. داهات زۆر بکرێت.

٢. خەرجی کەم بکرێتەوە.

٣. کە پارە پاشەکەوتکراوەکان وەربگێرێت.

پێویستە بەڕێوەبەرانی دارایی زۆر بە ئاگابن چونکە ئـەوان مامەڵـە لـە پـاڵ کەسـانی تـر دەکە ن، ئەوان وەك باوەڕپێکراوێك بەرپرسـیاری لـە بەرامبـەر ئەنـدامانی ڕێکخـراودا کـە پارەکان بە شێوازێکی گونجاو خەرج دەکرێت و بەووردی حیسابی بۆ دەکرێت خێراتـرین ڕێگا بۆ لە ناوبردنی ڕێکخراوێك ڕوودانی ئابڕووچوونی داراییە.

کارە داراییەکان و ژمێریاریەکان ئەرکێکی گرانن لەگڵ ئەوەشدا پێویستە بەرپرسـی جـێ بەجێکردنی سەرەکی بەرپرسیارێتی ئەوە بگرێتە ئەسـتۆ کـە هـەردەم لـەوە دڵنیـا بێـت گـشت پـارەی هـاتوو و دەرچـوو بـۆ ئـەم مەبەسـتانە بـەکاردێت کـە لـە ئامـانجی

ڕێکخراوەکەدایە بەرپرسان ئاماژەیان بۆ کردووە، باشترین ڕێگاش بۆ گەیشتن بە ئامانج کە ڕوونکردنەوەی داراییەکان هەبێت هات و چۆی پارە و ئاگاداریی لە قازانج و زیان چ مانگانە چ سالآنە دەبێت لە ژێر چاودێری دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراو بێت و ئەندامانیش زانیاریان پێ بدرێ چونکە کاری ڕێکخراو بە پارە بەڕێوە دەچێت و لە ڕێی قازانجەکانیش پەرەدەسێنێت بە قەرز و قۆڵ ناڕوا بەڕێوە، بە کورتی پێویستە داراییەکانی ڕێکخراو بە ڕوونی مامەڵەی لەگەڵدابکرێت هیچ شت شاراوە نەبێت مەگەر مەبەستی بەرژەوندی ڕێکخراوەکەبێت گرنگترین خاڵ ئەوەیە پلانی ئایندە لەسەر هاوسەنگی پارە (الميزانية) ڕێکخراوەکەدا بکرێت توشی هەڵە نەبێت کە ئەمە کارەساتە.

هەر کۆمەلە و رێکخراو دەزگایەك یەکەمجار هەوڵی ئەوەدەدا بۆ خۆی بنیتنانی دارایەکی بە هێز مسۆگەر بکات ئەمە بۆ ئەوەیە لە شکست رزگاری ببێ و بتوانێ ئامانجەکانی بباتە سەر و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات بەلآم گرنگ ئەوەیە ئەو رێکخراوانە ئەم داراییە چۆن پەیدا دکەن و چۆن خەرجی دەکەن ئەمە تەنیا بە پێدانی زانیاری ئاشکراکردنی رێگاکانی خەرج کردن بە پسوولەو بەلگەکانی دارایی ی و ووردبینی بۆ ئەوەی متمانەی هەبێ لە ئێستاوە لە ئایندەش ئەگەر بێت گەندەڵی بکەوێتە هەر رێکخراوێك ئەوا فاتیحەی بۆ لێ بدە..

بۆیەدەستەی بەرێوەبردن رۆلێکی گرنگ دەگێرن بۆ هێشتنەوەی ناوبانگی رێکخراوەکەیان یان ناو زراندنی ئەمە لەئەستۆی بەرپرسیانی ژمێریاریی ی و داراییە چونکە ئەم پارانە هی خەلکانی ترە ئەوان وەك باوەرپێکراو هەلس و کەوت دەکەن و بەرپرسیاریان هەیە لێژنەی جێ بەجێکردنی رێکخراو دەبێ لەوە دلنیابێ کە ئەو پارانە بۆ چ ئامانجێك کۆکردۆتەوە ئایا بۆ چ مەبەستێك خەرج دەکرێت بۆیە پێویستە روونکردنەوەی داهاتی مانگانە بدرێت بەدەستەی بەرێوەبردن و هاوسەنگی دارایی سالا نەش بنێردرێت بۆ ئەندامەکانی بودجەی سالانەش ئاماژە بکرێت و جوولەی پارەش (الحركة النقدية) دەبێت چاودێری بکرێت کاری رێکخراو بەپارە بەرێوەدەچێت و لەرێی قازانجەوەش پەرەدەسێنێت و ئامانجەکانی دەپێکی بۆیە تووشی کێشە نەیەیت ئەم پرسیارانە ئاراستەنەکرد نی لەلایەن ئەندامەکانەوە کە لە ژێرەوە بەبر(      )ئەو پارانە

چی لێ دێت و چۆن خەرج دەکرێت و چی یان بەسەر دێت پێویستە پشت بە رێنماییەکان و بەلگە خەرجیەکان ببەستی ی و هەمیشە وەلامەکانت بەرامبەرەکانت قایل بکات

## بەلگە نامە ژمێریاریەکانی رێکخراو ئەمانەن:

١. هاوسەنگی دارایی ئەو پارانە دەوگرێتەوە کە رێکخراو هەیەتی یان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هاوسەنگیە توانایی رێکخراو دەردەخات لە هەرکاتێکدا کە دیاریی بکرێ بە کورتی ئوەدەگەیەنێ کە پێ ی دەلێن روونکردنەوەی باری دارایە توانای پابەندبوونی بە پارەدانی رێکخراو دەردەخات

٢. لیستی داهات واتە لیستی چالاکی و قازانجی رێکخراوەکە نیشتان دەدات وەك ئەوەی لیستی خەرجی دوایی لیستێکی خۆی لەتەك هەردوو لیستەکە داهات بریتی یە لە قەرزەکان+تۆمارکردن +کۆبونەوەکان +پێشنگەکان+فرۆشتنی چاپەمەنی+کالای فرۆشراو ئەمکە دەبێتە کۆی داهات. خەرجی بریتی یە لە مووچە +چاپکردنی ئاگادار +تەلەفۆن +کرێ+سوودەگشتیەکان+دلنیایی+یەکگرتنی هۆل+ چاپەمەنی لەم دوولیستە قازانج یان زیان دەردەکەوێ

٣. جوولەیی پارە: ئەمە ناو قاسە دەگرێتە وە ئایا چەند پارەهەیە چەند دراو چەند دێ ئەم جوولەی زۆر شتی تر گرنگی لەسەر دەوەستێ وەك تێگەیشتن باری لە بارو نالە باری زیدەپارەی دارایی رێکخراو. ئەم جولەیە زۆر شتی لەسەردەکرێ یان ناکرێ. بۆ چارەسەرکردنی باری نالەباری جوولەی پارە چی بکرێ باشە:

١) داهات زۆر بکرێت.

٢) خەرجی کەم بکرێتەوە.

٣) پارەی پاشەکەوت سوودی لێ وەربگرێ.

٤) قەرز بەدەست بهێنرێت.

ئەم چەند هەلێکە بۆ بەردەست بەرێوەبەران و لێژنەی جێ ەبجێ کردن کە دەتوانن هەندێکیان بەکاربێت بۆ ئەوەی جوولەی پارە بەرەو پێش و سەرکەوتوانەیان ببات

٤) بودجە:- نەك ڕێكخراو بەلكو دەولەت نەك تاك بەلكو كۆمەڵیش پێویستی بەوە هەیە كە بزانێ باری گوزەرانی خۆی چۆن بەڕێوەببات دارایيەكەی چەندە و مووچە خەرجییەكەی چۆنە ئەو خەرجییانە چین، پێویستیەكان، گرنگیەكان، بێ هود دەكان، پلان و ئامانجەكان، ئەمانە زیاتریش هەن پێویستە ڕەچاو بكرێ ئەو كات بوجە و چەندین برگەو مادە و بەس هەیە پێوستیان بە ڕوونكردنەوە هەیە لە پای گفت و گۆدا بۆ ئەوەی پەسند بكرێ، هەر ڕێكخراوێك بودەجی نەبێ یان بەبێ سەروبەری دابرنێ ئەوا ویرانەیە بەرەو سستی و گەندەڵی و نالەباری دەڕوا چونكە پلانی خەرجی نیە.

خەرجی چیە:- خەرجی چییەو چۆن دەكرێ و چۆن زیاد دەكرێ یان چۆن كەم دەكرێتەوە، ئەمە پێویستی بە پلانێكی دروست و زانستی هەیە لە كاتی دانانی بودجە، ڕەنگە تۆ پێویستی بە بودجەیەكی باش بێ بەڵام ئەم بودجەیە چۆن پەیدادەكەی یان لە كاتێكدا تۆ بودجەت داناوە بەپێی پێویست و ئامانج بە گوێرەی هەلی دەسكەوتی دارایی بەڵام ئەگەر ئەم هەڵە لاوازبوو یان نەكرا پێویست دەكات خەرجیەكانت كەم بكەیتەوە و كۆی كەمی دەكەیتەوە بەو بڕگەو ئاواتەی كە كەمتر گرنگیان هەیە یان دەكەم بایەخن بەمەستی تۆ لە قەیران ڕزگاریان دەبێ بودجەكەت بەپێی پێویست بەش دەكات كەمكردنەوەی خەرجی خۆی لە خۆی دا خراپ نیە بەڵام كەی لەسەر حسابی خەرجی پێویست بەڵكو بەمەبەست دەرچوون لە تەنگانە ڕەنگە باجی هەندێ شت دانی ئاسان نەبێ لە بودجەیە كە بایی پلانێكی بەڵكو بدەین

## پلانی چوارەم: بناغەی پڕۆگرامی پەیوەندی سەركەوتوو:-

مەبەست لە پەیوەندی ڕاگەیاندنیش دەگرێتەوە، بۆیە ئەمڕۆ لەسەر تا سەری جیهان دەبینین پارە و سەرمایەكی یەكجار زۆر خەرج دەكرێت بەمەبەستی گەیاندنی زانیارییەكان بە خەڵك و كۆمەڵ ئەمە بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەر ڕابكێشی ڕەواج كردنی بەرهەمەكان.

لەوە سەردەمەدا هەستیار ترین دادگا كە زۆر بێ بەزەییانە حكومی خۆی دەدا و بڕیاردەری جەماوەری ڕووناكبیری جیهانە واتە بیروراو پڕوپاگەندە كۆمەڵ بەرامبەر

هەردوو ڕووداو بەرهەم و پێشهاتەکان ئەمە قسەی سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئەمریکا (دانیال ویبستەر) کە لە ساڵی ١٩٨٤ دەری بڕیوە، لەسەر ئەم قسەیە پێویستە زۆر وریایی و ئاگای هەبێ لە نێوان ڕێکخراو و کۆمەڵ (جەماوەر) پەیامی سەرەکی ڕاگەیانتدنە پەیوەندیە گشتیەکان هیچ چالاکیەکی تری ڕێکخراو هێندەی ئەمانە گرنگ نیە بۆ سەرکەوتن لە مەودای درێژ خایەندا، گەلێك لە کارمەندی ڕێکخراوەکان و دەستەی بەڕێوەبردن و لێژنەکان هێندە سەرقا ڵی کاروباری ڕۆژانە دەبن بە ڕادەیەك پلاندانان بۆ بەکارهێپنانی تەکنیکی بەهێزی ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی لە بیر دەکەن. گەیاندنی پەیامی ڕێکخراو پێویست بە کات و کۆشش و پارەیە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی پرۆگرامی پەیوەندیە گشتیەکان.

کێبرکێ ی ڕ اکێشانی قەعمیل و بەکارهێنانی لەسەرتاسەری جیهاندا سەخت و بێ کۆتایە. گشت ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و تەکنەلۆژیای سەرسوڕهێنەرەکانی کۆمپیوتەرە هاوار دەکەن بەو پەیامانە خەڵکی سەرسام و سڕ دەکەن.

زۆر جا ڕێکخراوەکان بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرامبەرەکانیان هەوڵی دانانی پلانی ستراتیژی دەدەن کە ڕۆژانە لەسەرس دەڕۆن و پارەی زۆری بۆ سەرف دەکەن بۆ ئەوەی بازاڕیان گەرمتر بێ و شکست بە بازاڕی تر بێنێ.

کەواتە پلان و ئامرازەکانی دامەزراندنی کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دەرکردن ی هەواڵنامە و پەخشە هەواڵ و چاکسازی کردن لەگەڵ ئامادە باشی بۆ بەرانگاربوونەوەی قەیرانەکان باشترین پرۆگرامی سەرکەوتووە بۆ پەیوەندیەکان.

مەسەلەی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان شتێکی چەسپاو نیە بەڵکو پێویستە ڕۆژانە پێداچوونەوە بە پەیام و جەماوەری بە ئامانجکراو و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەبێت جەماوەریش پێویستە ڕۆژانە گوێیان لێبگرێت پێویستە پەیامی ڕوون و سادەی ڕکخراو بەشێوەیەکی کاریگەرانە ڕاگەیەنرێت تا بتوانێت لە نێو چەندین پەیامی دیکەدا سەرنڕاکێش بێت ڕاگەیاندن و پەیامی پەیمی دیکە سەرنجڕکێش بێت ڕاگەیاندن و پەیوەندی گشتی ئەوەندە گرنگ و کاریگەرن بەتایبەتی لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ جیهان

وەك گوندێكی بچووكی لێهاتووە ئەویش لە ڕێگەی پەیامی بە پەلە و بەدۆكیۆمێت و بەوێنە و بەشیكردنەوە كە لەسەرتاسەری جیهاندا دەتوانرێت لەیەك كاتدا بڵاوبكرێتەوە لە كاتێكیدا لە كەناڵێكی ڕاگەیاندن یان ئەنتەرنێت پڕوپاگەندە بۆ كاری تاك یان بەرهەمێكدەكرێت با ئەو كەسەش لەو پەڕی دنیا دابێ ئەوا ئێمەش لێرە سەرنجمان ڕادەكێشێت بازرگانەكانی خۆمان هان دەدەین بۆمان پەیدا بكەن، هەر ئەوە دەبینیین خەرجیەكانی ڕاگەیاندن بە هاوبەشی دەبێ چونكە یاغ كردنەوەی بەرهەمەكان بەهاوبەشیە.

بنیاتنانی پرۆگرامێكی پەیوەندی سەركەوتوو پەیوەندی زۆر شت دەگرێتەوە لە ڕێگەی جۆراو جۆر ڕاستەوخۆ ناراستەوخۆ بینراو بیسراو پێویستە فاكس و ئیمەیل و تەلەفۆن بەتایبەتی ریكلام كە بەو هۆكارانە دەكرێ ڕۆلی گرنگ دەبینێ بۆ ناساندن و هاوكاری متمانە ئەو پەیداكردنی ئەندامی نوێ و مەعمیل و هتد.

ئەمڕۆ رێكخراو كۆمپانیا و دەوڵەتان چارەیەكی بێ سنوور خەرج دەكەن بۆ مەبەستی خۆیان و گەرمكردن بازارەكانیان ئەو پارانە تانیا بۆ ئەوەیە كە خۆیان ببەستن زانیاریەكانیان بگەیەننە خەڵك خەڵكیش رای خۆی لەسەر بدات. لەسەر بیرووڕای خەڵك سیاسەتمەداری ئەمریكی (دانیال ویستەر) لەساڵی ١٨٤٢ دەڵێت هاوولاتیانی ئێمە لەسەردەمێكدا دەژین كە دلرەقترین دادگایە تاكوو ئێستا دنیا بەخۆیەوە یبنی بێ و حوكمی بەسەردا بدات كە ئەم مەبەستە دادگای بیرورای جەن وەری ڕووناكبیری جیهانە.

بۆیە حەقی خۆیەتی كە رێكخراوەكان و دام و دەزگاكانی حكومەت ی ئەهلی پەنا بەر خەرج كردنی پارەو پولێكی یەكجار زۆر خۆیان بخەنە بەر دەمی لێپرسراوەتی جەماوەر و قایلی بكەن یان بەدلی ئەوانە بن ئەمەش بۆ گەرانەوەی قازانجی خۆیان. پەیامی ریكلام گرنگی لەوەدانیە كە دەیكەین وئەویش خۆت بناسێنی بەڵكو لەوەدایە چەند لێ حاڵی دەبن ئەمەڕای پێویستە ئەگینا ماندوبوون بەهەردەر دەرچێ، بۆیە كۆمپانیا گەروەكانی جیهان ئامادەنە پارەیەكی زۆر خەرج بكەن تەنیا بۆ ئەوەی مەعمیل لە دڵەوە را كێشن بۆ خۆیان ئەمەش زیاتر لە رێگەی تەكنەلۆژیایی سەردەم دەبێ.

ئـەمڕۆ لـە گۆرەپـانی کێبرکـێ دا ریکلامـەکان بـە هـەموو جۆرەکـانی بـە هـەردوو کەرەسـتەکانی و تەکنـەلۆژیان سەرسـۆرهێنەر خـەلکی گێـژ دەکـەن و لـە بەرامبـەر هەڵبژاردن و ئیش و خواستەکانی خۆیان سڕ دەبن و نازانن بۆ کام فایل بن.

## پلانەکانی راگەیاندن:

١) دامەزراندنی لیژنەیەك یان بەشێکی راگەیاندن کە هەموو تواناکانی لەبەر دەست بێ.

٢) سەیرکردنی پرۆگرامەکانی گشت رێکخراوەکان و هەلسەنگانیان.

٣) دیاری کردنی بەربەستەکان.

٤) پلانـی سـتراتیژی راگەیانـدنی رێکخراوەکـان وەکوریـەتی بۆیـە پێویـستە ناوەنـاوە پێدابچیتەوە.

٥) ناساندنی رێکخراو لە رۆژی دامەزراندنی تا رۆژی ریکلام.

٦) دەستنیشان کردنی ئەو کۆمەلەی دەتەوێ بیکەیتە ئامانجی ریکلامەکانت.

٧) ئاراستەکردن باشتربی هۆکارەکانی راگەیاندن و توێژەکانی جەماوەر.

٨) کەسانی شیاو هەلبژێرە.

٩) سوود لەو بڕە پارەیە وەربگرە کە لەبەر دەستدایە.

١٠) ئەنجامدانی راپرسی و بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ ئەوەی رای خەڵك بزانیت.

١١) پلان دانان بۆ کات و شوێنی راگەیاندنەکەت و ماوەکەی.

١٢) سەربەخۆ کارکردن هە لە پێویستی راوبووچونی بەرزی و هی تریش.

١٣) بەردەم چاکسازی بکە.

١٤) هەماهەنگی پێویست.

١٥) نموونەکان سەرنج راکێش و دڵ خۆشکەربن.

١٦) راستگۆیی لە دەست نەدەرێ.

## پلانی پێنجەم: دارشتنی پرۆگرامی بەرگریکردن لە سیاسەتی جەماوەر:-

دانیال ئۆکۆنیلێ دەڵێت:

(هیچ شتێك لە ڕووی سیاسەتەوە ڕاست نابێت ئەگەر لەڕووی ئاكارەوە هەڵەبێت)، بە واتایەکی تر هەر شتێك لەسەر نایاسایی بنیات نرابێ ئەوە هەڵدەوەشێتەوە.

بۆیە دەبێ کەس لەکاروبارەکانی خۆیدا و پرۆژەکانی خۆیدا لای جەماوەر بەتاڵ بێت واتە پشتگیری جەماوەر بکات، جەماوەر سەرچاوەی هێزی کارە و سەرچاوەی وەرگرتن و خەرجکر دنی بەرهەمەکانیشە دانانی پرۆگرامی بەهێز واتە پشتگیری پەیدا کردنە لە ڕێکخراوەکان، هەموو لایەك گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە کارکردن بە دەست پاکی و شەرەفمەندانە گەلێك باشترە لە پەیوەندیدارەکان ناپاکی لە کارە بازرگانیەکان هێندەی مەترسی دەخەنە سەر مامەڵە با زرگانییەکان و خەڵکێکی زۆر و وولاتان ناپاکی ڕەتدەکەنەوە.

## بەرگری لە سیاسەتی جەماوەر ئەم هەنگاوانەی پێویستە:-

١. کەمکردنەوەی باج لەسەر داهات و پارەی وەگەرخراو.

٢. بودجەی حکومەتی فیدراڵ بەجۆرێك هاوسەنگ بکرێت کە پێویستی بە قەرز کرونێکی کەمتر هەبێت ئەم ە دەبێتە هۆی هۆی فراوانکردنی پرۆژەی نوێ بەڵام قازانجی کەمترە.

٣. کەمکردنەوەی ئەو مەرجانەی پێویست نین کە دەیانەوێ پرۆژەی نوێ دابمەزرێنن لە ڕاستیدا سیاسەتمەداران نە هێندە کات و نە سەرچاوەی ئەوتۆشیان بەدەستەوەیە کە بتوانن لە گشت ئەو مەسەلە جەماوەریا نە بکۆڵنەوە کە دەخرێتە بەر دەست یاسا دانەران بۆیە گروپە خاوەن بەژەوەندیە تایبەتیەکان لە ڕێی توێژینەوەکانیانەوە ئەو کەلێنە پڕ دەکەنەوە بیروڕایان دەگیننە یاسا دانەران.

لە ئابوری بازاڕی دیموکراتیدا چاکسازی یاسای یاخود بیرۆکەی نوێ ئەویش پڕدەکەنەوە ڕ بیروڕایان دەگەیننە یاسادانەران ووشەی بۆچی پێکهێنان لەوە وە دروست بووە کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا یەکێك لەسەرۆکەکانی ئەمریکا سەردانی شوێنێك دەکات هەندێ کەس لەسەر ڕێگای وەستابوون و ڕای بگرن چەند مەسەلەیەکی خۆیان بۆ باس بکەن لە

دوواییدا وشەکە وای لێهات کە بە واتای هەر کەس یان گروپێك بێت کە هەوڵبدات کاریگەری بخاتە سەردانانی یاسا لە وولات.

بانگەشەی سیاسەتی جەماوەر بە گشت جیهانی دیموکراسیدا بڵاوبۆوە و گروپە سیاسیەکانی فشارکردن لە نێوانیشاندا ڕێکخراو کۆمەڵە پیشەوەریەکان و ژوورەکانی بازرگانی هەردەم لە هە وڵی ئەوەدان کاریگەری بخەنە سەر پرۆسە پەرلەمانتاریەکان، لە ڕاستیدا بانگەشەی پرۆژە کارەکان بەشێکی گەلێك گرنگ و پێویستە لە پرۆسەی یاسادانانی زۆربەی وڵاتاندا.

بەگشتی ئەوەوەبیر هەموو لایەك دێنێتەوە کە ئەو کەسانەی لە ڕێگەی دەنگدانی جەماوەر هاتوونەتە ناو دام و دەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان ئەو دەنگە دەبێتە قەرز لەسەریان پێویستە ئەستۆ پاکی بۆ بکەن قەرزەکە بدەنەوە ئەویش بریتیە لەو بەڵێن و پەیمانانەی کە دابوویان بەو جەماوەرە ئەویش لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و پێدانی زانیاریەکان ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەر بێت و وەفاداری پێشکەش بکە ئەوا لە ئایندە دەتوانرێ بنکەی فراوانی جەماوەر بەکاربهێنرێ لەبەرامبەر مسۆگەرکردنی داخوازیەکان و بەرگریکردن لە سیاسەتی جەماوەر.

دارشتنی پرۆگرامی بەرگریکردن لە سیاسەتی جەماوەر پت بەستن بە هەر پلانێك مەرجی سە ەرکەوتن بەڵام پشت بەستن بە جەماوەر و بەرگریکردن لەوانە مەرجی ژیانی هەر رێکخراو دام و دەزگایەکە ئەمە سەرچاوەیەکە بۆ هەموو پلانێك هۆی بوونەوەی خوێنەو جوولەیە، کاتی بەرەو پێش چوونە رێکخراوەکانی لە هەموو جیهاندا پشت بەستن بە بنەمای سیاسەتێکی پاك و دروست کۆمەڵگەیەکی باشتر بۆ گشت خەڵکی وولاتەکەیان پێکبهێنن.

وا چاکە ببنە هۆکارێك لە پلەکانی سیاسی پاك و پوخت و هانی حوکومەتەکان بدەن بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە پەیڕەو بکەنەکە هۆڵی ئابووری بۆ گشت هاوولاتیەك فراوان دەکەو مەوداکانی کارکردن بەرجەستە تر دەبی کاریگەری دەبێ بۆ سەر ئابووری بازارو بازاری ئازاد هەموو جمو جۆلێکی بوژاندنەوەی ئابووری هەروەها هەمووان بۆ قاییلکردنی حوکومەت کە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پرۆژەکاری بەهێز و ئابووری چالاك لاببەن.

ڕێكخراوەكان پێویستە هاوپەیمان بن لەگەل قەوارە حوكومەتیەكان لە دەستنیشان كردن ئەو كۆمپانیای ڕێ لە گەشەكردنی ئابووری دەگرن. هەروەها بۆ دانانی یاساو ڕێنمایی كەیەك كە كاریگەریان هەبێ لەسەر پرۆژەكان و بیدەن بە حكومەت ئەمە لە لایەك لەلایەكی تر ڕێكخراوەكان دەبێ گوێ لە ئەندامەكانیان بگرن و پێویستەكانیان جێ بەجێ بكەن هاوكاریان بن كە بەدیدەیەكی فەلسەفی دروست كەسەكان هەلْبژێرن واتە وشیاری زانیاری فێریان بكەن ئەندامەكان بەشێكن لە كۆمەلْگەكەیان.

ئەو پشتگیریەی كە لە سیاسەتمەداران دەكرێت پێویستە داوای بڕیاردانی قانونیان لێ بكرێت.

ڕێكخراو هەریەكە بەپێی ئامانجی خۆی هەولْ و كۆششی بەردەوامی خۆی بخاتە گەر تەمبەل و سست و سارد و سڕ لە شوێنی خۆی نەكەوێ چاوەڕێی ئەوەبێ جیهان لە خۆیەوە دەگۆڕێ وولات گۆرانكاری بەسەردێ لە مێژوودا جموجۆلّی گەورەو دەگمەن و بەرچاو تاكوو ئێستاشی مێژووت نازیان پێ دەكات كە بوونە هۆی وەرچاخانێكی مەزن لە ژیا نی كۆمەلْگەدا و دنیایان سەرەونخوون كردووە. كرێكاران لە هەر سالێك مێژوویەكی ناوداریان تۆماركرد پێش زیاتر لە دووسەد سالْ. ئەمە هەولْ و تەقەلاّی سەندیكاكانی ئەمریكا و ئەوروپایە كە چۆن دەتوانن لەبەرژەوەندی جەماوەر سیاسەتی حكومەت بگۆڕن بۆ سیاسەتی جەماوەر نم وونەی نزیك سەندیكای كرێكارانی پۆلەندا كەچ رۆلێكی گێرا بۆ لێدانی زەنگی ترسناك بۆسەر سیستەمی كۆمۆنیستی لە جیهاندا. ئەمە هەموو ئەو جۆرە سەندیكایانە ناگرێتەوە بەلْكو چەندێك ڕێكخراوی ئابووری كلتوری كۆمەلاّیەتی سیاسی رۆلی بەرچاویان گێڕاو بۆ ئەوەی لە خزمەتی سیاسەتی جەماوەر بن. ئەو سیستەمە دیموكراسیەی ئەوروپا و ئەمریكا و هەندێك شوێنی دنیا دەگرێتەوە بۆ ئەو ئامانجانەی كە ڕێكخراوەكان لەبەر چاویان گرتبوو ئەمە هەر بەردەوام دەبێ شان بەشانی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو پەرەسەندنی ئابووریای و كۆمەلاّیەتی باشتربێ كار ئ ەگەر ڕێكخراوەكان بیان وێ سەركەوتووبن سیاسەتی گشتی بگۆڕێت ئەوەیە كە زانیاری فراوان بخاتە گرە بەوەی چۆن یاساو ڕێساكان كاریگەری دەكەنە سەر پرۆژەكان و كارمەندان هەروەها ئەنجامدانی ڕاپرسی لە نێو ئەندامان:-

١. بەرژەوەندی تایبەت وەلامی بۆ بەرژەوەندی گشتی ڕێخراوەكان.

٢. بەدوای دەسکەوتی تایبەت نەگەڕێ.

٣. شارەزا و پسپۆر بێ لە کارەکەی.

٤. نەرم بێ.

٥. هاوسەنگی بنوێنی لە نێوان ستافی ڕێخراوەکەدا.

گفت و گۆ هەماهەنگی پێشنیارو سۆراغ کردن و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجوومەن و لیژنەکان جێ بەجێ کردن و سیاسەتێکی حەکیمانەو ماقولە بۆ ئەوەی کۆسپەکان وەلا بنرێن و ڕێکخراوەکان لە ناوەوە ڕێکتر بخرێن و هانی حوکومەتیش بدرێن یاساو ڕێنمایی دروست دەربکات ئەمانە لە ڕێگای نامە گۆڕینەوە یان کۆبوونەوە یان ڕێکلام یان خولی فێرکردن یان هەررێگایەکی شیاو کە بتوانلرێ ئەو ئامانجەی ڕێکخراوەکان بێتە دی ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی گشەکردنی بوارەکان کە ئامانجەکانی بێ بەرجەستەیە.

بانگێشە کردنی ڕێکخراو ئەوە دەخوازێت کە هەلوێستێکی وورد سەبارەت بەمەسەلە جەمارەرییەکان دیاری بکات بە پێچەوانەوە سیاسەت و دارایی ناچار نابن لە خۆیانەوە هەولێ پشتگیری کردن بدەن بانگێشەی بنکەی فراوانی جەماوەر ئەوەیە کە ڕێکخراوەکان داوا لە ئەندامەکان لەرێ ی نامەو فاکس و تەلەفۆن و ئیمێلەکان پەیوەندی بکەن بە و نوێنەرانەوە کەکاتی خۆی هەلیان بژاردوون یان داوایان لێدەکرێت هەول بدەن ئەندامی نوێ و خەلکی تر و سیاسەتمداران پەیدا بکەن لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە یان خەریکیان بکەن بۆ دروستی ئەمانجەکانی ڕێکخراوەکە ئەم بانگێشەیە بریتیە لە تۆربەندێکی خەلکی گەرەك و ریشەیەکی فراوانی هەیە و واتابنکەی فراوانی جەماوەر چونکە ئەگەر ڕێکخراوێك ویستی پشتگیری بۆ چاکسازی لە بوارێکدا بکات ئەوا دەبێ لە ڕێگەی هەولی ئەو بنکە فراوانە جەماوەریە پشتگیری زۆر بەدەست بێنێ کە باشترین هۆکار بەکارهێنانی نامە نووسینەوە باوترین شێوازی کارە لەوەی بۆنی هەرەشی لێنایە جەخت لەسەر پێویستیەکانی گۆرانکاریی یەکان و پرۆگرامی پێشنیاز کراو دەکەن.

## پلانی شەشەم:- پلاندانانی ستراتیژی:

ڕێكخراو ئەگەرچی ئەندامی بەهێز و پرۆگرامی بەهێز و دارایی بەهێزی هەیە بەڵام زۆر سەركەوتوو نیە هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانی گەورە چونكە پلانی بچووك توانای ئەوەی نیە جووڵە بە ڕێكخراو بكات بەڵام ئەوانەی بەپێ ی پلانی ستراتیژی كاردەكەن ئاراستەی كارەكانیان دیارە و هەموو ستافی ڕێكخراوەكە ئەنجامی باش بەدەست دێنێت.

* پلانی ستراتیژی بریتیە لە پرۆسەی پێداچوونەوەی دیرۆكی ڕێكخراوەكە و دیاریكردنی بارودۆخی ئێستای و ئەو ئامانجانەی ڕووی تێكردوە و چۆن دەتوانێ بیگاتێ پرۆسەكە هەڵسەنگاندنی بەهێز و لاواز و هەڕەشەكانی بەردەم ڕێكخراوەكە دەگرێتە خۆ، هەروەها دەستنیشانكردنی پێویستیەكانی ئەندامان و ڕەوتی ئایندەی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و تەكنەلۆژی ڕێكخراو بەشێكن لە پلاندانانی ستراتیژی پلاندانانی ستراتیژی كۆنە بەڵام ڕەنگە وەك مۆدێرن سەیری بكەین لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم پلانی ستراتیژی بوو بە بەشێكی باو لە كاری پرۆژە بازرگانیەكان ئەم پلانەش گەلێك بواری تر دەگرێتەوە (بواری سیاسی، كۆمەڵایەتی، پەروەردە، كلتوری، پیشەسازی، ئابووری بازار، كەرتی تایبەت) پلانیش هەیە بۆ ماوەی سێ تا پێنج ساڵ دادەنرێت بەڵام پلانی درێژخایەن لە سێ ساڵ زیاترە كەچی پێویستیشە هەردوو ساڵ جارێك پێداچوونەوەی هەبێ.

## ستراتیژی چی یە:-

بریتیە لە ڕێبازی گشتی چاوەڕوانكراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی ڕێكخراو كە لە داهاتوودا بۆ كوێ دەڕوا پلانی ستراتیژی چارەسەری كێشەكان ناكەن بەڵكو كێشەكان دیاری دەكات پێویستە خەڵك چارەسەری بكات.

## چۆنیەتی كۆبوونەوەی پلاندانانی ستراتیژی:-

### ( یەكەم كۆبوونەوە ):

١. كۆكردنەوەی زانیاری سەرەتای.

٢. پێداچوونەوەی پرۆسەکە.

٣. پێداچوونەوەی پەیام و مەبەست.

٤. پێداچوونەوەی بە ڕەوتی مێژوویی.

٥. پێداچوونەوەی دارایی.

٦. پێداچوونەوەی پەیکەری ڕێکخراو.

٧. شیتەڵکردنی شێوەی ئەندامان.

٨. پێداچوونەوەی پرۆگرام.

٩. پێداچوونەوەی توێژینەوە.

١٠. دانانی ئەجێندە پێش کۆبوونەوەی ئایندە.

## دووەم کۆبوونەوەی پلاندانان:

١. داوا لە ئەندامان دەکرێت سەیری ئەجێندەکە بکەن و هەڵسەنگاندن بکەن.

٢. پێداچوونەوەی ئەگەرەکان.

٣. شیتەڵکردنی کێبڕکێ.

٤. شیتەڵکردنی فاکتەرە دەرەکیەکان.

٥. شیتەڵکردنەوەی ئەندامان.

## کۆبوونەوەی سێیەم: پلانی داڕشتن

١. داڕشتنی تەوقعات (گریمانە).

٢. بڕیاردان لەسەر ستراتیژیەکان.

٣. دیاریکردنی ئامانجەکان و ئامانجە هەنووکەیەکان.

## چۆن پلانەکە بەکاردێت:-

١. پلانەکە بکرێت بە دۆکیۆمێنت و ڕەزامەندی وەربگرێ.

٢. بودجە و پلانی ساڵانە و پلانی ستراتیژ پێکەوە بگونجێن.

٣. هەڵسەنگاندنی بەرەو پێشچوون.

٤. پلان بە ئەندامانی نوێ دەستەی بەڕێوەبردنئاشکرابکرێ.

پلاندانان بە تایبەتی پلانی ستراتیژی کارێکی هەروا ئاسان نیە و بەرپرسیاریەتی گەورە هەیە لەم کارەدا ئەمە بۆ رۆژێك و دووان نیە دانانی یەکجار زەحمەتیش نیە بەلام دەبیّ خۆ ئامادەکردنێکی هەمەلایەنەی هەبیّ بگرە لە ئەندامان و ستافی کارکردن و بەرێوەبردن و ئەنجومەن و لێژنەکانی جیّ بەجیّ کردنیش هەریەکە بیرو هزرو تێروانینی خۆی دەبیّ بخاتە گەر بۆ سەرگرتنی هەر پلانێك ئەگەر ئەو پلانەش ستراتیژی ی بیّ... ئەم پلانە پێویستی بە رێگە خۆشکردن هەیە چ لە عەقلیەتی حوکومەت یان یاساکان یان جەماوەر هەرچەندە یەك راستەریّ نیە بەلاّم هەندێك تایبەتمەندی هەن کە پێدەچێت ببنە هۆی پلاندانانێکی سەرکەوتوو.... پلانی ستراتیژی یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە رێکخراویی سەرکەوتوولە ئەوو انی دی جیادەکاتەوە ئەرکەکانی دووقولی پلاندانان دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکدەنی بەرپرسانی رێکخراو سەبارەت بەو کارانەی دەبێت بکرێت و سەرچاوەکان دەبێت چۆن تەرخان بکرێن بۆ ئەوەی ئەو کارانە بکرێن ئەو رێککەوتنە یارمەتی ئەوە دەدات رێکخراوەکە ئاراستەی دیار بێت و سەرچاوەکانی بەباش تەرخان بکرێت و مەترسی کەم بێتەوە کاتێك بەرپرسان دەگۆڕێن و بوودجەی رێکخراویش بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوە لە مەودایەکی درێژخایەندا بەرەوپێش دەبات

پلاندانانی ستراتیژی بریتیە لە پرۆسەی پێداچوونەوەی دیرۆکی رێکخراوەکەو دیاریکردنی بارودۆخی ئیستاو ئەو ئامانجەی رووی تێکردووی چۆن دەپێکی هەروەها دەستنیشانکردنی پێویستەکانی ئەندامان و رەوتی ئایندەی ئابووری و سیاسی ی و کۆمەلایەتی ی و تەکنە لۆژی رێکخراوەکە بەشێکی گرنگی پلاندانانی ستراتیژیە سەرەرای ئەمانەش پێشیان ؟ گەرەکەکانیش بەشێکن لە ستراتیژی پرۆسەکە مادەیەکی دیاری کراوی بۆ دادەنرێت لەسەر بنمای یەکگرتن بۆچوونی بیروڕایی بەرپرسانی رێکخراوە سەبارەت بەوەی لەم چەند سالە لە (٣-٥) سالّ دەبێت چی بکرێت.

ئەم ماوەیە بۆ هەندی مەسەلەی ستراتیژی گەورەتر ولەسەر ئایندەی گەلێك یان چارەنوسی دەکری بۆ زیاتر بیّ تا دە سال دەگونجی یان زیاتریش بەلام پلانی

ستراتیژی دیسان لە بواریکەوە تا بواریکی تر لە ڕێکخراویکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر لە ئامانجێکەوە بۆ ئامانجیکی تر دەگۆڕێ (١٠، ١٥، ٢٠، ٢٥) ساڵ پلانی ستراتیژی بە واتای هەولدان بۆ گەیشتن بە ئامانج ئەمە لە هەموو رویکەوە تاوتویٔ دەکریٔ ئامانج واتە داهاتوو ، ئایندە. ئەم کاریگەریە خۆی دەبیٔ لە ئەنجامدا گورانی باری سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ، ئەرك هەلگری، دیموکراسی ، لێ دەکەوێتەوە بۆ بارێکی لەبارتر بیٔ ئەوەی هیچ کام لەم بوارانە فەراموش بکرێت... هەر گەل و حکومەت و ڕێکخراویك پلانی ستراتیژی قوربانی پلانی تەکنیکی بکات مایە پووچ و بی دەسکەوت دەمینیتەوە. ئەم پلانە ستراتیژیە پەیوەندیەکانی نیودەولەتی یان هەریمی یان ناوەخۆش دەگریتەوە وە کاریگەریان لەسەر بارودوخەکە بە گشتی هەیە لە پلانی ستراتیژی یەدەگ دادەنرێت بۆ سەرکەوتن و پیشکەوتن بەرەو ئامانج ئەم پلانەش بەبیٔ نەخشە و پلانی ئاسایی و هەبوونی ئامارو کەرەستەکانی بەردەست هیچ مانەیەکی نابی. بەڵام پلانی ستراتیژی پیٔ بروا بەرێوە نابی تووشی هیچ بەربەستێك بی یان ئەگەرەگ یان کۆسپ نانەوە بیٔ مەگەر کارەساتی سروشتی شوین یان جەنگیکی لەناوکاو ناوخت وئەویش تووش بیٔ ئەوکات پلانی ستراتیژی هەولدان بۆی بیٔ ئەنجامە جارێکی تر ئەگەر توانێت دەستی پیٔ بکەیتەوە یان رەنگە ناتوانی چونکە رەنگە ژیرخان و سەرخان هەمووی زیانی لی دەکەویٔ.

گرنگی پلاندانان ستراتیژی بیٔ یان جۆریکی تر بیٔ زور پێویستە چونکە هەموولایەك لە ئەندامانی ریکخراو لایەنگرانیان یان لە هەموو دەم و دەزگاکانی دەولەت کۆك دەبیٔ لەسەر کارکردن و لەیەکتری دەگەن لە کاتی جیٔ بەجیٔ کردن و میکانیزمی ئەم بەرەو بەدی هینانی ئەم پلانە هەلەو ناراست و دروستەکان دەتوانن لە یەکتری جیا بکەنەوە واتە پلاندانان پلانی هەمەلایەنێك کارو خاوەن کارەکانە. سوودی پلان دانانی ستراتیژی لەوەشدایە کە لە قسەو قسەلۆك و کیشەی لابەلا رزگارت دەبی چونکە هەموو لایەك بەرپرسیارە و دیار کراوە بۆیە بەرپرسیاری بۆ ئەم جۆرە پلانانە ئەرکێکی یەکجار کاریگەر و پێویستە هەر لایەنە لە ئاستی خۆی هەولی جیٔ بە جیٔ کردنی پلانەکە بدات بە وەی کە دیاری کراوە هەر کیشەیە دێتە ریٔ پیشتر چارەسەری بۆ دانراوە مەگەر لە

توانای هەندێ کەس یەدەر بێ ئەویش بە کۆبوونەوەی لەناکاو چارەسەری بۆ دەدوزریتەوە. کاریکی گرنگی تر بۆ سەرکەوتن پلانی ستراتیژی دانان کۆمیتەیەك یان دەستەیەك بە دوادا چوون کە هەماهەنگی بکات لەگەڵ لێژنەکانی جێ بەجێ کردن هەموو کەم و کوڕێ لەویدا دەست پێ بکات دەستنیشان بکات پلان دابریژی بەلکو پلانەکە بگێرێ. خالێکی تری گرنگ ئەوەیە پلانی ستراتیژی زۆر جار بە دەست گۆرانکاری گیردەخوا کە رەنگە لەگەل پلانەکە نەگونجی.

لە پلانی ستراتیژی ئامانجەکان دیاری دەکرین وەك لە پلانی درێژ خایەن دەبینرێ کە ئامانجەکان هەنووکەین یان لە ئایندە دیار دەکەوێ. گرنگ ئەوەیە ئەو ستراتیژیە وەك خۆی کە رێبازی گشتی بەرەو ئامانج لە ریکخراویك نیشان دەدا سەرکەوتنی پلانی ستراد یژی پێویستە لە چوارچیوەی کاتێکی ماقولدا بێتە دی خۆی بەم ماوەیە ببەستێتەوە، بەرپرسەکانیش تا دواین قۆناغ بە پرۆسەکە خەریك بێ، ماوەی دانانی پلانی ستراتیژی لانی کەم لە مانگیك تا ٦ مانگ دەبی.

یەکەم/ کۆبوونەوەی پلاندانان واتە کوکردنەوەی زانیاری سەرەتایی.

دووەم/ کۆبوونەوە پلانجانان شیتەل کردنی پلاندانەکەیە.

سییەم/ کوبوونەوەی پلان دارشتنە.

ئەم پلانی ستراتژیە پێویستی بە پارە و بوودجەی خۆی هەیە کە پێویستە دیاری بکریت و هەموو تەوەرەکانی بکریت بە دو کومینت و هەلبگیرێ بۆی گەرانەوەی بۆی لەکاتی جێ بەجێ کردن.

ئەم پلانەی لەبەر دەستدایە بوەتە کارنامەیەکی فەرمی بۆیە پیویستە ناوەناوە بە کارمەندای خۆی و ئەندامانی و دەستەی بەریوەبردنی خوی ئاشنا بکریت کەلەسەر هەمووان پێویستە رەچاوی مەرجە بە کلەکانی پلان دانان بکەن وەك:

١- هیشتنەوەی بەهێزیەکان ٢- بەهێزکردنی لایەنە لاوازەکان ٣- چارەسەری هەڕەشەکان ٤- قۆستنەوەی هەلەکان کە دینە پێش ٥- راپرس کردن لە ئەندامان وەك چەند پرسیاریك (١- بۆ هاتنە ریزی ریکخراوەکان ٢- چیت لەو ریکخراوانە دەوێت

٣- ئومێدت پیّ هەیە ٤- کیشەکانت چییە کە رووبەروت دەبنەوە ٥- هەڵسەنگاندنی پروگرام و خزمەتگوزاریەکانی ریکخراوەکە ٦- پێشنیازت چییە بۆ هاوکاری کردنت)

لاوازی دەسەڵات و گەندەڵی لە هەندێ شوێن چ لە ناو رێکخراوەکان یان حکومەت لە خوت و خۆرا پلانێکی بچوکیش ناتوانری جێ بە جێ بکرێ وەك ئەوەی شارەزایەك لە گەرەکیك شەقامیکی دووساید دروست بکات بو بەستنەوەی دوو شەقامی سەرەکی لە شاریك بەڵام بۆ ناتوانی؟

دەیەوی هەروا بە ئاسانی خۆی لە جێ بە جێ کردنی بدزیتەوە بە بیانۆی لاواز گوایە خەلکە کە چەند مالیك چۆلی ناکەن یان داوای قەرەبووی زیاتر دەکەن.

ئەمە کەی مەسەلەیەکە بۆ شارەوانی یان بۆ ئەنجوومەنی پاریزگایەك بۆ هەر ریکخراوێك پلانی خۆی قوربانی حەز و ئارەزووی تاقمێك بکات ئەمە دەگەرێتەوە بۆ چەند هویەك:

١- یان ئەوەتە بودجەکە گۆستراوەتەوە بۆ پرۆژەیەکی تر.

٢- یان گۆزراوەتەوە.

٣- یان نایەوێ بیکەن لەبەر هەر هۆیەکی سیاسی، کۆمەلایەتی.

٤- پەشیمان بوونەوە لە پلانەکە بە هۆی کەم و کورِی یان هەلە.

٥- دەست رویشتوانی گەرەك بە پشتیوانی هەندی لە دەسەڵات رێگر دەبن لە پیناو بەرژەوەندی تایبەت بۆیە دەربارەی قەرەبووکردنەوە ئەمە نابێ ببێ بە کێشە چونکە دەولەت یاسا و رێنمایی هەیە دەتوانی کار بە و یاسایانە بکات. سەیرە دەولەت رابکا لە بەرپرسیاری کە لە ئەستوی خۆیەتی. نەگەیاندنی خزمەتگوزاری پاسا و نیە بۆ ئەوەی مل بۆ هەندێك داواکاری بدرێ لێرەدا دەولەت ئەرکی خۆی نامێنی پێویستە لێپرسینەوە هەبێ.

## چەرخی رێکخراوەکان

بوونی رێکخراو لەهەر وولاّتێك کارێکی ئاساییە کێشەکە لە زۆرو کەمی ئەو سەنتەرو رێکخراوانەدا نییە بەڵکو لەوەدایە:

یەکەم: لە چۆنیەتی دامەزراندنیان لە ئامانجەکانیان لە بەڕێوەبەکانیان.
دووەم: ئایا تا چەند لەژێر کاریگەری دەسەڵاتن (حیزبی، حوکومی) سێ یەم: پشت بەستن بە ئەندامەکانیان کاریگەریان لە بوارەکانی کۆمەڵگەدا چەندە؟ چوارەم: ئایا ئەو ڕێکخراوانە کاریگەریان لەسەر بوارەکانی کۆمەڵگەدا چیە؟ پێنجەم: کێ ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانە هەڵدەسەنگێنێ.. ئەمانە و زۆر کێشەی تر هەیە.. دەبوایە ئەو ڕێکخراوانە کۆمەڵگە و حکومەت لە قەیران ڕزگار بکەن کەچی خۆیان لە قەیران دان. بۆ زانیاریی زیاتر پێویستە بزانرێ ژمارەیی ڕێکخراو سەنتەر لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەندە زۆرە جێگەی سەرسوڕمانە بگرە بە دەیان هەزار ڕێکخراو هەیە لەو وڵاتەدا گرنگ ئەوەیە لە قەیراندا نین لە زۆر وڵاتانی ئەوروپیو یابان و شوێنەکانی تر کارکردنی ڕێکخراوەکان لە برەودایە لەم ماوەیەدا دەنگگۆی ئەوە هەیە کەوەك هەڕەشە بەنیازن بەکاری ڕێکخراوەکان دابچنەوە لانی کەم ئەو بڕە پارەمەتیە نەمری ی و نەژیەی هەندێك لەو ڕێکخراوانە وەری دەگرن کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حکومەت یان حیزبی نین حکومەت دەیەوێ بیبڕێ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی یەکەمیان نارێكو پێکی خودی هەندێك لە ڕێکخراوەکان دووەمیان بیانۆی حکومەت لەسەر ئەم خاڵەو بۆ کپ کردنی ئەو دەنگانەی هەرا دەنێنەوە...

دەسەڵاتەکان ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕن لە نا هەموار کردنی ڕێکخراوەکان وای لێ هاتوو دامەزراندنی ڕێکخراو وەك پێدانی پاداشت و ئیمتیازە بۆ کەسە نزیکەکانی دەست ڕۆیشتووەکان نەك بۆ ئامانجێکی دیاری کراو.. دەست خستنە ناو کاروباری ڕێکخراوەکانو ژوورە بازرگانییەکان لە هەر وولاتێك ئەمە دەکەوتە ژێر کاریگەری کەسی دەسەڵاتدار... بەمەش ڕێکخراوەکانو ژوورە بازرگانییەکان گەشەناکەن و دەبنە بارگرانی لەسەر دەوڵەت بە پێچەوانەی ئەوە دەبوایە بەتایبەتی ژووری بازرگانی ڕۆڵی کاریگەری دەبێ ئەگەر بێتو سەربەخۆ بێ پشت بەستوو بێ بە ئەندامەکانی لە ڕزگار کردنی حکومەت لە کاتی دروست بوونی قەیران..

هەر وەها ئەو کۆمپانیاو ڕێکخراوانە تەنیاو تەنیا بۆ قازانجی گیرفانی خۆیان کار دەکەن بۆچی دەست ناکەن بە دامەزراندنی پرۆژەی بچووك یان مام ناوەندی بۆ وەگەر خستنی چەندین کارگە لە شوێنە زیان لێ کەوتووەکانی کوردستان وەك:

گەرمیان / شارەزوور، شارباژێڕ / بناری قەندیل / خۆشناوەتی / دەشتی هەولێر / کۆیە، ناوچەی بارزان / بادینان / ناوچەکانی بەردە ڕەش (عشائر السبعة) کە بەهۆی ئەنفال و کیمیابارن و وێران کردن تووشی نەهامەتی هاتوون ئەمە قازانج بەسێ لایەن دەگەیەنێ:

یەکەمیان: ناوچەکە.

دووەمیان: بەهۆی زۆر بوونی باج بۆ دارایی دەوڵەت سێیەم قازانج بۆ ڕێکخراو کۆمپانیاکان..

چەند مەرجێك بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئیدارەدانی باش بۆ ڕێکخراوەکان دەخەینە ڕووە.

- بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی بەر چاو پێویستە هەر ڕێکخراوێك بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا کار بکات لە پێناوی بەرژەوەندی ئەندامەکانی.
- بەکار هێنانی هۆکارەکانی پەیوەندییو بەسەرکردنەوە بەکاربێنێ.
- ڕاو بۆچوونەکان بەهەند وەربگرێ و وەلأمیش هەبێ.
- کارەکان بەگوێرەی پسپۆڕی دابەش بکات بەشەکانیش لە یەکتری جیا بکاتەوە، بوونی بارەگایەکی شیاو بە هەموو پێداویستیەکانی زۆر گرنگە
- کە متمانەت پێ کرا، پێویستە ئامانجەکانت بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکار بێنی پرۆژەکانت ببێتە مایەی بار سووکی لەسەر حکومەت لە ئەنجامدا لەلایەن خەڵکەوە بە گەرمی پێشوازیت لێ دەکرێ..
- ڕێکخراو هەمیشە پێویستی بە کۆبوونەوەی ساڵانە ، وەرزی، مانگانە، کۆبوونەوەی لەناکاو ئەمانە بۆ دانەبڕانی ئەندامان زۆر پێویستە سەرەڕای جێ بەجێ کردنی ئەرکی تر
- دەردێکی کوشندە گەندەڵی و مشەخۆریە کە وەك مۆرانە دەکەوێتە گیانی ڕێکخراوەکە دەیپروکنیتەوە..
- ڕێکخراو دامەزراوەیەکی پتەوە ئەگەر وای لێ هات ئەندامەکانی وەك:

(أمراء الحرب و أمراء المال) هەڵس و کەوت بکەن ئەوا ماڵئاوایی لێ بکە.

- هەر ڕێکخراوێك پێویستی بە بەرپرسێکی (بەڕێوەبەر) بەتواناو بە جورئەت و خۆنەویستو پسپۆڕ هەیە خۆبەخشانە پێکەوە کار بکەن لە پێناو دەرکردنی ناوبانگی ڕێکخراوەکەیان.

- ڕێکخراو نابێ هەر بیر لە ئەندامە دەست ڕۆیشتووەکانی بکاتەوە بەمە پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراو خەڵك دا لاواز دەبێ بەپێچەوانەوە ڕێکخراو هەمیشە پێویستی بە ئەندامی نوێ خوێنی نوێ تواناو هزری نوێ هەیە.

- بەردی بناغەی ڕێکخراو ئەندام + دەزگاکانی وەکوو ئامار و پلان و بودجە بەردەوامیش هەڵسەنگاندن.

- پەرەسەندن و پێشکەوتنی ڕێکخراو لەڕێگەی بەکار هێنانی توانای ئەندامەکانە کە پێویستە بەکارەکاندا بچێتەوە لە ڕێگەی (چاککردن، باشکردن).

## بەشی سێیەم:

# دابەشکردنی کارەکانی فەرمانگەیەك لەنێو کارمەندانی

(میکانیزمی کارکردن + ئامانج + بابەت (ئەرك) + هۆیەکانی کارکردن) گواستنەوە. هەر دام و دەزگایەك دەولەتی بێ یان هەرلایەنێکی تر وەکو کۆمپانیاو نووسینگەکان و سەنتەرەکانی تر بەهۆی ئەوەی کە چ لەرووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یان وەرگرتنی قازانج ناچار ە کارەکانی خۆی ڕێك بخات ئەویش بەم ڕێگایانەی خوارەوە:

١)شوێن (بارەگا)

٢)بەڕێوەبەر ← ئیدارە(کارگێری) ، دارایی ، هونەری

٣) کارمەندان

٤)پەیڕەو پرۆگرام

٥)پلانی جێ بەجێ کردن

٧)چاودێری ی و بەدوادا چوون

٨)کۆگا

٩)کەرەستەکانی کارکردن (ممتلکات بەگشتی)

١٠)دەزگاکانی پەرەپێدان (تطویر)

١١)بەراووردو هەڵسەنگاندن

١٢)کۆمپوتەر و ئەنتەرنێت

١٣)هاندان

١٤)هێزی کار (القوى العاملة)

## ١) شوێن و ( بارەگا ) گرنگی لە وەدایە :

أ- هەلکەوتەی (موقع) سەنتەری شار، پەڕگە، نزیك

ب- نزیکی لە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی

ت- نزیکی لە شوێنی نیشتەجێ بوون یان بازرگانی

پ- نەخشەوجوانکاری

ج- بیناکە بەگوێرەی ( دەزگاکەبێ کەجێگەی هەموو کاروپێداویستەکان بکات)

ح- باخچەیەکی شیاو

خ- بوونی سەرچاوەیەکی بەهێزی ئاو

د- دیکۆری ناوەوە بەسیستەمەێکی نوێ دروست کرابێ

ژ- ناونیشانی دیارو لەشوێنێکی وابێ کەسەرنج رابکێشی. واتە(ناوی فەرمانگەکە)

٢ )**بەرێوەبەر:** پێویستیەکی بنەرەتیە بۆ ئەوەی میکانیزمی دەزگاکە پەکی نەکەوێ سەرپەرشتیارێك هەبێ لەو بوارەی کە دەزگاکەی لە پێناویدا هاتووتە کایە مەرجی شارەزایی زۆر گرنگە نەك خۆی راستەوخۆ کارەکان راپەڕێنێ:-

نووسینگە ی بەرێوەبەر:

أ- ئەمیندار (سکرتێر) بۆ زانیارییەکان بە تایبەتی لە رێگەی کۆبونەوەو کۆنووسی کۆبوونەوەکان

ب- راوێژکار (جێگر یان یاریدەدەر) (شارەزا)

ت- یاسا

پ- راگەیاندن

ج- پەیوەندیەکان و بەدواداچوون

٣ ) **کارمەند:** کارمەند ی کارامە ئەو کەسەیە کە ئامرازەکان بە شێوەیەکی کاریگەرو باش بەکاردەهێنێت بەگوێرەی پێویست و شارەزا و پسپۆری لەو کارەی پێ ی دەسپێردرێ پێویستە هەر کارمەندێك کارێکی سەربەخۆ بکات بەرپرس بێ لە هەموو قۆناغەکان تا کۆتایی ئەگەر پشتگیری زانیاریەکی دیت بۆ هەر معاملەیەك ئەوا دەبێ خۆی جێ بەجێ ی بکات بەتەلەفۆن یان بە هەر ڕێگایەکی تر ئەمانە بەوەدەکرێن کە ڕێنمایی ی و یاساکان لەبەر دەست بێ

کارمەندان چوار جۆرن:

| | | |
|---|---|---|
| ١. | کارگێری | (أداري) |
| ٢. | دارایی | مالی (حسابات) |
| ٣. | هونەری | فنی |
| ٤. | خزمەتگوزاری | خدمات |

پێویستە هەموو معاملەیەك لە کۆمپیوتەر خزن بکریت بۆ گەرانەوە بۆ سەری لە کاتی پێویست بۆ ئاسانکاری واتا سیستەمی راپەراندنی کار راستەوخۆ لەئەستۆی کارمەندە

٤ ) **پەیڕەو:** سیستەم، ڕێنماییەکان، یاساکان، (نظام، ضوابط) تعلیمات، قوانین ئەمە ناسنامەی هەر دەزگایەکە پێویستە لەلای کەسەکانی دەزگاکە بێ ڕەچاوی گۆرانکاری ئەم پەیڕەوە کارێکی گرنگە کە دەبێ کەسەکان لێ ی بەئاگابن بە بەردەوامی زۆر گرنگە و باشترە کە هەندێ لەو ڕێنمایی و زانیاریانە (مراجع) لێ ی شارەزا بێ ئەویش لە ڕێگەی جیاجیا بە تایبەتی هەڵواسینی لە شوێنێکی گونجاو......

چونکە زۆر گرنگە مراجع بزانێ چی بۆ دەکرێ لەوەی کە دەیەوێ بە گوێرەی یاساکانی فەرمانگەکە هەروەها پێویستە کارمەندیش لە مراجع بگا کە چی دەوێ.. واتە (زانیاری گۆرینەوە) ئەمە دەبێتە هۆ ی ئەوەی هیچ مراجعێك سەردانی دەزگاکەت ناکات ئەگەر بزانێ کارەکەی ناکرێت چونکە نایاساییە وە بەپێچەوانەوەش واتە دەبێ مستە کۆلەیەك لە رۆتین بدرێت نە کاتی کارمەند بەفیرۆ بڕوا نەکاتی مراجع واتە رەچاوی کات بکرێ

کارێك ئەگەر دەکرێ دەبێ بکرێ کە ناکرێ کەواتە دۆسیەکە داخرا (غلق)بوو ئەمرۆ خەلك کۆشتەی رۆتینە بەرپرسی فەرمانگە کانیش عەشقی مۆر (التوقیع)ن.

٥) **پرۆگرام ( بەرنامە و بابەت و کار و ئامانجەکان )+ گەیاندن** لەیەکەم وێستگەی فەرمانگەکان ئاستەنگ دەست پێ دەکات ئەویش پرسگە (أستعلامات) بوونی بۆ مەبەستێکە بەلاَم کارکردنی بۆ مەبەستێکی ترە. بۆیە چ پێویست دەکات ئەم نێوانە هەبێ لە جیاتی ئەمە هەندێ زانیاری هەڵبواسرێ بۆ رێنمایی بەمەرجێ فەرمانگەکە خۆی رێکخستنی کاری ناوەوەی مسۆگەر کردبێت

بوونی فۆرم هەنگاوێکە بۆ ئاسانکردنی راپەراندن واز لە داوا نوسین بهێنرێ نمونەی فۆرمە کەبەم شێوەبێ:

ناوی فەرمانگە:

بەش (     )

ناو:

پیشە:

ناوونیشان:

تەلەفۆن:

مەبەست:  لێرەدا کارەکە دەنووسرێ کەچی داوادەکات

**هاوپێچ:**

پێویستیەکان

.١

.٢        مۆرو

.٣        بەروار    /      ٢٠٠٧

**کۆنترۆلی فەرمانگە:** ئەم فۆرمە وەردەگرێ بۆ ماوە یەکی کورت چاوەرێ دەکات گەر پێویست بوو داواکار خۆی دەچێ بۆ لای بەشی پەیوەندیدار ئەگەرنا لە رۆژی جێ بەجێ

کردنی کارەکەی ئاگادار دەکاتەوە بە پسولەیەك هەر بەشە یان هەر کارمەندێك کە لە کارێك بەرپرسە تەنیا خۆی بە گوێرەی ڕێنماییەکانی بەردەست بێ ڕاستەوخۆ تەواوی دەکات بێ ئەوەی مۆری سەرووی خۆی بۆێ یان بجێتە دەرچوو هاتوو خۆی ژمارەی لەلایە، ئەم فۆرمە بۆ ئەوانەیە کە کارمەندی فەرمانگەکەبن بەلاّم بۆ شوێنێکی وەکو پەروەردە سەرەرایی فۆرمەکە دەبێ کۆدی خۆی بنووسێ کە فایلە گشتیەکەیە لە فەرمانگە فایل وەکو ئەوراق دەمێنێتەوە بەڵکوو لە کۆمپیوتەر زانیاری هەر کارمەندێك تۆماربکرێت بە کۆدی تایبەت لەکاتی گەرانەوە بۆی تەنیا کۆدەکە بەکاردێت ٠

زانیارییەکان چین کە لە کۆمپیوتەر تۆمارکراوە

(ئەمە لەڕێی فایلی کەسێتی)

١. ناوی چواری + کۆد
٢. مێژوی لە دایك بوون
٣. ژمارەی ناسنامە
٤. رۆژی دامەزراندن
٥. پیشە و شوێنی کارکردن
٦. پسپۆری و بڕوانامە
٧. هەندێ زانیاری پێویست
٨. دوا مووچە
٩. ناونیشان – شار – گەرەك – تەلەفۆن

گرنگ ئەوەیە لەم ڕێگەیە ئاسانکاری دەکرێت بۆ زوو بەزووی ڕاپەراندنی کار لەلایەکی تر بۆ کەمکردنەوەی خەرجی لە رووی کاغەزو کارمە ندی زیاتر واتە دەست پێوەگرتن.

فایلی کەسێتی بارگرانییەکی قوورسی هەیە کەدەبێ شوێنی بۆ دابین بکرێ شوێنەکەش تایبەتمەندی خۆی هەیە هەر کارمەندێك پێویستە لە هەرفایلێك رەنگە بە دەیان ئەوراقی نا پێویست کۆبکرێتەوە کە هیچ پێویستی پێ نیە.

٤. پرۆگرامەکان یان ناونیشانی کار یان ئەرکەکان چین کە لە فەرمانگەیەك دا هەیە.

یەکەم: بەرپرسی بەش /هێزی کار (افراد)

١. دامەزراندن و دەست بەکاربوون

٢. مۆڵەت

٣. سەرمووچە

٤. پلە بەرزکردنەوە

٥. گۆڕینی ناونیشان

٦. دەرماڵە

٧. پێ ڕاگەیاندن (أخطار)

٨. خانەنشینی

٩. کارکەنار (استقالة) فصل

١٠. دەست لە کارکێشانەوە

١١. کاروباری ڕۆژانە

١٢. میلاك

١٣. دەوام

١٤. گواستنەوە

١٥. لیژنە ئیدارییەکان

١٦. لیژنەی پزیشکی

دووەم: بەرپرسی ژمێریاری

١. مووچە (لیستی مووچە)+ خەرجیەکان بەرپرسی دارایی

٢. بڕینی مووچە ژمێریاری

٣. بوودجە ووردبین

٤. لێژنەی کڕین پلان

٥. خەرجی لەسەر پرۆژەکان کارگێڕی

٦. داهاتەکان

سێ یەم: بەرپرسی بەشی چاودێری دارایی (ووردبین)ی

کاری سەرەکی چاودێری و پشکنین لە سەر خەرجیەکانی داهات و پاشەکەوت بەپێی ڕێنماییەکانی تایبەت بەم بوارە.. لەسەر هەر پسولەیەکی دارایی کە کاری پێ کراوە بەپێ ی ڕێنمایی:

١. هەبوونی داوایەك مژکرە و دیاری کردنی هۆیەکە

٢. ڕەزامەندی بەرێوەبەر

٣. بەپێ ی بوودجەی پەسند کراو

٤. پسوولە

٥. ادخال / اخراج (مخزن)ی

چوارەم: کۆگا:ئەم کۆگایە تایبەتە بەبە شی ژمێریاری لە هەر فەرمانگەیەك بۆ دانان و خزن کردنی تۆمارگە و بەڵگەنامەکان و دیکۆمێنتەکان بەگشتی هەروەها بۆ دانانی قرگاسیە و چاپەمەنیەکانی تایبەت بە فەرمانگەکە کە ئەویش بەرپرس و کارمەندی خۆی هەیە کە بەفەرمانی ژمێریارنەبێ دەرناچێ.

تێبینی: هەموو چالاکیەکان پشت بە کۆمپیوتەر دەبەستێ نەك لەسەر ئەوراق کاردەکات بەگوێرەی کۆد و بابەت و ڕاپەراندنی کارەکان.

بەرپرسی هونەری: ئەم بەشە بڕبڕەی پشتی فەرمانگەیە کە لەچەندین کارمەندی شارەزاو پسپۆرو بە تواناو خاوەن بڕیار پێك دێت:

١. پلان و ئامارو توێژینەوە

٢. ئەندازەیی

٣. چالاکیەکانی تر بەگوێرەی ئەرکەکانی فەرمانگە

بۆ نمونە (پەروەردە):

١. وەرزش

٢. هونەری

٣. ورك شۆپ (تدریب)(ڕاهێنان)

٤. دیدەوانی

٥. کاری دەستی

فەرمانگە پێویستی بە کۆنفراس دەبێ کە لەخوارەوە بۆ سەرەوە کارەکان هەلسەنگینی بڕیارەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابەزێنێ بە مەبەستی بە چالاکی کردنی پلانی نوێ و ئەنجام.

کارێکی لێوەشاوەتر ئەوەیە کە ئەو فەرمانگەیە چۆن دەتوانێ بەباشترین شێوە خزمەتەکانی ئامادە بکاو پێشکەش بکات..

وازهێنان لە:

١. کەلەکەبوونی کارمەند
٢. کەلەکەبوونی کاغەز
٣. کەلەکەبوونی پلەی وەزیفی زیادە

لە بەرامبەر بێ سەرو بەری بەرێوەبردن و تێکەل و پێکەلی دەسەلاتەکان و سیستی لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان.

## دەسەلات

دەسەلات واتە دەستەلات واتە ئەوەی لە دەستی دێ یان لەبەر دەستی یەتی یان دەتوانێ بیکات بەبێ ئەوەی پرس بکات بە یەکێکی تر.

دەسەلات دووجۆرە

١)دەسەلات بەحوکمی وەزیفەکە (ناونیشانی کارەکەی) واتە کە تۆ ژمێریاری کارەکانی ژمێریاری خۆت جێ بەجێ ی دەکەی کەسێکی تر نیە بێ لە بەشی کارگێری بیکات واتە بەپێ ی رێنماییەکان کارەکان راپەرێنی.

٢)دەسەلات ئەوەی لەسەروویی خۆت وەری دەگری کە بەشێکە لە دەسەلاتی کەسێکی تر. بۆیە هەر کارمەندێك ئەو دوو دەسەلاتە دەبێ پەیڕەو بکات ئەگەرنا کارەکان قورسی و رێنماییەکان لاواز دەبن.. هیچ کارمەندێك بۆی نیە لەسەر دەسەلاتی یەکی تر کاربکات لە بەرزیی پلە تا نزمترینی.. واتە با بەرێوەبەریش بێ بۆیە لە هەر فەرمانگەیەك بە

فەرمی و بە فەرمان دەبێ ئەو دەسەلاتانە دیاری بکرێت کارمەندێك کاری مۆڵەت دەکا دەبێ بزانێ تا چ سنوورێك دەتوانێ دەسەلاتی خۆی بەکاربێنی واتە ئەمە پێویستی بە دیارکردن هەیە.. نەك هەرئەمە بەلکوو پێویستە کارەکان دابەش بکرێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە ئەرکی هەرکارمەندێك لە شێوە کارە لێکچووەکان کۆبکرێتەوە لەکاتی نەهاتنی کارمەند پێویستە کارمەندێکی تری شارەزا لەو بوارە بچێتەجێگەی دابەشکردنی کارەکان بۆ نموونە لە پەروەردە بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:—

کارمەندی(س) دامەزراندن وەردەگرێ لەگەڵ دەست بەکاربوون لەگەڵ دابەشکردنیان بۆ سەرکاری دیاری کراوە بۆ وێنە مامۆستایان بەسەر قووتابخانەکان دابەش دەکرین ئەو دابەشکردنەچۆن دەبێ:

١. شوێنی چۆل واتە پێویست
٢. بە گوێرەیی پسپۆری
٣. بە گوێرەیی نمرە (معدل)
٤. شوێنی دانیشتن

ئەو کارمەندە کۆدێك بۆ هەر مامۆستایەك کە دادەمەزرێ دیار دەکات

کارمەندی /ش خانەنشین + پێ ڕاگەیاندن + کەنار کردن (فصل) تا دەگاتە پێدانی ناسنامەی خانەنشین.

کارمەندی / و: دەرماڵە بەهەموو جۆرەکانی.. کاتی زیادە، نمونەیەك لە فەرمانی دابەشکردنی کارمەندەکان لە پەروەردە لەبەشی خۆیەتی و میلاك. (کوا نموونەکە؟)

دیاردەیەك: معامەلە وون بوون کارێکی ڕۆژانەیە دام و دەزگاکان پێوەی دەنالێنن بۆ ئەوەی لەم کێشە رزگاربن پەیڕەوی ئەم خالانەی بکرێ.

١)وەك باس کرا بۆ هەر معاملەیەك (کەسێك) کۆدێك هەبێ هەرچی هەیە بەدرێژایی ساڵ یان خزمەتی کارمەندێك یان ئەگەر مراجع بوو کۆدێکی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوەی لەهەر کارێکی تر کە دێتە پێش بتوانرێ بگەرێتەوە سەر پێشینەکان (ئەولیات).

٢)ئەمانەلە فایلیك هەلبگیرێ

٣)هەر معاملەیەك کە دەچێتە لای هەرکارمەندێك پێویستە لە تۆمارگەی خۆی ئاماژەی پێ بکا.

٤)باشترین ریگا ئەوەیە کاتی جیّ بەجیّ کردن پەلەی لیّ بکریّ و دیاربکریّ واتە پشت گویّ نەخریّ

ئاسانکاریی بۆ راپەراندنی کارەکان (معاملات) لە رووی گواستنەوە:

١) کات دیاربکرێت کە تەنیا لەو کاتە دەتوانریّ داوای گواستنەوە بکریّ.

٢) لیژنەیەکی تایبەت بۆ سەیرکردنی ئەو داوایانە.

٣)کاتێکیش دیاربکرێت بۆ جیّ بەجیّ کردنی ئەو کارە.

٤)براوە الزمە (ئەستۆ پاکی).

لە روویی دەسەلاتەکانەوە.

١)پێدانی دەسەلات بۆ خوارەوە دەبێتە هۆی راپەراندنی کارەکان.

٢)ئەودەسەلاتانە دیار بکرێت بە فەرمان.

٣)ئەو دەسەلاتانە بۆ نموونە: مۆلەت، پشتگیری، رەوانەکردنی کارمەندی نەخۆش).

٤) دووای رەزامەندی لەسەر داوا کاریان کە پێویست بە دارایی ی و کاری تر نەبیّ راستەوخۆ زانیارییەکانی سەر داواکە لەسەر کۆدی کارمەندجێگیر بکرێت بەبیّ ئەوەی فەرمانی تر دەربکریّ.

٥)کەس دەسەلات ی نەبیّ کە معاملەو دارایی لە یاسا بەدەر جیّ بەجیّ بکات...

## حوکومەتایەتی

حکومەت بەواتای ڕاستەقینەی خۆی: بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەگەل، دەسەلاتی خزمەتگوزاری، جێبەجیّ کاری یاسا لە ڕێگەی بەدام و دەزگا کردنی دامەزراوەکانی خۆی، ئەم حکومەتە چ لەکاتی خۆشی یان تەنگانە ئەرك و فەرمانەکانی دەگۆڕیّ لە کاتی پێویستیدا بەهانای میللە تەوە دێت، چونکە لەبناغەدا سوود و زیانەکان کە بۆ حوکومەت بیّ یان لەسەر حوکومەت بیّ ئەوە هەر بۆ گەل دەگەڕێتەوە، حوکومەت هاوکێ شەکان ڕاست دەکاتەوە ئەوەی لەبازاڕ هەیە یان نیە بەرامبەر ئەوەی داواکاریی لەسەرە یان لەسەر نیە.. ئەم کارە لەڕووی ئابووری، گوزەرانی، بازرگانی، ئیستسمارات

لـە قۆنـاغی ئـەمڕۆ چـارنیە هـەردەبێ دەولـەت ڕۆڵـی خـۆی بینـێ و چـاودێری بکـات، حوکومەت ئەوە نیە بێ ئاگا بێ یـان خـۆی گێـل بکـا یـان بـێ لایەنانـە هـەڵس و کـەوت بکـات،.. نەخۆشـیەکانی سیـستەمی تەندروسـتی، ئـابووری، کۆمەلآیـەتی بەنـدە بـە چۆنیەتی سیستەمی بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکان ... بۆ وێنە وەزارەتی تەندروستی بە چ هـەقێك ڕێگـە بـە خـۆی دەدا کـە خـۆی لـە یاسـا و نیـزام و ڕێنماییـەکانی بـە خـاوەن نەکات ! ! بێ ئەوەی هەموومان هەست بەوە بکەین زۆر بوونی نەخۆشـی، بلآوبوونـەوەی دەردو پەتای زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دە رمانخانەکانی سەرجادە بۆ عیادە ناشەرعیەکان بـۆ نـەبوونی چـاودێری تەندروسـتی لەسـەر دەزگـا تەندروسـتیەکانی حوکومـەت و ئـەهلی، نەبوونی دەزگایەکی پشکنین و بـۆ داودەرمـانی قاچـاغ یـان دەرمانخانـە یاساییەکانیش لەڕووی چۆنیەتیی و کاریگەریی و کاتی بەسەرچوونی هەر داودەرمانێك کـێ بـاجی ئـەم ڕەفتارە نادروستانە دەدات چ لەڕووی چارەسەری چ لەڕووی گرانـی نـرخ هـەر هاوولآتیـە ئەمـە نموونەیـە بـۆ هـەموو بوارەکـان قـات و قـڕی و گرانـی سـووتەمەنی دەردێکـی درێژخایەنـە سـاڵ بەسـاڵ خۆزگـەمان بـە پـار، هـەروەها بـێ سـەر و بـەری بـازاڕ و چەوساندنەوەی خەڵك بەهۆی نـەك بـەبێ لایـەنی حوکومـەت لەبەرامبـەر ئـەم بارودۆخـە ناشایستانە بەڵکو زۆرجاری واش هەیە خۆی دەبێتە بەشێك لەو ناشایستانە خۆی وەکوو قاچاغ چی یان چەوسێنەر هەڵس و کەوت دەکات دوو ڕێگا هەیە حوکومەتی پێ دەبێتـە حوکومەت بەواتای تەواو ئـەویش لـەکاتی ئەزمـەدا گرفـت دا (الأزمـة) دێتـە مەیدان یـان ئەوەتە پێداویستیەکان پەیدا دەکات لەسەر ئەستۆی خـۆی ئەگـەر زیانیـشی لێ بکـەوێ کەئەمە یاسا و ڕێسایە کە هەموو وولآتان پەیڕەوی دەکەن واتە (بارویۆ) بۆ وێنـە ئەگـەر کیلۆیە شەکر بەیەك دۆلار بێت ئەوە دەیفرۆشێتەوە بە میللەت بـە نیـو دۆلار واتـە خـۆی حوکومەت شان دەداتـە بـەر زیانەکـە ... یـان ئەوەتـە کـە گرانـی داهـات مووچـە بـەرز دەکاتەوە،ئەگینا هاوکێشەکەی بـازاڕ کێـی تـر هەیـە بیکـات بـەلآم کارەسـات لەوەدایـە حوکومەت خۆی هەوڵی ئـەو قـات و قڕیـە بـدات بـۆ ئـەوەی دەسـت ڕۆیـشتووەکانی نـاو حوکومـەت دەسـت کـەوتی تریـان بەدەسـت بکـەوێ بۆیـە ناشـیرینە بـۆ حوکومـەت

حوکومەتایەتی بەم شێوەیە بکات. بابڵێ من حوکومەتم بەڵام لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی بەرپرسی بازرگان.. با میللەتیش گورگان خواردی بکات.. !

کە دەڵێین ڕووتاندنەوەی میللەت لە هەموو لایەك ئەمە تان و توانج نیە بەڵکوو واقیعێکە نکۆڵی لێ ناکرێ بۆ کەسیش نیە پاساوی بۆ بێنێتەوە، کارەسات لەوەدایە پیاوانی دەوڵەت (صفقات) بۆ خۆیان لێ بدەن..! بەناوی حوکومەت بەرپرسانی بەرزی دەوڵەت بۆ مانگ و دوو مانگ کاری خۆیان جێ دێڵن گوایە بۆ خزمەتی حوکومەتە کەچی ئەوەی لێی بێ بەشە حوکومەتە..! لەکاتێکدا پێویستی بە پرۆژەی ژیانەوەی گەل هەیە وەکوو، کارگە، کارەبا، ئاو، سووتەمەنی.. حوکومەت باڵەخانە و پرۆژەی پلە دوو یان سێ و چوار جێ بەجێ دەکا: - ڕاستە ئەمانەش گرنگن و پێویستن بەڵام ئەو پرۆژانەی ڕاستەوخۆ کاری گەریان هەیە لەسەر ژێرخانی گەلێك وەکوو ئەوانەی باسمان کردوو زیاتریش لەمانە وەکوو، پرۆژەکانی تەندروستی، پەروەردە، ئاو ئاوەڕۆ، ووشیاری.. ئەمڕۆ راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێئەوەی شەرم لەخۆیان بکەنەوە پیاوانی دەست ڕۆیشتووی حوکومەت حیزب بەڵێندەری پرۆژە و سەفەقەکانن..! کەواتە حوکومەت چی بکات باشە..! تەنیا ڕێگا ئەوەیە خۆی لەم دەست تێوەردانانە بکێشێتەوە پارێزگاری لەو یاساو ڕاسایانە بکات کە خۆی پێش هەموو لایەنێك پێشێلی دەکات.

## ( مەرجەکانی پێویست بۆ وەرگرتنی پۆستە گرنگەکان ( پلە و پایە )

١- لێوەشاوەیی لەڕووی کەسێتی ، کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، جورئەت.

٢- شیاو بێ بۆ ئەم پۆستە (نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب).

٣- شارەزایی و لێهاتوویی (کفاءة وخبرة) مەرجی بنەڕەتی بۆ هەڵسەنگاندنی کەسێك کە پۆستێکی شیاوی خۆی وەربگرێ لەڕووی پسپۆری (أختصاص).

٤- بڕوانامەی پسپۆری.

٥- وەرگرتنی فۆرمی زانیاری گشتی لە ژیانی وڤیفی واتە خلاصەی خدمە ئەم فۆرمە لەبەردەست بێ بۆ هەر پاڵێوراوێك بە مەبەستی هەڵسەنگاندن.

٦- کەس بدۆزینەوە بۆ کار نەك کار بدۆزینەوە بۆ کەس.

٧- پێوانەی خزم خزمانێ و تەکەتولات و حیزبایەتی وەلانرێ.

٨- کەسێك بۆ پۆستی بەڕێوبەری گشتی شیاو بێ نابێ بکرێتە وەکیل وەزارەت یان وەکیل بۆ وەزیر.

٩- حەزوو ئارەزووی پێکەوە ژیان و تەبایی لە سەرووی هەموویانەوە بێ.

١٠- لەکاتی کێبڕکێ (منافسة) لە نێوان کەسی بێ لایەن و خەباتگێڕان بەگشتی خەباتگێڕەکە دابنرێ ئەگەر هەموو خاڵەکان لەنێوانیان کۆك بوون واتە وەك یەك بوون ئەگەر نەبوو بێ لایەنەکە دابنرێ.

١١- کەسی بێ لایەن لەبەر بێ پشتی ڕەنگە جۆرەها کاریگەری لەسەر بێ وەك ئەوەی ببێتە ئالەت پاڵپێوەنەرێکی لە پشتەوە بێ.

١٢- قسەی بازاڕ بەهەند وەربگیرێ لە سەر هەر پاڵێوراوێك.

١٣- پێشینەیەکی (سابقة) خراپی نەبێ لەڕووی گەندەڵی ، رەوشت ، زڕانی ناوبانگ .

١٤- ملکەچی بوونی بەیاساو ڕێنمایەکانی پەیڕەو کراو لەڕووی دارایی و ئیداری.

١٥- زەمینەیەکی باشی هەبێ لەسەر گشت زانیاریەکان پەیوەندی دار بەوپلەو پایەی کە بەرەو ڕووی دەکرێتەوە.

١٦- ووریاو ووشیار و چالاك و بزۆك بێ نەو ەك تەمبەڵ و دەبەنگ و بڵێ بەڵێ گەورەم.

١٧- وەرگرتنی پلەو پایە بە نۆرە (تناوب) نەبێ لەسەر ئەساسی عائلی یان ورایی.

کەسێك پێویستە خۆی تەرخان بکات بۆ یەك پلە واتە جمع نەکا لە نێوان پلەی حیزبیو پلەی حوکومی مەگەر لەکاتی زۆر پێویست نەبێ یاخود ئەگەر پۆستەکە سیاسی دانرا ئەوا دەکرێ جمع بکرێ بەڵام هیچیان نابێ لەسەر حیسابی ئەوی تربێ.

١٨- دابەشکردنی پۆستەکان ئەگەر توانرا لە ڕووی مەرجەکان بەگوێرەی دانیشتوانی ناوچەکان بێت وە خەڵکی ناوچەکەش بێت باشترە.

١٩- ڕێزگرتنی کەسانی ماندووەك پێشمەرگەو.. هتد ئەوە نیە تەنیا لە ناو پۆستەکانی دامەو دەزگاکانی دەوڵەت بێ بەڵکو بواری تر هەیە هەقیان بەزیادەوە پێبدرێ. مەبەست ئەمەیە نەبێتە هۆیەك بۆ وەرگرتنی پۆستەکان.

٢٠- حوكومەت (پۆستەكان) نەكەینە قوربانی كەسەكان بەڵكو بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی كۆمەڵگە لەهەموو لایەنێك بەرەو پێش بڕوات.

٢١- ئەو كەسەی بۆ پۆستێك دیاری دەكریٚ یان دەپالێوریٚ پێویستە بەرنامەی خۆی پێشكەش بكات.. چی پێیە بۆ گۆڕانكاری لەو پۆستە.

٢٢- نازو فیز ڕاگرتنی گەلێك پیرۆزترە لە هی چەند كەسێك بۆیە پێویستە زانستی پاڵێورانی پۆستەكان فێربین خۆمان بەم زانستە ڕۆشنبیر بكەین.

٢٣- ڕەچاوكردنی بنەماكانی دیموكراتی بۆ ئامادەكردنی خەڵك بۆ پۆستەكان.

٢٤- دیاری كردنی پۆستەكان بە گوێرەی پێویستی بیٚ نەك دۆزینەوەی ناونیشانی وەزارەت یان دەزگایەك لە بەر خاتروختور بیٚ.

٢٥- پێویستە عەقڵی باش لەدوای پالاوتنی هەر كەسێك بێت بۆ وەرگرتنی پۆست ئەگینا تووشی كارەساتو گەندەڵی دێت، چونكە عەقڵی باش ئەنجامی باشی دەبیٚ نەوەیەكی ووشیارو بەهۆش دەبیٚ.

٢٦- نەخشەو پلانو ئامار ئەگەر بەچاكی بەكار هات لەناو كارەكانی دەوڵەت لە وەرگرتنو پڕكردنەوەی پۆستەكان تائەنجام دان سەرەنجامی ڕێكی لێدەكەوێتەوە.

٢٧- دورخستنەوەی ئەوكەسانەی خەریكی خۆ دەوڵەمەندكردن و كەڵەگایین بەسەر خەڵكدا.

٢٨- كارەساتو نەهامەتی لەوەدایە كارمەندی كەم ئەزموون یان لە پلەكانی خوارەوەی ناو دەزگاكان یان لەسەر جادە بێنین بیكەین بە وەزیر یان هەر پۆستیكی گرنگ .

٢٩- هەندیٚ پلەو پایە (پۆست) هەیە خەڵكانی پسپۆڕی بواری خۆی دەویٚ شارەزاییو لێهاتوییەكی زۆر بۆ نموونە وەزارەتەكانی پەروەردەو تەندروستی.

٣٠- زولمە ئەوانەی تازە بڕوانامە وەردەگرن پۆستی گرنگیان پیٚ ڕەوا ببینریٚ چونكە خۆیان پێویستیان بە یارمەتی هەیە جاریٚ مافی فێربونیان هەیە نەك خەڵك بەسەقەتی فێربكەن و بەسەقەتی كاربكەن.

٣١- خاڵێكی گرنگ هەیە هەندیٚ كەس ڕەنگە زۆر لەو مەرجانەی سەرەوەی تێدابێت بەلاّم فێر نەبووە یان حەزیش ناكات (قیادي) بێت بەڵكو دەیەوێت ئەمری بەسەر بكرێت نەك ناتوانیٚ دەزگایەك بەڕێوە ببات.

٣٢- پێوانەی دەستنیشانكردنی هەركەسێك لەوەدایە كەئایا دەیەوێت ئەوهەلە بقۆزێتەوە بۆ خزمەتكردنی خەڵك یان خزمەتكردنی خۆی. !.

٣٣- نیشتیمان پەروەر لە ڕیزی گەل بێ.

٣٤- دەست و دەم و داوێن پاك بێت. !.

٣٥- هەر كەسێك شیاوی پۆستەكەی نەبوو ئەوە غەدر لە خۆیی و لە پۆستەكەش دەكرێت.

## پێوانەی جێ بەجێ كردنی كار ( الوحدة القياسيه )

١) بەپێ ی كاتی پێویست كارمەندی پێویست دەست نیشان دەكرێ.

٢) كاتەكان بۆ هەر كارێك ماوەی دیار بكرێت.

٣) سەرەنجام كارمەندی زیاد و كەم دیار دەكەوێت.

خەرج كردنی پارە چۆن دەبێ.

١) كارمەندی كارگێری بەرپرسە لە دەركردنی فەرمان تا دەگاتە بەرواری دەرچوو (الصادرة).

٢) كارمەندی دەرچوو بەرپرسە تا دەی گەێنیتە كارمەندی ژمێریاری.

٣) كارمەندی ژمێریاری بەرپرسە تا دەگاتە لیستی خەرج كردنی مووچە.

٤) سوودمەند هیچ ئەركێكی لەئەستۆدانیە.

ئاسانكاری بۆ دەسەڵات

هەر كارێك یان فەرمانێك كە پێویستە بكرێ بە گوێرەی یاساو سیستەم و ڕێنماییەكان كە بەڕێوەبەر دەسەڵات ی بەسەر دانیە كارمەندی تایبەتمەند بەو كارانە ڕاستەوخۆ فەرمان دەردەكات بەبێ ئەوەیڕەزامەندی لەسەرووی خۆی وەربگرێ وەك:

١) خەرج كردنی مووچەی مۆلەتی ئاسایی ی و پشووی هاوینە بۆ ئەوانەی كە خانەنشین دەكرێن.

٢)خەرج كردنی پاداشت (مكافأة) كە هەیانە بەگوێرەی یاسا وەكو مامۆستایان واتە (٦ مانگەكە).

٣) پــێ ڕاگەیانــدنی کارمەنــد و دەرکردنــی فــەرمانی پێویــست بــە بەرکــەنار کردنــی دوای تێپەڕبوونی ماوەی پێ ڕاگەیاندنەکە.

٤) پێ نەدانی زیادەی ساڵانە بەوانەی کە یەك لە سزاکانیان وەرگرتووە.

٥) جێ بەجێ کردنی مامەلەی مردووەکان (ترقین قید).

٦)جێ بەجێ کردنی مــادەی (٣) لــە یاســای ژمــارە (٣٣) ســاڵی ١٩٦٦ لەگــەڵ ئەوانــەی بڕیاری لیژنەی پزیشکیان هەیە.

٧) دەرکردنی فەرمانی پێدانی مووچەی مۆڵەت و پاداشت لە هەمان فەرمانی خانەنشین کردن.

٨)مۆرکردنی فەرمانەکان بە گوێرەی دەسەڵاتەکان.

٩) هەر کارێك و معاملەیەکی هاوشێوە بەم جـۆرە ئەمـە دەبێتـە هـۆی کـورت کردنـەوەی کات و راپەراندنی کارو کەمی هات و چۆی سوود مەند واتە(داواکار).

١٠) کەلەکردنی معاملە هاوشێوەکان و ئەوانی تریش دووبارە گەرانەوەن بۆ کـات کوشـتن بۆیە کاری ئەمرۆ نەخرێتە بەیانی.

١١) هەلسوکەوت بەشفافیەت بێ ئەگەر کارێك بە پێ ی یاساکرا دەبێ بکرێ ئەگەر نـەکرا فایلەکە دابخرێ.

## کارێکی گرنگ ( رێکخستن )

١) لێرەدا کارێك بکرێ بۆ تێگەیشتنی داواکار لەسەر چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی داواکەی واتە زانیاری بدرێتێ نەك هە ر بە بینین و بیستن بێ.

٢) هەر نووسراوێك پێویستە رووبەرووی شوێنی خۆی بکرێتەوە.

٣) بوونی بەشی ئەرشیف زۆر گرنگە:

١. بۆ دانانی نووسراو بەیەك وێنە

٢. بۆ کاتی پێویست و گەرانەوە

٣. سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دیکۆمێنتی دروست دەبێ

٤)بوونی فایلی خولاو: رۆژانە رێك بخرێت بۆ ئەوەی بەرێوەبەر بەکارەکانی فەرمانگەکەی دابێتەوە.

٥) دوای تەواوبوونی میکانیزمی جێ بەجێ کردن هەر نووسراوێك کە تەنیا دەمێنێتەوە لەسەر (مۆر) توقیع پێویستە ڕانەگیرێت هەرکێ لە بەڕێوەبەر یان جێگر یان کارمەندی تایبەت بۆیان هەبێ مۆری بکەن معاملەکە بروێنرێ و ڕێگەی خۆی بگرێ.

٦) ڕوواندنی کارەکان مەرج نیە هەر بەنووسراو بێت بەلکوو بەتەلەفۆن، بەراپۆرتی بجووك، یان هەر ڕێگایەکی یاسایی باوەڕپێکراو بێت بە گوێرەی گرنگی بابەت.

٧) زۆری مۆرکردنی کارمەندان ( بەرپرسان بەبێ هۆکار ڕەوانیە زیان لە پرۆسەی ڕاپەراندن دەگەێنێ).

٨) هەوڵ بدرێ بە کەمترین کات و شوێن و کارمەند نووسراوەکان جێ بەجێ بکرێت.

٩) دیاری کردنی کات و شوێنی پشووی کارمەند لە کاتی دەوام پێویستە.

چاپ و هاتوو چوونی نووسراو

١) نابێ ئەوەلیات (پێشینە) هاوپێچ بکرێ لەگەڵ دەستنووسەکان کە دەچێتە ژووری چاپ.

٢) نووسەری نووسراو لەگەڵ بەرپرسی چاپ ئەوان دەتوانن نمونەی چەند وێنەیەك لە نووسراوەکە چاپ بکرێت.

٣) هیچ وێنەیەکی کە ئاماژەی پێ کراوە تەنیا بۆ زانین ڕەوانە ئەکرێ یان ئەم وێنەیە وەلابنرێ.

٤) دووبارە کردنەوەی نووسراو:-

١) ختمێك دروست دەکرێ بەدانانی ژمارە و بەروار لەگەڵ ڕستەیەك بەم شێویە:-

تکایە وەڵامی ئەم نووسراوەمان بدەنەوە بە مۆری هەر کارمەندێك بێت مەرج نیە بەڕێوەبەر

٢) ڕەوانەی دەرچوو دەکرێ ئەو ختمە لەسەر کۆپی کراوی نسخەی أصلی دەبێت.

٣) بەمەش پێویست نابێ کە نووسراوێکی تر بکرێتەوە.

چۆنیەتی (بریکاری) وەکالەت

١) لەکاتی نەهاتن بە هەموو شێوەکانی.

٢)بـەکارهێنانی دەسـەڵاتی أصـیل تـەنیا ئـەو معاملانـەی کـە دێنـە پـێش لـەکاتی وەکالەتەکە.

٣)نەبوونی دەسەڵاتی تر کە کاربکاتە سەر ئەو سیستەمە کە لەسەری دەڕۆن.

٤) وەرنەگرتنی هەل بۆ مەبەستی جۆراو جۆرو (ناشرعی)

کاری کارگێری بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنەکان

١)پێشینە(ئـەوەلیات) هـەبێ لەسـەر دانـانی لێژنـە بـەروونی بـەپێ ی راپۆرتێـك لەلایـەن بەرپرسی راستەوخۆ.

٢) ئەرکەکان و هۆکارەکانی پێکهێنانی لێژنە.

٣) ناوی ئەندامانی لیژنەی دیاریکراو.

٤) دیاری کردنی بریاردەرێك لە نێو ئەندامانی لێژنەکە یاسایی بێت.

٥) دیاری کردنی ماوەی کاری لێژنەکە.

٦) ژمارەی ئەندامان لە سێ کەس کەمتر نەبێ.

٧) کارمەندێك تایبەت دەبێ بە لێژنەکان و ئەرکی ئەمانە دەبێ.

١. تۆمارکردنی ژمارەی لێژنەکان لە یەك مانگ دا.

٢. ناوی ئەو لێژنانەی کە کارەکە یان لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا تەواو کردوە.

٣. هەروەها ئەوانەی کارەکەیان تەواونەکردوە لەگەڵ دیاری کردنی هۆیەکان.

## ئەرکەکان: سەرۆکی لێژنە

أ- بانگێشت بۆ کۆبوونەوەی یەکەم.

ب- چۆنیەتی دەست پێ کردنی کاری لێژنەو پێویستیەکان و ئەرکـەکانی بەهەماهـەنگی لەگەڵ ئەندامەکانی تر.

ت- بانگێشتی لە ناکاوی لێژنەکە.

پ- بەرزکردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوەکان بۆ سەروی خۆی و ناردنی بۆ لایەنی تایبەت بە مەبەستی جێ بەجێ کردن.

ج- پێشکەش کردنی راپۆرتی کۆتایی و داواکردنی ماوەیەکی تر بۆ کاری لێژنەکە

ئەندامانی لێژنە:

١. کۆکۆدنەوەی زانیاری پێویست و تایبەت بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی کارەکانی لێژنە.

٢. بەدواداچوونی جێ بەجێ کردن و راسپاردەی پەسندکراوی لێژنە.

## بڕیاردەری لیژنە:

١. رێکخستنی خشتەی کارەکانی لێژنەو رێکخستنی دانیشتنەکان.

٢. ئاگادارکردنەوەی ئەندامان بۆ ئامادەبوون و لەگەڵ دیاری کردنی ئەوکارانەی کە باس دەکرێ.

٣. چاپ کردنی کۆنووسەکان و مۆرکردنی ئەندامانی دوای ئامادەکردنی لەلای خۆی.

٤. کردنەوەی فایلێك بۆ هەموو نووسراو فەرمانێك کە پێویستە بکرێ یان وەردەگیرێ بەرێکی.

## هەندێ ئیجرائاتی گشتی (کار)

١. ئەگەر دانیشتنەکان پێویستی بەوەکرد ئەوە لە رێگەی تۆمار دەنگەکان بەکاردێت.

٢. دووای تەواوبوونی کاری لێژنە بریاردەر دەیگەێننە بەشی پەراوگە ئەوراق/ بۆ هەڵگرتنی لە فایلی تایبەت بە لێژنەکان.

٣. دەکرێ دانیشتنەکان لە دەرەوەی دەوامی رەسمی دەبێت ئەگەر لێژنەکان کری یان بۆ خەرج بکرێت.

## هەڵگرتنی سزا

١. ئەگەر سالێکی تێ پەرکرد هیچ سزایەکی تر ی وەرنەگری.

٢. لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی رێك و پێك کارەکانی جێ بەجێ کردبێ.

٣. هەلگرتنی سسزاکانی گەورە لە دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمانگەیە.

پێکهاتەیی فەرمانگە (تشکیلات) پەیکەری رێکخستن

بۆ وێنە پەروەردە:

## یەكەم: بەشی پلانی پەروەردەیی

أ- زانیاری و ئامارەكان.

ب- بەدوا داچوون.

ت- لێكۆلینەو توێژینەوە.

پ- جێ بەجێ كردنی نەخشەی قوتابخانەكان و بینای قووتابخانەكان.

## دووەم: بەشی ئەزموونەكان

أ- جێ بەجێ كردنی میكانیزمی تاقی كردنەوەكان.

ب- شیكردنەوەكان دەكرێ لەسەرراپۆرتی سالأنە سەبارەت بە ئەنجامی تاقیكردنەوەكان.

ت- بروانامە و بەلگەنامە و دیكۆمینتەكان و پەسندكردنیان وەرگێران و راستكردنەوەیان.

پ- كاروباری قوتابی ی و خوێندكاران (سەرەتایی و ناوەندی و دووناوەندی)

## سێ یەم: بەشی هونەری

١. پرۆگرامی خوێندن

٢. ئامادەكردنی هۆیەكانی فێركردن و تاقیگە و كتێبخانە و راگەیاندن

٣. بەدواداچوونی جێ بەجێ كردنی كاروباری نوێ كردنەوەی پەروەردەیی

## چوارەم: بەشی چالاكی و وەرزشی

## پێنجەم: بەشی چالاكی قوتا بخانەكان

## شەشەم: بەشی ئامادەكردن و مەشق

١. جێ بەجێ كردنی بەرنامەی مەشق و فێركردن

٢. پێشنیارکردنی کردنی پیلانی مەشق و جێ بەجێ کردن

٣. سەرپەرشتی لەسەر پەیمانگاکان(معاهد)

## حەوتەم: مەڵبەندی هۆیەکانی فێرکردن

## هەشتەم: بەشی کارگێڕی

١. هاتوو دەرچوو

٢. خزمەتگوزارییەکان

٣. چاپ

٤. سەرپەرشتی ڕێکخستنی کاروباری مراجع (سەردان)

## نۆیەم: بەشی خۆیەتی

١. میلاك

٢. تەواوکردنی معامله (کاروبارەکان)

٣. وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە یاساین بۆ گشت بەشەکان

## دەیەم: بەشی ژمێریاری

١. بوودجه

٢. کاروباری ژمێریاری

٣. ووردبینی و چاودێری

یانزەم: بەشی تەجهیزات (کەل وپەلەکان)

## دوانزەم: بەشی میلاك

١. تۆماری میلاکات

٢. ڕەزامەندی گواستنەوە و کەنارکردن

٣. پرکردنەوەی شاغیر(شوێنی بەتال)

## بەشی چوارەم:

# (گۆڕانکاریی) چۆن و کەی و لەکویێ؟

### ١)گۆڕینی سیستەم:

هەولدان بۆ گۆرین یان گۆرانکاری لە هەرسیستەمێك پێویستی بەچەند گرەنتیەك هەیە.

١) كات

٢) شوێن

٣) پشتگیری زانستی چەند پێویستە

٤) كۆمەڵگە

٥) دەسەڵات

١)**كات:** گۆرانكاریەكانی هاتووە بكریێ، ئەوەی پێشوو كاتی بەسەرچووە قوناغەكان لەیەك ترازاون، بەرەوپێش چوونە ئایا كاتت لەبەردەست دایە بۆ گۆرانكاری..... ئایا كاتت هەلبژاردووە یان كات شیرێكە ئەگەر نەی بڕی دەتبڕیێ.. گرنگ ئەوەیە هەر سیستەمێك دەگوڕیێ پێویستە لە سیستەمەكە بكۆلیەوە چەند كاتی دەویێ ! و چۆن دەیگۆری هەروەها گۆرینی سیستەمێك لەسیستەمێكی تر جیایە بۆیە هەلبژاردنی كات مەرجی بنەرەتی سەركەوتنە كات واتە قۆناغ بە قۆناغ لە ماوەی خۆی پێویستە هەتا دەیبڕیێ واتە بانەلێین قوناغ دەبڕین بەلكوو دەبیێ بلێین گۆرین (گۆرانكاریی) لە قۆناغێكە وە دەگوازێنەوە بۆ قۆناغێكی تر كە مانای زانستی یانەی هەیە لەكاتی گواستنەوە لەلایەك هەندێك شتی كۆن لادەبەین یان چاكی دەكەینەوە یان گۆرانكاری لەسەر دەكەین بە شتی نویێ گرنگ ئەوەیە بگونجیێ.. كات خۆی پیرۆزە چۆن دەبیێ لیێ ی

بگەڕێین ئەوکاتە بەنرخانەی قۆناغێکی دروست کردوە رەش بکریتەوە ئایا دەکرێ ماوەیەك لە تەمەنی مرۆڤ وەلابنرێ کەمولکی خۆیەتی ناکرێ جیایی بکەیتەوە بۆیە کات بە هەموو بەسەرهاتەکانی بەخۆشی و ناخۆشیەکانی بە سودەو زیانەکانی پێویستە بکرێ بە ئە زموونێك کە زۆر شتی فێرکردووین لێکدانەوەی دوێنی مان بۆ روون دەکاتەوە دەیگوازیتەوە بۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆ بۆ ئاییندە.

٢ )**شوێن:** گۆرینی هەر سیستەمێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەراووردی پێویستە ئایە ئەو شوێنە دەگونجێ کە ئەو پرۆژەیەی لێ بکری لە هەر وولاتیك شار بۆ شار ناوچەیەك تا ناوچەیەکی تر تواناوبوون و نەبوونی هە یە بۆ وەرگرتنی هەر ئالو گۆریەك لە رووی هەبوونی کەرستەکان، کەسەکان بارودۆخەکان لە رووی پێشکەووتن و زانستی.......

٣ )**لەرووی زانستی:** سیستەمێك ئەگەر کەلکی ئەمڕۆی هەبوو پالپشتی زانستی نەبوو بۆ گۆرانکاری ئەوە زیان دەگەیەنێ لەکاتی هەوڵدان یان بەکردەوە ئەو کارە بکرێ.. لێرە مەرج نیە کۆمەڵگا چی یە مەرج زانی و چ دەڵێ ئایا راستە دروستە یان پێویستە پێویست نیە چ ئەنجامی دەبێ.. واتە سیستەمەکە وەکوو خۆی وەربگیرێ.. پێوانەی زانستی رۆلی یەکلاکەرەوەی هەیە لەسەر دانان یان گۆرینی سیستەم ئایا پێت وایە کۆمپیوتەر جێگەی تەختە رەشە بگرێتەوە یان ئەنتەرنێت جێگەی کتێب ئەمانە هەموو توێژینەوەی پێویستە بەراووردی دەوێ راپرسی دەوێ و ئاوڕی دەوێ تا بزانن لە کوێین؟

٤ ) **کۆمەڵگا:** ئەوانەی گوێ نادەنە کۆمەلگا لە چ ئاستێکدایە یان ئەو شتە وەردەگرێ یان نا ئەمە کەوتووەتە دوای کلاوی بابردوو. چونکە وەك ئەمرۆ لە کۆمەلگەی دواکەوتووش تەکنەلۆژیا چۆن لە ئەورووپا و یابان و ئەمریکا هەیە ئاواش لەو وولاتانەش هەیە بەڵام جیاوازییەك هەیە ئەوان هۆشیان گۆراوە کۆمەلگەی دواکەوتوو عەقلی هەر لە کۆشی خۆی دایە گۆڕانێك ئەو گۆرانکاریەی بەخۆوە نەدیوە:

بۆیە پێم سەیرە ئەو کەسانەی داوای گۆڕینی سیستەم دەکەن ڕەچاوی خوودی کۆمەلگا ناکەن یان ئەمەی؟ یان سەرکەوتوو دەبێ ڕاستە نابێ ئێمە دەستەوەستان بین چاوەڕێی خدری زیندە بکەین بەلأم لانی کەم هەولێ بدرێ کۆمەلگا بەرەو پێش بڕوات
خۆ سیستەمێکی ئەورووپی دێتە وولاتێکی ژێر دەست سەدان ساڵە کەسیەتێکی ئەگەر رووخاویش نەبێ زامدارە ئەمە چ جۆرە پالەوانیەتیەکی تێدایە:
بەو شێوە لەهەردوو سیستەم دەبین باشتر وایە سیستەمی خۆمان قۆناغ بەقۆناغ گۆرانکاری لەسەر بکەین بەرە بەرە تا وای لێدێت سیستەمەکە گۆراوەو کۆمەلگەکەش گۆرانی بەسەرداهاتووە لە ئەنجامدا خۆی داوای گۆرینی بەپەلەت لێ دەکات
ئەگینا ئۆبالی نەوەکانی ئەمرۆ زۆر گرانە لە ئەستۆی ئەوانەی تەنیا مەبەستیان گۆرینی سیستەمە نەك بەرژەوەندی کۆمەلگە و وولأت.

٥ )**دەسەلأت:** گۆرینی سیستەم هەمیشە دەسەلأتی لە پشتە بێ ئەو زۆر زەحمەتە بکرێ ڕاستە هەندێ جار تاك یان کۆمەلێك رۆلی هاتنە پێشەوەی دانانی سیستەمێك یان گۆرینی سیستەمێك دەبینێت ئامۆژگاری دەسەلأت دەکات رەنگە کۆمەلگەش حیسابی بۆ بکات بەلأم رۆلی دەسەلأت بەهیچ شێوەیەك فەرامۆش ناکرێ دەسەلأت ئاوێنەی کۆمەلگەیە جاری واش هەیە رەنگە پێش کەوتوو بێ یان دواکەوتوو تر بێ کەواتە دەسەلأت بەرپرسیاریەکی گەورەی لەسەر شانە کە بەگوێرەی پێویست هەنگاوی لەم جۆرە بنێ.
ڕێگا نەدات بەهەموو گۆرانکاریەك کە زانستیانە نەبێ رەچاوی کۆمەلگە نەکات هەروەها ڕێگەش نەگری لە گۆرانکاری ئەگەر هەلی بابەتی لەبەردەست دابێ.
چەندین بوار هەیە گۆرینی سیستەم ئاستەنگی دەکەوێت و هەر وا بە ئاسانی نیە.

١. بواری پەروەردە
٢. بواری کۆمەلایەتی
٣. بواری کەلتووری

**چی بکرێ باشە:** بەرنامە ڕێژی وورد و هێمن و دوور لـە وورو ژانـدن پێویـستە بـۆ هـەر تەوەرێك دەبێ جێگرەوە لەبەر دەست بێ بەلاّم وەك ئینگلیز دەڵـی( step by step) ئەم سێ بوارە پێش وەخت ئامادەکاریی و خۆ گونجاندن و شـی کردنـەوەو ڕۆلی گرنگـی ڕاگەیاندنی دەوێ ئەم سێ بوارە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بـەتاك و کۆمەڵـەوە هەیـە بۆیـە دەبێ هەوڵ بدرێ گۆرانکاریان بەسەر دابێت

ئەمانەش تەنیا گۆرینی عەقلیەتیان ڕازیان دەکا یان باوەردێنن بەگۆرانکاری.

بەهەرحال گۆران پێویستە بەلاّم چۆن و کەیی و لەکوێ ئەمە گرنگە دەبێ بزانین ئێمە لە وولاّتێکدا دەژین کەلەپووری کلتورێکی تێکەڵ و پێکـەڵی دایگرتـووین لەلایـەك سـوێ بـۆ هەندێکیان دەخۆین و لەلایەك کە بەهاتنی هەندێکی تر شاگەشکە دەبین بۆیـە پێویـستە لەسەر چۆنیەتی ئیدارە دان بەگۆران بدوێن.

## ٢ ) ( ئیدارەی گۆڕانکارییەکان )

بمانەوێ و نەمانەوێ جیهان ڕوو لـە گۆرانکاریـیـە هـەمووومان ڕۆژانـە دەبیـنین کـە چـۆن شـەپۆلی گۆرانکارییـەکان لەگـەڵ خۆیـدا دەمانبـات و یـان جـاری واش هەیـە هـەڵمان دەلووشێ ئێستا دەبێ ئەوە بزانین ئێمە لە چەرخی بیست و یەکداین ئەو چەرخە پڕە لە خۆ دەرخستن و هەرەشەی ی ئەوتۆ کە بەردەرگاکانت لێ دەگرێ. بۆیە پێویستە گـۆرین بکرێ لەسـەر پەیکـەری ڕێکخـستنەکان یـان تەکنـەلۆژیا یـان سیـستەمی بـەڕێوەبردن و هە روەها لەسەر ڕەفتاری خەڵك گۆرین ناوەستێ بەدەر لە هەمووشت بووەتە دەستوور..

گۆرانکـاری پێویـستیەکی هەنووکەییـیـە بـۆ دام ودەزگاکـانی دەوڵـەت کـەرتی گـشتی و کـەرتی تایبـەت.. بـێ ئـەوەی بـەخۆمان بـزانین شـۆربوٚتەوە نـاخی بووارەکـان بـەهۆی جیهانگیری (عەولەمە)ئینتەرنێت، هۆیـە کانی گواسـتنەوەی دەنـگ و ڕەنـگ و هاتووچۆ، گۆرین پێویستەو داوایەکە کە هەلـسوکەوت و خـۆ گونجانـدنی دەوێ لەگـەڵ دەوروبـەری دام ودەزگاکان ئەو دەوروبەرە ئابووریی بێ یان ڕامیاری یان یاسادانان یان هونەری یـان بازار بێ یان کۆمەلاّیەتی یان کلتووری (ڕۆشنبیری)بێ.

ئەو سروشتە هەڵ دەرخسێنێ و كۆت و بەندی ئیدارەی كاریگەر ئەوەیە دەیەوێ هەل وەربگرێ و بزانێ چۆنی بەكاریدێنن هەروەها كۆت و بەندەكانیش بپارێزێ لانی كەم ساردی بكاتەوە..

خۆ بەدوورگرتن و خۆ گێل كردن لەمەترسی یان هێرشی خێرایی گۆرانكاری دونیا جگە لە نەهامەتی و بە جێماوی لە بیابانێكی چۆل و هۆل هیچی تر نا دوورینەوە نابێ خۆمان بە كەل و پەل و یاری قورس چیر بكەینەوە ئەگینا لەهەردوولا دەبین هەموو شتێ لە دونیا لە گۆراندایە وەكوو خۆی تا سەرنابێ یان ئەوەتا بەتەواوی دەگۆرێ لە هەموو رووێكەوە وەك ئەوەی نەناسرێتە وە یان ئەوتا بەشێكی دەگۆرێ بۆیە گۆڕینی یاسایی گەرە..

گۆرین لە ئیدارە وەكوو ئەوەی بەرپرس و بەرێوەبەری فەرمانگەیەك بگۆڕدرێ بەمەش سیاسەتی ئەو فەرمانگەیە ئامانج و رەفتارەكان دەگۆرێت یاخود كەسێك دێتە شوێن كەسێكی تر بەمەبەستی راپەراندنی كارێكی تایبە ت راگۆرین جیاوازی هەیە لە گۆرانكاری گۆرین بۆ شتێكە كە سەربەخۆ و بەبێ ئەوەی بتەوێ یان نەتەوێ دەگۆرێ دور لە دەسەڵاتی خۆی چونكە ئێمە لە جیهانێك دەژین بەردەوام روو لە گۆرینە.. بۆیە تۆ هەست دەكەی پێویستە لە نێو ئەو گۆرینەدا گۆرانكاری بكەیت ئەم گۆرانكاریانە لە كاركردن و لەبەرهەمهێنان و لە بازارو هەر چی جوولەی ئابووری و جۆرەكانی ژیانی بەرێوەبردن هەیە كە هەلوەستە لەسەر گەرمی و ساردی جوولەكان دەكات.

گۆرانكاریەكان تێكەل و ئاوێتە بوونە چ ناوچەیی چ هەرێمیەتی چ جیهانی هەر گۆرانكاریەك لە رووی ئابووری یان كلتووری یان سیاسی یان تەكنەلۆژی بێت ئەوا گۆرانكاری ئەو بوارە دێنێتە كایە... گۆرانكاری هەندێ پالپشتی گەورەیی پێویست دەبێ ئەوا زۆر بەئاسانی بەرێكی كاردانەوەی گرنگی دەبێ ئەگەر وولاتێك خاوەنی سەرەوەت و سامانی و ئیدارەی زانست و دام و دەزگای پاك و خاوێن بێ ئەوا مسۆگەر گۆرانكاریی لەسەر ژیان بە گشتی روودەدات لە روویی تەكنەلۆژی و شارستانی ی...

## ( ئاڵ و گۆڕپەکانی دەوروبەر و هۆکاریی گۆرانکاریەکان )

١) لایەنی ئابووریی ناوخۆدەرهاوێشتەی بێ گۆرانکاری دەبێت لە روویی بەرزی و نزمی بازارو کرێ و نرخی کەڵ و پەلەکان و قازانج و زیان و هەلاوسان. لایەنی ئابووری دەرەکی لەروویی بەرز و نزمی نرخی پارەی ئەم کەل وپەلانەی دێتە ناوەوە، لەگەڵ کێ بکرێ ی بازارەکان و خستنە ناو بازاری ئازاد.

٢) لایەنی سیاسی ناوخۆ و دەرەوە دەرهاوێشتەی باش و خراپ و گۆرانکاریی چاوەروانکراو دێتە پێشەوە هەروەها رێککەوتنامەکانی نێوان دەوڵەتان کاریگەریی دەبێ.

٣) دەرکردنی یاساکانی هاندان و وەبەرهێنان و هاوکاری چ لەناوخۆ چ لەدەرەوە کاریگەریان لەسەر گۆرانکاریەکان دەبێ.

٤) دەرهاوێشتەی هونەری و تەکنەلۆژی ناوخۆ و دەرەوە دەبێتە هۆی گۆرانکاری کە پێ داویستەکان و کەرستەکان چ پیشەسازی چ کشتوکاڵی چ خزمەتگوزاری پێویستە.

٥) دەرهاوێشتەی بازاری ناوخۆ و دەرەوە کاریگەریان هەیە لە کاتێکدا کێبرکێ و توانای هونەرییەکان دەخەنە روو.

٦) دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی ناوخۆییەکان گۆرانکاری بە گوێرەی داواکان ئ ەنجام دەدرێن ئەمەش دەوستێ لەسەر چینە کۆمەلایەتیەکان و رێژەی خوێندەوار و رێژەی هاوسەرگیری و کۆچی ناوخۆ و دەرەوە.

٧) کاریگەری کلتوری دەوروبەر دەرهاوێشتەی گرنگی هەیە لەسەر یەکتری چ ناوەخۆیی بێ چ دەرەکی ئەمانە لەگەڵ یەکتری ئاوێتە دەبێ و دەبنە هۆی گۆرانکاری لە هەڵوێست و بۆ چوون و چ ئەوانەی کرێکارن یاخود فەرمانبەر یان بەرپرس و دەسەڵاتدار کە کاریگەری لەسەر رەفتاری کەسان دەکا بۆ ئەوەی بە جیا لەگەڵ ئەوانەی پێشوو ئەم کلتوورەی کە ئێمە و ئەوان و خەلکی تر پەیوەستە هەریەکە داواکاری تایبەتمەندی دەوێ بۆیە پێویست دەکات کە خۆمانی بۆ ئامادەبکەین لەگەڵ بارودۆخەکە و سرووشتی کلتووری گونجاندن هەبێ بە گوێرەی پێداویستیەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی

کەرستەکانی کارکردن لەلایەکی تر کاریگەری دەبێ لەسەر رەفتاری سەرو و خـواروو بـۆ باش راپەراندن و رووانـدنی ئەرکەکانی کارگێری. ئەو گۆرانکاریە سروشـتیانەی کـە بـاس کرا هەموویان پێکرا دەرهاوێشتەی بەربەستی کردن یاخود دەسـتکەوتی هـەڵ وەرگـرتن ئـەنجام دەدات چـەند رووبەرووبوونـەوەی گـرنگ دێتــە بـەردەم رێکخراوەکـان و دام و دەزگاکانی دەوڵەت یان هەر شێوە ئیدارییەکی تر ئەمانە ئەمڕۆ لە جیهان دا پەلەیانە کە رۆڵی خۆیان بگێڕن ئەمەش کاردانەوەی باش و خراپـی دەبـێ لەسـەر هـەموو بوارەکـانی ئابووری، سیاسـی، کۆمەلایـەتی، دەروونـی، کلتـووری، جـوگرافی، زانسـتی، سـەربازی، هونـەری... ئەمانــەش کاریگــەریان لەســەر بـەرزوو نزمــی رێـژەی خــەرجی ی و داهــات بەگشتی لەسەر بوودجە هە یە رووبەرووبوونەوەکانیش لەم خالانەی خوارەوە:-

١. لەرێگەی داهاتی نەوت بەهەموو جۆرەکانی

٢. لە رێگەیی ئابووری گشتی

٣. لە رێگەی دەستەگەری رامیاریی / ئابووری نیودەوڵەتی

٤. سیـستەمی نیودەولـەتی دەربـارەی بـە پێوانـەی بەرهـەمهێنان و بەرووبوومـەکان و کەرەستە جۆراوجۆرەکان

٥. د ەستەگەری ی و هاوپەیمانیـەتی کۆمپانـا بـە هێـز و گـەورەکانی سـەر گۆرەپـانی جیهان ٠

٦. رێککەوتنامەی (جات) یان کێبرکێ لەسەر کاری بازرگانی

٧. شۆرشی تەکنەلۆژیای زانیاریی ی و گەیاندن

٨. پێوانەی باشترین کار لە جیهان

ئەو رووبەروانەی سەرەوە هەرەشە دەکـەن هەرەشـەکانیش نـاوەخۆ و دەرەکـین بۆیـە پێویستە دام و دەزگاکان گۆرانکاریان لەسەر بکرێ بە گوێرەی بارووداۆخی سەردەم بن گۆرانکاریی لە پەیکەری هەر کۆمپانیاو رێکخراو دەزگایەکی گشتی و تایبەت گۆرانکـاریی لە میلاکات لە جۆرو کات و شوێنی کارکردن.

ئەو هەرەشانە وا دەکەن کە تۆ دوای پەرە پێدان و تەکنەلۆژیای نوێ بکەوی، باشـترین و نایابترین و زانستی ترین بەرهەم بهێنیەبەر ئەگینا ئـەو کێبرکـێ و پێشکەوتنانە بـەجێت

دەهێلێ تووشی پاشەکشە و زیان دەبیت رۆلی تەمبەلان و مشەخۆر و کەرستەی لە کارکەوتوو و نرخێکی پتەوی نابی.

## کایەکانی گۆرانکاری

گۆرانکاری لە هەرلایەنێکی گشتی یان تایبەتی گرنگی هەیە دەتوانێ دەستنیشانی هەندێك لەوبوارانە بکرێ وەکوو:

١. گۆرانکاریی لە پەیام، ئامانج، یان ستراتیژیەکان

٢. گۆرانکاری لەمەر چۆنیەتی تەرخانکردنی سەرچاوە داراییەکان و مادیەکان وکەسەکان لەسەر کەرستەکانی رێکخستن یان بەرهەمەکان یان لەسەر هەردووکیان.

٣. گۆرانکاریی لەسەر پەیکەری تەکنەلۆژیا.

٤. دووبارەکردنەوەی پێکهاتەیی رێکخستن.

٥. دووبارەکردنەوەی پێکهاتەیی دارایی.

٦. پەرەپێدانی رەفتاری کارکەران(کارمەندان) بەتایبەتی لە رێگەی مەشق و راهێنان و پەرەپێدان ویاداشت و رێك و پێك کردنی کارەکان و دەولەمەندکردنی جۆرەکانی پیادەکردنی کاری رۆژانە

٧. گۆرانکاریی لە سیستەمی بەرێوەبردن بەگشتی.

٨. گۆرانکاری لە کاری راگەیاندن و پرۆپاگەندە.

٩. گۆرانکاری لەو شوێنانەی سیستەمی بەرهەمهێنان و پیادەکردنی راپەراندن وەك ئەوەی کەلەگەلْ پێشکەوتنی زانیاریەکان بگونجێ.

١٠. جیهان لە شۆرشێکی بێ هاوتایە و زۆر بەپەلە ماوەکان کورتردەکات و دوورەکان نزیکتردەکاتەوە ئەوەش شۆرشی زانیاری یە (تەکنەلۆژیای) پێشبرکێ ی شۆرشی پیشەسازی، شۆرشی کشتوکالی و شۆرشی هزرو کە هاوشانە لەگەلْ شۆرشی زانیاری بۆیە خۆئامادەکردن و خۆ گونجاندن زۆر پێویستە...

دیاری کردنی چەند تایبەتمەندیەك لە خودی کەسانێ کە دەتوانێ گۆرانکاری بکات.

١. هەندێ رەوشت وپلە بەرزی هەیە لە تاکەکان وەکوو گوێڕایەلی، تێکەلی، وەفا، خۆشەویستی کار، پاکی، ئەمینداری، راستگۆیی، هاوکاریی ی و یارمەتیدەرو پابەندبوون، بابەتی...

٢. کەساذ یك بن نەرم و هێمن و بەتوانا و رووبەرووی مەترسیەکان بنەوە، باوەریان بەخۆبێ، لەکاتی هەلە داوای لێ بووردن بکا و خۆراگر و ووردبین و بیرمەند و هۆشیار بێ

٣. کەسانێك بن کات بە فیرۆ نەدەن، هەمیشە لەسەر کاربن، دوانەکەون، بەپێ ی خشتە پەیوەست بن بەکارەکانیان، بە رهەمەکانیان بەفیرۆنەدەن لەسەر بڕیاردان کۆك بن زوو هەلوێست وەربگرن و بڕیاردەربن

٤. بەرێوەبەرو بەرپرس و سەرۆکێکمان دەوێ کە خاوەن ئیرادەی گۆرین بێ نەك تەنیا گۆرینی ئیدارە.

٥. سەرکردە و سەرۆکیکمان دەوێ کە پەیوەندی مرۆڤایەتی دروست بکات لە نێو کارمەندان و خ ۆیان دا هەول بدەن کێشەو بەربەستەکان بە زانستی ی و بە دۆستانە و هاوڕیانە چارەسەربکرێت

٦. سەرۆکیکمان دەوێ کە جیاوازیی نەکات لە نێوان رەگەزەکان و ئاینەکان و میللەتەکان بەماف پەروەرانە بە گوێرەی لێهاتوویی زانایی ی وپسپۆری کارمەند لە شوێنی شیاو دابنێ

٧. سەرۆك بەرپرسێکمان دەوێ خۆی بخاتە ژێر باری قورسیی مەترسیەکان و ئەنجامی گۆرانکاریەکان. بۆیە گۆڕین و گۆرانکاریی بە تایبەتی لەوسەردەمانەدا یەکجار پێویستە بەلأم چۆن و کەی ی و لە کوێ ئەمە دووکارە بکرێ... ئەم پرسیارە وەلامەکەی هەتارادەیەك رەنگە درابێتەوە بە کورتی دەبێ ئەوەش بلێن گۆرانکاریی (التغییر) گۆرین (تغیر) کە سانێکك یان رێکخراوێك یان دام و دەزگایەك دەیکات هەلێ و مەرجەکان دێتە پێشەوە رەنگە پێ رانەگەی کات و شوێنیش هەندێك جار هەلبژێری بەلأم لە رووی زانستی رەچاوکردنی باری هەر وولأتێك یان گەلێك کارێکی ئەوتۆیە کە ناکرێ هەر وا بەسەری دابرۆین تەنیا رێگا ئەوەیە گرنگ لە رێگادابێت هەندێك جار پەلەشی دەوێ...:

١) ئـەوەی ئیـستا هەیـە روو لـە پاشەكـشەیە ئـەوەی بـە گـوێرەی ویـست و خواسـت و ئارەزووەكانمانە بەبێ گەڕانەوە بـۆ ئـەزموونی دەیـان سـاڵە كـارێكی نـەگونجاوە و هـەر هەنگاوێك بەبێ بڕینی قوناغ بە قوناغ ئەنجامی ئەوتۆی نابێ بەلكوو مەترسـی ئـەوەی لێ دەكرێ هی ئیستا شمان لەدەسـت بـچێ بـێ ئـەوەی ئاینـدەش مـسۆگەر بـێ و نـەكرێ. كەواتە ئیستا لە دوێنێ لە دایك بووە بەیانیش لە ئەمڕۆ لەدایك دەبێ.

٢)نابێ تەنیا ئەگەر باس لە گۆرین یان گۆرانكاری بكەینەوە رەچاوی عەقلیەتی كۆمەڵگە و دەسـەڵات و كلتـور و بوارەكـانی ئـابووری سیاسـی مێـژوویی نـەكرێ تـۆ لەیـەك لا هەنگاوبنێ ی یان لەسـەر یـەك پـێ پـێ یەكەشـت بـەدوایی خـۆت رابكێـشی. سیـستەم پێویستە تێكڕا جوولە بكات.

٣) جـارێ لەسـەر ئـەوەی كـە هەیـە چاكسازی بكـەین دەولەمەنـدی بكـەین گـۆرانیش بەردەوام بێ نەك ئەوەی ئێستا سفر، بكەین ئەمە عەقلیەتی زیاتر نزیكەی یەك سـەدەیە هەڕوا بەنووكە قەلەمێك نابێ رەشی بكەینەوە یان فتی بكەین.

٤) راستە دەتوانرێ زۆر شت بكرێـت بـەلاَم ئایـا كـوا كەرەسـتەكانی مـادیی، مەعنـەوی، زانستی، هونەری) وەرگرتن ئەوگۆرانكاریانە لەلای كار عەقلیەتە بۆیـە دەبـێ حـساب بـۆ عەقلیەتی خۆمان بكەین .

٥) سیستەم هـەروا بـە هـەوەس و حـەزی پـسپۆر و چـەندین شـارەزا نـاگۆڕێن دەبـێ لـە هەناوی كۆمەلگە ئەم سیستەمە بەرەوپێش ببەین نەبادا تووشی ئالۆزی بكرێن.

٦)وەك نموونە هەرێمی كوردستان لە دورگەیەكی لاتەریك نیە لە چۆلەوانی نیە بەلكوو لە نێوان گۆرانكاریەكانە زۆر بە پەلەن رۆژ لـە دوای رۆژ بەردەوامـە تەكنـەلۆژیا لێیـان رازی نابێ هەر لە چوار چێوەی خۆمان دا بخولێنەوە پێویستمان بە گۆرین و گۆرانكاری هەیـە لە هەموو بوارە كان بەلاَم ئەوەندە هەیە قۆناغ بە قۆناغ ئەگەر چی رەنگە دوواش بكەوێ بـەلاَم باشـترە لـە وەی قـووت بـدرێین پێویـستە ناسـنامەی خۆمـان هـەبێ ناسـنامەی تایبەتمەندی. گرنگ ئەوەیە دەبێت بە دوایی سیـستەمێك بگـەڕێین كـە دەتـوانین لـی ی سەركەوتووبین چونكە رێگای گۆرانكاری پڕە لە كەمین و گێچەل و بەربەست لەراستی دا

شۆڕشێکی پێویستە. کوردستان چارینە دەبێ لە شۆڕشی گۆڕانکاری پەروەردە دەست پێ بکات

٧) گۆڕانکاری لە ڕێگەدایە بمانەوێ و نەمانەوێ هەردەبێ کەچی ئەو گۆڕانکاریانە سەردەکەوێ و کە ئەنجامی باشیان هەبێ. هاندان لەم مەیدانەدا ڕۆلی خۆی دەبێ واتە ئەگەر گۆڕانکاری شتی باشی لێکەوتەوە ئەوا ڕێگەی خۆی دەگرێ و دەڕوا ئەگەر گۆڕانکاری لەسەر بنەماکانی زانستی ی وحسێب بۆ کاردانەوەکان نەکات ئەوا شتێکی ترە کە پێ ی دەلێن گۆڕانکاری بێ بنەما.

٨) پێویستە لە هەنگاوەکان ڕەچاوی حوکومە تی ناوەندی بکرێ ڕەچاوی دەستوور بکرێت نەبادا وەکوو ئەوانەی لێ بێ کە ئەو پلە و پایەیی دەدرێت بەهێزی سەربازی، پۆلیس، حوکومەتی ناوەندی بە فەرمانێك هەلی بوەشێنێتەوە بگەڕێتەوە سفر یان چوارگۆشەی یەکەم.

٩) گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە نابێ وەکو ئەو گۆرانکاریە بێ سەروبەرانەو جۆرەکانی تر بێ مەرج و بێ پالپشتی زانستی دەکرێ ئەگەر وابێ ئەوا کارەساتە. پێویستە پەروەردە سیستەم بۆ بوارەکانی تر دابنێ بەرەو کەنارەکانی ئارام بمان بات.

١٠) ئەگەر نیاز وایە سیستەمی پەروەردەیی وولاتانی تر دەقاودەق یان نیوە بەنیوەش پەیڕەوبکرێ پێش وەخت ئەوا خێرێکی نابێ. هەروەها ئەگەر بە کردنەوەی چەند خول و ڕەوانەکردنی چەند کادیرێك بۆ دەرەوە بە تەمای سیستەمی پەروەردە بن بیگۆڕن ئەوا کارێکی ئەستەم ترە بەلاّم گۆرانکاری دەبێ لە وەی کە هەیە بکرێ ئیدی بەپەلە دەکرێ یان بە هێواشی ئەوە گرنگ نیە بۆ ئەوەی خۆمان و نەوەکانی داهاتوو تووشی سەرلێ شێواوی نەکرێ.

١١) بە بەشداری هەمەلایەنە گۆڕانکاری دەکرێ. پێویستی بە بەشداری پسپۆر، شارەزا، دام و دەزگا، ڕێکخراوەکان،چینی ژنان، گەنجان (لاوان)، خوێندکار، مامۆستا،ئەمانە هەریەکە خشتەیەکی خۆی دەبێ لانی کەم پێویستە گوێیان لێ بگیرێ.

## ئیدارەدانی ركابەرایەتی /ململانێكان ( أدارة الصراع )

بۆ ئەوەی لە راستی ركابەرایەتی نێوان دووكەس یان زیاتر یان لە نێوان فەرمانگەیەكداو یان لەیەك رێكخراودا یان لە نێوان فەرمانگە و رێكخراوەكان دا تا دەگاتە خودی تاك پێویستە لەو كێشەیە بكۆڵدرێتەوە لە رووی

١)پێشینە

٢)هۆكارەكان

٣)شێوەكە

٤) كاریگەری لەسەر مانەوەی بەبێ چارەسەریی.

پێویستە بەرێوەبەر وەك سەركردەیەك رۆڵی ناوبژیوانی ببینێ، سەربەخۆ، بێ لایەن بێ... بۆیە پێویستە ئەو بەرێوەبەرە بیرلەو چوار خاڵەی سەرەوەش بكاتەوە ئەوكات وەك دادوەر بۆی هەیە قسەیەكی داد پەروەرانە بكات و كێشەكە یەكلایی بكاتەوە.

ركابەریەتی چەند هۆیەكی هەیە لەوانە.

١. ئادەمیزاد خاوەن بەهاو بیروڕاو بۆ چوون و خواست و ئارەزووەكانیەتی.
٢. ئامانج و تێڕوانینی جۆراوجۆری هەیە.
٣. كەم بو ونی هەندێ بەرووبووم وا لە خەلكانێك دەكا كە ركابەریی لەسەری بكەن كە رەنگە تاكە بەرهەمێك بیت یاخود كێبركێ لەسەر وەرگرتنی دەسەلات یان بۆ شتێك یان پلە و پایەك یان شوێن و جێگایەكی شیاو فراوان. یاخود كبیركێ لەسەر راكێشانی دلی هاورێكەی لە رێكخراوەكەیان لە ژوورێكی فەرمانگەیەك دا. بۆیە كاری بەرێوەبەر زۆر قورس و گرانە كە بتوانێ دلی ئەوانە رابگرێ وەك دادوەر حوكم بدات رەنگە بتوانێ چارەسەری كیشەكان و ركابەریەكان بكات بەلاَم دەشبێ بە پێچەوانەوە ئەم ركابەریە قوولتر ببێتەوە ركابەریەتیەكی لێ بێتە ئاراوە لەگەلێ بەرێوەبەر (سەركردە. پێشەوا) كەواتە راگرتنی دڵی خەلك چ لەیەك خێزاندا یان لە نێو كۆمەڵدا یان لە نێو رێكخراوەكان و فەرمانگەكان دا هەروا ئاسان نیە ئەمە باجی زۆری دەوێ بەلاَم ئەنجامەكەی

سەركەوتنە پێویستە بەڕێوەبەر زووهەلنەووروژێ ڕاستگۆبێ پشتی یەكێك نەگرێ ئەوی تر پشت تێ بكات. خۆی وەك خاوەن كارو ئەوانەی لەگەلی كار دەكەن وەك هاوكارو پشتیوان..
لێ نەگەرێ راپۆرتنووسەكان رۆلی خراپ بگێرن تا خۆی نەگاتە راستیەكان دلنیانەبێ حوكم بەسەر هیچ شتێك نەدات. بەرێوەبەر پێویستە هەلسوكەوتەكانی یەكسان بێ چ لە جۆری پێدانی كار بە گوێرەی شارەزایی و پسپۆری بڕوانامەیان یان پێدانی مووچە یان دەرمالە یان پاداشت.. ئەمانە هەمووی بەگوێرەی یاسایەك یان رێنمایەك بێت كە هەموو لای رازی دەبێ راستە بەرێوەبەر ناتوانێ هەموو كەس رازی بكات و ناش بێ رازیان بكات بەلام دەكرێ داد پەروەرانە هەلس و كەوت بكات. خەلكەكان جۆراوجۆرن.. هەندێك زیرەك، بە تواناو خاوەن كەسێتیەكی ئیدارین بەلام هەندێكیش تەمبەل و مشەخۆرو گەندەل و ناپەیوەستن (ناملتزم)
هەندێكیش هەن لەم نێوانەدا تەنیا گرنگ ئەوەیە كارێك ئەنجام بدەن كاتەكەی پێ بكوژن یان پێ بروێنن زیان بەخش بن بەلام جێگەی چاوان نین و پشتیان پێ ببەستێ كەچی زیا نبەخشیش نین ئەمە سرووشتی خەلكە، ئەو خەلكە كاریگەری دەرەكیان لەسەرە وەك: پەروەردەیی، سیاسیی، ئابووری، كلتووری، جوگرافی، شارستانی، كۆمەلایەتی، ئاینی....
بەرێوەبەر لە نێوان ئەو هەموو ركابەریەتەیانەی دەبێ ئیدارەیەكی وا بدات و رفتار بكات رێكخراوەكان تووشی نوشستی نەیەت. وای لێ بكات ئەم ركابەرایەتیە و كیبركێ یانە بە قازانج بگرێتەوە بۆ دەزگاكەیی. چونكە خەلكێكی تریان كۆمەل بەگشتی چاوەڕێی ئەو قازانجەن ئەوەندە ناهێنێ كە خۆی تووشی ئەو ركابەریانە بكات بە كورتی دەبێ بەرێوەبەر دلی گەورە و چاویی تیژو هەستی بەسۆز بێ. ئەگەر بەرێوەبەر لێ نەگەرێ ركابەری پەرە بسێنێ جاری وا هەیە لە رەگەوە هەلی دەكێشێ ئەگەر ئەمەش قازانج بێ بەلام ناكرێ ژیان بێ ركەبەرایەتی بچێتە سەر هەروا بە ئاسانی چ لەرووی جیاوازی هزرو بۆ چوون یان لە هۆیەكان كە پێشتر باس كرا بەلام چار نیە دەبێ ركابەری بەو سنوورە بچێت كە زۆر جارانیش بە قازانج دەگەرێتەوە بۆ فە رمانگەكە یان رێكخراوەكە وە چۆن؟

پێویستە گیان لە خۆبوردویی و هەولدان بۆ پەرە پێدانی کار، بەرهەم، داهات، شتومەك، کەل و پەلی نرخ دارو چاك ئەمە وا لە بەرێوەبەر دەکا کارمەندان هان بدات زیاتر و باشتر و ووردتر و زانایانە تر کاربکەن ئەمەش لە رێگەی کیبرکێ یان رکابەرایەتی لـە نێوانیانـدا دەکرێ

بەلاَم ئەوەندە هەیە وورِیایی زۆر پێویستە ئەم رکابەرییە بۆ کارێکی پیرۆز نەگوازرێتـەوە بۆ خراپە کاری راپەراندنی کاری ئیداری بە شێوەیەکی نایاب مانای ئەوە نیە کێ باشترە ئەو (قدوە) بێ، بەلکوو دەبێ تێکرای رێکخراوەکە لە ئەنجامی رکابـەری بـەرزیش بـروات راستە رکابەری زیانی هەیە بـەلاَم وەك گوتمـان چاکەشـی لێ دەکەوێتـەوە بۆیـە هەنـدێك جار ووروژاندنی رکابەری کیبرکێ ی چاکەی ئەنجام دەبێت وەك:

١) کارمەندان و بەرێوەبەرەکان بەرەو هاندان و کیبرکێ دەرۆن کە بەرهەمێکی دەبێ.

٢) بە دیارکەوتنی تواناو لێهاتوویی و ووزەی هەندێ کەسی شاراوە.

٣) بەمـەش هۆکارەکـان رکابـەری نێوانیـان دەردەکـەوێ بەمـەش باشـتر چارەسـەری دەکرێ.

٤) دووبارە بەخۆداچوونەوەو دروست بوونی متمانەو برِوا بەیەکتری.

٥) رەخساندنی هەلی گۆرانکاری و چاکسازی هەمیشە بەردەوام دەبێ.

٦) بلاَوبوونـەوەی کیبرکـێ ی نێـوان تاکـەکان و پیـشەکانی کـارکردن لـە دەزگـا و رێکخراوەکان.

٧) وەگەر خستنەوەی توانا نووستوەکان بە ئاگا هاتن بۆ ئەوەی لەکارەکەی و کارکردن دوانەکەوێ.

٨) هەبوون و بەردەوامی جودا لە دام و دەزگاو رێکخراوەکان بەمەش ئـەنجامی ژیانـەوەو خۆ وەدەرخستن و زیاتر کارکردنی دەبێ.

٩)پێویس ت بوون بەکەرەستەو بەرنامەی نوێ دەکا لە ئەنجامی کیبرکێ و رکابەرەکان.

١٠) رێکخستنی مالّی رێکخراوەکان بەشێوەیەکی نوێ و تازە بابەت.

١١) دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـادیری شـارەزا و بـە ئـەزموون پەیـدابن کـە سـوودیان بـۆ رێکخراوەکان دەبێ رێکخراوەکانی تریش دەبێ بەشداری لە خـول و راهێنـان و مەشـق و

ووّرك شۆپ ململانیّ لە هەموو بوارەكاندا بكەن وەك باسمان كرد لە بواری ئیدارە، بازار، ڕێكخراوەكان تا دەگاتە ململانیّ ی چەند بابـەتی چ لـەناو یـەك حزبـدا وەك تەكتۆلـەكان (دەستەگەری) چ لە ناو حیزبەكان. ئەم ململانیّ یانە جاری واهەیە بەرەو ئامانج بەباشی دەچیّ جاری واش هەیە تووشی نـسكۆ دێـت.. ململانـیّ وەك ووشـەو مانـاو واتاكـەی بـە خراپی لێكدەدرێتەوە بەلاّم ئەگـەر بـە شـێوەی زانستی و مەبەسـت كیبركـیّ بێـت ئـەوا ئەنجامی باشی لێدەكەوێتـەوە ئـەم سـیّ ووشـەیە ململانـیّ، ركابـەری، كیبركـیّ بـە واتـا گشتیەكەی یەكن بەلاّم هەریەك مەبەستی تایبەتی دەگەیەنیّ..

ململانیّ لەسەر شت دەبیّ بـۆ داهێنـان و ئامـانجی ركابـەری لەسـەر كردەوەیـە كیبركـیّ لەسەر باش و خراپ (بازار).

## ڕێگاكانی چارەسەری ركابەری

| ڕێگایەك | كورتەیەك لـە وەسف | پێویستەكـانی بەكــارهێنان |
|---|---|---|
| | ئامانج: لە پێنـاو بەرژەوەنـدی بەرێوەبەر بڕیارێك | كـاتیّ سـازش وەختێكـی بـۆ نـامینی بـەلكوو پێویـستە لـە كاتی تەنگانە بە هانای بێـت و بڕیاری خۆت بدەی |
| | لەسەر سەروو خواروی خـۆی یان لە ڕێگـەی هێـزو هەرەشـە یان كارتێكردنی ی ناهەموار | بــۆ مــاوەییّ هەنــدیّ كــەس دەیەوێت یاری بە كاتەكە بكات |
| | عەقل:من دەزانم بەرژەوەنـدی لـە كـویّ یـەو كیـشەم لەگـەلّ مەكەن | لـە بریارەكـانی پیوەندیـدار بـە بەرژەوەندی گشتی |
| هاوكـــــــاری بەشداری | ئامـانج:چارەسـەری هاوبـەش یان بەكۆمەلّ | ئەگەر كێشەكان بۆ هەموولایەك گرنگ بیّ |

| | | |
|---|---|---|
| (ووتووێژ) | لایەنەکان چارەسەری هەمەلایەنی نەدار<br>هەوڵ دەدەی کە سوود لە داهاتەکە بە هاوبەش بێ<br>عقل: گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندی هەندێ هەمووڵایەك کێشەکە چارەسەر بکەن | هەست کردن بە پرسیاری ئەوەندە دەهێنێ کە لەسەر قسەی خۆت<br>ئەگەر لایەك پێویست بە لایەکی تر نەبوو |
| مام ناوەندی | ئامانج: گەیشتن بە رێکەوتنێکی بەپەلە<br>لە داوا کاری زیانە بۆ نوواندن نەرمی<br>عقل: کێشە دروست کردن و مانەوەیی زیان دەبەخشێ | ئەوەندە ناهێنی شتەکە گەورەبێ<br>لەکاتی دژبەیەکی ئەنجامەکان و وەك هێزەکان<br>لەتی پێویست چارەسەرێکی مام ناوەندی بەپەلەی دەوێ |
| خۆدوورخستنەوە کێشانەوە | ئامانج: لادان لە ململانێ<br>خۆ گێل کردن<br>ئامادە نەبوون لە کۆبوونەوەی گەرم<br>دواخستن وەلامەکان<br>راپۆرتە ئالۆزەکان<br>عقل: چ لە تیژی و شێواوی دەدورینەوە | لە کاتێکدا بڕی هاوکاری هاوبەش نەبوو<br>شتی گرنگ تر هەبوو لەوەی کە هەیە<br>ئەگەر هیچ شێوە چارەسەرێك نەبوو<br>ئەگەر خەرجی لەدەست مایەکەی زیاتر بوو<br>ئەگەرلەرێگەیەکی ترچارەسەری باشتر هەبوو |

| | | |
|---|---|---|
| | | ئەگـەر بـێ ئومێـد بـووی لـــە درێژەدانی ململانێ یەکە |
| بردنەوە/هێمن | ئامانج: بەرامبەرەکەت تووشی توورەیی و زیان نەکەی چی بکەین کە رازی بێ ئەو هەلوێستە بەرامبەرەکان ناوروژێنێ پێـــشەکی پاراســـتنی پەیوەندیـەکان تونـد و تـۆل بکرێ | ئەگەر بابەتەکە لای تۆ بێ نرخ بوو بەلام لەلای ئەو گرنگە لـە کاتێکـدا پێویـست بـوو بـە ئایندەی باش ئەگـــــەر ســــەیرت کـــرد بەرامبەرەکەت لـە خۆتـا بـەهێز ترە و تووشی زیانت دەکـا یـان لای ئەم زیانەکان کەم بکەنەوە |

## سەرکردە، سەرۆك، پێشەوا، بەرپرس

سـەرکردە لـە کـوێ هـەبوو ئـەوا کۆمـەلێك هـەن سـەر بەئـەون چ لـە بـواری سیاسـی کۆمەلایەتی، فەرمی( دام و دەزگاکان و رێکخراوەکان) ئابووری.

لـە نـاو دام و دەزگاکـانی دەولـەت بـە شـێوەی فـەرمی بڕیـاری دامەزرانـدنی کەسـێك دەردەچـێ وەك بەرێوەبـەر بەرێوەبـەر جـاری وا هەیـە وەکـوو سـەرکردەیە کاریگـەری هەمەلایە نەی هەیە لەسەر هەلس و کەوت و کارکردن و بەرهەمهێنانی کۆمەلێك کارمەند.

جاری واش هەیە مەرج نیە سەرکردە بێت ولە کارێکی دیـاری کـراو ئـەرکی تـێ ناپـەڕێ. مەرجیش نیە سەرکردە بەرێوەبەر بێت رەنگە لە ناو رێکخراوەکان دا هەندێ کەس رۆل و کاریگەری گەورەیان هەیە لـ ەسەر کارو بەرهەم و پەرەپێدان بەلاَم بە بریـارێکی فـەرمی نەکراوە بە بەرێوەبەر.

کەواتە سەرکردە ئەوکەسەیە تووانایی کاریگەری لەسەر خەلکی تر هەیـە بـۆ ئـەوەی بـە جیدی کاربکەن و ئەنجامی باش بگەیەنن و بگەنە ئامانج

## جیاوازی نێوان ئیدارە و سەرکردەی دروست

یەکەمیان: ئیدارە هەمیشە بەلای کاری فەرمی دەشکێتەوە پشت بە پلان و خشتەو (سیطرة) دەبەستێ.

دووەمیان: سەرکردە لەسەر بنەمای سەرنج و بینین و بیرکردنەوە کاردەکات بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە یەکەیەکی پتەوبێ هەمیشە هانی هاوکاریی و یارمەتی و گیانی یەك تیمی دەدا.... لە ڕێگەی کار تێ کردن و پاداشت و حیکمەتەوە کارەکان ئەنجام دەدات.

سەرکردە چەند مەرجێکی بنەڕەتی یە هەیە کە بیکات بەسەرکردە چ لەناو کۆمەل چ لە ناو بازاری ئازاد و چ لە ناو دام و دەزگا و ڕێکخراوەکان دا

١) کەسایەتیەکی بەسام و ڕاستگۆ و متمانە و جیدی بێ.

٢)دادپەرورەرانە هەلس و کەوت بکات.

٣) گوێ لە خواروی خۆی بگرێ وەك پاڵپشت بێ بۆیان.

٤) شارەزا و لێهاتوویی لەو بوارەی سەرکردایەتی لێ دەکات.

٥) لە کاتی پێویست توند بێ وەك چۆن لەو کاتەی یەکەم جار سەرکردایەتی کارێك وەردەگرێ پێویستە توندی بنوێنێ تا دێتە سەرڕێرەوە (سکة).

٦) هەموو تەمەنەکان سەرکردەی تێدابێت بە گوێرەی بەرژەوەندی کارو گشتی، تەمەنەکانیش:

أ، توندکردن ب، دیموکراتی ج، دەسەلات بەخش د، تاکرەوی، بەوکاتە و، روێژکاری دیموکراتی ز، پێکەوە کارکردن بە دیموکراتیانە ح، پالپشت و ڕاوەرگرتن گ، هاوبەشی ی، ئاراستەکردن ك ، پلاندانان بۆ ڕاپەراندنی کار ل، دوو سەرکردایەتی هەیە.

١) توندترکە هەموو دەسەڵاتەکان لە دەورەی دەسەلاتی سەرۆکبن.

٢)دیموکراتی کە دەسەڵاتەکان دەسوڕینەوە دابەش دەبن بەسەر خوارەوە.

## شێوەکانی ڕەفتاری سەرکردە

سەرکردایەتی لێ کۆکرابێتەوە ⟵ سەرکردایەتیش ك

لای بەڕێوەبەر ⟶ کۆکراییەوە تۆژینەوە بۆ خواروو

دەسەڵاتی بەڕێوەبەر

سەربەستی بوونی خواروو

بەڕێوەبەر بڕیاردەدا و
ڕای دەگەیەنێ دەكا

بەڕێوەبەر پڕوپاگەندە
بۆ بڕیارەكەی دەكا

بەڕێوەبەر بۆ چوونەكانی
دەدا و پرس بكات

بەڕێوەبەر بۆ بڕیار دەدا دەكرێ
دەستكاری وەدەكرێ بڕیاردەدا

بەڕێوەبەری كێشەیەك
دەخاتەڕوو پێشنیار كۆمەڵ بڕیار

بەڕێوەبەر كۆت و بەند
دەخاتە ڕوو بەخواروو بدەن

بەڕێوەبەر سەربەست دەبێ
بەپێی كۆت و بەند

٧) ووشك نەبیٚ لا تەرێك نەبیٚ تێكەلاو بیٚ.

٨) هەموو قسە و راپۆرتێك نەكاتە بنەما.

٩) بڕیاری بەپەلە نەدات.

١٠)جورئەتی هەبیٚ پابەند ی و گوێڕایەلی یاساو رێنمایەكان بێت هەمیشە بەرژەوەندی گشتی رەچاو بكات.

پێوانە و چەمكی بەگەر خستنی هەررێكخراوێك ئیدارەیە و ئەنجامی ماندوو بوونی هاوبەش كەسانێكن كە بە هاوكاری كاردەكەن:–

بەرێوەبەرەكانیش لەسەر بنەمای دەسكەوتەكان و ئەنجامەكانی هەلدەسەنگیرێن كە بەهۆی كارمەندان دەدریٚ بەرێوەبەری دەركەوتوو كارامە لە رێگەی چەند هۆیەكە:

١) رادەیی تووانا‌و لێهاتووی تاكەكان و وورەبە.

٢) چەند سەركەوتوو دەبیٚ لە مەشق پیٚ كردن و پەرەپێدان.

٣) ئامادەكردنی ژینگەیەكی باش و گونجاو بۆ كارمەندان.

كە بەشێوەیەكی كاربگەریانەو روون كار بكەن

پێوانەی رێك و پێكی هەر رێكخراوێك لەلایەن كەسانی خاوەن بەرژەوەندیەكان:–

١)كارمەندان: كرێیەكی باش سەرپەرشتیاریەكی باش، كارێكی باش.

٢)خاوەن مالٚ: چەند قازانج دەكا (چەند وەبەردەهێنیٚ).

٣)كڕییار: باشی كەل و پەل و خزمەتگوزاری.

٤)فرۆشیار: هێنان و بردنی بیٚ كێشە و بەپەلەو بە دلٚنیایی.

٥)قەرز : چەند جێگەی متمانەیە ئەو رێكخراوە.

٦)دەولٚەت: چەند لەگەلٚ یاساو رێنماییەكان بەندە.

٧)كۆمەلٚگا: پابەندبوونی رێكخراوە كە بەرپرسیاریەتی بەردەوامی كۆمەلگە.

دوو شێوە ئیدارە هەیە

| ب | أ |
|---|---|
| ١)دامەزراندن تا خانەنشین بوون (دائمي) | ١)دامەزراندنی کارمەند بە کاتی (مؤقت) |
| ٢) بریاردانی بە کۆمەل | ٢)بریاردانی تاك |
| ٣)بەرپرسیاری بە کۆمەل | ٣) بەرپرسیاری تاك |
| ٤)بە هێواشی پلە پێدان | ٤)ڕێژەی بە پەلەی پلە پێدان |
| ٥)چاودێریەکی گشتی | ٥)چاودێریەکی هەمەلایەنی ڕاستەوخۆ |
| ٦)بەرەو گشتی | ٦)بەرەو پسپۆری ڕۆتین |
| ٧) گرنگیەکی هەمەلایەنە بە کارمەند وەك مرۆڤ | ٧)گرنگیەکی کەم بە ئارەزووی کارمەند |

لەو دوو شێوەیە دەکرێ شێوەی (أ) خۆی بگۆرێ و دەستکاری لە بەرنامەکەی خۆی بکات لە نێوان هەردوولایەن واتە (أ- ب) رەچاوی بەرژەوەندی(أ) دەکا و بە هەندێ دەستکاری لەسەر شێوەی (ب)

## بەشی پێنجەم:

# گەندەڵی

کاریگەری رۆلی ئیدارە لەسەر هەندێ بوارلە کۆن و تا ئەمرۆ و ئایندەش یەکە یەکی سەلمێنراوی بە هێزە بۆ ئەوەی چارەنووسی تاك و کۆمەڵ و بوارەکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و کلتووری و سیستەمی دەوڵەت و ڕێکخراوەکان بەرەو شوێنێك ببات یان سەرکەوتوو یان گەرانەوە بۆ دوواوە ئیدارە لە کاتی ئاشتی لەکاتی شەڕ لەهەر بەرنامەو پلان و خشتەیەك ئامادەیی هەیە

سەرکەوتنەکان بۆ ئیدارە دەبێ ئەگەر ئەو ئیدارەیە یەکسانی ئیداریی لێوەشاوە پالپشت بە زانست و تەکنەلۆژیا بێ ئەگەر بە دوورو درێژی باس لە ئیدارەی دەولەت و ڕێکخراوەکان بکەین ئەوا گرنگە ئیدارەش لە هەندی بواری تر باس بکەین

١. رۆلی ئیدارە لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵی.
٢. رۆلی ئیدارە لە چاکسازی سیاسی و ئابووری.
٣. رۆلی ئیدارە لە کەرتی تایبەت.
٤. رۆلی ئیدارە لە بازار.
٥. رۆلی ئیدارە لە ریادییە (دەستپێشخەری). الریادیە
٦. رۆلی ئیدارە لە وەبەرهێنان (أستثمار).
٧. رۆلی ئیدارە بە تایبەت کردنی کۆمپانیاکانی سەر بە دەولەت.

## بەربەرەکانی گەندەڵی

پێناسەی گەندەڵی: خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و سوودوەرگرتنی نایاسایی بە هۆی پلە و پایەی کە لە کەسێك هەیە لە پێناو خۆ دەولەمەندکردن و دەستکەوتی تایبەتی ئەو دەسەڵاتە بە کاردەهێنێ

ئەو گەندەلیە چ دارایی چ ئیداری بیّ کاردەکاتە سەر ئابووری ی و شێواندنی سیستەمی ژیانی کۆمەلگە دەخرێتە ژێرباری گرانی و قات و قڕی وەك ئەوەی لە زۆر دەولەتانی جیهان دا باوە کە دەسەلاّت بەشێکە لەو گەندەڵی یە سەرەنجام مۆرانە لە ئابووریی وژێرخانی ئەو وولاتە دەدات ئەمڕۆ زۆر لایەن لە هەولی ئەوەدان گەندەڵی بن بڕ بکەن یان لانی کەم کاریگەری کەم بکەنەوە ئەویش لە رێگەی گرتنە بەری ریّ و شوێنی جیا جیا... هەمووما‌ن رۆژانە دەبیستیین کە لەسەرانسەری دنیا کەم تا زۆریان هەولدان بۆ گەندەڵی دیاردەیە کەلە برەودایە.

جاریّ لە وولاتانی دیکتاتۆری، تاکرەوی حیزبی ئەداکەی هەر لە گەشە سەندن دایە بەلکوو بەرپرسیاران بە مالّی خۆیان دەزانن... دەبینین کەوا سەرۆك یان پاشا و میری فلان و ولات یەکێکە لەریزی هەرە دەولەمەندەکانی دنیا یان ملیاردێرە بەلکوو سامانی تایبەتی خۆی گەلێك لە بوودجەی وولاتەکەی زیاتر بێت

گەندەڵی زیاتر لەو شوێنانە روودەدات کە کێشە و ململانیّ و رکابەری تێدا مەیسەرە چ لە وولاتێك یان لە ناوچەیەك. مەترسی گەندەڵی تەنیا لەوەدانیە کە زیان بەخشە بۆ ئابووری بۆ رادەی بەرزی و نزمی ژیان بەلکوو لە وەدایە کە مۆدەیەکە شەرعیەتی پیّ دەدریّ. ئەم گەندەلیە بەربوەتە نێو دام و دەزگاکانی(UN)و ناو رێکخراوە خێر خوازەکانی جیهان. گەندەڵی مەترسی دارە لەبەرچەند هۆیەکی بنەرەتی...

١. بوودجەی سەرلێشێواو.
٢. نەبوونی خزمەتگوزاریەکان.
٣. بەرزبوونەوەی نرخ.
٤. رێگرە لە بەردەم هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن.
٥. لاواز بوونی سیستەمی دیموکراتی.
٦. سەقامگیر نەبوونی ئاشتی و ئارامی.
٧. برەو دانە بە تووند و تیژی.
٨. لە بری ئەوەی دەولّەت حاکم بێت گەندەلەکان سەروەرن.
٩. دژایەتی کردنی راگەیاندن و دەسەلاّتی چوارەم.

١٠. زۆر بوونی کێشە کۆمەلایەتیەکان.

١١. لاوازی ی و شکانی بازار.

١٢. بلاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی سەردەم و هەژاری ی و قات و قری.

١٣. نەبوون و رێگەنەدان لە هەندێ شوێن بۆ ئەوەی کەرتی تایبەتی چ ناوەوە چ دەرەوە رۆلی خۆیان بگێڕن واتە لاوازی یان نەبوونی (وەبەرهێنان) (ألأستثمارات).

١٤. زال نەبوون بەسەر نەخوێندەواری نزم بوونەوەی ئاستی زانست.

١٥. لە گەندەڵی ئیدارەیی دا بلاوبوونەوەی بەرتیل و ساختەکاری گۆرین و دەستکاری لە یاساو رێنماییەکانی بەمەبەستی رێ خۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی مەرامی تایبەت.

١٦. وون بوونی بەرپرسیاری لە هەموو بوارەکان واتە کەس خۆی ناکات بە بەرپرس لەبەر ئەوەی کێشەکان لە ئەنجامی گەندەلیەوەن ئەگەر دەسەلات یان دەست رۆیشتووەکان بەشێك بن لە گەندەڵی کەواتە بەهاکان چاوەرێ ی قەدەرن.

١٧. دەستیوەردانی بێگانە و کۆمپانیاکان لە کاروباری وولات.

١٨. مامەلە کردن لەگەڵ هەرووڵاتێك کەبەگەندەڵی تاوانبار دەکرێ دەبنە مایەی ریسوایی

١٩. شکاندنی کەسیەتی تاك و کۆی کۆمەلگە.

٢٠. ئەو خزمەتگوزاریانەی کەدەشکرێ چ لە رووی باش و خراپی یان گران ی و هەرزانی یان زۆر و کەمی بێ بایەخن.

٢١. دەبێتە هۆی چاولێکەری ئەوەی کە توانایەکی هەبێ دەست بە گەندەڵی دەکات.

٢٢. نەمانی متمانەو بروا پێ بوون.

٢٣. نەبوونی پێوانەی لێپرسینەوە.

٢٤. تەشەنەکردنی گەندەڵی وەك زنجیرە لە نێوان (بازار)کرین و فرۆشتنی.

٢٥. یاساکان بێ بایەخ دەبن.

٢٦. لاوازی شیرازەی رێکخستنی ناوەخۆ کەمی خولقاندنی پلانی نوێ (پەیرەوکردنی بەرنامەی لاوازو کۆن دوورلە پەرەپێدان.

٢٧.رۆتین هاندەرە بۆ گەندەڵی ئیداری هەمیشە ئاسانکاری رێگرە لەبەردەم گەندەڵی بۆیە گەندەڵی ئیدارە سەرچاوەی سەرەکی لە گرێ کوێرە و بەربەست لە رێگەی نەڕواندنی مامەلەکان.

٢٨. ئەگەر لە وولاتێك دا یان لەهەرێمێك گەندەڵی ئاراستەکراو هەبێ ئەوا هەموو بوارەکانی (پەروەردە و، رەووشت، کلتوور، زانست سەرەرایی بواری ئابووری، بازرگانی،تەندروستی، کشتوکاڵی) بەگشتی کەرتی تایبەت و دەزگاخەرجیەکان کوشندەترین گەندەڵی لەوەدایە کە ئاراستەکراو بێت واتە دەسەلات خۆی گەندەڵی بێ یان لە پشت گەندەلیەکانەوە بێت.

٢٩.گەندەڵی دەبێتە مایەی دابەش بوونی چینەکان بۆ دوو چین: مشەخۆرو دەولەمەندی بێ سنوور، دەست بەسەر داگرتنی سەرچاوەکانی ئابووری و بازرگانی دووەمیان چینی کەم دەرامەت و هەژار و کە چاوی لە دەستی چینی یەکەم کە دەسەلاتی بە دەستە.

٣٠. گەندەڵی گواستنەوەیە لە رەفتاری دەسەلات لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەل بۆ بەخزمەتکردنی کۆمەڵ بۆ دەسەلات ئەو گەندەلیە هەر ئەوەنیە کە مەترسیەکانی باسکراو دێتەگۆرێ بەلکوو کۆمەلگە کۆت و بەند دەکات و دەخاتە (حوکمی واقع)کە نەتوانێ هیچ جوولەیەك بکات... ترس و تۆقاندن بەسەری دا زال دەبێ وەك بەندە هەلسو کەوت دەکات چاك دەزانێ لەوەی کە لە ژێر باری ستەم و بار گرانیە بەلام بەداخەوە نایەوێ خۆی رزگار بکا خۆی دەرباز بکاچونکە دەسەلات بە سام و سەرچاوەی سامناکی لەسەر ژیانی خۆی دەزانێ.... جوانترین نموونە کە ئەمرۆ لەبەردەست دایە دەبینین خەلك خۆی زۆر بە مەغدرور دەزانی کەچی شانازی بە دەسەلاتیش دەکات بۆیە ئەمەش پەروەردەیەکی گەندەلیە چونکە خۆت بەرگری لە ژیانی کوشتەی خۆت دەکەیت و خۆت قوربانی دەسەلاتێکی، کەچی بەرگری لێ دەکەی. نرخی گەندەڵی (باجی گەندەڵی).

گەندەڵی پێویستە رۆژانە بەربەرەکانی بکرێت لێ نەگەرێین کەلەکە بکات دووایش بە زەحمەت چارەسەری بکرێت گەندەڵی کێشەیەکی ئابووری یە تاکێشەیەکە رەفتاری گەلێك بێت سوودوو قازانجی دەگەڕێتەوە بۆ چەند کەسێك لە بری ئەوەی ئەمرۆ

گەندەڵی وەکوو دام و دەزگای فەرمی لێ هاتووە بۆ قازانجی کەسانێك ئەوانیش لە ڕێگەی دەسەڵاتی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەلایەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن باجەکەش دەکەوێتە سەر ئەستۆی کۆمەل و کەرتی تایبەت و دەولەت بۆیە پێویستە رەگ و ریشەی لەبن و بۆتکەوە هەلقەنێنن چونکە دەبێتە هۆی:

١. تێکدانی چۆنیەتی تەرخانکردنی داهاتەکان و دابەشکردنی.

٢. ئاراستە کردنی ڕێنمایی ویاسای ئەوتۆ بە شێوەیەکی نادروست و فرت وفێل کە بۆ قازانجی کارەکان ناگەرێتەوە.

٣. نزم بوونەوەی ڕێژەی وەبەرهێنانی ناوەخۆ و دەرەکی چونکە دەزگاکانی چاودێری و یاساییەکان رۆل نابینن.

٤. کەمکردنەوەی کێ برکێ و لێهاتوویی بەمەش ئابووری بازار دەکەوێتە مەترسی سەبارەت بە پەیداکردن و هێنانی کەل و پەلی بەکەلك و باش بە پێوەری تەکنەلۆژیای سەردەم.

٥. کەمکردنەوەی دەستکەوت و داهاتی کەل و پەل و خزمەتگوزاریە بنەرەتیەکان هەروەها پێدان و وەرگرتنی بەرتیل لە بڕی باجەکان کە دەوڵەت پێویستە وەری بگرێت بەمەش دەولەت پارەو پولی بۆ کۆناکرێتەوە تاکوو شت ومەك و پێداویستیەکان جێبەجێ بکات.

٦. زۆربوونی خەرجیە گشتیەیەکان گەندەڵی لە بەڕێوەبردنی کارگەو پرۆژەکانی دەولەت لەوەدایە کە جاری وا هەیە خەرجیەکانی زیاتر دەبێ لە داهاتەکەی: ئەویش بە هۆی هەموو خەرجیە زۆرانەی رۆژانە بەبێ هۆ لە ڕێگەی پرکردنەوەی پسوولەو خەرجی لابەلا دەکرێ. یان ئەوەتا لە کات پێدان و وەرگرتنی هەر پرۆژەیەك بەرپرسان بەرتیل وەردەگرن لەسەر حیسابی دەولەت...

٧. کەمبوونەوەی بەرهەمەکان و داتەپێوی بیروو کاری نایاب... چونکە ئەو پارانە لە ڕێگەی نایاسایی خەرج دەکرێ و نەك بۆ کاری سەرەکی

٨. زیادە تێچوون کرێی ی کارەکان (باجێکە لەسەر کار) ئەوزیادە کاردەکاتە سەر ئەوەی کە یان ئەوەتە مستهلك دەخرێتە ژێرباری ئەو زیادانە و بەرهەمی کەم و خراپ دەخەنە بازار یان ئەوەیە دام و دەزگاكان ناتوانن هەروا بەئاسانی بچینە ناو بازارەکان.

٩. داشکان لە راژەی گەشە پێدان: کوشتنی کات و دارایی زیان بە دامەزراوە بچووکەکان دەگەیەنێ بە پێچەوانەی دامەزراوە گەورەکان بۆیە گەندەڵی وای لێ دەکات کە ئەو دامەزراوە بچووکانە زوو بپووکێنەوە کە توانای باری قورسی گەندەڵی ناکەن.

١٠. کەمکردنەوەی رێژەی کار پێ کردن لە کەرتی تایبەت.

١١. کەمکردنەوە لە ژمارەی ناونیشانەکانی دیارو بەرچاو لە کەرتی گشتی لەسەر حیسابی زیادکردنی ژمارەی ئەو ناونیشانە وەزیفیانەی کە مووچەکانیان کەمن بۆ رازی کردن..

١٢. بڵاوبوونەوەیی هەژاری ی و نایەکسانی.

١٣. رێز نەگ رتنی لە یاسا ئەمە بە هۆی داهێنانی کەلتوورێکی نوێ تاکوو بەرپرسان لێ پرسینەوەیان لەگەڵ دا نەکرێ.

١٤. تەگەرەخستن لە رێگەی دیموکراتی ی و چاکسازی ئاراستەکراو بۆ بازار.

١٥. زۆر بوونی بگرەو بردەو کێشمە کێشمی ڕامیاری.

١٦. دەبێتە زیادبوونی رێژەی تاوان.

## ( ڕەگی گەندەڵی ) ( ڕەگ و ڕیشەی گەندەڵی )

پێش ئەوەی بەربەرەکانی هەژاری و کەم دەرامەتی ی و نەبوونی بکرێ پێویستە لە سروشتی لە رەگ و ریشەی گەندەڵی تێ بگەین... ئەمەش بە گوێرەی جیاوازی کەلتووری گەلانە، بەلام بێگومان سیستەمی ئابووری ئۆبالی ئەم گەندەلیەی زیاتر دەکەوێتە سەر. جگە لەو دەسەڵاتە رەهایانەی کە هەندێ لە بەرپرسانی دەولەت پێ یان دەدرێ ئەوانیش گوێ پێ نادەنە رێنمایی ی و دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو. بەلام هەندێ سەرچاوەی گرنگ هەن بۆ سەرهەلدانی گەندەڵی لە سەرەتاوە.

١. یاساکان و سیستەمە نادیارەکان و، بێ سەروبەرەکان کە بەبەردەوامی دەگۆڕێن... ئەمانە هەمیشە لە بەرژەوەندی دەسەڵات و بەرپرسەکانە ئەم یاسایانە وا دەکەن ڕێگە لەبەردەم پێدانی مۆلەتی بازرگانی یا هەر مۆلەتێکی تر دەگرن بەوەش ناچار دەبن بەرتیل بدەن ئەو بەرتیلانەش ئەرکێکە لەسەر دەولەت و لەسەر بازار ئەمە دەرەنجامی نارێك و پێکی یاساکانی گومرگ و باجەکانە بەلاّم ئەگەر ئەویاسانە یەك بخرێن ئەوە گەندەڵی کەم دەبێتەوە بۆ دەولەتیش بە قازانج دەگەرێتەوە.

٢. شاردنەوەو نەبوونی لێ پرسینەوە و بەرپرسیاری بەرامبەر ئەوانەی متمانەیان پێ کردوون

٣. تێکەل بوونی سیاسەت و هاوبەشی لە کاروبارەکان چ سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، پیشەسازی، بازرگانی، کلتووری...

٤. نزمبوونەوەی ڕێژەی کرێ لە کەرتی گشتی (دەولّەت).

٥. پەیرەوکردنی یاساو ڕێنمایی ی و سیستەمەکان بە شێوەیەکی نەگونجاو نەشیاو ناجێگیر و نا دادپەروەرانە.

٦. لاوازی سزا لەسەر پێشێلکاریەکان.

## چەند ڕاسپاردەیەکی گرنگ بۆ بەربەرەکانی گەندەڵی

| ڕاسپاردەکانی کەرتی گشتی | ڕاسپاردەکانی کەرتی تایبەت |
|---|---|
| ١) دانانی یاسایەکی ڕێك و پێك بۆ کرین کە مەرجی کەمکردنەوەو ڕاگەیاندن و پێدان هەبێ لە چوارچێوەی ئاشکراکردن و ڕوونی کە لە گەندەڵی بیپارێزێ | ١) بە پێدانی کەرەستەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بۆ ئەوەی بتوانێ تێروانین و ووردبینبێ و پشکنینی وورد بکات و ڕێگە لە گەندەڵی بگرێ |
| ٢) دانانی مەرج دانان لەسەر ئەو پارانەی کە بانکەکان دەیدەن یان لایەنە دەولەتیەکانی تربەمەش ووردبین کردن | ٢) هاوبەش کردنی هەمەلایەنەی هەموو هزردارو کۆمەلەکان کارو ڕێکخراوە نا حوکومیەکان لە پێناو تێ گەیاندن و |

| | |
|---|---|
| لەسەر هەر گرفتێکی حوکومەت. | بــــارگرانی گەنـــدەڵی ی و ڕێگاکــــانی چارەسەری کردن |
| ٣) چاکــسازی کــردن لەســەر یاســاکان و ئاسـانکاری کـردن یەکێکـە لـە ڕێوشـوێنی ئامانجــە پێکراوەکــان و بــۆ بەردەســتی چوونی کارو بڕینی هەلی گەندەڵی | ٣) هەولدان بۆ جێبەجێ کردن بەندەکانی بەربـەرەکانی بـەرتیل کـە لـە ڕێکخـراوی هاوکاری ئابووری و بوژاندنەوە دەرچوو |
| ٤) لەســەر کۆمەلــەکان کــەرتی تایبــەت و هــزرو بــۆ چــوونە ووردەکــان پێویــستە هـــەرێمی تەگــەرەیی یاســایی ی و بــێ ســەروبەری تێکــراژان هەیــە چارەســەری بکەن | ٤)هــەول بــد رێ کــە پێوانــەی ژمێریــاری پەســـندکردنی بیـــانی دابنـــرێ پێـــوەی پابەندین |
| ٥) نزمبوونــــەوەی ئـــابووری ســـیبەر (ســەربەحوکومەت) چــونکە ئەوانــەی کــە پــەیرەوی یاســاو سیــستەم نەکــەن زیــاتر بەرەو پێدان وەرگرتن دەچن | ٥) بلاوکردنـــــەوەی بنەماکانیبـــــەرووونی سەبارەت بە لێکترازانی بەرژەوندیـە کـان تاکەکانی کەرتی تایبەت |
| ٦)ئاسانکاری لەسەر یاسایی باج | ٦) دانانی ڕێنمـایی ڕوون لەسـەر پێوانـەی دام و دەزگاکانی حوکومەت سەبارەت بە پێشکەش کردنی پشتگیری و لێبوردن لە باج و تعریفە و غرامە |
| ٧)پێویستە مووچەی کارمەندانی خزمەتی شارستانی کیبرکێ بکات لەگـەل ئەوانـەی لە کەرتی تایبەتن | ٧)هاوسەنگی لەگەڵ مووچـەکانی کـەرتی گشتی هــەبێت بـە گـوێرەی ئـەرك و کـات (کارو کات) |

پوختەی قسەکردن یان هەولدان بۆ کەمکردنەوەی گەندلی یان بن برکردنی پێویستە دوو شت بکرێ

١. پێناسەی گەندەڵی:

٢. چارەسەریەکان:

پێناسەی گەندەڵی هەر ئەوەنیە کە گوتمان بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ سوودیی تایبەت بە هەر شێوەیەك بەلکو گەندەڵی شتی تریش دەگرێتەوە وەکوو:

أ)بەرتیل شێوەیەکە لە شێوەکانی گەندەڵی چ ئەوانەی لە دەسەڵاتن وەری دەگرن یان لەکاتی دەرخستن و پرکردنەوەی پسوولەکا نی کرین و فرۆشتن دەکرێ.

ب) دامەزراندنی خزم و کەس و کار لە دام و دەزگاکان.

ج) پێدانی گرێ بەست و پەیوەست لەگەڵ کەسی نێوان (وسط).

ء پێدانی زانیاری یی و بەلگە نهێنیەکان بە پارە.

ه) شاردنەوەی راستیەیەکان لە راگەیاندن.

و) پێشکەشکردنی خەملاندن و دەرخستەی ناراست.

## تێبنی یکی گرنگ لە هەندێ وولاتان

ئەمرۆ دەسەڵات سیاسەتێکی وای گرتۆتە بەر بۆ گەندلی لە رێگەی سەر کارەکانی خۆی بگرە لە بەرپرسانی حیزبی، حوکومی، کۆمەلایەتی، بازرگانی، ئابووری، کەلتووری،ئەو سەرکارانە یاسا دادەرێژن، دەسەڵات وەردەگرن تەنیا بۆ جێ بەجێ کردنی خواستی دەسەڵات.....

بۆیە لە گەورەترین پلەی وەزیفی تا دەگا (هاتووچوو) لە دەزگا حوکومیەکان تێکرا بۆ گەندەڵی کاردەکەن هەرچەندە کاری رۆژانەی ئاسایی بێ بەش دەکەن و هەندێ خزمتگوزاریی ی و ئاوەکرانی پێشکەش دەکەن بەلاّم لە ئەنجامەکەی بۆ سوودی دەسەڵاتە.

ئەم سەرکارانە کاریان بۆ ئاسان دەکرێ خۆشیان ئاسانتری دەکەن.....پێشێلی یاسا، لەسەر بنەمای نایەکسانی، شیش بەستنی بەبیانووی بناغە، مەترسی لە وەدایە ناشەرعیەت بە ناشەرعی دەدەن...

## جۆرەکانی گەندەڵی

١. زەوتکردنی سامانی گشتی و پلەو پایەی بەرز و کاریگەر لە رووی ئابووری.

٢. زەوتکردنی سامانی گشتی و پلەو پایەی بەرز و کاریگەر/ بە شاراوەیی.

٣. زەوتکردنی سامانی گشتی و پلەو پایەی بەرز و کاریگەر / ئاوەدانکردنەوە.

٤. زەوتکردنی سامانی گشتی و پلەو پایەی بەرز و کاریگەر کشت و کال.

٥. هەرچی داگیرکردن و پاداشتکردن و دابەشکردن و زەوت کردن هەیە لە رێگەی سەرکردەکانیان گلی دەدەن. گەورەترین مەترسی لە وەدایە:

پەرلەمان و حوکومەتیش بۆ مەرامی خۆیان بەکاردێنن کە ئەندامە بەستەزمانەکانی ئەم دام و دەزگایانەش تەنیا رۆلی ئەوە دەبینن ببنە ترەفکلایت و هەمیشە هەر سەوزبن.

سەیرو سەمەرە لەوەدایە دەسەلات نەك هەر لێبچینەوە ناکات بەلکوو کارە گەندەلیەکان بەرەو پێشی دەبات.

ی) لێکترازانی بەرژەوەندی تایبەت و گشتی و تاکەکەسی

یەکنەگرتنەوەی بەرژەوەندیەکان وا دەبێتە هۆی ئەوەی رکابەری و بەربەرەکانی مەسەلەی گەندەڵی. مەرام و مەبەستە نایاساییەکان دێنە گۆرێ.

و) لایەنی سێەم دەکرێ بە رێگایەك بۆ گەندەڵی وەك ئەوەی دیاری ی و شتی تر لەرێگەی کەسێکی تر چ دەربکرێ چ بدرێ.

ح) گەندەڵی هەر ئەوە نیە لە دام و دەزگاکانی دەولەت یان لە نووسینگە و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی رووبدات بەلکوو گەندەڵی لە کلتوورو کۆمەلایەتی ی و ئا بووری بازار و لە هەموو گۆرەپانەکانی ژیانی کۆمەلگە. ئەمرۆ پارە بەتایبەتی لە وولاتە هەژارو نەدارەکان و ئەوانەی کە لەسەر بنەمای کلتووری دیکتاتۆری ی دەرۆن بەرێوە.

گەندەڵی وەکوو مشکە وەکوو مێردەزمەیە ئامادەیی لە هەموو شوێنێکی چەور هەیە لە دەزگا نێو دەولەتیەکان کە دەکاتە ( UN ).. بە هەموو ڕێکخراوەکانیشەوە.

بۆیە دەبێ چ بکەین باشە بۆ ڕێگرتن لێ ی:

١. پێویستە لە لێژنەکانی کرین و فرۆشتن دەست پێ بکرێ بتوانرێ لەسەر چۆنیەتی کارەکانیان زاڵ بن لەکەسەکان لەیاساو ڕێنماییەکان لە عەرزو گلب لە کۆگاکان لە هێنان و بردن (أدخال و أخراج).

٢. چارەنووسی هەر کارێك هەر داوایەك هەر خەرجیەك لە ڕێگەی لێژنەی وەرگرتنی بە تووانا و پاك وپسپۆر(دیار دەکرێت).

٣. لێژنەی بەدوواداچوون کە ڕۆلی کۆتایی هەیە و شاهیدی ئەنجامە دروستەکەی دەبێ.

٤. هەمیشە بەرپرس دەبێ بلێ: بۆ؟ چۆن؟ چەند؟ کەی؟ خەرجیەکەی؟ پێویستە یان نا؟ ئامانج چیە؟ کێ سوودمەندە؟ کوا دەرخستە؟ کوا پلان و نەخشە و تصمیم؟.

٥. دەرکردنی یاساو ڕێنمایی بۆ هەر سیستەمێك کە هیچ دەسەڵاتێك نەتوانێ تمسیلی بکات.

٦. هەر کەسێك تاوانبار بوو بە گەندەڵی یەکسەر ڕووبەڕووی دادگا بکرێتەوە.

٧. زیادکردنی ووشیاری بۆ ئەوانەی کاریگەریان زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە چاکسازی بکرێ بەوەی کە دزینی هەر پارەیەك دزینە لە تاك لە کۆمەلی ئابووری نەتەوەیی تێ گەیاندن ڕێگایەکی بەکەلکە بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی ئەویش لە نێوان کۆمەلەکان کارو کۆمەلگەکانی و شارستانی ی و بەرپرسانی دەولەت.

٨. مەشق پێ کردنی ڕۆژنامەنووسان و پێناسە کردنی گەندەڵی پێیان فێرکردنیان لەسەر چۆنیەتی نووسین لەسەر گەندەڵی کارکردن لە پێناو باش وەرگرتنی زانیاری ی و پاراستنی سەربەخۆیان.

٩. روون کردنەوە هەر ئەوە نیە کە لەسەرگەندەلیەکان قسەبکرێ بەلکوو گەندەڵی چ دەرەنجامێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە.

١٠. لێپرسینەوە یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکان کە بکرێ لە دژی گەندەڵی.. ئەمە بەبەردەوامی هەبێ بەلکوو خەلکی تریش تەمبێ دەبێت.

١١. نابیٚ بە مەبەستی سیاسی وفیکری یان شیٚوەیەکی تر گەندەڵی بکریٚت بە هانە لە پیٚناو مەبەست و بووچوونی تایبەت.

١٢. بۆ وەرگرتنی زانیاری و دەستنیشانکردنی گەندەڵی یەکسەر خەرجیەکان تاوتۆیٚ بکریٚ.

١٣. ئەو کەسانەی کە لەژمیٚریاریەکان کاردەکەن لەگەل ئەوانەی کە لە ووردبینی یەکانن و ئەوانەی کە لیٚژنەن دەبیٚ پەیوەندیان توندوتۆل نەبیٚ لە خزمە پلەیەك و دەدویٚ ئەبیٚ ئەووش بگۆڕین.

١٤. دیاریکردنی ریٚگاکانی خەرج کردنی پارە و دەرامەتی کان بەپیٚ ی یاساو ریٚنمایی بە سیستەمیٚکی ئەوتۆ کیٚ زال بوونی لەسەری ئاسان بیٚ. راستە خەرجیەکان بۆ دەولەت گرنگە چ بۆ خزمە تگوزاریەکان چ بۆ باج و داهات و بوژاندنەوەی ئابووری ی و کۆمەلایەتی د ەبیٚ هۆ بەلاّم خەرج کردنی لابەلا لە پیٚناو بەرژەوەندی سیاسی یان کەسی یان هەر شیٚوەیەکی نایاسایی وەکو: بە فیرۆدان و بەرتیل و خەرجی لەسەر هەلبژاردنەکان..

١٥. پیٚدان و وەرگرتنی زانیاری ی و روونکردنەوە. کارکردن بە رەوتی دوور لە شاردنەوە کە هاوولاتیان لیٚ ی ئاگادار بن هۆیەکە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی ئەگەر گەل بزانیٚ بودجەی سالیٚك چەندە خەرجیەکان چەندن..... پیٚویستیەکان چەندن پلانەکانیان چین... پرۆژەکان و تیٚچوونیان چەندە بەگویٚرەی پیٚوانە گەل ئاگاداربن لە خەرجی داهات.

١٦. ئیدارەی بەهیٚزو دەرکردنی هەندیٚ یاساو ریٚنمایی هەیبەت دەدا بە دەولەت کە کەم کەس دەتوانیٚ هەولی گەندەڵی بدات.

١٧. لیٚپرسینەوەی چەند شویٚنی دەکات

١) پەرلەمان بۆ سەرۆك و حوکومەت و پلە بەرزەکان.

٢) دادگا بۆ کارمەندان بەگشتی.

٣) گەل بۆ لابردنی سیستەمی وولاتیٚکی گەندەل.

٤) راگەیاندن بۆ ریٚخۆشکردنی هەولەکانی.

٥) حوکومەت برگەی (٣) ی کە بە لابردنی چاکسازی ی و بە دووداچوونی بە خۆداچوونەوە گەندەڵی درێژ ناکات.

١٨) گومانێك یان راستی یەك هاتەگۆڕێ لەسەر کەسێك پێویستە لێ ی بپرسینەوە ئەمەت لە کێ بوو؟ ئەمە کارێکی جدیە لە رێگەی لێژنەی لێکۆلینەوە ئەنجام بدرێت.

١٩)گەرانەوە بۆ یاساکان و رێککەوتنامە و پرۆژەکانی ( UN ) لە کاتی بەربەرەکانی گەندەڵی تاوانەکان ناوەخۆیی یان دەرەکی بێ.

٢٠)دامەزراندنی دەزگا (دەستە) یەکی ماقوول لە کەسانی پسپۆر دەست و دەم پاك ئەزموونی لە بواری دارایی و کارگێری ی و قەلاچۆکردنی یان لایەنی کەم رێگرتن لە پەرەسەندنی. بە ناوی (دەستەی دەست پاکی)

٢١)پەرلەمان یاسایەك دەربکا بۆ بەناوی (یاسایی بەربەرەکانی گەندەڵی).

٢٢)لەروویی یاسایی بەربەرەکانی گەندەڵی .

أ)گونجاندن لەگەل یاسایی تاوانەکان.

ب) گەرانەوەی سەرەوەت و سامانی گشتی کە بەنایاسایی خەرجکراوە یان دزراوە یان بەڕێگەیەکی تری گەندەڵی.

ج) رێگرتن لە بەردەم دووبارە بوونەوەیی گەندەڵی.

٢٣)پێویستە لە رێگەی جیاجیا گەندەڵی شەرمەزار بکرێ ئەمە بۆ رای گشتی بە کاربهێنرێ وەك (هەلمەتی نیشتمانی دژی گەندەڵی).

٢٤) رێکخستنی یاسای فەرمانبەران لە روویی خزمەتی شارستانی و پاداشت و سسزاو لابردنی.....

أ) پێوانەی لێهاتوویی ی وروونی دلسۆزی ی و توانای ویژدان بەکاربهێنرێ بۆ دەسنیشانکردنی کار.

ب) کاری پێویست بکرێ بۆ دەستنیشان کردن و مەشق پێکردن (راهێنان) بۆ ئەوانەی کە پلە و پایەی گشتی لە دەولەت وەردەگرن بە هەر رێگایەك بێت. پێویست بە ئاگایی دەکات نەبادا ئەوەش گەندەڵی بێ بۆیە بگۆردرێ.

ج) هاندان بۆ زیاتر کردنی مووچە و کرێ ی باش بە گوێرەی خشتە (جدول)ی توانای کارەکان بە گوێرەی بوودجەی دەولەت

د) هاندانی کارمەندان لە رێگەی مەشق و فێرکردن بۆ ئەوەی شارەزایی تەواو پەیدابکەن. دوورین لە بەکارهێنانی نایاسایی ی تووش بوون بە گەندەڵی

ه) فەرمانبەران رۆشن بکرێن مەترسیەکانی گەندەڵی زیانەکانی خۆ لێ دوورکردن.

٢٥) أ. سامانی گشتی دەستنیشان بکرێت لە سامانی گوازراوە و نە گوازراوە بەپێ ی یاسا دەبێ هەلسوکەوت لەگەلدا بکرێت.

ب)دەسەڵات، سەروو + خواروو (سەرکرد + بنکردە)

دیاری کردنی دەسەڵاتەکانیان بگرە لە مووچە تادەگاتە یاداشت و هاندان و ماف و ئەرکەکانیان..

ح)سامانی گشتی (المال العام) تخوون کەوتنی حەرام و (گوناهە) ئەگەر یاسایەك دیاری نەکردبێ.

پێوانەی هەر کارێك یان هۆکارەسە رەکیەکانی سەرکەوتنی دەگەرێتەوە بۆ چونیەتی بەڕێوەبردن، بەردەوام ئیدارە دانە بەوکارە بە شێوەیەکی دروست دوورلەلادان و ترازان لە رێرەوی ئامانجەکان و پەراوێزکردنی یاساو رێنماییەکان، هەر رێکخراوێك تا دەگاتە دەولەت پەیوەست نەبێ بە میکانیزمی بتەوی پلان و پێداچوونەوە دەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ پەیدابوونی بێ سەروبەری لە ژیانی کۆمەلگا و وون بوونی بەرپرسیاری. ئەو رێکخراوانە بەگشتی وا دەبێ ئامانج و ئەرك و هۆیەکانی کارکردن و پەیوەندیان وەك یەکە یان جیاوازە یان لەیەك دەچن بۆ چەند ئامانجێك کاردەکەن بەلأم دەتوانن بلێن بۆ سێ ئەرکی سەرەکی یە:

یەکەمیان: پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری.

دووەمیان: بەرهەمهێنان.

سێ یەمیان: کاری خۆبەخش (زانیاریی، ئەزموون و شارەزایی، مرۆڤایەتی) هاوکاری بنەمای کارکردن لەسەر دوو شتی پیرۆزە یەکەمیان کات ئەوەی پێویستە قسەی زۆری لەسەر بکرێت بە تایبەتی دووای ئەو وەچەرخانە گەورانەی لە ناوەراستی سەدەی

بیستەم و تا ڕۆژی ئەمڕۆش ڕوودەدات لە ڕوویی تەکنەلۆژیای مادیی و تەکنەلۆژیای بیر بەم جۆرە لە وولاتانی پێشکەوتوو دروشمی کار پیرۆزە و کاتیش پیرۆزە ئەمانە پەیوەستن بەو بازنەی لە هەموو بوارەکان بە پەلە ڕوودەدەن و بەپەلەش تێ دەپەڕن بۆیە چار نی یە دەبێ بگەڕێنەوە سەر سیستەمی نوییێ بەڕێوەبردنی ئیدارە....

ئەگەر بە چاوی تەکنەلۆژیا سەیری جیهان بکەین وەك گوندێکی بچووکی لێهاتووە لە زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی زانستی ی و ووردبینی ی و کاریگەری ئەوە تەکنەلۆژیا جێگەی مرۆڤی گرتووتەوە کەواتە دەبێ ئیدارەش بچووك بکرێتەوە و لق و پۆپی لێ بقرتێنرێ یان قوت بکرێ.... بەلأم بوونی ئیدارە لەم چەرخە پڕ لە داهێنان و پەرەسەندن و پەرە پێدانەش مەرجی بنەرەتە بۆ سەرکەوتن. گوتمان پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ی و کۆنترۆلی بەرهەمهێنان دوو کاری سەرەکین بەلأم ئیدارەی کارە نەخوازەکانیش (نێگەتیفەکانیش) وەك شەڕو شۆڕو پەروەردەیی کالّ پێویستی بە ئیدارە دان هەیە بگرە تاکیش (مرۆڤ) وەکوو خۆی پێویستی بە ڕێکخستنی کاتەکان و تەندروستی هەیە....

هەموو سەرکەوتنێك ئیدارەی باشی لە پشتەوەیە، هەنگاونان بەرەو ئایندەی گەش پەیڕەو کردنی هەلس و کەوت ڕەفتاریی هەست کردن بە بەرپرسیاری. لێ پرسینەوەش جورێکە لە ئیدارە کاتێ هەموو جوولەکان (حرکة) لە تەقەلادان مانای ئەوەیە ئیدارەدان بە ژیان دەدرێ بۆ مانەوەی (البقاء) بۆیە مەرجیشە لەم پێناوەدا چاکسازی بکرێتە دروشم بەلأم دەبێ کێ ئەو چاکسازیە بکات بەگشتی ڕەخنەکان یان سەرهەڵدانی کێشەو گیروگرفتەکان یان سەردەمەکان یان پێویستی یەکان ئەو کارەش ڕووبەڕوویی کێ دەکرێتەوە کێ جێ بەجێ ی دەکات گرفتی هەرە گەورە لە کۆمەلگەی دوواکەوتووو لەلایەن دەسەڵاتێ کی دوواکەوتوو گیری خواردووە نازانرێ کێشەکان ڕووبەڕووی کێ بکرێتەوە... لە جیاتی ئەوەی کارەکان بەرەو پێش بڕوات ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە قوربانی ئەو دەسەڵاتە کە هەمیشەبیر لە ئیدارەیی خۆی دەکاتەوە....

## نموونەیەکی زیندووی سەردەم:

# قەیرانی دارایی یان قەیرانی سەرمایەداری

قەیرانی دارایی لەقەڵای سەرمایەداری سەری هەڵدا وەك پەنایەك خەریکەسەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە ئەم پەتایە لەگواستتنەوەکەیدا مەترسیدارە بەهۆی بەپەلەگەیشتنی وبەپەلەتر لەنەخۆشیەکانی کوشندەی وەك کۆلێرا،تاعون ،ئەنفلۆنزای باڵندە...

هەرەس هێنانی دا م و دەزگادارایییەکان هەروا کت وپڕولە خوت و خۆڕانیە بەڵکوهۆکاروپێشینەو ئەگەری جۆراوجۆرلەخۆدەگریَ ... بەهۆی ئەوەی بازارەکانی دارایی جیهان زۆربەیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە چ لەرووی ئابووری چ لەرووی سیاسی بۆیە ئەو کاریگەریە لەسەر هەموان دەبیَ لەسەرهەمووانیش پێویستە مشووری چارەسەری بخۆن ئەگەر هاتوو هەڵس و کەوتەکان بەیەکەوەنەبن وەك ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا هۆشداری دائەوا ئەنجامی خراپی دەبێت رەنگە بەرەو ئاقارێکی خراپتر بڕاوات.

ئەم قەیرانەش لەکاتێکداسەری هەڵدابەگشتی بازارەکانی جیهان بەرەو تەنگانە دەرواهاوکێ شەکان بەزەقی سەنگیان دیاردەکەویَ بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلیَ نەوت بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەرزبووە پارەدارانی ئەم نەوت فرۆشتنە وازیان لەپەرەپێدانی پیشەسازی قورس هێنا پشت بەستوو بەپارەی کاش پێویستی بەماندووبوون نەدەکرد بەم پارەیە بازارەکانیان بەسیاسەتی دارایی خۆیان دەبەستەوە.ئێستاش لەکاتی تەنگانەدا پارەکانی خۆیان دەکێشنەوە وەك ئەوەی وولاتی لیبیا کردی نزیکەی حەوت ملیار دۆلاری کێشایەوە.

بەهەرحاڵ ئایائەم قەیرانە سەرەتای شکستەبۆسیستەمی سەرمایەداری وەك قەیرانی پەیدابوونی گۆرباتشۆف بۆیەکێتی سۆڤیەتی پێشووکەسەرەنجام هەرەسهێنانی سیستەمی سۆشیالیستی لێکەوتەوە یان تەنگژەوگەردەلولێکی کاتیە؟! ..هەرچۆنێك بێت رەورەوەی مێژوو کەس ناتوانیَ پێشی لێبگریَ..

قـــەیرانی دارایـــی لەئەمریکاوانـــەبێ تەنیائەوەیەکەباســـی لێـــوەدەکرێ گومـــانی تێدانیەلەوڕۆژەوەدەســتی پێکردوەکــەڕۆژی ١١/ ی سـێپتەمبەری پێـدەڵێن دوابــەدوای ئەوڕۆژەش جاڕی دەستپێکردنی جەنگی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەم جەنگەسیاسەتی نـوێ و ئـابووری نـوێ و خــەرجی نـوێی پێویـستە..ئەمــەش یــان شکـستی سـەربازی بەدوادادێ یان شکستی دارایی .

## هۆکاری شکستی دارایی وەك :

- شکستی بانقەکان بەهۆی فراوانبوون و بێ سەروبەریدا
- پەرش و بڵاوی قەرزەکان بەتایبەتی قەرزی خانووبەرە "عقارات"
- نەبوونی ڕۆڵی حکومەت
- کەمی جووڵەی پارەبەهۆی لەدەستدانی متمانە
- پشت بەستنی بنەمای سەرمایەداری زیاتر لەسەر بنەمای قازانجە
- زیادبوونی نرخی سودوەرگرتن (سعرالفایدة)
- ناڕێکی وچەندجۆری لەسیستەمی باجەکان
- کاریگەری گەندەڵی (دارایی و ئیداری ) وەك نەخۆشیەکی سەردەم
- نەبوونی ڕوونی وئاشکرایی (الشفافیة)

## ئەم قەیرانە کاریگەری دەبێ لەسەر:

- نرخی نەوت بەمەش کاریگەری توندی دەبێ لەسـەربازاری وڵاتـانی بەرهەمهێنـەری نەوت.
- لەدەستدانی وەزیفە ،تەنیالە بەریتانیا نزیکەی دوملیۆن کەس کارەکانیان لەدەست دەدەن و بێ وەزیفە دەمێننەوە.
- لەدەستدانی هەلی نیشتەجێبوون (سکن) بۆهاوڵاتیان
- بازارەکان وسەرهەڵدانی گرانی
- سیستەمی دارایی جیهانی، ڕەنگە ببێتە هۆی دارمانی ئەوسیستەمەش .

- دەوڵەت، بۆهاتنەناوەوەی کێشەکان بەمەش هەندێك نارازین لەبەرئەوەی ئەمە مانای گەڕانەوەیە بۆمارکسیەت هەندێکیش بەواقعیانە دەڕوانن و پێ لەبەهاکانی سەرمایەداری دەنێن .

## چارەسەرەکان :

- پێداچوونەوە بەسیستمی دارایی جیهانی.
- دەستێوەردانی حکومەت (تدخل الدولة) بۆپاڵپشتی راستکردنەوەی باری کەچی ماسیکەکان(المفلسین)
- هاندانی ئەوانەی دوودڵن لەوەگەڕخستنی پارەکانیان ..
- هەبوونی گەرەنتی (ضمان الودائع)
-

## دەرەنجامەکان:

گەلەکۆیی بۆرزگاربوون لەم قەیرانە لەلایەن وولاتانی سەرمایەدارو ئەوولاتانەی پەیوەستن بەبازارەکانیانەوە سەرەڕای زیانەکانی خۆیان کەبەئاسانی ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران راستەوخۆ زیان بەبازاری وولاتە هەژارەکان و گۆڕەپانی ململانێی بەرژەوەندیەکان دەگەیەنێت وپشتیان دەچەمێنێتەوە کەلەئەسڵدا لەژێرباری گەندەڵی وچەوساندنەوە دەناڵێنن.

## بەشی شەشەم:

# دەوڵەت (قەوارەیی سیاسی) یان حزب و قەوارەی سیاسی

هەبوونی حوکومەت بەبێ کارمەندان + سنورێکی دیاری کراو + ئابووریەکی بتەو + ئالا هیچ مانایەك نابەخشێ نابێ بە وولاتێکی دان پیانراو بە قەوارەیەکی سیاسی (کیان) سەربەخۆ ڕەنگە بپرسن بۆ لە مانەی سەرەوەی پێ کەمە سەرەرای ئەوەش هەرسێ دەسەلاتەکەی هەیە یاسادانان (تشریع) + جێ بەجێ کردن و راپەراندن (حوکومەت)+ دەسەلاتی قەزا هۆیەکی گرنگ بۆ پێناسەی راستەقینەی دەولەت (کیان)جومگەیی ئابووریەکی سەربەخۆی هەبێ لەبەر ئەوەی بڕبڕەی پشتی ئابووری تەنیا پشت دەبەستێ بەم بوودجەیەی کە لە دەسەلاتی ناوەند بۆی دیار دەکرێ ئەگینا (هەرچەندە وولاتێکە ئەگەر سەر زەوی ی و ژێرزەویەکەی بخرێتە گەر (أستغلال) ئەوا یەکێك دەبێ لە وولاتە زیندووەکانی نەك ناوچەکە بەڵکوو جیهان) وەك خاکێکی سووتاویی لێ هاتووە لە جیاتی بەروبومەکانی خۆمان بنێرین بۆ دەرەوە، لە سیر هەتا پیواز لە وولاتانی دەرەوە بۆمان دێت ئەگەر بێت یەك رۆژ سنوورەکان دابخرێت مانگێك مووچە نەدرێ ئەوا پشێویەك روودەدات کە کەس ئیرەیی پێ نابات.... دەوڵەت پەیوەستە بەچەند دەزگای گرنگ و بایەخدار لە وانە ئامار + پلان + بەدواداچوون + ئامانج + بوودجە....

ئەو وولاّ انەی بێ ئەو دەزگایانەن باشتر بلێن گرنگ نادەنە ئەو دەزگایانە هەمیشە لە قەیران دان چ قەیرانی ئابووری یان سیاسی یان دارایی یان کۆمەلأیەتی....... هتد

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە حوکومەت ساوایە، کار بەدەستان کەم ئەزموونن راستە بارودۆخەکەش بە ئەزموون تێ دەپەرێ کەچی دەکرێ سوود لە ئەزموون و شارەزایانی وولاتی خۆت وەربگری بۆ وێنە ئەزموونی ئیدارە لە عێراق زیاتر لە هەشتا سالّ دەبێ....

هەرێمی کوردستانیش بەشێکی گرنگی ئەو ئەزموونەیە ئەگەر بێت و ئیدارە دەوڵەمەند و سەرکەوتوو بێ دەسەڵات دەبێ زیرەکانە ئەو سامانە نیشتیمانی یە و نەتەوەیی یە بەکاربێنێ نەبادا مۆرانە لەژێرەوە نیشتمان کلۆرو کلۆل و کاول بکات.......

لە دنیای دیموکراتی گەل راستەوخۆ نا راستەوخۆ کارەکانی دەوڵەت بەرێوە دەبات راستەوخۆ لەرێگەی هەڵبژاردن بۆ (پەرلەمان و حوکومەت) نا راستەوخۆ لە رێگەی کابینەی حوکومەت واتە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن (راپەراندن) ناتەواویەکانی ئیدارەو ناوەندە کارگێریەکان بە گشتی بێ پلانی کوشتویەتی جاری واهەیە بودجە لەبەر دەست دایە کەچی پلان نی یە ئامارێك نی یە بۆ ئەو پرۆژانەی پێویستن وەك پلە یەك دوو سێ چوار... هتد

بە پێ چەوانەوە جاری واهەیە پلان ئامادەیە بەڵام بودجە لەبەر دەست نی یە واقعێك هەیە پێویستە باسی لێوە بکەین بۆ ئەوەی ئیدارە زانستیانە هەلسەنگێنین ئەویش ئەوەیە باری ئیدارە پەیوەستە بە دەسەڵاتێکی بە هێزو بەسام بێ مبالات کە تەنیا بیر لە خۆی دەکاتە پێش ئەوەی بیرێکی تر بکاتەوە ئەویش دەسەڵاتی حیزبە... کێشەمان لەگەڵ حیزب نی یە کە لە دەسەڵاتە بەڵام کێشەکە لە وەدایە حزب چۆنە؟ بەرەو کام ئاقار دەڕوا؟ ململانێ یەکانی؟ بەرژەوندیەکانی؟ چاوی حزب، چاوی کۆمەڵ، کێ چاودێری حزب دەکات لە کاتێکدا رەنگە چاودێری کردن لە دوای حزب هەبێ؟ حزب کێ یە ئێمە و ئەوانن شەو و رۆژ پێوەی خەریکین ئایا حزب و سیاسەت جمکن (دووانە) یان ئایا حزب سیاسەت کردن نی یە یان سیاسیەکانی حزب بەرێوەدەبەن ئیستا لێمان تێکچووە نازانین کێ حزبە جاری وا هەیە هەندێك دەلێن دەست رۆیشتووەکان حزبن یان دەلێن کادیرەکانە یان دەلێن جەماوەرەکەیەتی؟ کاتێك حزب دەولەت بەرێوەدەبات یان ئەوەتا بەرەو لووتکەی دەبات یان بەرەو هەلدێر...

کە رەنگە ئەوەی دوایی سەر ئەنجامەکەی بێ... بۆیە بەگشتی حزب مرۆڤ لێی دڵنیا نیەیە !! بەتایبەتی ئەوانەی دیکتاتۆریانە و بیرۆکراتیانە دەولەت بەرێوەدەبەن...

زەحمەتە هەروا بە ئاسانی رۆلی حزب وەلا بنرێ و چونکە جزب و حوکومەت لە هەناوی یەکترن تا ئەوکاتەی رۆشەنبیری و وشیاری رۆلی پەروەردە بەخێوکردن

دەبینیٚ... کەلێنێکی گەورەی ئیدارە لەوەدایە داراییەکەی سەربەخۆ نی یە راستە لە هەموو دام و دەزگایەکی دەولەت رەنگە قاسەیەك هەبیٚ ئەو قاسەیە پالپشتی هیچ پرۆژەیەکی تەکنیکی و ستراتیژی نیە تەنیا بۆ کۆکۆدنەوەی باجەکانە چونکە وولاتێك ئەگەر حزب گوایە بەرێوەی دەبات دەبیٚ کلیلی قاسەکانیش لەلای ئەو بێت تا حزب پارە نەنێرتە بانقەکان ئەوا قاسە بچوکەکانیش بە تالٚ دەمێنێتەوە چونکە رۆژانە پارەی باجەکانیش رەوانەی بانکەکان دەکرێن بانکەکانیش درزی کەوتووە ئەوانیش بەتالٚ دەمێنەوە چونکە دووبارە بەسەر خاوەن ئیمتیازەکان دابەش دەکرێنەوە بە کورتی تا حزب پارە نەنێرتە بانك مووچەکان و خەرجیەکانی رۆژانەش پەکیان دەکەوێت ئەمە نمونەیەکە لە جۆری ئیدارە ئەگەر شیاوی ئەو ناو لێنانەش بیٚ پێویستە سیستەمی ئیدارەی لەم جۆرە لەبن و بۆتکەوە هەلبکێشرێت و رەفتاری مرۆڤ بە تاك و کۆ چاکسازی بکرێت چونکە رۆلی بەرچاو دەبینیٚ لە کاریگەری لەسەر مەسەلەی ئیدارە چونکە سەرەرای ئەدایی تەکنەلۆژیا مرۆڤ و رەفتارەکەشی لە پێش ئەو هەموو پەرەپێدان و ئال و گۆریە سەردەمیانە دەمێنێتەوە

## ( ئیدارە لە شۆڕش )

ئەگەر لەسەر ئەزموونی ئیدارەی کوردی قسە بکەین ئەوا دەبیٚ بگەڕێینەوە رۆژانی شۆرش و پێشمەرگایەتی ی و شاخ، بە هۆی ئەوەی لە ماوە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کوردایەتی کەم تا زۆر ناوچەیەك هەبووە لەژێر دەسەلاتی شۆرش پیٚی دەگوترا (ناوچە رزگار کراوەکان) وای پێویست دەکرد سەرکردایەتی شۆرش هەندێك بەش دابمەزرێنی بۆ راپەراندنی کاروبارەکانی خۆی و خەلك وەکو / بەشی تەندروستی / بەشی پەروەردە (زانیاری)/ بەشی کۆمەلایەتی / بەشی دادگا / بەشی دارایی و گومرگ ( باج و ) دووجار ئەم جۆرە کارانە پەرەی دەسەند بۆ هەماهەنگی و هاوکاری ئەو بەشانە ئەنجومەنی گوندەکانی لە رێگەی هەلبژاردن پێکهێنا.

١. **بەشی پەروەردە:** ئەو کادیرو کەسانەی ئەم بەشانەیان پڕدەکردەوە رەنگە بەگوێرەی پلەی زانستی ی و بڕوانامە هەموو پەیدانەدەبوون ناچار بۆ مامۆستا ئەگەر

شەشی سەرەتایی دواناوەندیش هەبوایە وەریان دەگرتن دووایی ئەوەی خولێکی بەهێزکردنیان بۆ دەکردنەوە.. دووایش بەسەر گوندەکانیان دابەش دەکردن ئەو بەشەش بەڕێوەبەر یان بەرپرسێکی دەبوو ئەویش سەر بە یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش بوو کە سەرپەرشتی دەکردن بەم شێوەیە تا رادەیەك کاریگەری هەبوو لەسەر لانی کەم قەلاچۆکۆدنی نەخوێندەواری یان تەواوکردنی قۆناغێکی خوێندن بەو مامۆستایانەشیان دەگوت مامۆستای شۆڕش.. کە تا ئەمرۆش ئەو ناوە هەر ماوە هەندێکیان لە قووتابخانەکان وانە دەڵێنەوە ئەو مامۆستایانەی شۆرش مووچەیەکیان وەردەگرت لەگەڵ هەندێك لە پێویستی تر.....

٢. **بەشی تەندروستی:** ئەم بەشە زۆر گرنگ بوو لەلایەك بۆ نەخۆشی و برینداره‌کانی ناو پێشمەرگە بۆ چارەسەری خەڵکی گوندەکان لەلایەکی تر.. بە گوێرەی هەبوون ئەو کادیرانەش شوێنەکانیان پڕدەکردەوە بەسەرپەرشتی پزیشکی خاوەن بڕوانامەی بەکالوریوس چونکە وا باوبوو بەوانەشیان دەگووت دکتۆر ئەگەر دکتۆریش نەبوونایە چونکە کارمەندانی تەندروستی ئەو کارەیان رادەپەراند خەلکیش هەر پێی یان دەگوتن دکتۆر....

بە گوێرەی دەسەڵات خولیان بۆ دەکرایەوە بۆ ئەوەی لانی کەم بتوانن دەرزی بەکاربێنن یان چارەسەری هەندێ نەخۆشی سووك بکەن.. داو دەرمانیش شۆرش بۆی مسۆگەر دەکردن لەگەڵ مووچەی و هەندێ پێداویستەکانی کارمەندان شوێنی کارکردنیان بۆ چەند شوێنێکی سەرەکی بوو.

٣. **بەشی دادگا:** ئەم بەشەش ئەگەر هەبوایە دەرچووی کۆلێژی یاسا بەرێوەی دەبرد ئەگەرنا خوێندەوارێکی باش لێهاتویەکی شارەزاو پر ئەزمون ئەو بەشەی وەردەگرت با پلەیی خوێندەواریشی بەشی یاسانە بوایە.. بەڵام یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سەرپەرشتی دەکرد...

ئەم بەشە زۆر گرنگ بوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان ئەگەر بەشی کۆمەلایەتی نەیتوانی بوایە.... جگە لەوەش حوکمی خۆی دەردەکرد لەسەر تاوانباران و ئەوانەیی لە

کاتی دزەکردن بۆ ناو شۆرش دەهاتن بە فیتی دوژمن یان سیخوریان دەکرد... ئێستاش هەندێ کەس بەحاکم فلان ناو دەبرێن با وەکوو دەرچووی کۆلیژی یاساش نەبوبن بـەڵام حاکمایەتیان لە شۆرش کردووە.

٤. **بەشی کۆمەڵایەتی:** کاتێك دەسەڵاتی شۆرش فراوان دەبوو کێشەو کاروبارەکانیش روویان لە زۆربوون کرد پێویست بوو شۆرش رۆلی خۆی بگێرێ بۆ ئەوەی لانی کـەم لـەو ناوچـە رزگارکراوانـە هێمنـی و ئـارامی و گـوزەرانی رێـك و پێـك بکرێـت و کـۆنترۆلی بارودۆخەکان بکرێت.... بۆیـە سـەرکردایەتی شۆرشـەکان بـە گشتی ئـەم بەشـەیان زوو دادەمەزراند ئەویش بەدەست نیشان کردنـی هەنـدێ کـادیری حیـزب و شـۆرش و پیـاو ماقوڵانی گوندەکان کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان زۆر بەهێز و توند بوو تا رادەیەکی بـاش بـە گـوێرەی لێهـاتوویی و دلـسۆزی ئەنـدامانی ئـەو بەشـە دادپـەروەریی کۆمەڵایـەتی بەڕێوەدەچوو... ئەگـەر هـەر کێـشەیەك گـەورە بوایـە سەرپـەرشـتی ئـەو بەشـەش هـەر ئەندامێکی سەرکردایەتی بوو لێ ی ئاگادار دەکرایەوە.. یان جاری وا هـەبوو کۆبونـەوەی سەرکردایەتی لەسـەر دەکـرا ئە گـەر کێشەکە مەترسـی داریـان گـرنگ بوایـە ئـەم بەشـە کۆمەلایەتی‌یـە هەنـدێ جـار هەڵبژادنیـشی تـێ دەکـرا چ وەك ئەنـدامانی بـەش چ بـۆ رادەربڕین لەسەر چارەسەری کیشەکان .....

بەشـی کۆمەلایـەتی رۆلی گـەورەیان دەگێـڕا لەسـەر سـەقامگیری ناوچـەکان هـەر وەك ئاسـایش و دۆسـتایەتی ی و هێمنـی ی و چارەسـەری کێـشەی جوتیارەکـان و ئاغاکان......هتد

ئەم بەشە ئاوێنەی دەرکردنی ناوبانگی شۆرش بوو باش و خراپ ئەرکیان زەحمـەت بـوو لەلایەك دلی ئەو خەڵکە دەبێ رابگرن و لەلایەکیش هاوکێشەی خەلك و شۆرش بوون بۆیە جاری وا بوو ناچاری هەندێك کێشە دەگوازرانەوە بۆ بەشی دادگا...

٥. **بەشی دارایـی و گـومرگ (بـاج):** ئـەم بەشـە بـۆ شـۆرش و سـەرکردایەتی ی و پێشمەرگە و خەلکی ناوچەکەش بایەخدار بوو بۆیـە شـۆرش هـەر لـە سـەرەتاوە گرنگـی

بەم بەشە داوە ڕێ و شوێنی جیاجیای بۆ سەرکەوتنی ئاما دەدەکرد چونکە لە ڕاستی دا شادەماری ژیانی شۆڕش بوو بژێوی پێشمەرگە بوو....

هەموو تواناو هەڵس و کەوت و بەشەکانی تریش کە باسمان کردن سەرچاوەی لەم بەشەوە وەردەگرت.... ئەمە بەشی کادیرو پسپۆری بواری خۆی هەبوو لەگەڵ ڕەچاو کردنی دەست پاکی و دلسۆزی ئەزمونی رابردوو یان ئەم بەشە کاری خۆی لەزۆر شوێن ئەنجام دەدا لەوانە:

١. سنورەکان ٢. ڕێگاو توو لە ڕێگاکان(قاچاغ) ٣.لەسەر بەروبوومی کشتوکالی ٤.بەروبوومی میوەجات ٥.کاری گەشتیاری ٦.دەراسانە ٧.کاروپیشەیی بازرگانی ٨.مەرومالاتی زۆر ٩.کۆکردنەوەی پیتاك لەدەولەمەندەکانی شار ١٠.ئەوانەی دەگیران لەسەر تاوانیك یان خۆفرۆشتن بۆدوژمن ئەم بەشە سەربەبەشی دارایی شورش بوو(سەرکردایەتی) چونکە ئەم بەشە لەچەندین ناوچەی جیاجیا شان بەشانی چالاکیەکانی تری شۆرش کاری دەکرد....بەداخەوە جاری وابووە ئەم پارەو پوولەی وەردەگیرا لە جیاتی ئەوەی شۆرش پێ ی دەولەمەند بکری هەندێ کەسی چاوچنۆك لەتەنکەی باخەلیان دەناو رایان دەکرد(بۆدەرەوە یان خۆیان تەسلیمی رژێم دەکردەوە لەبەرگرنگی ئەم بەشە دووای ئەوەی شۆرش بووبە حوکومەت ئەگەرچی هەموو بەشەکان تێکەڵ بە حوکومەت کرایەوە بەلام ئەم بەشە هەمیشە وەکو بالێکی سەرەکی حزب مایەوە کە مرۆڤ لێ ی تێکچووە ئایا ئەم بەشە حوکومەت بە خێو دەکا یان حوکومەت ئەم بەشە بە خێو دەکا..)

٥. **ئەنجوومەنی گوندەکان:** کاتێ شۆرش لە سەرەتا بوو تەنیا کادیر رۆلی گەورەی دەگێرا لە بری ئەو هەموو بەشانە خۆی بەتەنیا دەسورایەوە بە دەمانچەیەك و جانتایەکی بچووك بەلام بەرەبەرە ناوچەکان فراوان بوون و کارەکانیش زۆر بوون و پێویستیەکان وایان کرد دەسەلاتەکانیش زیاتر بن بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکان لەلایەك شۆرش خەریکی کاری سەرەکی خۆی بوو شەر دژی پەلامارەکانی دوژمن و رژێم لەلایەکیش ئیدارەی ناوچەکان بۆیە بەشەکان دامەزران زۆروکەم بەگوێرەی بارودۆخ

كاریان دەكرد.... دووای چەندین گۆڕانكاری سوودوەرگرتن لە ئەزمونی بزووتنەوەی گەلانی تر لە هەشتاكانی سەدەی رابردوو بیرۆكەی دامەزراندنی ئەنجومەنی گوندەكان هاتە ئاراوە ئەمەش پێویستی بە وەرگرتنی پرس و رای خەلك دەكرد بۆئەوەی شۆرش متمانەی خۆی لە دەست نەدا لە رێگەی هەلبژادنی ئەنجومەنی گوندەكان هەلدەبژێردران ئەو كەسانەی كە بۆ ئەنجومەن دەردەچوون دەبوایە ریش سپی و كەسایەتی ناودارو لێهاتوو دلسۆزو راستگۆ و پاك بوونایە هەروەها كە دەبوون بە ئەنجومەن نەیان دەتوانی هات و چوونی شار یان ئەو شوێنانە بكەن كە دەسەلاتی رژێمی لێ یە. ئەو ئەنجومەنانە سەرەتا گەرم و گور بوون بوونێكی مەعنەوی باشیان بەدەست هێنا رەنگە بەشەكانی تر كە باسمان كردن پرس و رایان بەو ئەنجومەنانە دەكرد لە كاتی پێویست یان پەیدابوونی هەر كێشەیەك لە نێوان خەڵك و ئەو بەشانە.... شۆرش قسەی ئەو ئەنجوومەنانەی بە هەند هەڵدەگرت شانازیان بەو دەزگایە دەكرد.... كە تەكبیریان پێ دەكردن. بە تایبەتی كێشەی جۆتیاران گەلێك جاریش لە كاتی شەردا دەبوون بە هاوكار و بە پشتیوان ئەركی قورسیان دەكەوتە ئەستۆ.... ئەم ئەنجوومەنانە لە رێگەی راگەیاندەكانی شۆرش چالاكیان بلاودەكرایەوە وەك نمونەیەكی شارستانی دەخرانە روو....

٦. **هێزی بەرگری میللی ( پشتیوان ):** لە كاتێك دا رژێم تەنگی بە شۆرش هەڵچنی بوو هەموو دام و دەزگاكانی خۆی (خزمەتگوزاریەكانیش) لە ناوچە رزگاركراوەكانی شۆرش كێشابووە وە ئیدی دەبوایە خەڵكی گوندەكان بە قاچاغ هات و چۆ بكەن سەرەرای ئەوەش وەكوو پێشمەرگە حیسابیان بۆ دەكرا بۆیە شۆرش بیری لەوە كردەوە كە پێویستە ئەو خەلكەی لە ماڵی خۆی دانیشتووە كاسبی دەكات لە گوندەكان بە شێوەیەك ئیدارەیان بگێری كە تەنیا لە كاتی پێویست هاوكار بن ئەگینا بەخۆ و بە چەكەكانیان لە ماڵی خۆیان بن و كاسبی بكەن... ئەو هێزانە لە شەرەكان بە هانای پێشمەرگە و بریندار و گواستنەوەی هێزەكان دەهاتن.... چونكە لە كاتی شەردا بۆ پێشمەرگە زۆر بوو كە كەسێكی تر لە پشتی یەتی و بەهانایی دێ بۆیە رۆلی ئەوان گرنگ

بوو.. هەم گوند و ناوچەکەیان دەپاراست لە هەندێ شتی لاوەکی وەکوو بەرگری میللی یان هاوکاری ی و یارمەتی تا شەرکردن بۆ پشتیوانی پێشمەرگە ئەمانە بوون کە لە دووای پێشمەرگە ناویان دێ ئەگەر لەسەر شۆرش قسە بکەین لە روویی سەربازیی.. هەم ئەم هێزانە واتە هێزی بەرگ ری میللی هەمیشە لە بزووتنەوەی رزگاری کوردستان ئامادەیی هەبووە سیاسەتێکی حەکیمانەی شۆرش بووە.

**پێك هاتەیەکە ئیداریی یەکان:** وەك گوتمان ئیدارە قەوارەیەکی فەرمیە بۆ رێکخستنی کاروبارەکان راستە و خۆ یان ناراستەوخۆ لە شوێنێکی وولات و لە هەر کاتێکیش دا چ لە شارەوانیەکان، لە ناوچەکان، پایتەخت یان لە هەرێمەکان یان لە دەولەت (حوکومەت).. ئەم ئیدارانەش چەندین جۆرن

١. ئیدارەی خۆیەتی (ئۆتۆنۆمی) یان مەرکەزی.
٢. سەربەخۆیی خۆیەتی.
٣. دەسەلاتەکانی دەرکردنی یاساکان لە هەرێمەکان.
٤. لامەرکەزی.
٥. فیدرالی.
٦. کونفدرالی.
٧. دەولەتی سەربەخۆ (کیان مستقل).

پێکهاتەکانیش:

١. بەرنامە و پلان و ئامانج و خزمەتگوزاری.
٢. دەسەلاتەکان.
٣. یاساکان، نیزام، رێنماییەکان، بڕیارەکان، هەموارکراوەکان، ئاراستەکراوەکان.
٤. پلەو پایەی سەروو و بەرز و راوێژکاران.
٥. کارمەندان ( لایەنی جێ بەجێ کەر بە گوێرەیی پێویستیە کانیان).

أ- بەرێوەبەر.
ب- یاریدەر.

ت- شارەزایان.

پ- بەشەکان.

ج- هۆبەکان.

ح- لقەکان.

## چەندین پێکهاتەیی گرنگ لە هەر بەرێوەبەرایەتیەك

١. لیژنەکان.

٢. دەستە دامەزراوەکان (الهیئة).

٣. راوێژکاری.

٤. توێژینەوە.

٥. چاودێری ی و ووردبینی لە بواری (دارایی و ئیداری).

٦. پشکنین.

## پێکهاتەیی نموونەیی لە کابینەی حوکومەت

١. ئەنجومەنی وەزیران.

أ- وەزارەتەکان

ب- دەزگاکان (مؤسسأت)

ت- هیئەکان دەستە دامەزراوەکان (الهیئات)

٢. وەزارەت.

أ- بەرێوەبەرایەتی یە گشتیەکان (المدیریات العامة)

ب- بەرێوەبەرایەتیەکان (المدیریات)

ت- ئۆفیسەکان (الدوائر)

## بۆ هەڵسەنگاندنی ئیدارە لە رێگەی

١. پاداشتی بە پارە.

٢. رێزو سوپاس و پێزانین.

٣. هەڵسەنگاندن.

## رێگە گرتنیش لەسەر پێشیلکاری و گەندەڵی

١. برینی مووچە بە هەموو شێوەکانی(ڕۆژ، مانگ، پارەیەکی دیاری کراو).

٢. سسزاکان بەهەموو شێوەکانی کە لەیاسای فەرمانبەران داهاتووە.

٣. دەرکردنی کاتی.

٤. دەرکردن.

٥. لادان.

ئەو هەموو شێوانەی کە باس کران پێویستە رەچاوی بارودۆخی کات و شوێنێك و بە گوێرەی یاساو رێنمایەکانی پەیوەست و بەپێ ی بەرژەوەندی کارو بەرژەوەندی گشتی.

## دەست نیشان کردنی فەرمانبەران ( کارمەند )

هەر پۆستێك بە گوێرەی رێزبەندی پلە و پایەی لە سەرەوە تا خوارەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە کەواتە دەبێ کەسی تایبەتمەندی بەو پۆستە بدۆزێتەوە ئەگەر وا نەکرێ ئیدارەیەکی بێ سەروبەر پڕ لە کێشەو گیروگرفت دێنە کایەوە سەرە ئەنجام ئامانجەکان بێ ئەنجام دەبن نمونەیەك:-

لە کاتێکدا پاپۆر هاتە گۆرەپانی خزمەتگوزاری لە ئەمریکا هێشتا پێوانەی دیاری کردنی فەرمانبەران حیسابی بۆ نەدەکرا بەوەی کە پاپۆر لە دەریاکان دایە بە هەمیشەیی شوێنی کرێکار و کارمەندانیش بە شێوەیەکی فراوان نابێ لەوانەیە بۆ چەندین مانگ ئەو کەسانە لە ناو پاپۆردا هەمیشە لە بەرامبەر یەکتری دانیشتوون، نان دەخۆن دەخەون... هتد لە ئەنجامی تێبینی ئەوەکرا کە هەمیشە مرۆڤەکان تووشی بارێکی دەروونی خراپ بووینە لە یەکتری تووره دەبن شەڕ دەکەن ئاژاوە دەنێنەوە بۆیە بەرپرسانی ئەو کۆمپانیایە بە پێویستی زانی کە چەند پێوانەیەك دابنێ بۆ هەلبژاردن و دەسنیشان کردنی ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەناو دەریا کاربکەن....نزیکەی پەنجا خالیان دانا بۆ ئەوەی هەرکەسێك دابمەزرێ ئەو خالانەی تێدا بێت کە پێوانەکەیان لەگەڵ کارەکە دەگونجا..... ئەمرۆش ئیدارە لە کوردستان گۆرانکاری گەورەی بەسەر داهاتووە بە هۆیی بارودۆخەکە و تێکەڵ و پێکەلیەکی زۆر مە ترسی ئەوەی لێ دەکرێ

وەكو دەریا وانەكانی ئەمریكای لێ بێت بۆیە پێوانەی دەستنیشان كردنی هەر كەسێك بۆ پلەو پایە بەڕەچاو كردنی ئەو خاڵانەش كێشەكان بنبڕ دەكرێن وەكوو:

**فەرمانبەری سەركەوتوو.**

١. حەز بەكارەكەی بكات و بە ئەرك و مافەكانی قایل بێت.

٢. دەست و دەم و داوێن پاك (گەندەل نەبێ بەگشتی).

٣. ووردو چاودێرو و بە جورئەت بێ.

٤. ئیشی ئەمڕۆ نەخاتە بەیانی.

٥. هەمیشە یاساو رێنمایەكانی پەیوەست بە كارەكەی لەسەر مێزو لەبەر دەم بێ.

٦. لە كاتی دەوام تەواو دەبێت پێویستە مێزەكەی هیچ مامەلەیەكی لەسەر نەمابێ چ بە هۆی تەواوبوونی یان هەلگرتنی لە شوێنێكی پارێزراو.

٧. خۆی خزمەتگوزاریەكانی ژوورو مێزو پاك كردنەوەی بگرێتە ئەستۆ.

٨. هەمیشە بەردەمی رێك و پاك و وشیار بێ.

٩. بۆ هەركارێك یان بابەتێك معامەلەیەك فایلی تایبەتی دابنێ هەروەها فایلێك بۆ معامەلە تەواوبووەكان یەكێكی تر بۆ ئەوانەی لە تەواوبوون دانە یەكێكی تریش بۆ ئەو فایلانەی پێویستی بە كەموكوڕی هەیە یەكێكیش بۆ ئەوەی لە كاتی پێویست دەگەرێتەوە لای.

١٠.واتە فایلی (جێ بەجێ كراو، بەردەست، وەلام دانەوە، خولاو)

١١. راوبۆچوونی وەلامەكانی روون و دیار بێ پەناو پنج بێ پشت ببەستێ مەبەستی بە ژمارەیی رێنماییەكان و یاساكانی پەیوەندی دار بە كارەكە واتە لە خۆیەوە بڕیار نەدا ئەگەر دروستیش بێ پێویستە ئاماژە بە بەرایی یەكان (أولیات)و یاساو رێنماییەكان بدات.

١٢. هەمیشە دەبێ دەسەڵاتی خۆی بەكاربێنێ ڕای تایبەتی خۆی هەبێ خۆی نەكاتە پەراوێزی بەمە بوونی لەو شوێنە وەك نەبوون دەبێ.

١٣. دوو دەسەڵاتی هەیە.

١٤. دەسەڵاتێك هی وەزیفەکەی وەکوو ئەوەی ژمێریار کاری ژمێریاری دەکات بە هەموو جۆرەکانی یەکێکی ئیداری ناتوانێ ئەو کارە بکات لە چوار چێوەی ئەوناونیشانانە کارەکان بێ گەرانەوە رادەپەڕێنی.

١٥. ئەو دەسەڵاتە سەرووی خۆی بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەزانێ.

١٦. تێ گەیاندن مراجع و ئیهمال نەکردنی واتە پێویستە بەرێی بکەیت بەبوون و نەبوون.

١٧. ووشەی نابێ و نیە و ناکرێ لە فەرهەنگی کارمەندی سەرکەوتوو هیچ شوێنێکی نی یە دە بێ بلێن بەم شێوەیە دەکرێ و پێویستە رەچاوی ئەم پێویستانە بکەیت ئەو شتانەت کەم و کوڕی هەیە......هتد

١٨. بپرسە و پرسیار رەخنەی لەسەر نیە بۆ فێربوون بەرچاو تەنگیش مەبە زانیاری ببەخشە دەوروبەرت واتە هەم فیربە هەمیش خەلکیش فێر بکە.

١٩.وا هەست بکە کە خۆت نرخ دەدەیتە شوێنەکە (کورسی و مێزەکە)نەك بە پێچەوانەوە.

٢٠. پرس پێ کردن و راوەرگرتن کارێکی زۆر پێویستە بەم پەیوەندیی کارو کارمەندان بەتین دەکا سەرەرایی زیاد بوونی متمانە.

٢١. دەست لە کاری خۆی زیاتر وەرنەدات و خۆی لە کاری تر هەلنەقوتێنێ.

٢٢. ئیدا رە لەسەر وەعد و قسە و پەیمانی پێش وەخت ناڕوات بەرێوە هاووڵاتی فێر بکرێ کەکارەکەیی بێ گرێ و بێ واسیتە و تەلەفۆنی ئەم و ئەو بە بوون و نەبوون جێ بەجێ دەکرێ

٢٣. گرنگی ئەوەیە کە هەمیشە وەلآمێکی یێ بێ.

٢٤. کاری وەزیفی پیرۆزە پاراستنی نهێنیەکانیش پیرۆزترە.

٢٥. گرنگی بەراپۆرت نووسین نەدات مەگەر هەر بۆ وەرگرتنی زانیاریی و بەس.

٢٦. رێنمایی خەلك بکات هەمیشە پەنا بۆ ئاسانکاری ببات بەلآم نەك لەسەر حیسابی وەزیفەکە (دائیرە).

٢٧. خۆ پێ گەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی تەنیا سەرکەوتنی خۆی بەلکوو هی دائیرەکەش بەلاّم بەکوێرانە چاو لێ گەرانە هەلس و کەوت نەکات.

٢٨. وەزیفەکە سەرەرایی وەرگرتنی مووچەیەك بەلاّم وات لێ دەکا یان بە ناوبانگ بێت لە ناو خەلك یان ناونراو بێت بۆیە ئەمە هەلّێکە پێویستە بیقۆزنەوە بۆ خۆت... بەمەش ویژدانت یان ئارامە یان ئازارە بۆت.

٢٩. ڕێگاکان بۆ مراجع کورت بکەرەوە و ماندوویان مەکە چونکە زۆر ڕێگات لە پێشە.

٣٠. هەردەم پێشنیارو چکسازی پێشکەش بە فەرمانگەکەت بکە بۆ ئەوەیی ببێتە دائیرەیەکی نمونەیی کەمایەیی قازانجە بۆ هەمووان.

٣١. قەند لە هەلّەکانت وەربگرە.

٣٢. هەمیشە بەهەستی مرۆڤایە تی کاربکە و بەیەکسانی و ڕەفتاری جوان کاربکە.

حیسان بۆ خزم خزمینە و برادەرایەتی و ڕکابەرایەتی مەکە.

٣٣. لێ نەگەڕێی هەلّەکان و کێشەکان کەلەکەبن دووایی زەحمەتە هەلگرتنیان.

٣٤. پێویستیەکانی کارکردنت هەردەم لەبەردەست دابێ.

٣٥. درێـژدارو چیرەدرێژ مەبە بە کەمترین ووشە مەبەستەکانت دەربڕە چ لە کاتی نووسین چ لە کاتی قسەکردن لەگەلّ مراجع.

٣٦. ڕاشکاوانە ڕایی خۆت دەربڕە.

٣٧. هات و چۆ بە مراجع نەکەی.

٣٨. هەمیشە ئاگات لێ بێ کە خەلك سلاوت لێ دەکەن وەلاّمییان بدیتەوە و پێشوازیان لێ بکە.

٣٩. کۆد و فۆرم بەکاربێنە ڕێنماییەکانیش لە پشتی ئەو فۆرمانە تۆماربکە ئەگەر پێویست بوو.

٤٠. بۆ کارێك لە تەنیشت خۆت بە خەتێکی جوان و دیار پێداویستیەکانی جێ بەجێ کردن بنووسە بۆ ئەوەی هەر کێ هات دەزانی چی بکات و چی پێویستە بۆ ئەوەیی پرسیارێکت لێ بکات و کات بە فیرۆ بدەن.

٤١. کارێك بە تەلەفۆن جێ بەجێ کرا باشترە.

٤٢. وەرگرتنــی تەلــەفۆن یــان ناونیــشانی مراجــع پێویــستە بــۆ کەمکردنــەوەیی کــات و میکانیزمی ژووریی جێ بەجێ کردن.

٤٣. ناوی خۆت و ئەرکەکان و مۆبایلەکەت لەسەر لەوحــەی بــچووك لــەلای خــۆت لەســەر مێزەکە دابنێ.

٤٤.کاتی پشو و نان خواردن پەنا بۆ شوێنی تایبەت ببە.

٤٥. لە شوێنی تایبەت پێشوازی لە میوان لێ بکە و بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش.

٤٦. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبوو پێویــستە ناوەنــاوە کارمەنــدان بەســەر بکەیتــەوە لــە کێشەو گرفتەکانیان بکۆلیەوە.

٤٧. سوود وەرگرتن لە کۆبوونەوەو ئەزموونی خەلکی تر و خولی راهێنــان و گۆرینــەوەیی زانیاری زۆر پێویستە بۆ ئەوەیی کارمەندێکی پر لە ئەزموونت لێ دەربچێت.

٤٨. لەکاتی هەر گۆرانکاریەك لە سیستەمی کارکردنیان دەوام بەزووترین کات لە رێگەی هۆیەکان بە پەیوەندی رایی بگەیەنە. بــۆ وێنــە لــە وولاّتــانی پێــشکەوتوو ئەگــەر بــەیانی شــەقامێك بیانــەوێ بــۆ ماوەیــەکی دیــاری کــراو جولــەی لێ بوەســێنرێ ئــەوا شــەو لــە کەنالەکانی ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێت خەلك ئاگادار دەکەنەوە.

٤٩. کاتێك کارەکانت جێ بە جێ دەکەی دوو خالی سەرەکی رەچاو بکە:

١. مافی فەرمانگە

٢. مافی مراجع

٥٠. کارمەند ی کارامە ئەوەیە ئامرازەکانی بەشێوەیەکی کاریگەر بەکاربهێنێت.

تێ گەیشتن و شیێ کردنەوەی رەفتاری مرۆڤ بــە دەرگایــەکی ســەرەکی دا تێدەپــەرێ بــە ئیدارەیی ئادەمیزاد و ئیدارە بە شێوەیەکی گشتی چونکە تێکرا ئــەو هــەلس و کــەوت و توانــاو خورەووشــت و بەهایانــە و بــۆ چــوونانە ی بــەتاك و بــە کۆمــەڵ لــەوە بــەرپرس و کارمەندانەوە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر رادەی کــارکردن و بەرهــەم و لێهــاتووی.... دووایی لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانج. ئەمەش دەبێتە کەرستەی ئیدارە بۆ زانیاری بەهێزی و لاوازی و بڕیاردانی کاریگەر.. بۆیە دەتــوانین بلــێین رەفتــاری دیــارو جیــاوازی گــەرێکی وەکــو یابــان دەبێتــە ئــەوەیی کــە لــە روویــی ئیــدارە و ئــابووری لەگــەلی تــر

جیابكرێتــەوە و گەیــشتوونەتە لووتكــە چــالاكیەكانی ئیــدارە وەكــوو لــە كۆمپانیــا و نەخۆشخانە و ئوتێل و یان دەستەیەكی گشتی یان وەزارەتێك و كارگەیەك كاروباری نـاو ئەم دام و دە زگایانە لە ڕوویی مرۆڤایەتی و كۆمەلأیـەتی ی و هونـەری كـە پێـك دێـت لـە كارمەندان و سیستەمی بەرهەم هێنان دابەشكردنی كارەكـان لەگـەڵ كەرەسـتەی مـادی وەكوو ماكینـەو كانـەكان و كەرسـتەكانی كـە هـەموویان پێكـەوە ئامـانجێكی دیـاریكراو پێشكەش دەكەن لەوانە بەرهەم هاتوو وەكو ئامادەكردنی شت ومەك یان خزمـەتگوزاری یان بیرو زانیاری.

## كاریگەری هۆكارەكانی رەفتار لە دام و دەزگاكان :

لـە هـەردام و دەزگایـەك بـۆ چـوونی دژیەیـەك هەیـە لـە نێـوان رەفتـاری مرۆڤـەكان و كۆرانكاریەكانی ناوەوە ودەرەوەی هـەر بەرێوەبەرایەتیـەك (فەرمانگـە) ئەوانـە پێكـەوە زۆر كاریگەریان هەیە لەسەر رەفتاری ئەوانەی لە دائیرە كاردەكەن ئەوانە چین ،

١. تاك: یەكێكە لە بنەرەتیە دیارەكان لە دەزگاكان هەر هەلوێست و و هەڵسوكەوتی تۆ كار دەكاتە سەر بەرێوەبردن.

٢. كۆمـەڵ: لـە هـەر فەرمانگەیـەك چـەندین كـەس پێكـەوە كاردەكـەن جـەخت كردنـی ئەوكۆمەڵە كەسانە كاردەكاتە سەر هەریەكە لە رەفتاری تاكەكان بەمەش كاریگـەری بـۆ سەر فەرمانگەكە دەگەرێتەوە.

٣. پەیكـەری ڕێكخـستن: لـە ڕێگـەی ئـەو پەیكـەرە هـەموو ئـەو كارمەندانـەی كـە لـەو فەرمانگەیە كاردەكەن چالاكی خۆیان دەنوێنن بۆ گەیـشتن بەئامانجـە دارێـژراوەكان كـە پێكەوە تێكەل بەیەكیردەبن دەگونجێن ئەم پەیكەرە نەخشە و پلانی كارو كارمەنـدان و كۆمەلن لەو فەرمانگەیە.

٤. دەورو پشت: هەر فەرمانگەیەگ پیوەستە بە چەند هۆكارێكی بەدەر لـە خـۆی واتـە دەوروپـشت و سروشـت كـە لـەرویی ئـابووری و كۆمەلأیـەتی و رۆشـنبیری و رامیـاری و زانستی و هونەری (تەكنەلۆژی) كاریگەریان هەیـە ئـەوەی كـە سروشـت وەری دەگـرێ و پەرەی پیێ بدات كۆكۆدنەوەی باج بۆ گەنجینەی دەوڵەت.

٥. سیستەمی بەڕێوەبردن: لەهەر ئاوادانیەك و شوێنی كاركردن پێویستی بەسیستەمێك هەیە بەڕێوەی ببات و جگە لەوانەی باسمان كرد ئەو سیستەمەیی بگونجێ لەگەڵ هۆكارەكانی تر یان ئەوا هۆكارەكان بگونجێن لەگەڵ سیستەمەكە بۆ وێنە سیستەمەی سەربازی جیایە لە سیستەمی شارستانی سیستەمی فەرمانگەیەك تا فەرمانگەیەكی تر لە یەكتری جیان ئەو سیستەمانە ئامانجەكان بەیەكەوە دەبستێتەوە و تاكەكانیش بە فەرمانگە و بەیەكەوە پەیوەست دەكا و شێوە تاكی فەرمی نیشان دەدەن جیاوازیەكانی تاك لە كاتی كاركردن كاریگەریان هەیە وەكوو.

١. ئەگەر بێت و تاك خۆی لەسەر پشك بێ لەسەر كاركردن ئەوا ئەو كارە هەلدەبژێرێت كە خۆی پێ ی خۆشە و دەتوانێ لێ ی سەركەوێ بۆیە پێویستە پێوانە هەبێت بۆ وەرگرتنی هەر پۆست و ناونیشانی بە پێوانەی زانستی كە چەند ئەو كەسە دەشێ بۆ ئەو كارە یان دەست دەدا بۆ كاری دیاریكراو بۆی بۆیە دەبینی هەر كەسەو جیاوازی لەوی تر هەیە، بۆیی پێویستیمان بەهەندێ مەرج هەیە دەبێ ئەو مەرجانە لەو كەسەبێ كەكارێكی پێ دەسپێرێ.

بۆیە هەركەسێك ئەزموونێكی خۆی هەیە دەبێ ئەوكات پێویست ناكات لە شوێنێك بگوازێتەوە بۆ شوێنێكی تر.

٢. جیاوازی لەبەرهەم هێنان:

لە كاتێكی دیاری كراو هەر كەسێك توانایی وەبەرهێنانی هەیە بەگوێرەیی تواناكانی. بەگوێرەیی لێهاتوویی ی و شارەزایی ی و زانایی وەستایانە كاربكات بە هەمان كەرستەو كات و شوێن لەگەڵ یەكێكی تر كە بێ توانایە ئەوا مسۆگەر بەرهەمەكەی زیاتر دەبێت ئەمە و یان ئەوەش كارگەكە فازانج دەكات یان تووشی زیانێكی گەورە دێت بۆیە دەست نیشان كردن گرنگی خۆی هەیە بەلكو پێویستیشە

٣. جیاوازی لە باش و خراپی بەرهەم لە نێوان كرێكاران و كارمەندان چ لە كارگەكان چ لە فەرمانگەكان ئەگەر بەراووردێك بكرێ ئەوا نەك هەر جیاوازی لە بەرهەم هێنان هەیە بەلكو لە پوختەیی ی و بەنرخی بەرهەمەكەش هەیە لە هەندێك تاك و كۆمەڵ بۆ هەندێكی تر

٤. جیاوازی لە توانایی ی و بەهرەمەندیدا
تەنیا بڕوا به خۆبوون و ڕێك و پێکی بە جل و بەرگ و رەفتاری دیبلۆماسیانه نەبێتە هۆیەك بۆ چۆنیەتی راپەراندنی کارەکان بەلکوو بەهرەمەندی و توانایی سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ لێك جیاکەرەوەیی تاکەکان و، کاریگەری لەسەر ئەرکەکان

٥. جیاوازی لە رادەیی هەست کردن بەجدی کارکردن ئەو کەسانەی کارەکانی خۆیان خۆش دەوێ هەمیشه دەیانەوێ بەباشترین رێگه و دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتن بیبەن بەرێوە کەچی خەلکانێکی زۆر هەر دەیەوێ کات بکوژێ یان هەر لەسەر دووبارە بوونەوەیی کارکردنی رۆژانه بڕۆن.

٦. هەندێ جیاوازی تریش هەیە وەکوو پێەیستی بوون له کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بۆ سەرپەشتی کردنی راستەو خۆ لەسەری یان سەربەست بوون لەسەر چۆنیەتی راپەراندنی کارەکان بێ سەرپەرشتی یان هەندێ کەس دەیانەوێ بەتەنیا ئەرکەکانیان جێ بەجێ بکا یان یە پێچەوانەوە دەیانەوێ لە رێگەی پەیوەندی بە خەلکی تر. هەروەها پە یوەست بوون بە فەرمانگە و رێنمایەکانی ئەویش له کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە هەروەها ئەوانەی کارەکانیان خۆش دەوێ بێ پچرانەوە کاردەکەن ئەوانەی کە پچر پچریش کاردەکەن حەزیان بە کارەکانیان نی یە و رێنماییەکان جێ بە جێ ناکەن.

٧. جیاوازی له کات و شوێن ی کارکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر هەیە لە سەرما و له گەرما له کاتی شەرو لە کاتی ئاشتی لە کاری هێمن و لە کاری قەرەبالغ و دەنگە دەنگ هەروەها مەسەلەیی گواستنەوە ئەویش له فەرمانبەرێك بۆ یەکی تر جیاوازی هەیە هۆی توانایی ە نەبوونی یان تێکەل بوون بە خەلك و سیستەمی کارکردن

٨. جیاوازی لە فێربوونی سوود وەرگرتنی له خولی مەشق و راهێنان یان تووش بوون بە نەخۆشیەکان و پێگەیاندنیان بەهۆی کارەکانیان وە ئەمەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەتوانین بەراووردی بکەین لەم جیاوازیانەی سەرەوە دەردەکەوێت پێویستە سیاسی دەست نیش ان کردنی دامەزراندن لە پۆست و پله و پایەکانی دەولەت رەچاویان بکات چوونکه سەرەرایی پێدانی مانگانەی باش وەك یەك بوونی بڕوانامەی هاوبەش یان

تەمەنی هاوبەش ئەوا جیاوازیەکان تاك پیوەندێکی بە تینی هەیە پێکهاتەی کەسێکی تاکە یان دەربارەیی تواناو ئامادەکارییان و هەلسوکەوتیان ئەو جیاوازیانە کاردەکەنە سەرپلەی بەرزبوونەوەو گواستنەوەو مووچەی زیاد کردنی و پاداشت و سزایی لە تەمەنی ژیانی وەزیفی هەرکەسێك بۆیە دەبینین بۆ ماوەیی بیست ساڵ لە یەك شوێن لە یەك ژوور بەیەك ناونیشان و جۆری کارە خەریکە بیّ ئەوەیی کارەکەیی خۆی بگۆریّ کەچی کەسی تر هەیە حەز بە گۆرانکاری دەکا بە پێچەوانەی ئەوەکەی تر دیاریکردنی کارمەندیان راست بلێن نیشان کردنی ئەو کەسانەی کارمەند دیاری دەکەن گەلێك گرنگترە لە خودی کارمەندەك......

## بەشی حەوتەم:

# ژیان لە سایەی بێ یاسا و بێ سەروەری دا

دەزانن چۆن بژین.. حوکومەت ڕێنمایی دەردەکا کە پێویستە لە ناوچە سنووریەکان خۆبپارێزن یان چەك هەڵگرتن قەدەغەیە رەنگە لەسەر فیشەکێك لە سێدارە بدرێ یان زۆر شتی تریی سیاسی ی و کۆمەلأیەتی ی و کەلتووری و ئابووریی بەم شێوەیە هاووڵاتی مافێکی دەدرێتێ کە چۆن خۆی لە مەترسی رژێمێك بپارێزێ بە هۆی ئەو ئاگاداریانە و ڕێنمایانەی بلأو دەکرێتەوە.

ئەگەر یاسا پەیڕەو بکرێ لانی کەم مافە گشتیەکانی هاوولاتی پارێزراو دەبێ وەك پاراستنی سامانی گشتی(دارایی، زەوی، بازرگانی، بەروبوومەکان، گەشتیاریی، کشتوکاڵ، ئابووری...هتد)

ئەمانە یاسا حەرامی کردووە کەس بۆی نیە تخوونی بکەوێ بە هۆی ئەوەی کەس بۆی نیە پرۆژەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت بپشکێنێ ی و لەکەدار و هەرەشەی لێ بکات...

ئەم هەبوونەی دەستوور و یاساو ڕێنماییەکان بوارەکانی ژیانی هاوولاتی مسۆگەر دەکا لە بواریی پەروەردە، تەندروستی، ئاوەدانکردنەوە....

قسەمان لەسەر ئەوەیە حوکومەت چ جۆرێکە ئایا دیموکراتی یان دیکتاتۆری یان پەرلەمانی یان هەرشێوەیەکی تر.. گرنگ لێرەدا ئایا دەولەت یاسای خۆی هەیە و پەیڕەوی دەکات یان کەس بە کەس نیە بۆیە تۆ ئەگەر لە وولاتێدا بژی پێویستە پابەند بی بە هۆی هەندێ لە یاساو ڕێنمایی یان ئەوەتە خۆت دەتوانی لەگەلیدا بژی یان دەولەت پابەندە بە دەسەڵاتە یاساکانی خۆی دەسەڵاتیش باشە یان خراپە قسەیەکی ترە. کارەسات لەوەدانیە وولاتێك یاسایەکی رێك و پێکی نەبێ بەلکوو لەوەدایە یاسا بەرقەرارنەبێ یاخوو ئامادەیی نەبێ لە ژیانی رۆژانەی حوکمداری.... هیچ دەولەتێك یان

قەوارەیەکی سیاسی چ ئیدارەیی چ ڕێکخراوەیی یاساو ڕێسایەکی خۆی هەیە بەلاّم گرنگ لێرەدا ئایا چەند پەیڕەو دەکرێ لەو شوێنانەی بێ سەروبەری ی و ناهەمواریی باڵی بەسەر تەواوی دەزگاکانی کێشاوە زیاتر لە پرکردنەوەیی حەزو ئارەزووی تاکەکان یان هەندێ لە تاقمەکان بە تایبەتی دەست ڕۆیشتوەکانی دەسەلاّت هیچ شتێکی تر ڕۆل نابینێ.. مەترسی لەوەش دایە ئەو دەسەلاّتە گەندەلانە دەزگای کارتۆنی یاسایی دروست دەکەن حوکومەتی بێ دەسەلاّت دروست دەکەن تا دەگاتە ئەوەی دەست بنێتە ناو دەسەلاّتی قەزا بۆ ئەمانە دەکەن تەنیا بۆ شەرعیەت دانە بە گەندەلیەکانیان لە وولاتی بێ حاکم و پاشا !! هەرکەسە بە دوواییی بەرژەوەندی خۆی دەگەرێ هەرکەسە بە دووای نێچیری دەگەڕێ سەیر لە وەدایە تێربوون نازانن وەك دەلێن هل من مزید؟ بێ ئاگان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە بەخێوکرنی هاوولاتی پەرەپێدان بەکشت وکال بە پێشەسازی بەژێر خانی ئابووریی وولاّت تەنیا مەبەستیان پارە کۆکۆدنەوەیە ئیدارە ئامرازێکە بۆ گیرفان پرکردنە بۆ لەوەراندنی دەسەلاّت والە خەڵك دەکرێ پشتگیریان بکان بێ ئەوەیی بزانی بۆ دەیکات ! ئەگەر دەولەتیش کارێك بۆ خەڵك ئەنجام بدات دەبێ شەورۆژ تەپل و زورنای بۆ لێ بدات و سوپاسی بکات نازانێ ئەم ئەرکە هی دەولەتە بەپارەی میللەت پڕۆژەکانی ژیانی کۆمەلگە پەرەپێ بدات بۆیە شەورۆژ لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان لە وولاّتی ( فوضاء ) هەر پیاهەلدانە بە دەسەلاّت... سەرۆك بە پیرۆز دەبێ برانرێ هەر سەرۆك تا حەوت پشتیش بۆ هاوولاتی نیە قسە لەسەر بکات لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەلاّت یان لە بڕیاردان یان لە هەر کارێکی پەیوەست بە ژیانی هاوولاتی تەنیا دەبێ هاوولاتی ڕێگە چۆل بکات بۆ رووتاندنەوەی خۆی بۆ ئەوەی خۆشی دەبێ تاپۆبێ بۆ دەسەلاّت.... لە وولاتی بێ سەروبەردا مرۆڤ ئیرەیی بە سیستەمی خراپی پیش تر دەبات خۆزگە دەخوازێ بە چەوساندنەوەی پیش تر نەك بە تووانەوەی ئیستای. هۆی کارکردن بۆ ئەوکەسانە دەرەخسێ کە نزیکن لە دەسەلاّت نەك تەنیا هەلی کارکردن بەلکوو سوود مەندن لە ڕیزی خەلات و پاداشت و ئیمتیاز وەکوو وەرگرتنی مووچەیەکی زیاد لە پێویست لێبران لە دەرمالەی فەرمانگە لە پارەی پڕۆژەکان لە وەرگرتنی چەندین پارچە زەوی لە داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی

مولك و مالی دەولەت و هاوولاتیان وەرگرتنی بەشی شێرله هەر كۆمپانیایەك كە تەنیا ك اری بازرگانی دەكەن لە كارەكانیان لەبڕی ئاوەدانكردنەوەی وولاتە وێرانەكەیان یان بوژاندنەوەی باری ئابووری یان دامەزراندنی كارگە و دامەزراوەی گەورە كە هەزاران كرێكاری وولات بەیانیان رووی تێدا بكات لە وولاتی بێ یاسا و ملهوڕی چەند بە قسە چاكسازی ی و نیشتما ن پەروەری ی و نەتەوەیی بكات ئەوا تەنیا كارەكانی خۆی حوكمیان لەسەر دەدات كە چەند بەنا دادپەروەری كە خۆشیان لێی دەربازنابن چەند نموونەیەكی بەرچاو لە وولاتێكدا كە هەوەس حوكم بكات شەڕو شۆڕە لەسەر پلە و پایە یە نەك بۆ خودی پلە و پایە بە مەبەستی خزمەتكردن و كاركردن بۆ بەرژەوەندی بالای وولات لە وەش عەنتیكە تر ئەوەیە كە كەسێك دەبێتە وەزیر یان ب.گشی یان ئەندام پەرلەمان ئەمانە هەمووی لە رێگەی خزمخزمانێ و واسیتەكاری بە مووچەیەكی زۆر باش، دووای دەولەت لە خۆت و خۆرا چەند ئیمتیازێكی تری پێ دەدا وەك ئەوەی بیتاقە ی بۆ دەرچووبێ زەویەكی سەدان مەتری ئەمە دووبارە و سێ بارەش دەبێتەوە چەندین كۆنوسێكی بە نرخ كە هەموو خەرجیەكانی لەسەر دەولەتە.كڕین و پێداویستیەكانی مالێ. كرێ ی خانوو باخانووشی هەبێ بەكرێ ی دەدا یان بۆ خۆی بەكرێ لەسەر حیسابی حوكومەت لە خانووی خۆی دادەنیشێ، گەشت بە خۆرایی بەبیانۆی چارەسەری نەخۆشی رەوانەی دەرەوەش دەكرێ ئەم كابرایە بازێكی لەسەر نیشتووە رەنگە كەسێكی بێ تووانا و نەشارەزش بێ رەنگە بڕوانامەیەكی ساختەشی هەبێ.... لەو وولاتە بێ سەروبەرانە دا لە رێگەی پلە و پایە هەرچیت وەرگرتبێ دەبێ بە تاپۆ لەسەرت، وای لێ دێ هەر بەرپرسێك چەندین خانووی هەیە لە چەندین شوێن چەندین پڕۆژە و كۆمپانیای هەیە میللەتەكەش لەژێرباری قوورسی ژیان نالەی لێوەدێ بێ ئەوەی نقەش بكات چونكە ئەم میللەتە بەبەردەوامی لەژێر پالە پەستۆو غەدری زۆر داران بووینە بۆ هەر سكالایەك رووبەروویی پێوەدانی دەرگا دەبێ لەسەری و بەروویی دا.. لە وولاتی بێ سەروبەران سەرۆكایەتیەكان بێ ویژدانانە هەلسوكەوت دەكەن شەوانە لە تەلەفزیۆنە رەنگاو رەنگەكانی خۆیان خەریكی كاری تایبەتی خۆیانن بەلام ئامادەنین

کـاتی خۆیـان بکـوژن بـۆ پێـشوازی میللە تەکـەیان بـەلکوو هەمیـشە پـشتیان تـێ دەکەن......

## ( هەلی ڕەخساندنی کار لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا )

هاوبەشی بەشداری هەردوو رەگەز لە کاروبارەکان چ لە ئیدارەی فەرمانگە حوکومیـەکان یان کەرتی تایبەت یان کـارکردن لـە بـازاری ئـازاد دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەندین هـۆ ئەگـەر بمانەوێ بەراوورد لە نێوانیان دابکرێ.

١) باری کۆمەلأیەتی ٢) باری ئابووری ٣)باری کلتووریی ٤) سیاسی ٥)شارستانی

هەنـدێ هۆکـاریش هەنـە کاریگـەریان هەیـە وەکـوو وولاتێکـی دووای چـەنگ یـان دووای کارەساتەکان وەکوو لافاو، بوومەلەرز، برسێتی..

ئەو وولاتانەی کە ئێستا لە قەیران دانە لە روویی یەکسانی هەردوو رەگـەز یـان بەگـشتی بە هۆی ئەوپێنج خاڵەی سەرەوە بەشـداری نێرومـێ لـە پرۆسـەی ژیـان لـە شـوێنێك بـۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە.. تاکوو ئیستا لە هەندێ وولات ژنان بۆیان نیە دەنگ بـدەن بۆ پەرلەمان بۆ ئەنجوومەنەکانی شارەوانی.. هتد یـان بـۆی نیـە هـەر وا بەئاسـای بێتـە دەرەوە چ جای ئەوەی بەشداری لە کاروبارەکان بکات شان بەشانی پیاو.. بە هۆی ئەو پێشکەوتن و شارستانیەتی ئەمڕۆ شاراوە نیە هەردوو رەگەز هۆی کارکردنیـان زیـاتر بـۆ رەخساوە لە هەندێ وولات ئەگەر پیش بیست سال رەنگە بە دەگمـەن رەگـەزی مـێ لـە دام و دەزگاکان دەبینرا بەلأم ئەمڕۆ لە هەمان شوێن بە هـەزاران لـە رەگـەزی مـێ پلـەو پایەی گرنگیان هەیە.. پلە و پایەش هەر حیسابی بۆ ناکرێ چوونکە ئەگەر بۆ پیاوانیش بێ دەبێ پێوانەی خۆی هەبێ کەچی بە داخـەوە تێکـەل وپێکەلـە هەنـدێ شـیاوی ژنـە دەدرێ بە پیـاو و یـان بـە پێـچەوانەوە.. هـەتا ماوەیـەکی دوور ودرێـژ لـە وولاتـی ئێمـە (کوردستان) باشترین وەزیفە بۆ ژنان مامۆستا بوو کەچی ئەمڕۆ فەرمانگـەکان پڕبووینـە لە رەگەزی مێ لە هەرشوێنێك برۆی رێژیـەکی بـاش هەیـە کیبرکـێ لەگـەڵ رەگـەزی نێـر دەکات.

هۆی ئەو بەشداریە فراوانە لە زۆر وولأت دەگەڕێتەوە بۆ:

١) پێویستی بە توانای هێزی کار.

٢) هاتنە مەیدانی ڕەگەزی مێ لە هەموو بوارەکان بە هۆی خوێندن و پەروەردە و فێربوون و خوولەکانی ڕاهێنان.

٣) بوونی چەندین ڕێکخراوی ڕەگەزی مێ بۆ هاندان و پشتگیری و پشتیوانی لێیان.

٤) کەمی ڕەگەزی پیاو بەهەر هۆیەك بێ.

٥) پێویستی هەندێ یان بەشێك لە تەکنەلۆژیای نوێ بە ڕەگەزی مێ بە هۆی شیاوی ی و وردیی ی و هێمنی ی ئارامی.

٦) گۆڕینی عەقلیەتی کۆمەلگە.

٧) ئەرکی قورسی ژیانی ئەمڕۆ وای کردووە هەمەلایەنە پێویستە کار بکرێ هەردوو ڕەگەز ئەرك و مافەکانیان لە ڕێگەی هاوبەشی نەبێ ئەنجام نادرێ.

٨) هەبوونی کارگە و پڕۆژەی پیشەسازی گەورە ئەگەر بەشداری هەردوو ڕەگەز نەبێ بەڕێوەناچێت.

٩) گواستنەوە لە قۆناغی دوواکەوتوویی خێلایەتی بۆ کۆمەلگەی شارستانی بێ بەش و گۆرانکاری ڕوو دەدات ژن و پیاو لەسەر بنەما ی ئابووری قەوارەیی خۆیان دەبێ.

١٠) دیموکراتی و بڕیارەکانی مافی مرۆڤ و ڕەشبوونەوەی چەمکی پیاو ی لاری هاندەرێکی ترە بۆ ئەو بەشداریە بەهێزە.

١١) باری قورسی ژیان و بارگرانی لەسەر خێزان وای لێ دەکا ڕەگەزی مێ بچی دابمەزرێ بۆ سووك کردنی باری قورسی ژیانی خێزان.

١٢) سەرکەوتنی ڕەگەزی مێ لە هەندێ شوێن و کارەکان دا دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەیی ژن پێویستە وەك چۆن پیاو پێویستە.

١٣) ڕەگەزی مێ خۆی دەیەوێ ڕۆلی کاریگەر ببینێ لە کۆمەلگەدا لە هەموو بوارەکان واتە ئامادەیی هەیە.

١٤) ڕەخسانی هەولی بەشداربوون و ئاشنابوون بە مەسەلەکانی سەردەم بوارەکان ڕووناکبیری و بەرپرسیاریەتی.

( بەراووردێك لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە ڕووی هێز و تواناو تین)

ئەو بەراوورد کردنە کاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانج و رەفتاری وەزیفی دا چۆنیەتی راپەراندنی کاری ئیدارەو خۆگونجاندن لە کارو بارەکان و بواری کۆمەلایەتی ٠ هەرچەندە جیاوازیەکی ئەوتۆش هەبێ ئەمە بەمانای مەترسی نیە کە کارەکانی تاقی کردنەوە و دامەزراندن و مەشق و راهێنان و پلە بەرزبوونەوە لە نێوان هەردوو رەگەز دا بێتە هۆی جیاوازی

جیاوازیەکانی نێوان پیاو و ژن لە رووی جەستەیی یان دەروونی ی و کۆمەلایەتی وا دەکات کە ئیدارە رەچاوی بارودۆخی تایبەت بکات بەرامبەر بەوەی کە پیاوان دەیکەن بەلأم هەندێ تایبەتمەندی لە ژنان دا هەیە بۆ ئەوەی جیاوازی لە هێزی کارکردن دا هەبێ:

١) جیاوازیەکانی ووزەی مێشك (عەقل) .

أ)لە رووی زووترین خشتە هاتن لە منداليەوە پێش رەگەزی نێر ئەمە لە گەورە بوونیش تواناکانی رەگەزی مێ زیاتر دەکات کە زمان بەباشتر یەکار بهێنێ لەکاتی کرین و فرۆشتن و هەندێ کاری تر کە ژنان ئەمڕۆ لەوێدا ئامادەیی باشیان هەیە وەکوو لە بازارەکانی فرۆشتن لە دەزگای تەلفۆنات و لە کاری پێشوازی و سکرتێریدا هەروەها لە میوانداری و دەلیلی گەشت و گوزاریی و کارکردن لە رادیوو تەلەفزیۆنەکان وەك بێژەر چونکە رەگەزی مێ زیاتر خۆ ئامادەو رێك و پێکی و زمان پاراو قسە خۆش و نەرم و نیان ترن: سەرەرای ئەمانەش ژنان زووتر فێر دەبن و وەلامی خۆیان دەبێ لە کاتی پێویست دا رستەی جوان و نایاب و درێژ بە کاردەهێنن بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەرەکەیان رابکێشن زووتر قەناعەت بەبەرامبەرەکەیان دەهێنن.

ب) لەرووی توانای حیسابگری و وورزشی

بەگشتی لە زۆر شوێنی جیهاندا بە گوێرەی لێکۆلینەوەکان و توێژینەوەکان کچان زیاتر کاروباری گشتی دەکەن وەکوو خواستی نووسین و رێکخستن و ئەدەبیات نەك بۆ بوارەکانی وەرزش و زانستی.. لە ئەورووپا بەپێی ئامارێك لە( ؟ )کە لەرووی بەشداری لە کاری نووسین و بازرگانی بەشداری کچان بن کەچی لە بواری خوێندنی

پیشەسازیەکان بەرێژەی ٧،٥٪ بووە لە ئەمریکاش ئەوانەی کە پێوەندی بەزانکۆکانەوە دەکەن کەمتر کچان بۆ بەشەکانی خوێندنی بیرکاری بایلۆجی بووە.

ج) لەروویی تووانای تێراونین ی شوێن (التصور البصري المكاني) وەك ئەدەب پیاوان زیاتر لەکاری میکانیزمی ی و هونەری ی و دارتاشی توانای هەیە لەژنان زیاتر

ح) ز وویی وەلآمدانەوە لە نێوان هەردوو رەگەز بۆ کارێك کە لێی ی تاقی دەکرێتەوە دەبینن پیاوان رێژەیان زیاتر دەبیٚ کە بەزوویی هەست بە کاردانەوە دەکەن

د) هەندیٚ جیاوازی تر وەکو ئەوەی رەگەزی میٚ زیاتر قوول دەبێتەوە زووتر هەست کردن بیٚ ئەوەی وەرس بیٚ.

٢) جیاوا زی لەتین و تووانایی بازووی کە ئەمە پیاوان بالآ ترن لە و شوێن و کارانەی کە پێویستی بەبازووی بەتین هەیە.

أ) هێزی دەست و چەپۆك کە ئەمەش لە ژنان دا کەمترە لەوەی پیاوان دەبێتە هۆی کاریگەری لە زوویی تەواو بوونی هەر کارێك و پێراگەیشتنی بەپەلە ئەمە پیاوان دەتوانن خۆیانی بۆ ئامادە بکەن ٠

ب) هێزی بڕبڕەی پشت: ئەمە نیشانەی هێزە لە ئادەمیزاد دا بەلآم جیاوازی لە نێوان هەردوو رەگەز دا هەیە لە پیاوان هێزی دەگاتە ١٤٧،٨ کغم لە تەمەنی ٣٠ سالَی دا بەلآم لە ژنان لەتەمەنی چل سالی دا دەگاتە ٨١،٠ کغم بەرزترین دەگاتە ٥٥٪ لەگەلٚ پیاواندا.

ج) درێژی: ئەمەش کاردەکاتە سەر ماندووبوون و خەرج کردنی تین بەگوێرەی هەندیٚ وەزیفەو کاروبارەکان پیاوان درێژ ترن لە ژنان لانی کەم بە ١٠سم لە زۆربەی مرۆڤەکان.

جگە لەمانەی کە باسکران هەندیٚ جیاوازی ئاشکراو دیار هەن کە نابیٚ گوێیان پیٚ نەدریٚ کار دەکەنە سەر جیٚبەجیٚکردنی کارەکان و بەدواخستنی وەکوو ئەوەی کە رەگەزی میٚ دوو تایبەتمەندی سەربەخۆی هەیە وەکوو.

أ) نەخۆشیەکانی ژنانە و مانگانە کەکاردەکاتە سەر رەوتی کار و کزی و لاوازی و بیٚ تاقەتی.

ب) سك پڕی (حمل) ئەمەش کاردانەوەی خۆی هەیە لەسە ر کارکردن چ لەمانگەکانی دووایی یان دووایی دانانی سکەکەی.

بۆیە ئەگەر هێزوو تواناو تین چ عقلی بێ چ بازوویی گرنگە بۆ دەست نیشان کردنی کارمەند لەهەر رەگەزێك بەلاّم بۆ هەندێ جیاوازی ئەوا هەر دوو رەگەز پێویستی بە رەچاوو کردن هەیە لە کاتی دانان و دامەزراندن.

## بەشی هەشتەم:

# وەگەرخستنی سەرمایەی بیانی
# (الاستثمار الاجنبي)

مێژوویەکی قوول هەیە لەسەر سیاسەتی وەبەرهێنان لەلایەن چەندین گەل و وولات، لەهەرچەرخ ورۆژگارێکدا تایبەتمەندی خۆی هەبووە تێگەیشتنی ئەم وەگەرخستنە مەرج نەبووەکەهەر سەرمایەبوریێ واتە(سامان بەهەموو شێوەکانی) جاری واهەبووە لەرێگەی فرۆشتنی شەڕوتوندوتیژی یان شارستانی،یان بیروباوەڕ چ ئاینی چ کۆمەلایەتی چ کەلتوری یان لەڕێگەی هێزی سەربازی ئەمانە لەکۆتاییدا مەبەستی گەڕانەوەی قازانج لێی کەوتۆتەوە بۆیە دەبینین دوای ڕزگاربوونی گەلان لەژێردەستی و چەپۆکی داگیرکەران ئەوان واتە هێرشبەران و پەلاماردەران دەیانەوێ ئەو وولاتانە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابووری وسەربازی وسیاسی ئەوان دابمێننەوە(لە فەلەکی ئەوان دابمێننەوە).

وولاتان و گەلانی هەژار کاتێك بەخۆیان دەزانی کەوتوونەتە ژێرباری خواستەکانی دا گیرکەران لە دوولایەنی مەترسیدار:-

یەکەمیان: بەکارهێنانی سامانی گشتی و هێزەکانی کار بۆبەرژەوەندی داگیرکەران لەبڕی کرێیەکی بێ مانا کەنەك بەشی بژێوی خۆیان ناکات بەڵکو بێبەش دەکران لە خوێندن و چارەسەری نەخۆشی، خزمەتگوزاریە گرنگەکان.

دووەمیان: ساغ کردنە وەی کەل و پەلەکانی داگیرکەران کەجارێکی تر دەبووە گەڕانەوەی پارەیەکی زۆر و کوشتنی بازاڕی وولاتە هەژارەکان.

هەتا ڕۆژگارێکی نزیك وەگەرخستنی سەر مایەی بێگانە بەم شێوەی سەرەوە بوو دەتوانین بلێین ئەمە

وەگەڕخستنی سەرمایەی ئەوان نەبوو بەڵکوو بەپێچەوانەوە بوو هی وولاتە هەژارەکان بوو بۆ خزمەتی داگیرکەران.

لە ناوەڕاستی چەرخی بیست بەدوواوە زۆربەی گەلانی ژێردەستەبەڕێگەی خەباتی جیاجیا بەگوێرەی هەرباروودۆخێك بێ لەبن دەستی ئیمپریالیزم وداگیرکەران رزگاریان بووبەلاّم کەوتنە ژێر کێبرکێ ی دوو بلۆکی گەورەی زلهێز (ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت) ئەم دژایەتی کردنەی یەکتر بەشەڕی سارد ناوی دێ.. ئەم دوو زلهێزە و وولاتانی ئیمپریالیزمی کۆنی ئەوروپا ویستیان جارێکی تر بێنەوە ئەو وولاتانە (هەژارەکان) بەیادی دێرینی ئەمجارەیان نەك لەڕێگەی چەك و شەڕ وجەنگ بەڵکو لەڕێگەی مەراقێکی مرۆڤایەتی سەرزارەکی یان بەهاندانی کۆمپانیا گەورەکان و دەسەلاّتە داراییەکانی دەست ڕۆیشتوو(کارگەکان) حەتتەرەکانی جۆراو بۆئەوەی بوژانەوە بۆ ئابوری جیهان مسۆگەر بکەن کە ئەمانەبێن سامان و دارایی خۆیان لەو وولاّتانە خەرج بکەن گەورەترین قازانج و پێشکەشکردنی پرۆسەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری، کە وولاّتە هەژارەکان لەئەوپەڕی پێویستی دان ئەمە سودێکی دوو لایەنەی هەیە بۆیە ناچاردەبن بۆ مەرجەکانی ئەوان ملکەچ (دابنێن)بکەن.  ؟  ئەم وەگەڕخستنە یان وەبەرهێنانە زۆر لەو وولاّتانەی لە قەیرانی گەورە قورتار کرد بوژانەوەی ئابووری،ڕێژەی داهاتی خەڵك زیادی کرد دەوڵەتیش باج و خەراجی خۆی وەردەگرێ پارەداریش(وەبەرهێن) ئەویش سوودێکی لە ڕادەبەدەردەبینی...

بۆیەوولاّتە تازە پێگەیشتوەکان (الدول النامية) ئەگەر دووربن لە گەندەڵی پشت بە یاسای ڕێك و پێك ببەستن دەتوانن لە ماوەیەکی دیاریکراو قەرەبووی زیانەکانیان بکەنەوە سامانەکانیان زۆرتر دەبێ و خزمەتگوزاریەکانیش زیاتر پێشکەش دەکرێ ڕۆلەکانیان لە سایەی سەربەخۆیی و سیاسی و ئابوری خۆیان بەرە بەرە دەحەسێنەوە.

## چۆنیەتی وەبەرهێنان:

ئەمە پێویستی بە یاسایەك هەیە کەزۆر ووردەکاری دەوێ لە ڕووی مۆڵەتدان و چەند و چۆنیەتی پرۆژەکان، ناسنامەی وەبەرهێنەر، پشتگیری خەرجی دەرەکی و ناوەخۆ،

سەرمایەکەی،کارەهونەریەکانی،پێشینەی،مەرجی تایبەت،مەرجی گشتی،مەرجی مێژوویی، دابینکردن

لێرەوە خۆتیٚ هەلقورتانی دەسەلاٌت مەترسی گەورەی هەیە کە ئەم یاسایە بەکاربێنیٚ بۆ ناشەرعی وەك وەرگرتنی بەرتیل یان هاوبەش بوون بەشێك یان جۆرێك لە (سازش(مساومة) لە سەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی.باشترین ڕێگەش شارەزابوونە لە ئەزموونی وولاٌتانی تر کەسوود مەند بووینە لەو پرۆژانە.

پێویستە باشترین ئەزموون وەربگیریٚ نەك چاو لە خراپترینیان بکریٚ.

## جۆرەکانی وەبەرهێنان:

ڕاستەوخۆ:- وەکوو پرۆژەکانی سەربەپیشەسازیەکان و کارگە وپرۆژە ستراتیژیەکانی پەیوەست بەژیانی وولاٌت کە پەیوەندبوون زۆر بەتین دەبیٚ هەردوولا ناتوانن دەست بەرداری ئەوی تربیٚ بۆیە چەند قوولٌبونەوە ی بیٚ برانەوەی پێویستە.

ناڕاستەوخۆ:- هاوکاری دەولٌەت لەڕێگەی بوژانەوەی گەشت وگوزار، بازاڕی هاوچەرخ،تائەوکاتەی دەولەت خۆی دەتوانیٚ بەڕێوەببات چ بەتەنیا چ بەهاوبەشی واتە کەرتی هاوبەش کەرتەکان،گشتی،تایبەت، هاوبەش و وەگەڕخستنی جۆراوجۆر بۆهەریەکەیان بەیاسایەك و سیستەمێك...

باشترین هاندان بکریٚ بۆکەسی وەبەرهێنەر (مستثمر) بۆئەوەی وولاٌتەکەت لەقەیرانی جیاجیا وەکوو ئابووری،سیاسی، کۆمەلاٌیەتی دەگوازێتەوە بۆ وولاٌتێکی بوژانەوەی پشت بەستوو بەسەرمایەکی بتەو بەزەمینەیەکی بەیرشت.

لە سی سالٌی ڕابردوو زۆرکەس ولایەن پێیان وابوو کەمەسەلەی وەبەرهێنان یان وەگەڕخستنی سەرمایەی بیانی جێگەی گومانە بەیەکێك لەفاکتەرەکانی چەوساندنەوەیان دەزانی ودژایەتی یان دەکرد ئەمە نەك هەر چەند لایەنیك لە وولاٌتانی تازەپێگەیشتوویان هەر وولاٌتیکی تر کەدەردی چەساندنەوەی دەرونی و ئابووری و کەلتوریان لیٚ بوو بەلٌکوو دەزگاکانی کارو بەرپرسانی حوکومەت لەوباوەرەدا بوون.پێیان وابوو سامانی وولاٌتەکەیان بەفیرۆ دەبەن و دەست بەسەردا دەگرن بۆئەوەی زۆرترین

قازانج بەخۆیان بگەیەنن بەرامبەر چەند سوودێکی کەم لەبەرامبەر ئەو هەموو سامانە کە دەدرێ بەدرۆش مەترسی ئەوان بوو کەدەست بەسەر بازارو ئابووری وولاّتەکەیاندا بگرێ وخەڵك و هاوولاّتیانیش لە دەرامەتی خۆیان بێبەش بکرێن بۆیە گەلێك لەو وولاّتانەی کە سەربەخۆییان وەدەست دەهێنا دەستیان دەکرد بەخۆماڵی کردنی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان چ لەبواری نەوت یان خواردن وخواردنەوە یان هێلی ئاسنین یان هەر کانێکی تر وەکوو زێڕ و زیو و ئەڵماس و نحاس...هتد

ئەمە نەك هەر خۆماڵی کردن بووبەس بەڵکوو تائێستاش لەزۆر وولاّتی گەورەی زلهێزی ئابووری سەربازیش کەسی لە دەدەمرن کە ئەوانەی دێن بۆوەبەرهێنان لە وولاّتەکەیان ئامادەن بە دلەڕاوکێ هەڵس و کەوت دەکەن نەبادا ئەوکۆمپانیانە دەست بەسەر هێزی بژێوی کارگەکەیان دابگرن ودووایی تووشی سازش کردن بگەن لە گەڵیان دا تا ئەوڕادەی مەترسی دەخاتە سەر سەربەخۆییان.

ڕاستە ئەم مەترسیانە هەندێکیان لە جێگەی خۆیانن بەڵکوو لە هەندێ شوێن کە بەبێ سەروبەری ئەم وەگەڕخستنەی سەرمایەی بیانی وادەکات کەوولاّت و میللەت ئیتکالی بن پشت بەخۆیان نەبەستن چاوەڕێی خەلکانی تربن بۆ کارە خزمەتگوزاریەکانیش سەرەڕای پڕۆژەو کارو بەرنامە ستراتیژیەکانی وولاّتیش. بەلاّم ئەگەر بەپێی یاسا دوور لەگەندەڵی پشت بەستن بەهێزی وولاّت سامان وهێزی کار وئەزموون ئەوا وەبەرهێنان تابلێی سوودی گەورەی دەبێ.

## بوژانەوەو وەبەرهێنانی بیانی:

لەزۆر شوێنی جیهان وەبەرهێنانی بیانی ڕۆلی سەرەکی دەبینێ لەپێناو پەرەسەندنی پیشەسازی بەلاّم ئەمە مانای ئەوەنیە بەشەو ورۆژێك دەتوانرێ بەسەر کێشەی هەژاری ودوواکەوتوویی زاڵبیت یان بەیەك بەرد دوو چۆلەکان بکوژی.

بەلاّم پێویستە ئەو وولاّتانە ڕەچاوی ئەوە بکەن کاری وەگەڕخستنی سەرمایەی بیانی هان بدەن بەدروستی سەیری ئەم چالاکیانە بکەن وەگەڕخستنی تواناکانی بیانی لەگەڵ خۆیدا قازانج بۆ ئەو وولاّتە دێنێ کەلێ ی خەرج دەکات بوژانەوەیەکی ئابووری گەورە

وەك گواستنەوەی تەكنەلۆژیا، پەیدابوونی كار، بوژاندنەوەی ڕەوانەكردن، هەر وولاّتێك هانی وەبەرهێنان بدات ئەگەر پشت ببەستێ بەتەكنەلۆژیای نزمیش ئەوا سەرەنجام دەگاتە ئەوەی كەتەكنەلۆژیای پێشكەوتوو بەكاربێنێ بۆ پیشەسازیە جۆراوجۆرەكانیش، هەروەها دێتە ڕێزی دەوولّەتانی خاوەن شارستانی بەهێز ومۆدێرن.

ئەو دەولّەتانەی كە سوودیان وەرگرتووە لەوەبەرهێنان وانەو پەندی باشیش وەردەگرن بۆدوواڕۆژ كەبەهەمان هەناسە وهاندانی ئەوتۆ كەپەرە بەوەگەڕخستنی سەرمایەی بیانیان بۆ وولاّتەكەیان دەدەن وسەرمایەی بیانی ڕادەكێشن بۆ پتەوكردنی ئابووری وولاّتەكەیان كەدەبێتە بوژانەوەو داهاتی تاك وگەرم وگوڕی بازاڕ وزیادبوونی باجی گشتی دەولّەت.

ئەمڕۆ ڕۆژی وەبەرهێنەرەكانە لە جیهاندا كەئەوان دەتوانن زۆر بەپەلەو یەكسەر دارایی خۆیان وهەرچی سامانیان هەیە بگوازنەوە لەو بازاڕانەی كە متمانەیان پێ نامێنێ بۆ شوێنێكی باشتر ودلّنیاتر. هەروەها هەر ئالّۆزیەك وپشێویەك وبێ سەروبەریەك ڕوودات لەئەنجامی قەیرانی سامان ودارایی لە نێوان حوكومەت وكەرتەكانی كار ونائارامی لەسروشتی كار ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی پارەوپولێكی یەكجار زۆر بچێتە دەرەوە وولاّتەكەش تووشی شكانی بازار دێت بۆیە دووای قەیرانی ئابووری كەلەنەوەدەكانی سەدەی رابردوو هاتە ئاراوە پەنابردنەبەر بەڕێوەبردن (كارگێری)ی بتەو ولێزان بوو بەمایەی ئەوەی كەوەبەرهێنەری ناوە خۆ بۆماوەیەكی كورتیش بێ دلّنیایی بەسەریدا زالّ دەبێ ونەك هەرئەوەندە وەبەرهێنەرە بیانیەكانیش بۆماوەیەكی درێژ خایەن ئەو متمانەیان پەیدادەبێ، پەند وەرگرتنی كۆمپانیاكان لەسەرئەوەی كەبەشاراوەیی كارگەكەت و لێپرسینەوە و بەرپرسیاریەتی و بەمروەت بوون وپاراستنی سامان و هەست كردن بەئەرك وچاكەكانە دەبنەهۆی ئەوەی كەمتر تووشی هەلە دەبێ وكێشەكان ڕێگەی چارەسەری دەگرتەبەر بەرلەوەی كەزیان بەخۆی و دەوروپشت بگەیەنێ.

## پێوانەكانی وەبەرهێنانی بیانی: ـ

١. تایبەتمەندی بازاری خۆیی (محلي) ناوەخۆ.

٢. هاتنە ناو بازار/ کەوتنەناوبازار /چوونەبازار.

٣. هیزی کار.

٤. مەترسیەکانی دراو.

٥. دووبارە کاردنەوەی سەرمایە.

٦. پاراستنی مافی مولکداری مادی ی و (مەعنەوی).

٧. سیاسەتەکانی بازرگانی.

٨. یاساکانی دەولەت.

٩. رێژەی باج وهاندان.

١٠. ئارامی سیاسی.

١١. چوارچێوەی سیاسەتەکانی تایبەت بەئابووری هەمە لایەنە (کلی) بنەمایی ئابووری/ خزمەتگوزاریەکانی پشت بەستن.

١٢. پێوانەیەکی تر ئەوەیە کەبەهیچ شێوەیەك نابێ هانی وەبەرهێنەری ناوەخۆ بدرێ لەسەر هی بیانی یان بەپێچەوانەوە چونکە کە ئابووری بازار کەوتە گەر رێچکەی خۆی گرت پێویستی بە هاوکاری هەردوولا دەبێ بەپێچەوانەوە رەنگە هەتا ماوەیەك قازانج بکرێ بەڵام لەدواییدا پەشیمان بوونەوەی ئەنجام دەبێت لەسەر شکانی بازارو نزمی کەرەستەکان ونەبوونی رەواج لەدەرەوەو ناوەوە.

## بەتایبەتکردنی دامەزراوە حوکومیەکان ( کۆمپانیاکان )

لەووڵاتە تازەپێگەیشتوەکان و دوواکەوتوەکان ئەم تایبەتکردنە لەگۆڕین دا نەبووە هەر بیریشی لێ نەکراوەتەوە هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ووڵاتەکە خۆی هێشتانەوکەوتۆتە سەرپێ وقەوارەی دەولەت وەك شێوەیەکی زانستی بەخۆی نەبینیوە ودەسەڵات دارەکان وبەرپرسەکان لەریگەی سوود وەرگرتنی خۆیان کە راستەوخۆ سەرپەرشتی بەریوەبردنی هەموو دام و دەزگا ئیداری وئابووری وبازرگانیان دەکرد هەرگیز ئامادەنەدەبوون زیان بە بەرژەوەندی خۆیان بگەیەنن بەلکو بەپێچەوانەوە

لەرۆژگاری کۆمپانیا بیانیەکانیان خۆمالی دەکردو دەیانخستە بەر رکیفی دەولەت ئەمە چەندباشە یان خراپە ئەمە باسێکی ترە چونکە زیاتر پەیوەندی بەسیاسەت وبیر هەبووە لەوەی کە بە ئابوری هەبێ کەچی دەبینین دووای ماوەیەکی دوورو درێژ هەمان دەسەلات خەریکی بەتایبەتکردنی کۆمپانیاکانیەتی بەتایبەتی ئەوانەی خۆی پێشتر دەستی بەسەردا گرتبوو.

ئەمرۆ بمانەوێ ونەمانەوێ چەرخی کەرتی تایبەتە لەجیهاندا چونکە لەهەموو شوێنێك رۆلی خۆی بینیوە سەرەرای هەندێ لاوازی و کەم وکوری وگەندەلیش لەهەندێ شوێن.

حوکومەت ئەمرۆ زۆر زەحمەتە بە هەموو ئەرکەکانی خۆی هەلسێ بگرە لەدابینکردنی ئاسایش وخوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزاری تادەگا کارەباو ئاو بازرگانی و بواری پیشەسازی و کارگەکان وپەیوەندیە نێودەولەتیەکان.

وولاتی پێشکەوتوو ئەوەیە کە ئەرکەکان دابەش بکات. دەبینین لە بواری پێوەندیەکانی دەرەوەش یابواری زانستی ئەمرۆ پشت بە بەرنامەو پلان و بۆچوون وئامارو ئیدارەی کەرتی تایبەت دەبەستێ. حوکومەت ئەوەندە پسپۆرو زاناو شارەزای دەست ناکەوێ بە مووچەیەکی کەم یان مام ناوەندی بۆئەوەی بۆرێگەبواری گەشتیاری یان گەرمکردنی ئابووری بازار ببات بەرێوە.

تایبەتکردن: واتەکاری فرۆشتنی کۆمپانیاکانی دەولەت بۆکەرتی تایبەت ئەویش چ لەرێگەی پشك(بەش) یان فرۆشتنی بەتەواوی.

ئەمەش لەدوو شێوە دەکرێ واتە دوو هۆی هەیە: ـ

یەکەمیان: قەیرانی ئابووری چ لەرێگەی تووشبوون بەگەندەلی یان لەرێگەی شەڕوشۆڕ یان لەرێگەی ئیدارە یان هەرهۆیەکی لەم بابەتانە.

دووەمیان: سووك کردنی باری حوکومەت وپێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری یان ئابووری. چونکە گەر هەموو شتێك دەولەت بیکات بەگوێرەی پێویست نابێت بۆیە لەزۆر شوێن لەجیهاندا چ دەولەتە تازە پێگەیشتوەکان یان پێشکەوتووەکان وەکو ئەورووپا وئەمریکا و هەندێ لە دەولەتانی ئاسیا و ئەفریقیا وکیشوەری ئوستورالیاش هەندێ

بواری کار هەیە دەسپێردرێ بە کەرتی تایبەت وەکوو پەروەردە (خوێندن) پاککردنەوە، کارەبا...... هتد.

سەرەرای کارە دروستەکانی بەتایبەتکردن کەچی لەزۆر شوێن دژایـەتیش دەکرێ لەبەر ئەوەی بارێکی قورسە دەکەوێتە ئەستۆی گەلان چەند لایـەنێك دژایـەتی بەتایبـەتکردنی کۆمپانیاکانی دەوڵەت و گەل دەکەن.

١/ سەندیکای کرێکاران.

٢/ بەرێو ەبەری کۆمپانیا حوکومیەکان.

٣/ لایەنە سیاسیە میلیەکان ونەتەوەییەکان.

چـونکە ئـەم بەتایبەتکردنـە لـە بەرژەوەنـدیان دەدات مەیـدانیان پـێ تـەنگ دەکـات سیستەمی سەرمایەداری ئەمرۆ لـە جیهـان هـەتا رادەیـەکی بـەرفراوان راسـتگۆی هەیـەو هەروا بە ئاسانی لە دەستی نادات ئەم سیستەمە هەتا بلۆکی رۆژهەلاّت رۆڵی هـەبوو لـە چەندین وولاّت چ راستەوخۆ چ ناراستەوخۆ ئەم سیستەمە بەربـەرەکانی دەکرا لـە رووی سیاسی، کلتووری،ئابووری، کۆمەلاّیەتی،یاسایی...... هتد.

سیستەمی سەرمایەداری جەخت لەسەر دوو شت دەکاتەوە: ـ

یەکەمیان: کەمکردنەوەی فراوانی دەسەلاّتی دەولەت بەسەر ئابووری.

دووەمیان: بەهێزکردنی تاکی ئابووری ( أقتصاد الفرد) بۆئەوەی پشت بەخۆی ببەستێ.

لەزۆر وولاّت بەگوێرەی ئەزموونی خۆیان لەسەرەتاوە هاوولاّتی(خەڵك) پشتی بەمووچەی حوکومـەت دەبەسـتێ بـەلاّم بەرەبـەرە دەبـێ هـەولّ بـدەی ئـەم سیـستەمە بگـۆردرێ بۆئـ ەوەی خـەڵك وابیرنەکاتـەوە بـێ حوکومـەت نـان بڕاودەبـێ و چارەنووسـی خـراپ چاوەڕێی دەکات پێویستە دەسەلاّت وابکات دارایی حوکومەت زۆرنەبێ بۆئـەوەی خـەڵك بچنە ناو کەرتی تایبەت پشت بەخۆیان ببەستن،دوو جۆرەچاکسازی پێویستە ئەنجام بدرێت:

١/بەپەلە چاکسازی بکرێـت نـەبا دا تووشـی ئەگـەری ڕووبـەڕوو بوونـەوە ببـێ و شکست بهێنێ چاکسازی ئابووری بەپەلە ئەگەری سەرکەوتنی زیاترە نەوەك کێشەکان کەلەکەبن توانای بەرەنگاریت نەبێ.

٢/ چاكسازی بەبێ جیاوازی بكرێت كەس هەست نەكات كەهەندێ كەس دەگرێتەوە هەندێكی تر ناگرێتەوە چاكسازیەكان بەیەكسانی هەست كردنە بەدڵنیایی.

سامانی كەرتی تایبەت وەك سەرچاوەی داهات بۆدەسەڵات باشترە لەسەرچاوەی سامانی نیشتمانی، پشت بەستن بەسەرچاوەی سامانی نیشتمانی و هاوكاری نێودەولەتی دەبێتە هۆی ئەوەی حوكومەت مەرجەكانی خۆی بەسەر هەموو لایەك بسەپێنێ لەهەموو بوارەكان تابەكارهێنانی دەسەڵاتی دیكتاتۆری... بۆیە گرنگی دان بەكەرتی تایبەت و بوژانەوەی دوو قازانجی دەبێ:

١. حوكومەت ناتوانێ بەهەوەسی خۆی یاساكانی بسەپێنێ.

٢. لەكاتی كەمبوونەوەی سامانی نیشتمانی وەكوو نەوت وەلەگەڵ هاوكاری نێودەولەتی ئەوا زۆرپێویستە حوكومەت گرنگی بدات بە دامەزراندنی كۆمپانیاكان كار ئاسانی بۆ ئەوەی چالاكیەكان گەرمتر بێ ئەمە گرنگە بۆ هاندانی كەرتی تایبەتی كە پشگیری كرا لە خێرا دامەزراندن و هەرزان ئاسان بكات لە كۆنتۆلی حكومەت ئازادی بكات یاسای ئەوتۆ دەر بكات كە هەموو كەس بتوانێ چ بە ئاشكرا چ بەنهێنی كار بكات بۆ ئەوەی لە دووایيدا بێتە ناو كەرتی تایبەت.

لە كەرتی تایبەت دۆزینەوەی هەڵی كارو كاری نوێ لە رێگەی هاندانی كەرتی تایبەت راكێشانی سەرمایە گوزاری دەبێت. لەمەش گرنگتر بەرێوەبردنێكی ئارامی دەوڵەت كە هاوكارە لە گەڵ بەرزكردنەوەی ئاستی هزریی و زانستی كارمەندان و ئەندامەكانی كۆمەڵگە.

ئەوەش پێویستە چاكسازی لە كەرتی تایبەت بكرێ وەك ئەوەی چۆن چاكسازی لە كەرتی گشتی (حوكومەت) دەكرێ .

## شێوازەكانی بەتایبەتكردن:-

**دەستپێشخەران \ المبادرین \الریادین:** مرۆڤەكان ئەگەر بەروارد بكرێت لە رووی ئامادەكاری بۆ هەر كارێك و هەول دانی گشتی بەمەبەست ئەوەی دەبینین جیاوازییان تێدا هەیە ئەمە گیان لەبەرانیش دەگرێتەوە هە میشە یەكێك پێش هەمووان پڕدەداتە نێچیرەكە بەڵام ئایا ئەو حەزوو ئارەزووە كە هەر كەسێك تەنیا بەسە بۆ ئەوەی بیرێكی

تیژی هەبێت یان زیرەکی ی و خۆ پێدادان نەخێر پێویستی بەچەندین پالپشتی تر هەیە کە ئەو جۆرە کەسانە سەرکەوتووبن وەکو هەبوونی دارایی بۆ پرۆژەکەیان یان ئاوهەوای ڕێك و پێك و هەبوونی مەشق و راهێنان و بەرنامەی پەرەپێدان ، پشتگیری حوکومەت لە هەمووان گرنگ تر هەبوونی پەیکەری یاسایەکی بەردەوام و داد پەروەرانە بۆ هاندانی ئەوکەسانەی کە بەکاری دەگمەن هەلدەستن دەبێتە مایەی پشتگیری و لە مولکداری تایبەت.. هاندانی لێهاتووییان. شتێکی شاراوەیە کە دام و دەزگاکانی دەولّەت رۆلی هەلسوورێنەر دەبینن بۆ پەیداکردنی سروشتێکی شیاو بۆ کار هەر سەرکەوتن و بەرەو پێش چوونێك لەو پرۆژانەی کە کەسە دەستپێشخەرەکانی بەرێوەی دەبەن پێویست بەچاکسازی و دەرکردنی رێگایەکی پتەو هەیە لە سیاسەتی دام و دەزگاکانی دەولّەت.

یەکەم کۆسپ کە دێتە رێ بۆ راپەراندنی کارەکانی لە ناو دام و دەزگا حوکومیەکان (بیرۆکراتی یە) دەبینین لە هەموو بەرێوەبەرایتەکان کار ناروات یان لانی کەم بە ئاسانی ناروێ خەلك ریزیان بەستووە نووسراوەکان کەوتوونەتە سەریەك کەس نازانێ ئەم بێ سەروبەرییە چۆن کاری رۆژانەی پێ بەرێوەدەچێ ئەم هەلسوکەوتە نارێکانە بە گران لەسەر هاولاتیان دەکەوی پارەو کاتێکی زۆرخەرج دەکرێ بەمەش دەبێتە هۆی بار قورسی لەسەر ئابوری. بۆیە ئەگەر بتەوێ پرۆژەکانی ئەو کەسانەی کە لەسەر ئەرك و خ ەرجی خۆیان دەست پێشخەری دەکەن مەرجە رۆتین کەم بکرێتەوە گرو تینیش بدرێ بە میکانیزمی جێ بەجێکردنی مامەلّەکان کە بەزوویی و بە نرخێکی کەم تەواو بێت ئەمەش پێویستی بە دەرکردنی یاساو رێنمایی هەیە بۆ ئەوەی چەندین رێگا بگرێتە بەر وەك:

١. پێش دامەزراندنی ئەو پرۆژانە مەرجە توندەکان سووك بکرێت رێگا خۆش بکرێت و ئاسانکاری هەبێ

٢. لەسەرەتای چالاکی یە ئابورییەکان هێشتنەوەی تێچوونی (کلفە) پەیرەو کردنی یاسایی بە گوێرەیی ئاستی نزمی تێچوو بێت بۆ ئەوەی پشت بە ئابووریەکی تر نەبەسترێ

٣. پەیرەوکردنی نامەرکەزی لە ک اتی بریاردان تایبەت بە پرۆژەکانی بازرگانی ی و پیشەسازی.

٤. هاندانی هاوبەشی بکرێ بۆ چاودێری پەیرەوکردنی هەموو بڕیارەکان بەکورتی دروست کردنی ئاوهەواو ڕێ وشوێنی تایبەت بۆ دەستپێشخەران و ئەوانەی ئارەزووی خۆدەرخستنیان هەیە بۆ دروست کردنی پرۆژەی تایبەت کارێکی ئەو تۆیە دەبێتە هۆی دەستپێشخەری تاك پێویستە زانیاری پێدانی پشتگیری بکرێت ئەمە وەنەبێ هەر حوکومەت بیکات بەلکو کەرتی تایبەت و ژووری بازرگانیەکان و پیاوانی کاریش دەتوانن رۆل ببینن بۆ ئامادەکردنی ئاو هەوایی شیاو بەمەش دەبێتە مایەیی ئەوەی لە ڕێگەیەکی تریش بۆ بوژانەوە دێتە ئاراوە.

## حوکمی سیستەمی دیموکراتی دروست هۆیەکی سەرەکی چاککردنی سیاسی و ئابووری

زۆربەر وولاتانی جیهان کە دواکەوتو هەژار و تازە پێگەیشتوون ڕووبەڕووی چەندین کێشەی دیار و کاریگەر دەبنەوە چ لە ڕووی ئابووری یان کۆمەلایەتی یان زانستی لەوانەش گەورەتر کێشەی سیاسیە.. ئایا پەیڕەوکردنی سیستەمی حوکمن؟چۆن؟ ئەمە دەبێتە هۆی وەلامدانەوەی کێشەکانی تر کە ناویان هێنرا... گەل و ولاتێك کێشەی برسیەتی نیە کێشەی نەبوونی تەکنەلۆژی نیە کێشەی فێرکردن و فێربوونی نیە کارەساتەکە لەوەدایە ڕەگی دیموکراتی هێشتا دای نەکوتاوە و لاوازە.. بۆیە هەر خەرجیەکی زۆریش بۆ بنەبڕکردنی کێشەکانی تر ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێ ڕاستە هەندێك دەیانەوێ پێشنیاری چاکسازی بکەن بەلام ئەمە لەبەر چاو ناگرن کە بە دام و دەزگا نەکردنی دەولەت ڕۆژانە گرفت دێتەڕێی ئەو چاکسازیە، کەواتە هەلکردنی دروشمی چاکسازی بەشەکانی بەلکۆ بە کردەوە.. بۆیە دامەزراندنی بنەما گرنگەکانی سیستەم یان دەسەلاتی دروست پێویستە بۆ پاشە ڕۆژی دیموکراتی و بازاڕی ئازاد و جێگیربوونی سیستەمی دەولەتی و تا دەگاتە کەرتی تایبەتی بۆیە ولاتانی دەسەلاتی دروستی دیموکراتی لە هەندێ ولاتان دەبێتە هۆی پەیدابوونی مولکداری(Populism) و سۆشیالیستی تا ئەوڕادەی دەبێە مایەی پەیدابوونی تیرۆر (ألأرهاب).

ئەنجامی پەیڕەونەکردنی سیستەمی دروستی دیموکراتی دەبێە هۆی پەیدابوونی بلاوبوونەوەی گەندەلی، شپرزەیی ژێرخان و بەرزبوونەوەی کرێ و نزمی وەبەرهێنان و

نزمبوونەوەی پەرەسەندن و کار و پاشکەوتن و نەبوونی ئارامی لە وڵات و هەرێمەکە و جیهانیش هەروەها دەبێتە مایەی دروست بوونی ناڕەزایی لەنێوان هاووڵاتیان.

دوو ڕێگا هەیە بۆئەوەی دەسەڵاتی دیموکراتی دروست سەرکەوتوو بێت ئەویش یەکەمیان هاوبەشی کردن یان هاوبەشی بوونی هاولاتی لە دەرکردنی بڕیارەکانی سیاسی هەر وڵاتێك هۆی ڕازی بوونی و مسۆگەر کردنی داخوازیەکانی هاووڵاتیان چونکە خۆیان بەگشتی تێدا بەشدارن لە دەرچوونی بڕیارەکان.. دووەمیان پێویستی بە دەزگایەکی لێپرسینەوە و حساب لە گەڵ کردن هەیە ئەویش پەیڕەو کردنی سیستەمی کارکردن بە ڕوونی و ئاشکرایی، و لەبەرچاو (الشفافية) کە هەموو ئامارەکان زانیاری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، بەتەواوی لەبەردەست بێ وەکوو

١) لەهەر کاتێك ویسترا زانیاری بدرێ و لەبەردەست بێ.

٢) زانیاریەکان پەیوەندد ار بێ بەو بازنەی کە بڕیاری لەسەر دەدرێ.

٣) ئەو زانیاریانە ورد و کۆمەڵایەتی.

کارێکی تری گرنگ هەردەکرێ بخرێتە ڕیزی ئەم بابەتەوە ئەویش کەم کردنەوەی دەسەڵاتی بەرپرسی دەوڵەتە بەپێچەوانەوە ئەگەر هەموو دەسەڵات و شتەکان لەخۆی کۆبکرێتەوە ئەوا بە بە بڕیار ەکان پرۆژەکان و بەرژەوەندی گشتی کۆنترۆل دەکات دەبێتە هۆی وەرگرتنی مولك و ماڵی گشتی و دەرکردنی هەندێ یاسا و بڕیاریش بۆ بە شەرعیەت کردنی گەندەڵی و درزیەکانی خۆی بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر بمانەوێ پێش لە گەندەڵی بگرین ئەویش بە هاوبەشی بوونی هاووڵاتی لە بڕیاردان و چارەنووسی دەسەڵاتەکانی جیاجیا بۆئەوەی دەسیلات لە دەستێکی ئەمین دا بێ.

ئەگەر لە وڵاتێك دا یاسا و سیستەمی حوکم بێ سەر و بەری و شپرزەیی پێوەدیار بوو لە شوێنی فەوزا و کەس بە کەس نەبوو تۆ چۆن دەتوانی بەرگری لەخۆت بکەیت لە وڵات بکەیت لە کۆمەڵ بکەیت لەکاتێکدا ژمارەی بەرپرسەکان چ لەڕووی گەندەڵی یان بەهێزی دەسەڵات خۆیان زۆر بوونی چارەی بنەڕەتی پەنا بەرێتە بەر ڕێگەیەکی شیاو ماقول لە بڕی ئەوەی سکاڵا بەرامبەر بەرپرسەکان پێشکەش بکەین و کەسیش گوێی لێ نەگرێ لەوانەش تووشی مەترسی ببنەوە بۆیە دەبێ هەوڵ بدەی سکاڵا دژ بە دەوڵەت

پێشکەش بکەیت لە بڕی بەرپرسەکان ئەویش لەڕێگەی دانانی سیستەمێکی لێکۆڵینـەوە لە سکاڵاکان:

١) دامەزرانـدنی نووسـینگەکانی لێکۆڵینـەوە لـەو سـکالایانەی کـە دژی دەوڵـەت بـەرز دەکرێتـەوە لـە سـەرتا سـەری وڵات بۆئـەوەی هـەل برەخسێ بـۆ گـشت هاولاتیـان کـە سوودیان لێ وەربگرن.

٢) ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی.

) هاتنەکایەی سیستەمێکی لامەرکەزی بۆ وەزیرەکانی حکومەت کە بە هەموو شـێوەیەك چاودێری کارەکانی بکرێت و ئەوەش لادان و سەرەوڕۆی ئەمەش لەڕێگەی:—

* دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی حوکمو بەشەکانی ناوەخۆ بەڕوونی.
* لامەرکەزی بە مانانی پێدانی دەسەڵاتی دیار و بێ پێچ و پەنا بۆ هەرێمەکان.
* پێدانی پێداویستیەکان لەبەروبوومەکانی کەسەکان و هونەریەکان.
* دانانی سیستەمێکی حسابگری و حساب لەگەڵ کردن.
* دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ناوچەیی بەهێز.
* هاندانی کۆمەڵگەکانی شارستانی بۆ چاودێری لەسەر چالاکیەکانی حکومی.
* بەستنی کۆبوونەوەکانی ڕێك و پێك بـۆ ئەنجوومەنـەکانی شـار و هـەر جێگرێکـی تـری پێویست هەبن.

سیاسەتی چاکسازی هەرئەوە نیە کە بە ئاشکرا بەڵکو ئەمە لەڕێگەی هـەبوونی چـەندین بەرنامەی دەرکر دنی یاسایی ڕاوێژکاری دەبێ کە ئەم بەرنامانـە سـەرکەوتوو بـن ئـەویش بەم شێوەی خوارەوە ڕەنگ بداتەوە:

١) **ڕاسـتگۆیی:** لێکۆڵینـەوە و وردەکـاری و شـیکردنەوە لەسـەر بنەمایـەکی دروسـتی ئابووری. کە هەموو پێداویستیەکان لەبەردەستی شارەزایی ماف و کارناسان دابنرێ بـۆ بڕیا ردان لەسەری پاڵپشت بە سەرچاوەی بەهێز.

٢) **سادەیی:** پێویستە بەشێوەیەکی ساکار و ئاسان کارەکان بنووسرێن کە هەموو کەس تێی بگات بە زمانێکی بێ گرێ و بێ پێچ و پەنابێت.

٣) **پێدانی زانیاری:** بەشێوەیەکی فراوان ئەو زانیاریانە کۆبکرێتەوە بڵاویش بکرێتەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن کە کارەکە سەرتاسەری بن.

٤) **دانوستان لەگەڵ بەرپرسە حکومیەکان سەبارەت بە سیاسەتەکان:** ئەم گفتوگۆ کردنە زۆر پێویستە چونکە ئەگەر هەروا بمێنێتەوە پرۆگرامەکانی دەوڵەت ڕێگر دەبن لەسەر هەر پێشکەوتن و داخوازیەکانی گەل کە چاکسازی ئەنجام نەدرێت.

بۆیە لەسەر ڕێکخراوەکان کار و کارکردن پێویستە کاریگەریان لەسەر بەرپرسەکانی دەولەت و داڕێژەرانی یاساکان هەبێ.

**( کەسێتی )**

کەسێتی بەگشتی و هەمەلایەنە چەند نیشانەیەکی تێکەڵە لە پێکهاتەی لەش و هۆش و دەروون کە لەناو هێز و توانا و هۆکارەکان و کەلتووردا لە یەکتریان جیادەکاتەوە چونکە هەر تاکێك جۆرە ڕەفتارێکی تایبەتی هەیە لە گۆڕەپانی ژیان دا پەیڕەوی دەکات لە یەکی تر جیای دەکاتەوە کەسێتی سەربەخۆ لەگەڵ هەندێ کەسێتی یەك ناگرێتەوە کە کەسێتیەکی خاوەنداریەتی خۆیان نین یان ئەوتە لە کەسێتی تر ڕەنگ دەداتەوە یان دووبارەبوونەوەیە.

ئەم کەسێتیانە کاریگەریان هەیە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ چ تاك چ کۆمەڵ هەڵسوکەوتەکان لە کاری ڕۆژانە ڕەنگ دەداتەوە.

بۆ وێنەکە شتێکی بەرپرس دەبینین ئاوێتەیە بۆ کارمەندانی خوارەوەی خۆی زۆرجار بە پێچەوانەوە ڕوودەدات یەکێك کەسێتی خۆی لەدەست نادات تووشی ڕکابەری و کێشە دێت لەگەڵ بەرپرسەکە.

## کەسێتی مایەی چەندین پێکهاتەیە:

١) ڕاستی ٢) پەروەردەی خێزانی ٣) سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری ٤) هەڵوێست و ڕووداوەکانی تاك لە ژیان دا.

هۆکارە سەرەکیەکانی پێکهاتەی کەسێتی:

١) کراوە و کرانەوە بێت لەسەر خەڵکی تر هامشۆ و فێربوون و وەرگرتنی ئەزموون واتە کەسێکی کۆمەڵایەتی بێت گونجاو بێت و داخراو نەبێت.

٢) ئارامی لە بەزەیی و دوور لە دڵەڕاوکێ، ئەو کەسە دەتوانێ بەبێ دەمارگیری کار بکات کە ئارام و لەسەرخۆ دڵخۆش بێ نەك ڕووگرژ و مۆن و تووڕەو توند بێ.

٣) گونجاو کۆمەڵایەتی بێت (خاکی بێ) دڵ و دەروون پاك و هاوکار و جێی متمانەبێت بکەوتیە دڵی خەڵکەوە.

٤) پابەندبوون: کەسەکە جێگەی باوەڕ و ڕێك و پوختە و ورد بەرپرس و پلان داڕێژ و ڕێکخەر بێت بەجیدی کاربکات و دەستکەوتداربێ.

٥) پێگەیشتوو بێت: مرۆڤ لە منداڵیەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ڕادەی گەیشتن بە پەرەسەندنی تەواو بۆیە ئەم کارە لەم نێوانەدا ئەنجامی دەبێت جاری وا هەیە لە تەمەنێکی کورتدا پێ دەگا جاری واش هەیە لە تەمەنێکی درێژتر، واتە گۆڕانکاری لە تەمەنەکانی جیاجیا ڕوودەدات و مرۆڤ دەگۆڕێ.

شکست خواردنی تاك لەکاتێکدایە کە کارمەند بێ بەگوێرەی بیرکردنەوەی دروستی خۆی کار بکات بگۆڕدرێ ئەگەر هاتوو سەرۆکیان بەڕێوەبەرێکی نوێی دیکتاتۆر و تیژ پەیدا بێ.

بەپێچەوانەوە جاری وا هەیە دەبێ بە کلك لە پاشەوە، دەبێ بە خراپ ئەمە و چەندین هۆکاری تر هەن بۆ پێکهاتەی.

٦) کەسێتی وەکو ئەوانەی لەژێر ئەزموون دان یان ئەمینداری یان گەڕان بە دوایی وروژاندن و مەترسی:

بەپێی ئەم ناساندنەی کەسێتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئیداری حوکمرانی ئەنجامەکانی باش و خراپی لێ دەکەوێتەو ە وە ئەگەر سەردانی خوێندنگەیەك بکەین پێوانەی چەند ڕازی دەبی یان فەرمانگە کە چەند بە پێشکەش کردنی داواکەی تۆ ڕأزیە ئەمانە هەمووی پەیوەندی بەو کەسێتیانەوە هەیە بۆیە ڕەچاوکردنی کارێکی پڕ بایەخ دەکرێ سوود لەو کەسێەش وەربگیرێ بۆئەوەی کەسێکی شیاو و دروست دەست

نیشان بکرێ بەلاَم ئەمە گونجاو نیە مەگەر بە ڕادە تاکی ئەوتۆ بزانێ کە بەدڵن یان بەپێچەوانەوە

## ( کۆمەڵەکان و تیمەکانی کار )

مەبەست ئەوەیە کۆبوونەوەی چەندین کەس یان زیاتر بەڕێك و پێکی کار بکەن لەکاتێکی دیاریکراو بۆئەوەی ئامانجێکی هاوبەش بگەیەنەسەر. ئەو کۆمەڵە و تیمانە چ لە کاری دەوڵەت یان رێکخراو ەکان یان کەرتی تایبەت چالاکی هەماهەنگی دەنوێنن .... کە بە کەمترین کات و هەزرانترین نرخ و باشترین دەسکەوت خۆیان دەسەپێنن... پێکەوە کارکردنی کۆمەلەکان تیمەکانی کار ئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە لە ڕوویی خێرایی ی و زۆر بوونی بەرهەم و رکابەری ی و گەرم گوڕی بازار و پەیدابوونی کارگێریەکی پتەو بەپێکهاتەیی هەمەلایەنە و پسپۆری جۆراو جۆر زاڵ بوونە بەسەر بیروکراتی ی، ئیدارەی کۆت و دەسەڵاتی بەرپرسی یەکەم.. ئەمە دەگوازرێتەوە بۆ بەرپرسایەتی کۆمەل و تیمەکان...

## گرنگی تیمەکانی کار لە وەدایە کە زاڵ دەبێ بەسەر:

١. بەرێوەبەرەکانی کارگێرییەکان ناپرژێنەسەر ئەرکەکانیان لەبەر پڕ ئیشی ی و کاری رۆژانە.

٢. رەنگە لە نێوانیان دا رکابەری هەبێ.

٣. هەندێ بەرێوەبەرەکان کێشەی فەرمانگەکان سەرقالیان دەکات و دەبێتە دیلی ئەو سەرقالیە هەر لە ناوەوە کێشەکان دەبینن بەلاَم تیمەکان کار بەهۆی زۆری ی و بۆ چوونی ئەندامەکانیان ئەم کێشەیە دەتوانێ چارەسەر بکا بە تەنیا لە دەرەوە سەیری کێشەکان دەکەن لە ناوەوە چارەی دەکەن.

٤. تیمەکانی کار باشتر کاردەکەن لە لێژنەکانی فەرمانگەیەك ئەگەر کیبرکێ ی شەریفانە لە نێوانیان دا هەبێ لێرەدا سەرکەوتن و پڕ هەموار ترە کارەکانی تیمەکانی کار ئەگەر بەراووردبکرێ لەگەڵ کارەکانی ئەولێژنانەی فەرمانگەیەك دای دەنێ بۆ

هەلسوراندنی ئەرکەکان..... ئەمڕۆ وا باوە کە کارگەیشتە سەر دانانی لێژنەو لێژنەکاریی دەبێ دەست بشۆن لە ئەنجامدانی ئەرکەکان کە پێ ی دەسپێردرێ..........

کۆمەلـەکانی خـەرجی بریتیـیـە لـە بەشـەکانی بـەڕێوەبردن و کـارگێری و لێژنـەکان و تیمەکانی کار کە هەموویان پێکەوە کاردەکەن لـە پێنـاو ئامـانجی دیـاری کـراو لەلایـەن بەرپرسەکان ئاراستە دەکرێن ئەمانەش دوو جۆرن:

کۆمەلەکانی نافەرمی بریتی یە لەو کەسانەی کەلە کۆمەلەکانی فـەرمی کاردەکـەن بـەلأم بە هۆی لێکگەیشتن و ڕەچاو کردنـی بەرژەوەنـدی هەنـدێ تـاقم و لایـەن و بەمەبەسـتی جێبەجێ کردنی خواست و ئارەزوویی تاکەکانی ئەمانەن هەنـدێکیان پێکەوەیەکدەگرن و کاردەکەن بۆ دا مەزراندنی وێکخراوێکی دیـاری کـراو کـە لـەژێر چـەتری ئـەو ڕێکخـراوە واسـەرەرایی کـاری فـەرمی خۆیـان ئیـدارەکاری ڕێکخـراویش دەکـەن ئەمانـە بـەپێ ی ڕێنمایی ی و پرس و را کردن بە ئیدارە دێتـە کایـەوە... ئەمانـە ڕەنگـە چـەند هۆکارێك هێلیان نزیك بکاتەوە وەکو: ڕادەیی ڕۆشنبیریان، تەمەن، ناوچە گەری، یانەی وەرزشی، ئەم کۆمەلانە لە شوێنی جیاجیای فەرمانگە پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بـاس لەسـەر بابەتێك بکەن کە پێوەی پەیوەندیدارن.

## ( دەولـەت لە نێوان پەیرەو کردنی یاساو بێ سەرەو بەری دا )

لەوەتەی دنیا دنیایە هەول دەدرێ لادەرو سەرکێـشەکان و ئەوانـەی لـە سـایەی یاسـای دارستان هەلسوکەوت دەکات وەڕگەرێنەوە بۆ لای حوکمی عقـل و پاراسـتنی خۆیـان لـە پاراستنی دەوروو بەرەوە بیننەوە ئەم هەولانە لە ڕێگـەی بینـدراو (پێغەمبەرەکـەمان) و کتێبـە ئاسمانیـەکان دەسـتی پێکـرد لـە پـەراوێزی ئـەو زاتانـەش کەسـانی کەبـەدوای چاکسازی دەگەران یان ئەو زاناو دانایانەی ڕۆژگار دروستی کردوون..

کتێبە ئاسمانیەکان بەشێکی گرنگن لـە دەسـتوورو یاسـاو ڕێنمـایی و ئامۆژگـاری ئەمـە بەشـێك بـوو لـەو پرۆسـەیە بـۆ چەسـپاندنی داد پـەروەری کۆمـەلگاکان بەرەبـەرە لـە بەرەللایی بەرەو جێگیری هەنگاویان نا تا ئەم چەرخەی پێش زیاتر لـە دوو هـەزار سـالْ ئەم خەبات و تێکۆشانەی مرۆڤایەتی باجی زۆر بووە بۆ ئەوەی بگاتە ئـەو شـوێنەی کـە

پێویستە بە ئارامی بژی. ئەو ئارامیە خۆی لە دەولەت بینیەوە دەولەتیش هەروا بەئاسانی ئەو ئارامیەی پێی قووت نەدەدرا دەولەتی زۆردار دەولەتی داگیر کەر تا دەولەتی چاکسازی پابەند بەیاساو ریسای لانی کەم نامەترسی دار. ئەم پێشەکیە بۆ ئەوە بوو کە چارەنووسی ئەم داد پەروەرییە تا ئەمرۆ چی بەسەر هات دەولەت بەهەر شێوەیەك بێ خاوەن دەستورو یاساو ریسایەکی هاولاتیانی بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە هەیانە سوود وەردەگرن دەزانن چی بکەن چی نەکەن چۆن هەلسوکەوت بکەن زیان و سوود چیە چۆن دەگەنە ئامانج چۆن دەتوانن خۆیان بپارێزن بەهۆی ئەوەی هەلسوکەوتی رۆژانەیان بە پێی ئەو یاسایانە ئەگەر کۆت و بەندیش بێ.

## بەشی نۆیەم:

# پەروەردە ماڵی هەمووان

## پێشەكی

ئـەركی سـەرەكی هـەر كۆنگرەیـەكی پـەروەردەیی لـە هـەرێمی كوردسـتان دەكەوێتـە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە، كەسی تر بـۆی نیـە خـۆی بكاتـە خـاوەنی چـونكە دام و دەزگاكانی پەروەردە لە هەموو كەس و لایەنێك لە كێشە و بەربەستەكانی كە دێتـە رێـی باشتر تێ دەگا بەلاَم ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ بەشداری ی و پێشنیاری خەڵكی تر بەهەند هەڵنەگیرێ... بۆیە كارێكی بەجێ یە گردبوونەوەیەكی زانستی بە مەبەستی بەرەو پـێش بردنی كاری پەروەردە چونكە هەموو لایەك لـە ڕاسـتی دا بـە پـەروەردە پەیوەندیـدارە، بۆیە هەقی هەر كەسێكیشە كە پێویست بوو قسەی خۆی تێدا بكات....

ن ەك پرۆسەی پەروەردە بەڵكوو پرۆسەی ژیان هەروایە هەموو بە یەكەوە بەستراوەتەوە، تۆ ناتوانی لە لقێكی دیاریكراو چاو لە ئەزموونێكی پێشكەوتوو تر بكەیت، بەلاَم چەندین لق و پۆپی تر هەن زۆر بەگرانی لە جووڵە دانـە، واتـە پرۆسـەكە پێویـستە تێكـڕا بـەرەو پێشەوە بڕوات ئەویش قۆناغ بە قۆناغ پەلەی زۆری لێ نـەكرێ نـەبادا تووشـی سـەر لـێ شێواوی ی و ناهەمواری بێت لە جیاتی پەروەردە چاكتر بكەین وێرانتری بكەین !!

چۆن دەتوانیین یان بزانیین پەروەردە لـە كـوێ یـە و بـەرەو كـوێ دەڕوات !! ناچـارین دەبێ بگەڕێنیەوە سەر واقیعی پەروەردە خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە كەرستە و پێداویستیەكان لە پەروەردەوە وەربگرین و كاری لەسەر بكەین نەك بە بیانووی زانیـاری یان سوود وەرگرتن لە ئەزموونەكانی تر بیروڕای چەوت بسەپێنیین

وەزارەتـی پـەروەردە لـە ڕووی شـارەزایی، پـسپۆڕی، ئیـداری ی و زانـستی ئەوەنـدە هەژارنیە کە بە فریایی کەویین، ئەگەر بێت و ئەم وەزارەتە بیەوێ یان بتوانی سوود لـە مانە وەربگرێ ئەوە بە دەیان و بەسەدان کـادیری پـەروەردەیی لـە پارێزگاکـانی هـەرێم هەن وەزارەت خۆی لێیانی بێ بـەش نـەکات، وەك شـارەزاو ڕاوێـژکاران چـونکە ئەگـەر هـیچ وەزارەتێـك پێ ویـستی بـەم دوو ناونیـشانە نـەبێت ئـەوا وەزارەتـی پـەروەردە لـە پێویست بوون پێیان لە ئەو پەڕی دایە، هۆیەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەمـە کـە پرۆسـەی پەروەردە پەیوەندارە بە دروست کردن و لێدانی بناغەی کادیری دوا ڕۆژ لە هەر میلەتێك و هەر وولاتێك. بۆیە پەروەردە خۆشی بێ و ترشی بێ دەبێ گوێ لە هەموو کەس بگرێ تا دەگاتە کەسوکاری خوێندکاران و قوتابیان (طالب و تلمیـذ)، بـەلأم ئەگـەر وەزارەتـی پەروەردە تەنیا بە تەمای ئەو کادیرانەی بێ کە لەبەر دەستی دانە ئەوا حالّی پەروەردە مەبەستمان ئاستی پلەی زانستی (خوێنـدن) سـالّ بـە سـالّ دادەبـەزێ کـە ئەمـە هـەقی لێپرسـینەوەی هەیـە ئەگـەر ئەسـلاّ لـە وولاتێکـدا لێپرسـینەوە هـەبێت، چـونکە ئەگـە پەروەردە تێکچوو ئاستی هاتە خوارەوە کەواتە بەتەمای چی بین.

## ئەرکەکانی پەروەردە ( بنەما )

یەکەم: بیناو کەرستەو پێداویستیەکانی

دووەم: میلاك / مامۆستا و کرێکاران (خزمەتگوزاریەکان)

سێ یەم: قوتابی خوێندکار (تلمیذ و طالب)

چوارەم: پەیڕە و پرۆگرام (نظام، مناهج)

پێنجەم: نەخشە و پلان و ئامار

شەشەم: ئیدارە و سەرپەرشتیاریی (ألأدارة و ألأشراف)

حەوتەم: بودجە (المیزانیة)

کورتەیەکی پوخت لەسەر ئەم حەوت ئەرکانانە (بنەما) کە دەلّێن بینای قوتابخانـە واتـە هەبوونی پۆلّ + تاقیگا + کتێبخانە + ژووری هونەری + هۆلّ یـان گۆڕەپـانی وەرزش + باخچەی قوتابخانە + ژووری هۆیەکانی فێرکردن + کاروباری لاصفی + ژورەکانی ئیداری

و مامۆستایان و كۆگا و... هتد. مەرجە بۆ سەركەوتنی پرۆسەی پەروەردە. هەروەها بوونی میلاكی تەواو لە مامۆستا و كارگوزاری و كارمەند و خزمەتگوزاریەكانی تر كە ئەركانی قوتابی و خوێندكار دێتە گۆڕێ پەروەردە هەموو ماندوبوونی خۆی لە پێناوی ئەم توێژە خەرج دەكات كە بەگوێرەی نیزام و پەیڕە، پەیوەندی قوتابخانە لە لایەك بە قوتابی لەلایەكی تر بەكەس و كاری توند و تۆڵ بكات...

سەرەڕای ئەمەش بەهەند هەڵگرتنی بارودۆخ و هۆكارەكان لە ڕووی دەروونی، كۆمەڵایەتی، ئابوری، لەسەر پەروەدەیە كە هەموو ئەركانەكانی تر بە ماونەوە تاوتۆ بكات.....

پێویستی بەردەوامی هەیە بە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوەی هێڵ لە ژێر خاڵە گرنگەكان بكێشین ڕاستەوخۆ بچینە ناو باسەكەوە لە بڕبڕەی پشتی كاری پەروەردەیی دەست پێ بكەین ئەویش لایەنی هونەر

## لایەنی هونەری

١) نەخشە و پلان و توێژینەوە و لێكۆڵینەوە و ئامار.

ئەم بەشە یەكێكە لە هەرەپێویسیەكانی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە كە ساڵانە و نیو ساڵانە ئامادەكاری بكات لەسەر واقیعی پەروەردە لە هەرێم بە خشتە (جدول) ژمارە و بابەت و بە بەراوردكردن و شی كردنەوەی زانیاری (Data) و ئامارەكان بە گشتی لە نێوان شار و لادێ نێر و مێ لە نێوان تەمەنەكان ئەوانەی ئەم كارە ڕادەپەڕێنن پێویستە ڕەچاوی ئەم هۆیانەی خوارەوە بكەن بە دەرنەچوون و دەرچوون لە قۆناغەكانی خوێندن

أ. هۆیەكانی زانستی (علمي) وەكوو كەم و زۆری میلاك، پەیڕەو پرۆگرامی خوێندن، ئوسلوب و ڕێگاكانی وانە گوتنەوە، ئاستی نزمی و بەرزی زانیاری مامۆستا.

ب. هۆیەكانی هونەری: پێداویستیەكانی وەكوو پۆلی شیاو لە ڕووی تەندروستی لە ڕووی دانیشتن كەرستەكانی خوێندن لە هەر پۆلێك كە زەوق و خۆشەویستی زیاتر بدا بە قوتابی بە پۆلەكەی

ت. هۆیەکانی ئابووری: گوزەرانی خانەوادەی قوتابی کاردەکاتە سەر شوێنی حەسانەوە و خوێندن و پێداویستیەکانی ڕۆژانەی سەرەڕای هەست کردنی بە جیاوازی جۆری ژیان لەگەڵ هاوڕێکانی کە دەبێت چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە لایەنی کەم لە ناو قوتابخانەکان جیاوازی زەق نەبێتەوە لە نێوان قوتابیان وەك پەیڕەوکردنی جل و بەرگی یەك ڕەنگ.

پ. کۆمەلایەتی و جوگرافی: تێکەڵی و پێکەڵی ئەم لایەنەش کاریگەری خراپی دەبێ ئەگەر بێتو ڕەچاوی ووردی بۆ نەکرێ ئەویش ئامادەکاریی و ئاسانکاری پێویست لەم بارەیەوە.

ج. بارودۆخی ئاسایش و ڕامیاریی و شەڕ و شۆڕ پشتاو پشت ئەم کێشەیە دەگوازێتەوە ئەگەر بێت و چارەسەری بنەڕەتی نەکرێ کە ببێتە هۆی لە بیر چوونەوە لە مێشکی مندالْ و گەورە... کە پێویستە باری دەرونی حیسابی بۆ بکرێ.

ح. هەندێ کێشە وگیرو گرفتی ناوەختە و شارستانی ی و مرۆڤایەتی وەکوو پەیدابوونی تەکنەلۆجیای هەمەچەشن کە مندالْ خەریکی خۆی دەکا لە وەی زیاتر خەریکی خوێندن بێت (کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، یاری مندالان).

٢ ) هەلْسەنگاندنی زانستی ئیدارەی قوتابخانەکان و دام و دەزگاکانی تری پەروەردە باشتر دەمان گەیەنێتە زانستی ئاستی بەرزبوونەوە یان دابەزینی کاری پەروەردەیی لە کوردستان ئەویش بە ڕەچاو کردنی ئەم خالانەی خوارەوە:-

أ. ئامادەکردنی خشتەی ئامارێکی لانی کەم نزیك لە ڕاستی دا (واقع) لەسەر ژمارەی قوتابی ی و خوێنکار و مامۆستایان بە نێر و مێ و پسپۆڕیان و میلاکیان بە گشتی بە پێ ی دابەش کردنی جوگرافی ڕوونتر دابەش بوونی ناوچەکان.

ب. ژمارەی پۆلەکان بۆ هەر قۆناغێك و ژمارەی قوتابی و خوێنکار لە هەر ژوورێك (شعبة).

ج. پێویستیەکانی مادی قوتابخانە (ابنية و مستلزمات).

د. لێکۆلینەوە و توێژینەوەی دروست لەسەر ئاستی خوێندن و بەراوردکردن لەگەڵ دوو سالْ یان تا چوار سالْی ڕابردو دا پێشنیار بۆ لایەنی کەم بۆ دوو سالْی ئایندە.

هـ. وەرنەگرتنی هەر بیروباوەڕی و ڕایەکی پێشنیارکراوی یەك لایەنە بە تایبەتی کە لایەنێکی پەروەردەی مەبەست بێ چونکە پرۆسەی پەروەردە کیان یان گیانێکی زیندووە هەتا ڕادەیەکی زۆر بەتێکڕای لایەنەکان بەڕێوەدەچێ نەك بە لکاندن و چەسپاندن و خۆگونجان بەزۆر.

و. ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەی بەپێ ی پێویست و شارەزایی و کردنەوەی خول بۆیان ئەنجامی کاریگەری دەبێت نەوەك ژمارەی سەرپەرشتیاران وەکو ژمارەی قوتابخانەکانی لێ بێ کە بار قورسەیەکی تر بۆ پەروەردە زیاد دەکا و هیچی تر.

ز. چارەسەرکردنی چۆنیەتی بەشی مامۆستا لە وانە گوتنەوە و چارەی وانە زیادەکان / المحاضرات لە نێوان قوتابخانەکان خۆیان و دەرەوەی خۆیان، واتە (المحاضرات داخل المدرسة و بین المدارس و المحاضرات الخارجیة).

ح. لەبەر دەست دانانی نەخشەی لێکۆڵینەوەی ئاستی خوێندن ئاستی قوتابی بۆ ئەوەی گیروگرفت و کێشەکان و کارەکانی چۆنیەتی تاقی کردنەوەکان (أمتحانات) ئەنجام بدرێت.

٣) پەیڕەو پرۆگرام:

واتە (ئامانج + ناوەڕۆك / بابەت + چۆنیەتی گەیاندن) لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ زۆر لایەن و زۆر کەس باسی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە دەکەن هەندێکیان زۆر توندن لەم بارەیەوە بێ ئەوەی سەرنجی زۆر گۆڕانکاری پێویستی تر هەیە بدەن چونکە گۆڕانکاریەکان لە کۆمەڵگایەکەدا پەیوەستن بەیەکتری بەڵام پێویستە ناوە ناوە بەڵکوو ساڵانە پەروەردە بەخۆی دا بچێتەوە بە گوێرەی ئەزموونی

ڕابردوو هەوڵ بدات سوود و پەند وەربگرێ نەك پرۆگرام (مەنهەج) بەڵکوو پەیڕەوی پەروەردە پەیڕەوی قوتابخانەکان بە گشت قۆناغەکانیان پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە بەڵام ئەمە نە بەشەو ڕۆژێك دەکرێ نە بە ماوەیەکی درێژیش هەروەها بە سووك و سانایی ئەم پرۆسەیە بەڕێوەدەچێ بەڵکوو جارێ دەبێ عەقڵی پەروەردە گۆڕانکاری بەسەر دابێ ت لە کەسەکانەوە گرە تا کورسی و مێز و چۆنیەتی وانە گوتنەوە تا دەگاتە بیناو کارە هونەریەکان ئەوسا دەبێ لە پرۆگرامەکان دەست پێ بکەین واتە هەموو کەرستەکانی پێویستە گۆڕانکاری بە هۆیەوە بکرێ ئامادەی بکەین نەك عەقڵێکی

سەقەت پرۆگرامێکی تازەی پێ دابڕژێ !! کێشەی تری ئاستی خوێندن تەنیا پرۆگرام نیە زۆر شتی تر هەیە کە باس کراو باسیش دەکرێ. پەروەردە ماددەیەکی داوەتە قوتابی پێویستە قوتابی هەوڵ بدات وەری بگرێ (هەزمی بکا) وەرنەگرتنەکەی بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەقەت کردنی پەروەردەیی پەروەردە بۆیە لەو باوەڕداین هەموو پرۆگرام بگۆڕدرێ بەو شێوەیی یان بەم حاڵەی کە پەروەردە هەیە ئاستی خوێندن باشتر نابێ !! بەڵام گۆڕنی بەرنامە و پەیڕەو (ئوسلی تدریس) مناهج زۆر پێویستە ئەویش دەبێ زانست زاڵ بێ بەسەر عاتیفە بۆ وێنە دووایی چەندین ساڵی تر ناچارین مێژوو ی حیزبی بەعس بخوێنین لە پرۆگرام دای بنێین بۆ ئەوەی نەوەکانی دوا ڕۆژ لە ماهیەتی مێژووی ڕەشی سەردەمێك شارەزابن خۆ ئەوان وەکو ئەم نەوەیە (جیل) نین لە ڕووداوەکان شارەزابن.

## مەسەلەیەکی گرنگ:

ئەوەی کە مێشکی قوتابی و مامۆستا و مێشکی دەزگاکانی زانستی تا دەگاتە زانکۆ تێك دەدات ئەویش دیاردەی ساختە کاری یە لە نێو سیستەمی پەروەردە ڕاستە لە نێو دام و دەزگاکانی دەوڵەت ساختەکاری باوە بەڵام هەرگیز نابێ لە پەروەردە ڕێگەی پێ بدرێ وەك ئەوەی چۆن هەندێ کاروباری دام و دەزگاکان لە دەرەوەی خۆیان وا لە بازاڕ ئە نجام دەدرێت ئەگەر پەروەردەش بازاڕی دووەمی پەیدابوو کەواتە خۆمان فەرمانی ئیعدام لەسەر خۆمان مۆر دەکەین !! با نەچینەوە ناو مەسەلەکە بەڵام لە ساختەکاری وەك ساختەکاری نفوس و ناسنامە ئاواش بۆ بڕوانامە دەکرێ ئەمە دەبێتە هۆی روخان (احباگ) بۆ خەڵك مەبەستمان لێرە ئەوەنیە کە ساختەکاری لە بڕوانامەکان بازاڕی گەرمە بەڵام نکۆڵی لێ ناکرێ ئەویش چەندین جۆری هەیە:

١ دروست کردنی بڕوانامەی ساختە لە ناوەوە و لە دەرەوەی هەرێم بە ڕێگای جۆراو جۆر.

٢ دزینی پرسیاری تاقی کردنەوەکان یان پێدانی پرسیارەکان بە هەندێ کەس لەوێشەوە هەندێکی تر کە دەبنە کۆمەڵە هەندێك.

٣ پێدانی ماوەی غەش کردن.

٤ گۆڕینەوەی دەفتەری تاقی کردنەوە یان پڕ کردنەوەی دەفتەرێ نوێ.

٥ زۆر جار نەبوونی یان اهمال کردن لە سیستەمی ئەزمونەکان ناعەدالەتی ناهەقی ئەنجام دەدرێت چ لە دانانی پرسیارەکان یان لە سەرپەرشتی هۆڵی تاقی کردنەوەکان.

٦ یەکسانی (تعادل) بڕوانامەکان بەبێ ئوسول و نیزام و ووردبینی دروست ڕەچاو نەکردنی پلەی زانستیە.

٧ لە قۆناغەکانی خوێندن بۆ هەندێك تەنیا ساڵ ئاودیو کردنە جاری واهەیە قوتابی پۆلی هەر نەبینیوە.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ لە ناتەواویەکانی بەشەکانی پەروەردە بزانین پێویستە لە واقعی پەروەردە دەست پێ بکەین، کەم و کوڕیەکان، پێ شێلکاریەکان خاڵە بەهێزەکان و خاڵە لاوازەکان........

بۆ ئەوەی بەڕاستی بزانین ئایا پەروەردەیە یان پێویستی بە پەروەردە هەیە.. تەنیا و تەنیا بڕینی ڕێگای سەختەکان و سەرکەوتنی گەڕانەوەیە بۆ نیزامی پەروەردە بەگشتی ی و سەربەخۆیی خۆی لە خۆی دایە بگرە لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا زانکۆ بۆیە دەڵێین زانکۆش چونکە هەر نادروستیەکی وەزارەتی پەروەردە کاردەکاتە سەر زانکۆش دوایی کار دەکاتە سەر خۆشی واتە وەزارەتی پەروەردە بۆیە پێویستە پەروەردە بزانێ کێ دەنێرێتە زانکۆ ئەگەر پڕۆژەکانی پەروەردە سەرکەوتوو بوو ئەوا کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەر و هەست بە لێ پرسینەوە دێتە کایە......

## دیاردەیەکی ترسناك:

وەك چۆن لە کوردستان جوتیارەکان و گوندنشینەکان بەرە بەرە واز لە کاری خۆیان دەهێنن بەمەش زەبرێکی گەورە بە ئابووری کوردستان دەدرێ بەهۆی چەوتی تێڕوانینەکان بەم ڕەنگەش پەروەردە تووشی ئەم پەتایە هاتووە وەکو وازهێنان لە قوتابخانە لە قۆناغە جیا جیایەکان دا ناوە ناوە گەڕانەوەش بە تەمەنێکی گەورە جارێکی تر بۆ سەر کورسی خوێندن ئەم بێ سەر و بەریە لەوەدایە کە هەرکەسە

دەیەوێ بڕوانامەیەك بەهەر نرخێك بێ بەدەست بهێنێ با لەسەر حیسابی زانست و زانیاریش بێ ئەم مەسەلە پێویستی بە چارەسەری هەیە... ڕەخساندنی هەلی کارکردن هەڵی ویست و خواستی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە ئۆباڵێکە لەسەر ئەستۆی کاربەدەستانە بەگشتی. پەروەردە چی بکا باشە چۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەم دیاریدەیە بکا لەلایەك وازهێنان لە قوتابخانە و لەلایەکی تر جارێکی تر گەڕانەوە بە مەبەستی مووچە !! چارە لەوە دایە کە گرنگی بە قوتابخانە پیشەیەکان بدرێت دوا ڕۆژی ژیانی زۆر لە قوتابیانی پێ دابین بکرێت واتە پەروەردە بەرەو پسپۆڕی ورد هەنگاو بنێ بۆ هەموو بوارەکانی ژیان خەڵك ڕابێنین کە چەند بەشێك لە پسپۆڕی تەنیا هەموو شتێك نیە بۆ نموونە ئەو هەموو یاساناسە بەقەد وولاتێکی چەندین بەرابەر کوردستانە......

## چەند پێشنیارێك:

کردنەوەی بە ڕێوەبەرایەتیەك یان دائیرەیەك لە وەزارەتی پەروەردە لە پسپۆڕان و شارەزایان بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی نوێ کردنەوەی کاروباری پەروەردەیی (التجدید التربوي) بەمەبەستی:-

١ بەدواداچوونی پرۆژەکانی نوێ کردنەوەی پەروەردەیی کە لە بەردەست دایە، چۆنیەتی بەرەو پێش چوون و تەواو کردنی.

٢ هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدار بۆ ئەوەی ئامانجی پرۆژەکانی پەروەردەیی کە هەیە دابنرێ بۆ گەیشتن بەو مەرامانەی کە ئەم هەنگاوانەی بۆ دەنرێ وەك نیشانەیەکی کار لەم ڕێڕەوەدا.

٣ پێشنیارکردن بۆ پرۆژەی نوێ تر دوای چاوخشاندنەوە و سەیر کردنی کێشەکان و توانای پەروەردە لەم ڕووەوە بە هەماهەنگی.

٤ بەدواداچوونی ئەو هۆکارە پەروەردەیانەی کە دەرەنجامی جێ بەجێ کردنی پێشنیارەکانی تاقی کردنەوەی پەروەردەیی لە هەموو ڕوپەکەوە هێنایەتە کایە.

٥ دانانی بناغەی چاودێری تووانای قوتابی و خوێندکاری زیرەك و لێهاتوو، چۆنیەتی گرنگی دان بە ئەوان لە هەموو ڕوێکەوە.

- پێدانی دەسەڵات ی زیاتر بە ئیدارەی قوتابخانە و خوێندنگاکان لە ڕووی کارگێری و دارایی کە بودجەیەکی دیاری کراوی بە خۆی هەبێ کاروباری مامۆستا و کارمەندانی خۆی بەگوێرەی میلاکی پێویست بۆ دابنرێ واتە هەر قوتابخانەیەك وەك دائیرەکی سەربەخۆی لێ بێت بەرپرسیارەتی یەکلا بکرێتەوە.
- نەهێشتنی رۆتین و ئاسان کاری جێ بە جێ کردنی کارە ئیداریەکان، وابکرێ کە زۆربەی کارەکان هەر لە قوتابخانە ئەنجام بدرێ.
- دەرنەکردنی هیچ بڕیارێکی بەدەر لە یاسا و نیزام و پەیڕەو پڕۆگرامی پەروەردە لە هەر قۆناغێکدا.
- وا لە کارمەند بکرێ بۆ هەر ئیش و کارێك کە ڕای دەپەڕێنێ لە فایلێکدا یاسا و بڕیاڕ و نیزام و ڕێنمایەکانی ئەو کارەی خۆی کۆبکاتەوە لەسەر مێزەکەی دابنێ و ڕووبەڕووی چاودێری ببێتەوە (التدقیق).
- دانانی لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کە بەرپرس بێت لە نەخشەو پلان و پێشخستنی هەماهەنگی چالاکیەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە هەردوو قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی.
- بەپەلە پڕۆگرامی قوتابخانەکان یەکبخرێتەوە.
- بوونی مەرجەعێکی ئیداریی و هونەری تایبەت بە پەروەردە لە بەردەستی پەیوەنیداران لە پەروەردە لە (وەزارەت) یان لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە قوتابخانە و خوێندگاکان و پەیمانگاکان پێویستیەکی گرنگە.
- پێداچوونەوە بەو پێوانە و هەڵبژاردنانەی کە لەو کەسە دایە کتێب و پڕۆگرامی وەزارەت دادەنێ وا چاکە لیژنەیەکی سەرەکی و چەند لیژنەیەکی تری بچووکیش.. لە ژێر چاودێری شارەزایان و پسپۆڕانی پەروەردەیی زانستیانە ڕەچاوی زمانی نووسین بکرێ.
- ئەوەی دەبێ ببێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مەرجی خزمەتی لە دە ساڵ لە ئیدارە کەمتر نەبێ سەرەڕای مەرجەکانی تر.
- سەرپەرشتی پەروەردەیی کاری خۆی دیارە نە پێویست دەکات خۆیان یان لایەنێکی تر ئەرکی قورستر بکات نە هەقە گەورەتر بکرێت نە بچووکتریش تا ئەو کاتەی خۆی

دەسەلمێنێ ڕۆڵی لە بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن دا دەبینێ مەبەست لێرەدا ئەوەیە هەموو کەناڵەکانی پەر وەردە بەگشتی پێویستیان بە تەکان هەیە نە پاداشت وەرگرتن.

- دامەزراندنی مەڵبەندێکی گەورەی تەندروستی تایبەت بە پەروەردە ئەو مەڵبەندەش چەند بنکەیەی بچووک بچووك بکاتەوە بە گوێرەی ناوچەی جوگرافی قووتابخانەکان هەریەکە بۆ چەند قوتابخانەیەك.
- واز لە کردنەوەی خولی پەروەدەیی بهێنرێ بۆ دەرچووانی ئامادەیەکان.
- هەوڵ بدرێ مامۆستایانی زانکۆ (معلم جامعي) بخرێنە ناو میلاکی قوتابخانە سەرەتاییەکان.
- گەڕانەوەی ڕێز و خۆشەویستی و متمانە لە نێوان مامۆستا و قوتابی و خوێندکار بۆ ئەوەی حەز و ئارەزوویی پیشەیی و خوێندن جارێکی تر بە جوانی و بە زیندوویی بژێتەوە.
- لابردنی ژووری ڕێکخراوی قوتابی و خوێندکاران و هەر دەزگایەکی تری سیاسی یا ڕێکخراوەی.
- ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەر مامۆستا هەبوو لە زەمانی ڕژێمی لەناوچوو هەتا ڕادەیەکی زۆر هێشتا ماوە. وەك (موختاری گوند + کەس و کاری قوتابی + یەکە ئیداریەکان + قەزا و ناحیەکان + ڕێکخراوی حیزبی + دەزگاکانی پەروەردە..) بۆیە کەم کردنەوەی ئەم هەموو لایەنە وای لێ ی دەکا مامۆستا هەست بەبوونی خۆی بکات.
- زۆربوونی حەڵقە ئیداریەکانی پەروەردە لە بەرژەوەندی کاری پەروەردەیی نیە (العمليه التربويه) چ لە وەزارەت و چ لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان.

بۆ وێنە / تۆ لە پەروەردەی گشتی چەندین بەشی سەرەکیت هەیە هاوکاری بەڕێوەبەری گشتی دەکەن ئەم هەموو یاریدەدەرە چیە چونکە لە مێژە یاسایی ئەم هەیکەلە گۆڕاوە یاریدەدەری نەبووە یان ئەوەتە یاریدەدە ری هەبێ مدیر قسمەکە نەبێ یان بە پێچەوانەوە بەڵام مدپر قسم پێویست ترە.

- چارەسەرکردنی دوو دەوام و سێ دەوام و چوار دەوام ئەرکێکی پیرۆزە.
- لە هەر پۆلێك زیاتر لە (٢٥) قوتابی یا (٣٠) قوتابی بێ لەمە زیاتر کارەساتە.

- دانانی لیژنەیەکی هەمیشەیی بەدوواداچوون لەسەر چۆنیەتی جیٚ بەجیٚ کردنی نیزام و ڕێنمایی و یاسا و بڕیارەکانی تایبەت بە پەروەردە (لجنة الرقابة ألأدارية).
- گرنگی دان بە ئامادەییە پیشەیەکان (کشتوکاڵ، بازرگانی/ پیشەسازیی... هتد) لە ڕووی پڕکردنەوەی میلاکی خۆی نەك بە مامۆستای پیشەیی (معلم صناعة) یان (زراعة) و بەس هەروەها دابین کردنی کەرەستەی جۆراوجۆر و بەکەڵك و بەرهەم هێنەر بۆ وەرشەکان واتە وای لیٚ بکریٚ قوتابی هان بدریٚ دووا ڕۆژێکی گەش بۆ مسۆگەر بکرێت لە مەڵبەندەکانی وەبەرهێنان.
- پشووی ڕەسمی تەنیا جەژنی ڕەمەزان و قوربان و جەژنی نەورۆز بۆ پەروەردە بیٚ.
- لانی کەم زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی بە بەردەوامی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە تایبەتی لە باخچەی ساوایان تا دەگاتە زانکۆ بەرنامەی فارسی ی و تورکیش لە ئایندە.
- پێداچوونەوە لە چۆنیەتی نزیك بوونەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەشێوەیەك چار نیە دەبیٚ زاراوەی خواروو بناغە بێت بەڵام دەوڵەمەند بکرێت بە زاراوزەکانی تر بە تایبەتی کرمانجی سەروو وگوران، واتە تەنیا لە قوتابخانەکان و شوێنە ڕەسمیەکان جاریٚ کاری بۆ بکریٚ.
- ساڵانە بودجەیەکی گەورە و تێر و تەسەل بۆ وەزارەتی پەروەردە دابنریٚ ئەویش بۆ پێداویستیەکانی کاری پەروەردەیی وەك (قوتابخانەکان، أعداد و تدریب، چالاکی هونەری، وەرزش).
- چ گەندەڵی دارایی چ گەندەڵی ئیداری وەك ئەرکێکی پیرۆز لە پەروەردە بنبڕ بکرێت چونکە زیان بە هەموو کۆمەڵ دەگەیەنیٚ ئەگەر کەمتەرخەمی لەگەڵ دا بکریٚ.
- هەڵمەتێکی نیشتیمانی و نەتەوەی دەست پیٚ بکرێت بە دروست کردنی سەدان قوتابخانە و خانووی مامۆستا بە پێداویستییەکانیەوە لەگەڵ نۆژەن کردنەوی ئەوەی پێویستە.
- تەنسیب نەکردنی مامۆستا بۆ کاری ئیداری بەهەرشێوەیەك بێت تەنیا ڕاپۆرتی پزیشکی نەبێت.

- کەم کردنـەوەی کارمەنـد یـان گواسـتنەوە یـان بـۆ میلاکـی ئیـدارەی قوتابخانـەکان ئەگەر پێویستی نەکرد بە تایبەتی کارمەندی شارەزا لە بواری پەروەردە.
- وەزارەتـی پـەروەردە دام و دەزگایـەکی زۆری لـە هـەموو شـوێنێك هەیـە لـە گونـد و شارەکان پێویستی بەوە دەکات دەزگایـەکی هێـزی نـاوخۆی هـەبێ لـە ڕوی ئیـداری بـە تایبـەتی بـ ۆ شـوێنە پێویـستیەکان و لـە کـاتی تـاقی کردنەوەکانـدا دەکرێـت پاسـەوانی شەوانیش بەو هێزە بسپێردرێ.
- دەرکردنی پەیڕەوی یاسای تایبەت کە بگونجێ لەگەڵ ڕەوشی پەروەردەی هەرێم بۆ قوتابخانە و خوێندگا تایبەتیـەکان و ئەهلیـەکان هاوکـاری و بەدواداچـونی بـەردەوام لـە نێوانیاندا.
- زیندو کردنەوەی بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەر شوێنێك بێت.
- مێـژوو و جوگرافیـای کوردسـتان بخرێتـە نـاو منهـەجی مێـژوو و جوگرافیـای گـشت قۆناغەکانی خوێندن بە واقعی دوور لە عاتیفە.
- کۆنگرەیەکی گشتی بەس نیە بەڵکوو پێویستە بۆ هەر بوارێکی سـەرەکی پـەروەردە کۆنفراسێك ببسترێ بۆ ئەوەی زیاتر و وردتر کارەکان جێگەی خۆی بگرێ.
- گرنگی دان بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن ( تەلەفزیۆن، رادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار و بەرنامە و کۆڕ و سمیناری ڕۆشنبیری پەروەردەیی) بۆ دانانی پردی پەیوەندی لە هەموو ڕووێکەوە.
- پێداچوونەوەی بە پ ەیڕەوی پڕۆگرامی کەمـە نەتەوەیـەکان بـە مەبەسـتی گونجانـدن لەگەڵ ویست و خواستەکانیان کە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانیش ڕەچاو بکرێ.
- ڕۆڵی پەروەردە بـۆ چـاندنی تـۆوی خۆشەویـستی ی و ڕیـسواکردنی تونـد و تیـژی و تیرۆر و تاوان.
- هەبوونی کارتی زانیاری بۆ قوتابی و خوێندکار بەسەرپەرشتی ڕابـەری پـەروەردەیی دەبێتە هۆی چارەسەری چەندین کێشەی تایبەت و گشتی (عقلی و جسمانی و سلووکی) بۆ هەریەکەیان.
- دانانی بەڕێوەبەری لێهاتوو واتە کەم کردنەوەی ئەرکی پەروەردە و سەرپەرشتیاری و کەس و کاری قوتابی ئەنجامەکەیەتی.

- سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە ئەوەبێ کە وەك جیهانێکی حەساس سەیری کاری پەروەردەیی پێبکرێ و محوەرەکەی تەنیا قوتابی و خوێنکارە کە ئەوانیش نەوەی دنیایەکی تر دەبن لە پێناو چارەنووسی گەل و وولات.
- ئامادەکردنی پێش وەخت کتێب و دەفتەر و پێداویستیەکانی تری قوتابی کە کەمتر نەبێ لە هەفتەیەك پێش دەست پێ کردنی دەوام بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدرێ و چاوەڕوانی دابەشکردنی شپرزەیی بە پڕۆسەی خوێندن دەگەیەنێ. لانی کەم لە ٨/٢٠ هەر سالێك کەرستەکان لە قوتابخانە خەزن کرابن میلاکیش تپبیت کرابێ لەو مێژووە.
- مەرجەکانی ئامادەکردنی کتێبی قوتابخانەکان:-

ا. شارەزای دانەر و ناوبانگی زانستی لە بوارەکە و زانیاری لە مەڕ فەلسەفەی پەروەردە بە گێرەی سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە.

ب. بەستنەوەی ئامانج و ناوەڕۆکەکان و دانەبڕان لە سەردەم و کەلتوری میللەت و وولات.

ج. ڕەچاوکردنی سەرنج و تێبینی و ڕەخنەی ئید ارەی قوتابخانەکان و پەیوەندیدارانی پەروەردە.

د. ناوەڕۆك لە ئاستی قوتابی ی و خوێندکار بێت ئەویش بە ڕەچاوکردنی باری کۆمەلایەتی، سیاسی، دەروونی، ئابووری، ئاینی، کەلتوری.

هـ. بوونی ئەمانەتی عیلمی (زانستی).

و. مادەکانی پڕۆگرامی خوێندن لە هەر کتێبێك بە زنجیرە بێت و نەپساوە و نەپچڕاو بێت بە گوێرەی پۆلەکان دووای بەگوێرەی قۆناغەکانی خوێندن.

ز. گرنگی دان بە زمانی نووسینی کتێبەکان و شێوەی داڕشتن و ڕێکخستنییان و ڕێنووسیان.

ح. جوانکاری لە شێوەی چاپ و دەرهێنان و نەبوونی هەلە و ناتەواوی کە ڕەچاوی هۆیەکانی فێرکردنی تێدا ڕەنگ بداتەوە.

- ئەو مامۆستایانەی کە وانەی دەرەوە دەلێنەوە (محاچرات خارجیه) هەقە بەشداری لە پرسیاردانانی تاقی کردنەوەکان نەکەن.

- گەڕانـــەوەی سیـــستەمی عبـــوڕ بـــە تایبـــەتی لـــە تـــاقی کردنـــەوەکانی کۆتـــایی دوای کۆنفراسێکی پەروەردەیی و پسپۆڕی لـەم بارەیـەوە لـە زیـان و سـوودەکانی بـە گـشتی بکۆڵێتەوە.
- هەست دەکریٚ هەندیٚ قوتابخانـە لـە پێنـاو خوێنـدن و قوتـابی نیـە بـەڵکو لـە پێنـاو میلاکی ترە وەکو زۆری کارگوزار و کارمەند و مامۆستاش بەمە پڕۆسەی خوێندن پـەکی دەکەویٚ هەق وایە لە جیاتی ئیدارە خـەریك بـیٚ بـە فێرکـردن و زانـست خـەریکی کـاری لابەلا دێت کە لە بەرژەوەندی کاری پەروەردەی نیە.
- قوتابخانە شـوێنی کۆکردنـەوەی بـیٚ کـاران نیـە مامۆسـتا لـە قوتابخانـە ئەوەیـە کـە دەچێتە پۆل.
- لــە قوتابخانـــە هـــەر کەســـە بگـــرە لـــە قوتـــابی تـــا دەگاتـــە مامۆســـتا و کارمەنـــدان بەرپرسیارەتی خۆیان لە ئەستۆ بگرن سەبارەت بە پاراستنی کەل و پەلەکان بـە گـشتی گەڕانەوەی بەکارهێنانی ترقیم الرحلات بوونی کۆگا.
- هەڵسوڕاندنی حانووتی قوتابخانەکان بۆ بەرژەوەندی قوتابخانە بێت و بەس.
- چاپخانەی پەروەردە سەرەڕای ڕاپەڕاندنی ئیش و کـاری پـەروەردە داهـاتێکی باشـی هەیە دەکریٚ ئەویش حصر بیٚ بۆ میزانیەی پەروەردە. چاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە لە ١١/ ئـاداری ١٩٧٠ واتــە سـەرکردایەتی کـورد سـور بـووە لەسـەر ئـەوەی کـە دەبێـت چاپخانەیەك لە شاری هەولێر هەبێت بە زمانی کـوردی کتێـب بڵاوکراوەکـان چـاپ بکـات ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧١ دەست کرا بـە دروسـت کردنـی بینایـە بـۆ چـاپخانە وە هێنـانی ئامێرەکانی چـاپکردن ئەمـە بـە کـورتی بـەڵام ئەگـەر ئێـستا حکومـەتی هـەرێم بیـەوێت چاپخانەیەکی باشی هـەبێت بـۆ دابینکردنـی پێداویـستیەکانی خوێنـدگاکانی هـەرێم ئـەو ناوچانەش کە دەگەڕێتەوە سەر هەرێم دەبێت پێش هەموو شـتێك بـیر لـە دابـین کردنـی پارچە زەویەکی گونجاو بکات بۆ دروست کردنی چاپخانەیەکی مۆدیرن و فـرەوان وە لـە ڕێگەی پسپۆری بواری چاپخانە، بەڵام دەبێت بزانیین کە ئەم چاپخانەیە بۆ دابین کردنی کتێب و پێداویستیەکانی قوتابیانە بۆیە پێویستە دوو ئامێری رۆل ئۆفسێت چـوار ڕەنـگ دابین بکرێت لەگەڵ چەند ئامێریکی شیت ئۆفسێت بـۆ ئـەوەی ئـەم چـاپخانەیە بتوانێـت

بەشی هەموو کوردستان دابین بکات و هەروەها کارێکی باشە حکومەتی هەرێم یان وەزارەتی پەروەردە خولێکی زاننستی بکاتەوە بۆ ئەوەی کادیری چاپخانە بەشێوەیەکی زانستانە پێبگەیەنێ.

– پشکنینی ئیداری و دارایی لە ئەرکی سەرپەرشتیاران نەمینێ بکوێتە ئەستۆی پەروەردە (الرقابة و التدقیق).

## هەڵسەنگاندن:

هۆکارەکان یان ئۆبالی نزم بوونەوەی دەرچوون و ئاستی خوێندن لە ئەستۆی کێ یە؟

– بوونی گیرە شێوێنی ڕکابەری سیاسی لە ناو قوتابخانەکان دا کاری کردووەتە سەر ئیدارە و چالاکیەکانی تری قوتابخانە تا دەگاتە پرۆگرامی خوێندن ئەمە پێویستە بەسەر ماندا (مرور الکرام) تێ نەپەڕی.

– ئیدارەی کەم ئەزموون.

– هەڵە و نادروستی لە پێ گەیاندنی ئەوانەی دەبن بە مامۆستا چ لەکاتی وەرگرتنیان چ لە ئامدەکردنیان چونکە دەبێ بزانرێ کێ یە دەبێتە مامۆستا.

– زۆری و بۆری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

– کێشەی باری ئابووری مامۆستا کەلە ئاکامی موچە بەرامبەر گرانی بازار و بێ خانوو بێ بەش لە زۆر پێداویستی ژیان بەمەش هۆکاری دەروونی دێتە کایەوە.

– ژیانەوەی هەرەوەرزیەکان.

– بەفیڕۆدان و کات کوشتنی بێ ژمارە بەهۆی پشووی ڕەسمی و نارەسمی زۆر کە هەقە حەدێکی دابنرێ.

– مەسەلەی ساختە و غەش و بوونی جیاوازی وا لە قوتابی دەکات هەست بە ساردیەك بکات و جۆرە ئیتکالی پەیدابێ کە کار دەکاتە سەر قوتابی تریش.

– ئەو کەرستە و ئامێری و تەکنەلۆژیای کە لە دەرەوەی قوتابخانە هەیە قوتابی لێ دەبێتە مایەی بێ بەش لە وەرگرتنی زانیاری زیاتر و پێویست تر.

- ئاستی نزمی لە زمانی عەرەبی زیانێکی گەورە بە قوتابی و کۆمەڵگای کوردەواری دەگەیەنێ بەهۆی وەلانی .
- پێداچوونەوە بە مەنهەجیش هۆیەکی ترە کە ئاستی خوێندن و دەرچووانیش گۆڕانکاری بەسەر دابێت چونکە هەندێك مادەی ووشك هەیە لەگەڵ عەقڵیەتی قوتابی هەرێمی کوردستان ناگونجێ.
- نەگۆرینی مەنهەج لە ناوەراستی ساڵدا
- هەم پەروەردە هەم سەرپەرشتیاری پەروەردەیی زیاتر ساڵانە خەریکی گواستنەوەی مامۆستان لەوەی چارەسەری کێشە و بەربەستەکانی بەردەم پەروەردە بکرێ کە بەدواداچوونی سەرپەرشتیاری بۆ قوتابخانەکان یەکجار گرنگە.
- گواستنەوەی ناوەخت / واتە میلاکی مامۆستا گۆڕانکاری بەسەر دادێت لە دوای مانگی (١١) یان دووای نیوەی ساڵ.

کەمی کۆبوونەوەی قوتابخانەکان لەلایەك لەگەڵ دایك و باوکان کە دەبێتە پچڕانی پەیوەندی لە نێوانیان بێ ئاگای کەس و کاری قوتابی لە ئاستی خوێندنی دا لەلایەکی تر کەمی کۆبوونەوەی قوتابخانەکان لەگەڵ پەروەردە و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

- کەسی نەشارەزا و نا پسپۆڕ لە بواری پەروەردەی کاری پەروەردەیی دەشێوێنێ و بەرەو هەڵدێری دەبا.

نەبوونی پاداشت و سزا بۆ ئیدارە و میلاکی قوتابخانە جاری وا هەیە کەسی شیاو لێ بێ بەشە بەمەش چەشنە کەمتەرخەمیەك لە ئارادایە لە دەرئەنجامی هەر تاقی کردنەوەیەك ساڵانە یان نیوەی ساڵانە.

- گرنگی نەدان و جیاوازی لەنێوان قوتابخانەکان چ لە ناو شارەکاندا چ لە گوندەکان دا لە ڕووی پڕکردنەوەی میلاك و پێداویستیەکان کە وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە.
- کەم بوونی کردنەوەی خولی ڕاهێنان و ناردنە دەرەوەی مامۆستا بە مەبەستی مەشق و فێرکردن و ئەگەر هەش بێ یەکسانی نیە سەرەرایی کەمی وە هەڵسەنگاندنی (أعداد و تدریب).

- لا وازی یان هەر نەبوونی تاقیگە و هۆیەکانی فێرکردن لە قوتابخانەکان گرنگی نەدان بە ارشاد التربوی.
- هاتو و چۆی میلاکی قوتابخانە دوورەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی هەست بەبوونی قوتابخانە و بەرپرسیارەتی نەکات مانەوەی میلاکی قوتابخانە لە گوندەکان هۆیەیکی پەروەردەیی هەیە سەرەرای مەعنەوی.
- وەك باسمان کرد زۆری مامۆستا لە هەندێ شوێن و زۆری سەرپەرشتیاران و زۆری کارگوزار بۆ کەمی قوتابی لە قوتابخانە جێگەی سەیرە کە کێ لە بۆ کێ لە بەرژەوەندی کێ کار دەکات !!
- چەندین دەوامی لەیەك قوتابخانە لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی قوتابی لە یەك پۆل دا (شعبە) جاری وا هەیە دەگاتە (٧٠) قوتابی کە نابێ بگاتە (٣٠) قوتابی.
- نۆژەن کردنەوەی قوتابخانە لە کاتی دەوام.

## ئەنجام و کۆتایی:

لە کۆتایدا ئەوەی دەبێ بسەلمێنرێ هێشتا پەروەردە نەك لە ئاستی پێویست دانیە بەڵکوو هەڕەشەی پاشەکشەی لێ دەکرێ بەهۆی ئەو کۆمەڵە هۆکار و سەرنج و ناتەواوی و کەم و کوریانەی کە گەمارۆی پێ دراوە، خەم ساردی و پەلە نەکردن لە زاڵ بوون بەسەر کێشە و ئەگەرەکان هیچ واتایەکی نیە و ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە وە بۆیە هەموو لایەك دەبێ خەمی پەروەردەیان بێ، وە نەبێ مەبەستمان لەوە دا ئەوەیە کە پەروەردە لە گیانەلادا بێ !!

چونکە ئەگەر هیمەت و سووربوونی هەبێ لەسەر جورئەتی دەست دانان لەسەر ناتەواویەکان هێشتا ڕێگەی لەبەر دەم والایە و فراوانە بۆ کارکردن بەرەو ئامانجی کۆتایی کە پەروەردەیەکی ئەوتۆمان هەبێ پێ ی سەرفرازبین... ئەمەش ئەرکی نیشتیمانی هەموو لایەکە چار نیە دەبێ مەیدان چۆڵ نەکەین مەیدانی خەبات لە پێناو پەروەردەیەکی نوێ چونکە پەروەردەماڵی هەمووانە !!

ئەمەش بە کردەوە بسەلمێنرێ وەك:—

أ. دروست پێ گەیاندنی مامۆستا دووای هەوڵدانی بۆ ئەوەی لە کاری زانستی خۆی دانە بڕێت ئەویش لە ڕێگەی بەشداری لە خولەکانی مەشق و پەروەردە و فێرکردن.

ب. چاککردنی باری ئابووری و گوزەرانی مامۆستا کە شیاوی کارە پیرۆزەکەی و ماندوو بوونەکەی بێ.

ج. دروست کردنی بینایەیی قوتابخانە بە کەرستە و پێداویستی سەردەم.

د. کارکردن لە پێناو گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن بە چاووی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە بە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو.

هـ. لە پێناو دام و دەزگایەکی سەربەخۆی پەروەردەیی دوور لە سیاسەت کە هەموو لایەك (پێ قێزەونە).

و. پلانێکی نوێ سەبارەت بە گرنگی دان بە ئیرشادی پەروەردەیی لێرەوە باسێکی ترە سەر ژمێری خشتە و ئاماری سالانە کە زۆر پێویستە (واقع التربية).

- زانیاری دەربارەی لانی کەم دوو ساڵی ڕابردوو بە بوونی ژمارەی منداڵان لە باخچەی ساوایان هەروەها دەربارەی میلاك و ژمارەی پۆل و ژوورەکان و کارگوزار و پێداویستیەکانی تر چەندیان باخچەی ساوایانیان جێ هێشتووە.
- بەراور کردن لەگەڵ ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە باخچەی ساوایان دەرچوون لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بوونە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە تەمەنی ٦ ساڵیدا.
- خشتەیەك لەسەر گەشە کردنی ژمارەی قوتابی و خوێندکار لە قۆناغەکانی خوێندن بە بەراوورد لەگەڵ لانی کەم چوار ساڵی ڕابردوو.
- خشتەیەك لەسەر میلاکی قوتابخانەکان بە گشت قۆناغەکان بە درێژی لە ڕووی ڕەگەز و تەمەن و پسپۆڕی و بڕوانامە و... هتد.
- خشتەیەك لەسە پێویستیەکان بە گشتی میلاك + بینا + کەرستە و پێداویستی.
- خشتەیەك لەسەر دەرچووانی قۆناغی ناوەندی پە یوەندی کردنیان بە قۆناغێکی تر.
- خشتەیەك سالانە بە ئاماری ئەوانەی بەشداریان کردووە لە ئەزموونەکان چەندیان دەرچوون و چەندیان دەرنەچوون لەگەڵ ئەوانەش کە ئەسڵەن بەشداریان لە ئەزموونەکان نەکردووە.

- هەر ئامارێكی تر كە پێویست دەكات.
- ئـەم زانیـاری و ئامارانـەی كـە لـە خـشتەكاندا ئـەنجام دەدرێـن پێویـستە شـی بكرێتەوە:-

أ - بەراورد كردنی چەندین ساڵ بێ لەگەڵ ئەم ساڵ.

ب - بە گوێرەی نێر و مێ.

ج - بە گوێرەی شار و دێ.

د - جیاوازیەكانی دەربخرێت.

هـ - ڕێژەكە دیاری بكرێت.

و - هۆیەكان بخرێنە ڕوو.

ز - ئەنجام.

# پەیوەندی ئیدارەو قووتابی و خوێندكار
# لە قوناغەكانی خوێندن ( ئیدارە واتە مامۆستا و بەڕێوەبەر )

## ١) قۆناغی باخچەی ساوایان.

پێداویستەكانی باخچەی ساوایان لەگەڵ ئامانجەكان لە یەكتری دوورن و یەكناگرنەوە چ لەرووپی هونەری. چ لە رووپی ئیداری یان پێ گەیاندن یان روون تر بلێین ئامادەكاری......

أ) مەرجەكانی بینا و پێویستیەكانی جیاوازیەكی ئەوتۆی نیە لەگەڵ قووتابخانەكانی سەرەتایی مەگەر بە هۆی هەندێ لە بەڕێوەبەرو مامۆستا و كارمەندان رێك و پێك تری بكەن وەك رازانەوەی ژوورەكان و هۆڵەكان و رێڕەوەكان.

ب) بەرنامەو پرۆگرامەكان زۆر كۆك نین لەگەل حەز و ئارەزوو زەوقی مندالان كە رەچاوی باری كۆمەلایەتی یان كرابێ بەگوێرەی گەرەك و شوێن و هۆیەكانی تر.

ج) لە زۆر شوێن تەنیا كۆكردنەوەی كۆمەلێكی زۆر لە منالان لە جیاتی ئەوەی لەكۆلانەكان بەرەلا بن لە ناو باخچەی ساوایان كۆیانكردونەتەوە.

د) جیاوازیەكی بەرچاو لە نێوان باخچەی ساوایەكان بەدی دەكرێ بە پێ ی گەرەك و ئاستی كۆمەلایەتیان.

ه) نەبوونی شارەزاو لێهاتوویی بۆ ئەوەی بەباشترین رێگا پەروەردە بكرێن.

و) دوو پەروەردەی جیاواز لە مال و لە باخچەی ساویان پێویستە بەهەماهەنگی بەرێوەبچێت و تووشی رووبەروبوونەوە نەبێت.

ی) بەگشتی باخچەی ساوایان بۆ ئەو خونچە گۆلانەن كە دەیانەوێ دەركەون پێویستە بەزانایی بە ووردی و ووریایی هەڵسوكەوت بكرێ نەبادا بە نارێكی بپشكۆون جار جاریش وایە هەڵدەوەرن و لە مەبەستەكان دوور دەكەونەوە.

## ٢ )قوناغی سەرەتایی

پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە بزانین كە كۆمەڵگەكەمان لە كویێ یەو چی پێویستە بەزۆر بەراووردی نەكەین لەگەڵ كۆمەڵگایەكی تر چ پێشكەوتوو چ دواكەوتوو

ئەگەر پەروەردەی ماڵ و پەروەردەی باخچەی ساوایان لەسەرووی پێویست نەبن ئەم بارە گرانە دەكەوێتە ئەستۆی قوتابخانەكانی سەرەتایی كە ئەوانیش روو بەرووی هەمان كێشەو هەمان پەروەردەی (سەقەت) نادروست دەبنەوە....

ئەمرۆ سزادان بەرامبەر بە قووتابی رەت دەكرێتەوە بێ ئەوەی هیچ بەدیلێكی تر هەبێ ئەمرۆ قووتابی بەهۆی ئەو بارودۆخە نوییێ یە پەروەردەی ماڵ تووشی كێشەیەكی كۆمەلایەتی گەورە هاتوون كەچی لە قووتابخانەكانیش رەنگی داوەتەوە بەهۆی ئەو یاساو رێنمایانەی كە پەروەردە بەم دوایانە دەری كردووە مامۆستا دەستی لەكاری پەروەردەیی ششتووە یان لانی كەم خۆی دووردەكاتەوە بۆیە دەبینین پەیوەندیەكان ئاڵۆز بووینە و قووتابی بەزۆر دەچێتە پۆڵ بەزۆر دەخوێنێ ئەو زۆرەش هەرهات و هاواریی مامۆستایەو چی تر نیە... ئەمرۆ لە زۆربەی قوتابخانەكان كێشەی رەوشت و دەست پاكی بەبوون و نەبوون لەكایەدایە بە داخەوە دایك و باوك ئەوندە بێ ئاگان لە جیاتی مناڵەكانیان لە ماڵەوە پەروەردە بكەن و لەسەر شێوەی پەروەردەی مناڵەكانیان لە قوتابخانەكان دەست تێوەردەدەن لێ ناگەرێن مامۆستا رۆلی خۆی ببینێت ئەگەر مامۆستا خۆی تورە بكات یان قژی یان گویێ ی رابكێشێت كەس و كاری هەندێ قووتابی ئەم مافە بەخۆیان دەدەن دێنە سەر مامۆستا نەك هەر گلەیی ناكەن بەڵكو جارجار هەرەشەش دەكەن.. بۆیە مامۆستا نازانێت چی بكات لەنێوان رێنماییە سەقەتەكانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردە رادەی نزمی فێربوون هەڵكوتانە سەر مامۆستا.. بۆیە رەنگە ئەگەر مامۆستا دەست بەسەرسەری قووتابیش دابێنێ ئەوا بەگران لەسەری دەوەستێ.. نەخۆشیەكی تری گەورە.. كور و كچی مامۆستا لە هەندێ قووتابخانەكان بێ رەچاوكردنی زیرەكی یان هەر هۆیەكی تر دەخرێنە پێشەوە وایی لێهاتووە ئەگەر قووتابیەك كەسێكی نەبێ لە ئیدارە مافی دەخورێت..

سەرەرای رەتکردنەوە مەجالی قۆپیەو دەستکاری لە پلەکانیان بەراستی ئەم جۆرە هەڵ سوکەوتانە کارەساتەو غەدر لە پەروەردە دەکرێ غەدر لە قوتابیان دەکرێ لە کۆمەڵگا دەکرێ لە ئەنجامیش دا غەدر لە وولاَت دەکرێ ․․ بۆیە گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی ئیدارەو مامۆستا زۆر چاکترە لەبەزۆر سەپاندنی هەندێ رێنمایی کە چەند کەسێك لە رێگەی بازرگانی کردن بە پەروەردەو بە بیانوویی ئەزموونی پێشکەوتوو لەسەر کۆمەڵگەیەکی دوواکەوتوو دەبێ باجەکەی کێ بیدات؟ تەنیا کۆمەڵگەو وولاَتەکەمان.

## ٣ )قۆناغی ناوەندی:

ئەم پێوەندیانە رەنگدانەوەی قۆناغی پێشوو تر لە خۆی دەگرێ سەرەرایی ئەوەش ئەو هەستانە زیاتر دەبێ تا وای لێدێ خوێندكار بە هەوەسی خۆی لەقە لە پاشەرۆژی خۆی دەدات برینەکان قوولێ تر دەبنەوە هۆیەکانی تریش دێتە سەرێ وەکو نەبوونی مامۆستا و نەبوونی ژووری خوێندن پێداویستیەکانی تر کێشەی سیاسی کێشەی تەکنەلۆژی بە خراپ بەکارهێنان تاوای لێدێ مامۆستا کاتەکانی خۆی دەژمێرێ بێ ئەوەی بزانێ چ سودێك وەرگیراوە․․ تێکەل و پێکەڵی ئەوتۆ لە ئارادایە کەس کەس ناخوێنێتەوە لەو قۆناغە ئەنجامی خراپی پەروەردەی قۆناغێکی تر دەردەکەوێ چ ئەوانەی پێشوو چ ئەوانەی دووایی روداوی نزمی زانستی قۆپیە و ساختەکاری کاریگەری بارووذۆخەکانی گەندەڵی ئەوانە هەموو یان مرۆڤ دەیکا کە پێویستە دام و دەزگاکانی پەرورەدە پەلە بکەن لە بەخۆداهاتنەوەو دارشتنی بەرنامەی تۆکمە و نوێ و پەرەپێدان بە سیستەمی پەروەردە قۆناغ بە قۆناغ.

## ٤ )قۆناغی زانکۆ:

قسەیەکی کۆمەلاَیەتی هەیە دەلێ چی بچێنی ئەوە دەدووریتەوە․ ئەگەر پەروەردە لە قۆناغەکانی پێشوو حالی وابێ دەبێ لەزانکۆ چۆن بێ․ بەگشتی سەربەستی خوێندکار بێ مبالاتی ی و هەوەس زانکۆشی بەو دەردانە بردووە کە پێی دەلێن گەندەڵی: گەندەڵی

به مانا گشتیەکەی دوور لە سیستەموو پالپشت بە یاساو عورف و عادات هەست نەکردن بە لێپرسینەوەو، کات بەرێکردن چاولێکەری، هەست نەکردن بەبەرپرسیاری، لاوازبوونی پیوەندییە بیرۆکەکانی نێوان خوێندکار و مامۆستاو نێوان خوێندکاران خۆیان نێوان نێر و مێ سەرەرای داخل هاتنە ناوەوەی مەسەلە سیاسیاکان ئەمەش زیان بە ئاستی زانست دەگەیەنێ.

**مامۆستا:** مامۆستا ئەو مرۆڤەیە پێویستی بە پشکنینی دروست هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئایا وەکوو مرۆڤەکانی ترە یان جیاوازی هەیە.. لە راستی دا دەبێ جیاوازبێ لەرووی حەزوئاررەزوەکان رادەی زانستی، هزرو بیرو هۆش، رەوشتی مامۆستایەتی پێ گەیاندەکەی چۆن بووە، پێشینە، لەرووی دەروونی، ئابووری، گەلێ هۆکاری تر کەکار لەسەرمامۆستا دەکات.. بۆیە پێویستە پێوانەی بە مامۆستا بوون دیار کرێ چونکە راستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردە لەسەر نەوەکانی دووا رۆژ...

مامۆستا دەبێ بۆ کاری مامۆستایی ئامادەبکرێ دووایش کارەکەی پێ خۆش بێ و لە ژیانی وەزیفی دا پەرە بەکارەکانی خۆی بدات..... خالێکی زۆر ترسناك هەیە ئەگەر بێت و خەلکانێك بکرێن بە مامۆستا لائیقی مامۆستایی نەبن بە گوێرەی ئەو خالانەی سەرەوە کە ئامارەمان پێ کردووە بۆیە ژوورەکان (پۆلەکانی خوێندن) یەکەم دەرگایی قایمی مالی هەرکۆمەلگەیەکە ماموستاش یەکەم کەسە کە دێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی چارەنووسی کۆمەلگە دیاریی بکات لەوەی کە بەرەو کوێ دەچێ !! رەنگە کەسێك هەبێ بلێ چۆن دەبێ چارەنووسی کۆمەلگە بەندبێ بە مامۆستا بەلآم نابێ ئەوەش نەلێ ێ خۆت لە مالێك پەروەردەکرابی پڕبوو لە تیشکی فیربوون زانست لە مالێکی رەق وتەق پێ ی دەلێن پۆلێ هەمووامان قەرزاری ئەو مالەین.

**کۆمەڵگـــە :** ڕۆڵی کۆمەڵگــە چــی یــە لەســەر سیــستەمی پــەروەردەیی ئەگــەر گوتمــان قووتابخانــە یەکلاکردنــەوەی کۆمەڵگــە دەگەیــەنێ کۆمەڵگــەش (مــال) ئاســانکاریەکی گەورەیە هەل و مەرجی لەبار درروست دەکات بۆ قووتابخانە... کۆمەڵگە چی بکا؟ لەســەرەتای فــام کردنــی منــداڵ پــەروەردەی مــال گرنگــە، راهــاتنی منــدال لەســەر سەرەتاکانی فێربوون پێویستە، باسکردنی دەنـگ وباسـی خـۆش و بەکەلك،گێرانـەوەی چیرۆکی بەسوود قسەوباس لەسـەر قووتابخانـە پێدانی دەفتـەر و قەلـەم،تێ گەیانـدنی لەسەرچوونی بۆ قووتابخانە، گوێگرتن لە وانەی کە لە قوتابخانەن،ماوە پێدانی بـەوەی کە سەیری کتێب و بابەتەکان و کەرەستەکانی قووتابخانە و خوێنـدن بکـات... راهـاتنی پـێش وەخـت دوای کـە چـووە قوتابخانـە بەدواداچـوونی رۆژانـە مـەرجی بنەرەتیـە بـۆ سەرکەوتن.. رێکی جل و بەرگی خاوێن، گوێ رایەلی ئەمانەو زۆر شتی تـر لەسـەر ئـەرکی پەروەردەیی ماڵە کە منداڵ چووە قوتابخانە دووایـش لەهـەر قونـاغێکی خوێنـدن قـولتر کردنەوەی پەیوەندی نێوان قوتابخانەو ماڵ یەکجار بە سوودە، دەبێتە هۆی لە یـەکتری گەیشتن و بە ئاگاهاتن... ئەوەی کە کۆمەڵگە پێوەی دەنالێنی نـەماڵ وەکـوو پێویـست لە منداڵـکـەی دەچێت وە نەقووتابخانـەش حـاڵێ ئـەو قووتابیـە بەسـتەزمانە دەگەیـەنێ بەکەس و کاریی سەرئەنجام سیستەمی پەروەردەیەکی نە شیاوی لێ دەکەوێتەوە.

**کێــشەیەکی گــرنگ:** دانـانی پرۆگـرام و بەرنامـەی خوێنـدن دەبـێ پـرس و ڕای ئـەو کەسانەی لەگەڵ دابێ کە راستەوخۆ پەیوەست بە وانەگوتنەوەن. واتە مامۆستا دووایـی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی دووایی خاوەن ئەزموون و شارەزایان هەروەها رای گشتی (کۆمەڵگەو راگەیاندن) ئەگەر ئـەم کـارە مەزنـە لـە پـەناو پەسیووپـشت پـەردە ئـەنجام بدرێت دەبێ زیاتر لەناهەمەتی ی و کەم و کوڕی و مەترسـی دار چـی تـر ئـەنجامی بـێ؟ ئەمانەی سەرەوە تێکرا بەرپرسیاریە لە دانانی سیستەمی پەروەردەیی راست و دروسـت و زانـستی بۆیـە دەبیـنین یـەکێك لـە هۆیـە سـەرەکی یـەکانی وازهێنـان و نزمـی رادەی زانستی پشت گۆێ خستنی ڕای ماموستا یە لە بەشداریی کردنی راستـەوخۆ لـە دانـانی

پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن کە بەشێکی گرنگی سیستەمی پەروەردەیی یە...لەم ساڵانەی دووایی رێژەی دەرچوون زۆر لە خوارەوەیە کەمتر ١٥٪ یە وەنەبێ هەر ئەم هۆیە ببێتەمایەی ئەم وازهێنان و نزمی یە بەڵکو چەند هۆیەکی گرنگی تریش هەن وەکوو: نەبوونی ژووری خوێندن نەبوونی مامۆستای (پسپۆر) قەرەباڵغی ژووری خوێندن.. نەبوونی کەرەستەکانی نوێ و تەکنەلۆژیای سەردەم، سەرەرای باری ئابووری، دەروونی، مەترسی شەرو شۆر، تێنەگەیشتنی یەکتر،گەندەڵی کە ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی سەرەکی.. گەندەڵی لە ئید ارە لە دارایی لە هەلسوکەوت لە گشت بوارەکان، رەنگدانەوەی خراپی دەبێ لەسەر بەردەوامی لەسەر خوێندن.. وەك ئێستا باوە دەڵێن بۆچی بخوێنین بڕوانامە سوودی چی یە ئەسلا رۆشنبیری چ رۆلێك دەگێری گەندەڵی وەك شێرپەنجە خزاوەتە ناو گیانی هەریەکێك چ ئەوانەی دەیکەن چ ئەوانەی پێوەی دەناڵێنن.. گەنجەکان وەرس دەبن ناخوێنن واز لە خوێندن دێنن پلەی نزمی زانستیش دێتە خوارەوە..

ئەم بارە قورسە کێ راستی دەکاتەوە هەمووman لە یەکتری دەپرسین رووبەرووی یەکتریش دەکەینەوە کەچی کارکردن زۆر ئاسان نیە لەوەی کە چارەسەری ئاسان هەیە..

مافی خوێندن هەر ئەوەنیە کە منداڵ یان گەورە لە یەکێ لە قۆناغەکانی خوێندن ناوی لە تۆمارگا بنووسرێ ئەوانەی لە گوندەکان بەتایبەتی گوندە دوورە دەستەکان ئەگەر رێژەیەکی زۆری بۆ دابنێین ٢٪ تێپەڕناکات دەتوانن درێژە بەخوێندنیان بدەن هەموویان بێ بەشن لە مافی قوتابی، خوێندکار ئەگەر بەراورد بکرێ بە شارەکان لە شارەکانیش جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان گەڕەکەکان لەسەر بناغەی کۆمەلایەتی باوە دەست ڕۆیشتوویی بۆیە دەبینین بەگشتی لە قووتابخانەکانی شارەکانیش ئەوانەی زیرەکن لە هەر پۆلێك یان دەتوانین بلێن لەهەر قووتابخانەیەك بە گوێرەی پۆلەکان لە پەنجەی دەست تێ پەرناکات سەرەڕای ئەوەش زۆر هەنە بە هەر هۆیەك بێ لە مادەیەك یان لە چەند مادەیەك لاوازن بەلأم گوێیان پێ نادرێ هەرچەند زۆریش دەخوێنن و خۆیان ماندوو دەکەن.

قووتابی زیرەك لە نێو حەشامەتی وەزعی ئاوا ئەویش تووشی كێشە دەبێت.. دەتـوانێ پشت بە خۆی ببەستێ هاوبەشی قووتابیان و خوێندكاران بۆ یەكتری زۆر كەم دەبێتەوە وەك ئەوەی لێهاتووە چۆن ولاَتێكمان هەیـە وەك تەمبەڵستان قوتابخانـەكانیش وەكـوو تەمبەلخانە لە ژمارەی ئـەو هـەزارە زیلـەی كـە دەخـوێنن لـە هـەموو قۆناغـەكان ئەگـەر دەرچووەكان و زیرەكەكان ئاشكرا بكرێن دەبێ تەپلی ماڵ وێرانی لێبدەین...

**سیستەمی ئەزموونـەكان:** _ ئـەزموون پرۆسـەیەكە بـۆ دەرئـەنجامی بڕینـی قۆنـاغێكی خوێندن كە ئەویش بە چەندین قۆناغ تێ دەپەڕێ چەندین جۆری هەیە.. ئایا سیـستەمی ئەنجامدانی ئەزموونەكان (تاقی كردنەوە)تەقلیدیـە یـان لـە پەرەسـەندن دایـە ئایا ئـەم كارە چۆن دەروانێتە بارودۆخی قووتابی و مامۆستا تەنیا لە رێگای ئەزموون دا دەتوانێ كـار بكـات تـەنیا پێوانەیـە بـۆ هەڵسەنگاندن، جـۆری پرسـیارەكان جـۆری وەلامـەكان، درێـژی، پێناسـە، هەلبـژاردنی بابەتـەكان ڕەچـاوكردنی بـارووودۆخ دەكـا یـان دەیـەوێ قووتابیەكانی تاقی بكاتەوە یـان خـۆی تـاقی بكاتـەوە.. ئەزموونەگشتیەكان پێوانەكـە چۆنە: كێ پرسیار دادەنێ كێ پرسیار دانـەر دەسـت نیـشان دەكـا... ئایا پرۆگرامـەكان تـەواو كـراون یـان گـوێ نادرێتـە كێـشەكانی خوێنـدن تـەنیا كتێبێـك هەیـە و بـەس؟ پرسیارەكان گشتین یان چەند بابەتێك.... قورسن ئاسانن ئایا مەبەست پشت شـكاندنە یان تەنیا تاقی كردنەوەیە... هەندێ جار كێشە وا دێتە گۆڕێ پرسـیارێك كـەس نـاتوانێ وەلاَم بداتەوە یان پرسـیارەكان روون نـین یـان چـەند مەبەسـت دەگـەێنێ كەمەبەسـتی مامۆستاش شتێكە.. یان بۆ تێكدانی مێشكی قووتابیە باشترین رێگـە ئەوەیـە پێویـستە مامۆستا قووتابی خۆی تاقی بكاتـەوە بـەوەی كـە ئایـا ماندووبوونەكـەی ئـەنجامی چـی بـووە ئاسـتەكە بەگـشتی چـۆنەو چـەند سـوودی وەرگرتـووە... پرۆگرامـەكان وا چـاكە پەیوەندی دار بن بە دەوورو پشت رۆژانە پرۆگـرام بـەگوێرەی توانـاو هـەواو ئـارەزوو لـە كۆتاییـدا ئایـا ئـەو پرۆگرامـە چـەند دەگـونجێ لەگـەڵ ئاییـنـدە ئەمـە لـەكاتی قۆنـاغی یەكلاكردنـەوەیی ئەگـەر نیـاز وایـە مامۆسـتا ئامادەبكـەین هـەموو پڕۆگرامـەكان لـەو

چوارچیوە یـەبێ کـە مامۆسـتا لـە کـاتی کـاری خـۆی دا سـوودی لێ وەربگـرێ ئەگـەر ئەندازیار یان پزیشکە یان کارمەندی ئیداری یان هونـەری.. لـە راسـتی دا هێشتا لـەلای ئێمە ئەو دابەش بوونە نی یە مەگەر لە قۆناغی کۆتایی باشتر دایـە خـۆ ئەگـەر دەتـەوێ کەسێك بۆ ناونیـشانیکی دیـاریکراو ئامادەبکـەین پێویـستە هـەر زوو ئـەو رێگەیـەی بـۆ خۆش بکەین پسپۆریی وەرگرتن کارێکی زانستی یە بۆ مسۆگەر بوونە. کادیری بە توانا کەچی ئەو تێکەل و پێکەڵی یە ئاستەمە کە وون دەبێ نـازانێ تـۆ چـی تـۆ کـێ یـی .... ئازادی لە وەرگرتن پسپۆریی سەربەستی دانە بە تواناو ئارەزووەکان بە پێچەوانە رێگری بە مەبەستی لێردائەوەیە هێنانـە کایـەی خوێنـدنی گشتی + خوێنـدنی پـسپۆریی ئەمـە پێویستە لە قۆناعەکانی خوێندن دیاری بکرێ...

کەسێك لە هـەموو بابەتـەکان ئـەزموون بکـرێ وادەبـێ لـە زانـستەکان زۆر بـاش بـێ لـە کۆمەڵایەتی خراپ کارێکی وابکرێ هیچ وانەیەك نەکرێتـە قوربـانی وانەیـەکی تـر بەمـەش قووتابی ی و خوێندکار دەبنە قوربانی یەکەم..

ئەگەر بمانەوێ سیستەمی پەروەردە پەرەبسێنێ کاروبـاری ئەزموونـەکان پـێش بکـەوێ دەبێ گیانێکی هاوکێشەی توکمە و شیاو لەبەریدا بکەین....

## بەشی دەیەم:

# بودجەو چاودێریی و ووردبینی
# الميزانيه، الرقابه، التدقيق

ئەمە باسێکی گرنگە  بگرە لە ژیانی هـەر هاوولاتیـەك و خێزانێـك و كۆمـەلێك تـا دەگاتـە دەولەت، بوودجە بڕبڕەیـی پـشتی تووانـاكـانی كـارگێری و داراییـە لـەژیانی ئەوانـەی كـە ناومان هێنان....

بوودجە واتە خـەرجی ی و داهات و بوون و نەبوونی قـەوارەی سیاسـی یـە ئابووریـە.... هتـد  ڕێكخـستنی بودجـەش لـەسـەر دوو بنـەمای بنـەڕەتی دەوەسـتێ یەكـەمیان پـلان دووەمیان ئامارەكە بۆ ماوەیەكی دیـاریكراو دادەنـرێ وەك ئـەوەی لـە دام و دەزگاكـانی دەولەت بۆ سالێك پێی دەلێن (سالی دارایی)  یان دارایی سالێك یان یەك سالی دارایی كـە لە ١/ك٢ هـەر سـالێك دەسـت پـێ دەكـات تـا ٣١/ك١ هـەمان سـالّ لـە نێـو ئـەو بودجـە سوورانەوەی خولی ژمێریاری هەیە كە دەست پێ دەكات لە مێژوویی جـێ بـەجێ كردنـی میزانیەی سالانە (یاسایی بودجـە) لـە ڕۆژی ٦/٣٠ سـالی داراییـی دوواتـر كۆتـایی دێ ئـەو ماوەیەش بۆ یەكلاكردنەوەیی هـەردوو تۆمارگـەكانی ژمێریاریـە بـۆ ئـەو كاروبارانـەی لـە پەیرەوكردنی میزانیەی سالانە دێتە پێش

سەرەرایی ئەمانەش قۆنـاغی كۆتـابوونی ژمێریـاریش هەیـە كـە ئەمـەش لـە ١/ك٢ سـالی دارایی دەست پێ دەكات لـە ٦/٣٠ تـەواودەبێ ئەمـەش بـۆ تـاوتۆو یەكلاكردنـەوەی ئـەو كاروبارانەیە كە وەسـتاون كـە لەسـالّی دارایـی پـاك نەكراوتـەوە جگـە لـەو كاروبارانـەی وەرگرتن و پێدانی تێدایە (قبض و دفع)

## چارەنووسی بوودجە :

ساڵی دووجار بودجە ڕێکدەخرێ یەکیان پێ ی دەلێن بودجەی خەملاندن دووەمیان بودجەی پەسندکراوی سالانە بەگوێرەی (یاسایی میزانیە) خەملاندن لە مانگی تەمووز دەبێ بگاتە وەزارەتی دارایی. بودجەی پە سندکراویش ئەوەیە کە پێش سەری ساڵ ڕێك دەخرێ بە گوێرەی پێویستەکان و تواناکان و خواستەکان کە بەگشتی لەسەر نەخشەی ئامار بودجە دادەنرێ دووای سەری ساڵ ڕەوانەی وەزارەتی دارایی دەکرێ بۆ ئەوەی پەسند بکرێ بەرەچاوکردنی بودجەی خەملاندن وەزارەتی دارایی ئەو دوو بودجەیە لەگەڵ هەر دام و دەزگایەك بەراووردو گفت وگۆ دەکات دووای ئەوەی تێبینی خۆی ی و ووردبینی لەسەردەدا بە گوێرەی بارودۆخی گەنجینە (خزینە)نەك تەنیا لەسەر داواکاریەکان کاردەکات چونکە ڕەنگە داواکاری گرنگیش بێ بەلاّم کە گەنجینە تووانای بە هێزنەبێ ئەوا وەزارەت بۆی هەیە دەستکاری لە بودجەکە بکات و لەگەڵ ئامادەکاری بودجەی گشت دەولەت پێشکەش یان ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکات بۆ ئەوەی ببن بە یاسا. پەرلەمان پەسندیی بکات واتە یاسای میزانیەی دەولەت بۆ سالێك بودجەش لە چەندین فۆرم پێك دێت بۆ ئەوەی بودجەی پێ ئامادەبکرێت کە بەسەر چەندین ناونیشانی پێویست دابەش دەکرێت (المادة، الفصل، الفقرة) کە هەریەکەیان پارەیی دیاری کراوی خۆی دەبێ وەك ئەمانەی خوارەوە ٠

١. خەرجی کارمەندان ( مووچە و دەرمالە و پاداشت و هەموو کرێیەکی تر و هەموو مووچەیەکی تر دەگرێتەوە)مووچەیان لە بڕی کارێکە یان لە ڕێگەی زیادەکی تر کە کارمەند وەری دەگرێ یان لە بڕی جۆرەکاریکە سەرەرای مووچەی خۆی ٠

٢. پێداویستە خزمەتگوزاریەکان ( پارەی تێچووی سەفەرکردن و ناردن و گواستنەوە گەیاندن و راگەیاندن کرێ ی زەوی ی و خانوو و ئامێرەکان میوانداری و کۆڕوکۆبوونەوەکان و کۆنگرەو دەرماڵەی قووتابیان وقستی تەئمین پارەیی تێچوونی چالاکیە جۆراو جۆرەکانی گواستنەوەی پێویستیەکانی تر چەندین خزمەتگوزاری تر و

چالاكی تر كە فەرمانگەكە دەیكات یان پێویستی پێی دەبێ دەخرێتە خانەی خزمەتگوزاریەكان بەگشتی ٠

٣. پێداویستە كەل و پەلەكان (قرطاسیە و چاپەمەنیەكان، كرێ ی ئاوو ئاوەڕۆ، كرێ ی كارەبا، شتوومەك، جل و بەرگ، خواردن، داوودەرمان، هەر كەلوپەلێكی تر، قووتابخانە، پێداویستی نەخۆشی، وەرزش، كڕین هەر شت و مەك و پێداویستەكانی ماددی،

٤. پاراستن و چاككردنەوە بۆ (كەلّ و پەلّ، بینا، ریگاوبان) چاككردنەوەیی دامەزراوەكان ئاوو كارەبا و پردو بەرزە پردەكان و هۆیەكانی گواستنەوەو باخچەكان و كارگەكان و چاككردنەوەی رادیۆ و تەلەفزیونەكان و بۆ شتی تر

٥. پارەو خەرجی سەرمایە داریەكان

٦. پارەو خەرجی تحویلی

٧. مووچەی خانەنشین كراوان / مدنی، عسكری

**تێبینی:** ئەمانەی سەرەوە دەقێكی فۆرمی بودجەی خەرجیەكان بە گوێرەی ناونیشان كە مادە و فصل و برگەی لێ پێك دێت

میزانیەی داهات: واتە هاتنە دەستی پارەو پوولێك كە لە بڕی چەندین شێوەی جێبەجێ كردنی كاروبارەكان دێتە ناو قاسەی فەرمانگە و دووایش دەچێت بۆ گەنجینە كە ئامانەت:

١. باجەكان بە هەموو جۆرەكانی و بەشەكانەوە

٢. داهاتی فرۆشتن (قازانج)

٣. رەسم و كرێ حوكومەت كە پێشكەش بە هاوولاتیان و دەزگاكانی تر دەكرێ ٠

٤. هاوكاریەكان (منحة)بەخشینەكان

٥. پارەگێرانەوەیی و هاوبەش (الاشتراكات الاجتماعیة) وەكوو گێرانەوەی پارە بۆ خانەنشین

٦. گەلێ داهاتی تر

کەواتە میزانیە (بووجە) لەسەر دووشت دەکرێ خەرجیەکان و داهاتەکان ئەمانە بەراووردەکرێ لەگەڵ رەچاویی باری گەنجینە و خواستەکانی ئاینده ٠٠٠٠٠

**هێزی کار:** بە گوێرەی جێگە وشوێن پلە و پایەی پەسندکراوکەپێك دێت لە:

١. کارمەندان

٢. میلاکی کاتی

٣. کارمەندی بە عقد (گرێبەست)

٤. کار گوزارانی دەرەوە (بیانی)

**تێبینی:** ئەمەش خشتەیەکی پەیڕەوکراو هەیە دەخرێتە روو بەرەچاوکردنی چەند خالێك

١. لە کاتی دانانی بوودجە

أ- لەبەردەست دانانی ئاماری دروست و پلانی وورد

ب- لەبەر دەست دانانی زانیاریەکانی پێویست

ج- پرۆژەکانی پێشوو ئیستاو ئاینده

د- کاتی ئاشتی و شەڕ

ھ- بارودۆخی گەنجینە

و- داواکاریەکان زیاتر بێت نەوەك کەم تر

ز- زیادەرۆیی ی و یان کوشینی نا پێویست

ح- تێکەلو پێکەلی لە مادە و برگە و فەسلەکان

گ-پێشهاتەکان (توقعات) بەتایبەتی لە دامەزراندن و خانەنشین کردنی پێشهاتەی تر ٠

ی- داوای فەرمانگەکان

ك- بازاڕو گۆرانکاری لە نرخ (بەرزو نزمی پارە) یان گرانی و هەرزانی یان باش و خراپ

ل- ئە وکەل وپەلانەی وە لادەنرێن یان دە فرۆشرێن ٠

م- کێشەکانی ساڵی رابردوو٠

ن- وەرگرتنی راو پێشنیار.

٢- لە دووای پەسندكردنی بودجە یان هێمای پەسندكردنی بودجە

أ- ئەگەر ساڵی دارایی هات و بودجەش پەسندنەكرا ئەوا وەزیری دارایی فەرمانێك دەردەكات كەلەسەر بودجەی ساڵی رابردوو بڕوات كە بەرێژەی ١٢/١ بودجەی نێردراوەی پەسندنەكراو بێت ٠

ب- هیچ وەزارەتێك و فەرمانگەیەك بۆی نیە سنوور ببەزێنێ لەسەر ئەوەی بۆی دیاریكراوە لە میزانیەیی گشتی هەر چەند پارەی لابەلای دەست كەوێ وەكوو بەخشین و هاوكاری

ج- تەنیا وەزیری دارایی دەتوانێ گۆرانكاری لەسەر پارەی دیاریكراو دا بكات

د- وەزیریی پەیوەندیدار بۆی هەیە لە نێوان برگەكانی یەك فەصل و گۆرانكاریی یەكان بەلاّم گواستنەوە لە نێوان فەسلەكان لە دەسەلاّتی وەزیری داراییە

هـ- خەرجی تەنیا بۆ ساڵی دارایی بەرهەمی بمێنەوە پێویستە لە كۆتایی ساڵ رەش بكرێتەوە

و- هەڵس و كەوت و كاركردن بە گوێرەی میزانیەی پەسندكراو دەبێت لەگەڵ رەچاوكردنی رێنماییەكانی وەزارەتی دارایی

ز- میزانیەی پەسندكراو نهێنی یە بۆیە پارێزراو دەبێت

ح- لەگەڵ راگەیاندنی پەسندكردنی میزانیە و هاتنی اعتماد مالی پێویستە دەست بەكاربوون هەیە

## كێ بەرپرسە لە دانانی بودجە :

بەشەكانی دام و دەزگاكانی دەولەت بەبێ بودجە بێ گیان و بێ ووزەن بێ جوولەن بۆیە ئەگەر بودجەیەكی زانستی ی و رێك وپێك دابنرێ پێویست بە ئەرك و بۆچوون و خواستی هەمەلایەنە هەیە هەرلایە رەچاوی پێویستەكانی خۆی بكات بە مەبەستی راپەراندنی و جێبەجێكردنی كارەكان بۆ دانانی بودجە دوو لیژنە پێویستە ٠

أ)لیژنەی ئامادەکردنی بودجە بەم شێوەیە دەبێت بەسەرپەرشتی ژمێریاری

١. ژمێریاری (بەرێوەبەر یان بەرپرس)
٢. کارگێری
٣. هونەری
٤. نەخشەوپلان و ئامار
٥. بەشەچالاکەکانی فەرمانگە بواری پەرەپێدان و ئەندازەی ی و زانستی و کۆگا
٦. شارەزایان
٧. بەسەرۆکایەتی جێگر یان یاریدەدەری فەرمانگە

ب)لیژنەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون کە بەم شێوە دەبێت

| | |
|---|---|
| ١. بەرپرسی یەکەم لە فەرمانگە | (سەرۆك) |
| ٢. راوێژکار | ئەندام |
| ٣. چاودێری ی و ووردبینی | ئەندام |
| ٤. پلان وبەدواداچوون | ئەندام |

## کێ بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی بوودجە:

بودجە دووای پەسندکردنی دەگەرێتەوە بۆ دارایی (ژمێریاری /ووردبینی / چاودێری / پلان بۆیە ئەرکی چۆنیەتی جێبەجێکردن و خەرج کردنی بودجە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

## ( چاودێری )

ئەو شوێن وکەسە بەرپرسانەی ئەرکی جێ بەجێ کردن بودجەیان لە ئەستۆیە پێویستە پێشینەی یاساکانی کارگێری و دارایی ی و چاودێری داراییان هەبێ بەپێ ی مەرج و بناماکانی پەیرەو پرۆگرامەکان وەکوو چاودێریی دارایی بن چاوکراوە و بەچەکی زانیاریی پشت ئەستووربن

ئەوەی زۆر تر دەیەوێ باسی لێوەبکرێ و گرنگە دەزگای چاودێری دارایی و کارگێریە ٠٠ ئەوان پارێزگار و پاسەوانی راستەقینەی بودجەن کە بەچەندین مەترسی هەرەشەی لێ دەکرێ ئەگەر ئەو دەزگایە نەبێ رەنگە لە زۆر شوێن گەندەڵی بێ چارەسەری بمێنێتەوە کاری ئەم ئەرکە ئەم خالانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:-

١. چاودێری دارایی ی و کارگێری کەسێکی بە توانا و راست بێ

٢. لێ نەگەڕێ کەسێکی دیاریکراو بە تەنیا کارێك لەسەرەتا وەتا کۆتایی ئەنجام بدات یان چەندین کاری ئەنجام بدات بۆ ئەوەی یاریەکان نەشارێتەوە

٣. بەراوورد بکات لە نێوان لیستی کارەکان و نرخەکانیان لەگەڵ تۆمارگە

٤. زانینی دەسەڵاتەکان بۆ ئەوەی بزانێ ئەم کارە بە چ دەسەڵاتێك ئەنجام دەدرێ یان دراوە ٠

٥. بزانێ کێ رێگەی پێ دراوە بۆ جێبەجێ کردنی کارە ئیدارییەکان یان داراییەکان و تا چەند بۆی هەیە بیکات

٦. زانینی رەسید و پارەی قاسەو قەرز و سولفەکان گەیشتنە بە سەرچاوەی دروستی خەرج کردن

٧. رەزامەندیەکا ن دەست نیشان بکات کە کارو خەرج کردنی پێ ئەنجام دراوە

٨. فەرمانەکان بخاتە بەردەست

٩. هێنانە گۆڕیێ هەموو تۆمارگەو لیستەکانی ژمێریاری بۆ ئەوەی بزانێ تا چەند ڕێنماییەکان پەیڕەو دەکرێ

١٠. کاری چاودێری دارایی لەیەکەم جوولەی دا ئەمانەیە:

أ- لە رێگەی فەرمانی وە زاری شەرعیەت بەسەردانی خۆی دەسەلمێنێ بۆ هاوکاری کردنی

ب- دەسپێك وەرگرتنی کلیلی قاسە

ج- وێنەیەك لە بودجەی پەسندکراو

د- داواکردنی تۆمارگاکان (سجلات)

هـ- فەرمانی دەسەڵاتەکان

و- فەرمانی لێژنەیکڕین

ز- جردی کۆگا

ح- پسوولەکانی خەرج کردن

گ- تۆمارگەی (ادخال و اخراج مخزنی)

ی- عروچهکان خستنە رووەکان (العروض)

ك- مژکرە کان (بیرهێنەرەوەکان) (المذكرات)

ل- ئەوەلیات پێشینەکان (الأوليات)

م- چاوپێکەوتن

ن- تۆمارگەی لەناوبردن (سجل الاتلاف)

س- فەرمانەکانی پێویست وەکوو دامەزراندن، خانەنشین، پاداشت

ص- ژوورێکی تایبەت

ع- راپۆرتی تێرو تەسەل دووایش بەدوواداچوون بۆ بنبرکردنی نایاساییەکانەوە وەرگرتنەوەی مافی دەولەت و خەلك

چاودێریی دارایی ی و کارگێری بۆ جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی راپۆرتەکانی دووشت داوادەکات

١. پاداشت

٢. سزا

ئەم دووەش بۆ مسۆگەرکردنی مافی گشتی یەو بەس ئەوەی لێرە گرنگە جۆرەکانی سزا چەندن و کاریگەریان چی یە:

١. سەرنج راکێشانی (الفات نظر) کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پێدانی سەرمووچەی سالانە (العلاوة سنوية) بۆ ماوەیی سێ مانگ

٢. ئاگادارکردنەوە (إنذار) دواکەوتنی زیادە بۆ شەش مانگ

٣. بڕینی مووچە: قطع راتب: دواکەوتنی سەرمووچە تا پێنج ڕۆژ بۆ ماوەی (٥) مانگ ئەگەر لە پێنج ڕۆژ زیاتر بوو بۆ هەر ڕۆژێك یەك مانگە ٠

٤. سەرزەنشت (التوبیخ): دەبێتە هۆی دواکەوتنی سەرمووچە کە بۆ یەك ساڵ

٥. کەمکردنەوەی مووچە (إنقاص الراتب) کەمکردنەوەی زیادە بۆ دووساڵ

٦. پلەی دابەزین (تنزیل الدرجة: هێنانە خوارەوەی بۆ پلەی کەمتر لە پلەکەی خۆی

٧. لادان / الفصل: ئەمەش بە گوێرەی ئەو سزایەی کە پێ ی دەردەکرێ یان بە هۆی گرتنی حوکمدان

٨. دەرکردن (العزل) کە بەهۆی کارێکی نا یاسایی گەورە و مەترسی لە کار دەردەکرێ بەیەکجاری

## کێشەیەکی هەمیشەیی:

زۆر جار چۆنیەتی خەرجکردنی و خەرج نەکردنی پسوولەکان دێتە گۆڕێ لەلایەك ژمێریار پشت ئەستوور بە ڕێنماییەکانی دلسۆز بۆ ئەرك و کارەکەی ڕێگە دەگرێ لە خەرج کردنی پسوولەیەك کەچی سەرۆکی فەرمانگەکە بە زۆر یان بەهەردەسەڵاتێکی تری خۆی ئەمەی لێ قبوول ناکات ئەم پارەیە وەردەگرێ ژمێریار دووای تۆمارکردنی سەرنج و تێبینی خۆی کارەکە دەبێ بڕۆێنێ بەڵام دووایش پێویستە ئەم مامەلەیە بە هەموو ئەولیاتەکەی ڕەوانەی ژمێریاری گشتی بکرێ بۆ ئەوەی یەکلابکرێتەوە ٠ ئەمە بۆ ئەوەیە کێشە ڕوونەدات و کار نەوەستێ چونکە لە ئەنجامدا کارەکە هەر یەکلادەکرێتەوە ٠٠ ئەمڕۆ ئەم کێشانە زۆرن بەڵام بەداخەوە ژمێریار دەیڕۆێنێ بێ ئەوەی ڕاستی ی و ناراستی ڕوونبکرێتەوە لەم شوێنە کۆتایی دێ کە حەزو ئارەزووی سەرۆکی فەرمانگە کە دەگاتە مەرامی خۆی بەمەش گەندەلکاری کەلەکە دەبێ و چارەسەری لەگەندەلیەکەی قورس ترە نموونەیەکی زیندوو بۆ بوودجەی هەرێمێك ئەگەر بەراووردبکرێ لەگەڵ ئەوپارەی بۆ بوودجە تەرخان کراوە لەگەڵ ژمارەی دانشتووان و خەرجییەکانی بەم شێوەیە:-

لە ساڵی ٢٠٠٥ دوو ئیدارەکە ئەگەر بە هەموو داهاتەکان (هی ناوەند+ هەرێم)رەنگە خۆی لە چوار ملیار دابێ لانی کەم ژمارەیی دانیشتوانی هەرێم گریمان ٣/٥٠٠ سێ ملیۆن ونیو کەس دەبێ کەواتە خەرجیەکان لە کوێن چۆن جێگەی دەگرێتەوە لەکاتێکدا پرۆژەی خزمەتگوزاریەکان لەوپەری خراپی دابێ هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی نەبێ کارگەیەك دانەمەزرابێ تەنیا پرۆژەی دامەزراندنی بە لێشاو نەبێ بووەتە هۆی لێدانی کوتکی کاریگەر لەسەر ئابووری هەرێمەکە و تەپیوی ژێرخانی وولات داهاتەکانی تەنها لە بەغداوە بێ و یان لە گومرگەکان و قورگی میللەت بێ رۆژانە بە سەدان هەزار دۆلار بنێردرێتە وولاتانی وەکو چین و مالیزیاو ئیران و تورکیا و سوریاو ئوردن و.....هتد

ژمارەی ئەوانەی مووچەیان هەیە نیوەی خەلکی کوردستان نەبێ زۆر کەمتر نیە ئەو مووچانەی بریتین لە کارمەندان بە گشتی ئەوانەی کاروباری دەولەت بەرێوەدەبەن ، مووچە و خۆراکی هێزەکان و(پاسەوانی سنوور) بەهەموو جۆرەکانی..، بە هەزاران کەس لەم دوو شوێنە تە نها مووچە وەردەگرن بێ ئەوەی شوێنێك پربکەنەوە هەرچەند شوێنیش پرکراوەتەوە چونکە بە گوێرەی میلاکی پێویستی هەرێمی کوردستان زۆر کەمتری دەوێ لەم ژمارەزۆرانەی بێ بنەمای یاسایی دامەزراون و تەنها بۆ مووچەکەیەو بەس ئەگەر بەراوردبکرێ لەگەڵ هەردەولەتێکی تر هێشتا تەرازوەکە زۆر بەلای هەرێمی کوردستان دادێ هیچ وولاتێك لە جیهاندا نیە بەقەدەر کوردستان مووچە خۆری لەم جۆرەی هەبێ. مووچە خۆرانی وەکو پیاو ماقووڵانە ، یارمەتی ، فەقیرانە ، جگە لە باری قورسی حیزبەکان بە هەموو قورساییەکانیان کە ئەوان بەراستی پشتی بوودجەی هەرێمەکەیان چەماندووتەوە لەسەر حیسابی خزمەتگوزاریەکان و پرۆژەکان و مووچە خۆران ، سەرەرای مووچەی خانەنشینیان کە لەرادەبەدەرە ئەویش گەلێك کەلێن و ئەملاو ئەولای تێدایە.... بۆ وێنە لەسەر مووچە بەراوردێك بکرێ:

ناوەندی مووچە لە نێوان ٣٠٠٠٠٠ – ٤٥٠٠٠٠ دینارە هیچ مووچە خۆرێك لە ١٠٠٠٠٠ دیناری کەمتر نیە زیاتر لە ٥٥٠٠٠ مووچەکەیان لە نێوان ٣٠٠٠٠٠ دینار بۆ یەك ملیۆن دینارە نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس مووچەکەی لە ١,٥٠٠,٠٠٠ کەمتر نیە ئەمانە چۆن چارەسەرکراوە هەمووی لە رێگەی قوربانیدانە لە بەشی پێویست تر. وولاتێکە لە جیاتی جوولەی تێ بکەوێ تەمبەلی و دەغەلی بالی بەسەردا کێشاوەمیزانیە سەرەرایی ئەمانەی باسمان

لێوەیان کرد گێروگرفتی تری هەیە کە ئەویش ئەو پارانەی کە هەندێ لە بەرپرسان بە جیا وەری دەگرن کە هیچ پێوانەیەك لە سەریان پەیرەو ناکرێ هەر بەرپرسێك ٥٠٠٠٠ دۆلار بۆ پاسەوانەکانی ی و دەرماڵە و (نەسریە) خەرجی تر جگە لەو بڕەپارە زۆرانەی بە چەك لەسەر میزانیە خەرج دەکرێ لەسەر جۆرەها حیسابات...... هەروەها کەس نازانێ پرۆژەکان چۆن دەدرێتە بەلێندەران ئەگەر بەلێندەرێك لە ئەسلا داهەبێ !بۆیە (میزانیە) بودجەی هەرێمەکە وەك کەلاکێکی لێهاتووە هەر کەسەو بێ هەق و بێ ڕێنمایی خاوەنی دام و دەزگایەکی گەورەی دەوڵەتە وەك پەرلەمان ، سەرۆکایەتی کان، دادوەری ، چاودێری دارایی.. بۆیە هەقە کەدەلێن کێ مافی پاسەوانی ی و پارێزگاری لە ئەستۆدایە ئەگەر باری بودجە (میزانیة) بەم حاڵە بێ ئەویش وەك مووچەکە بەرپرسیاری وونە وون تریش لەوە ویژدانە..ڕێگە بەمشەخۆری دەدات مەسەلە لە بوون و نەبوونی بودجە لەهەر وولاتێکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ئەوەی کە یاسایەك هەبێ پێی دەلێن (یاسای بودجە) (قانون المیزانیة) لە ڕێگەی پلان و ئامار و پێداویستیەکانی لە ڕێگاکانی تاوتۆ گفت وگۆو بەرنامە ڕێژی کەچی لە وولاتێکدا کە ئەو یاسایە نەبووە..... وەك گیرفانی پر کون و کەلەبەری لێ دێت ناتوانرێ هیچ کارێکی حوکومەت بکرێ جگە لەو شپرزەییەی کە دەبینرێ هەرکەسە بە دووایی شیرینی خۆی عەودالە ! بو دجە ئەوەیە ریێ و شوونی خۆی هەیە برگەو فەسل و مادە و ناونیشانەکانی خۆی هەیە.. چاودێری دارایی بە رادەیەك لاواز دەبێ کە گەندەڵی بەیاسای بریقەدار شەرعیەتی پێ بدرێ هەریاسایەك لە بەرژەوەندی دەوڵەت و گشتی نەبێ ئەو یاسایە دەبێ بگۆردرێ.. نابێ هەروا پشتی لێ بکرێتەوە بەوەی کە دەزگایەك هەیە یاسادادەنێ گرینگتر ئەوەیە چۆن ئەو یاسایە پەیرەو دەکرێ پارێزگاری لێ دەکرێ نموونەی گەندەڵی ئیداری دیاریەکی بەخۆراییە بۆ گەندەڵی دارایی.. بەمەبەستی بودجەی دەوڵەت بن کۆل دەبێ نرخێکی نامینێ و بایەخ و رەواجی لە دەست دەدا ، واتە موفلس بوونە. لە کاتێکدا میزانیە نەبێ کە لەساتێکدا دوو جار دام و دەزگاکانی دەوڵەت لەسەر داوای وەزارەتی دارایی پێویستە ئەنجامی بدەن چۆن دەتوانرێ بە بەرنامەو پلانەکانیان جێبەجێ بکرێت و خەرجیەکان چۆن و لەسەر چ بناغەیەك لە گەنجینە دەردەهێنرێت...ژمێریاری ، ووردبین ، چاودێری دارایی چۆن کارەکانی خۆیان

ڕێك دەخەن نەبوونی بودجە هەلێکە بۆ بێ سەروبەری بۆ هێشتنەوەی کێشەکان و کەلەکە بوونی داواکاری زۆر بەرامبەر بە جێبەجێ نەکردنی ئەولەویات واتە پێویستەکانی بەپەلە. بودجە واتە ساغ کردنەوەی کێشە دارایی و ژمێریاریەکان یەکلاکردنەوەی سولفەکان و ئەمانەتەکان (السلف و الامانات) رەش کردنەوەی قەرزەکان ، جەردی کۆگاو ئەمبارەکان گەرانەوەی پارەی پاشەکەوت و زیادەکان بۆ گەنجینە.. واتە پاك کردنەوەی کاروباری دارایی لە وەی کەچی کراوەو چی ماوە و چی پێویستی بە گەرانەوە هەیە ئایا پرۆژەکان چیان بەسەرهاتوون تەواو بوونە پارەکەشی تەواو بووە.. ئایا چاودێری دارایی دەولەت سۆراغی کردوە کاری قۆنتەرات و بەلێندەران مەرجەکانی تێدا بووە یان وەك ئەوە وایە کە بەراسپاردن و جێ بەجێ کردنی راستەوخۆوە رێان گرتووە یان لەو هەموو برگە یاساییانە خۆیان دەدزنەوە. ئەو کارانەی بەم شێوەیە بەرێوەبچن ئەوە دەگەێنێ کە دەولەت خۆی دیاری بە کەسانی نایاسایی دابەش دەکات کە خۆشی بێ بەبەشێك لەو گەندەلیە کە بەرپرسیاریە کە لەسەروخوارەوە بگرێتەوە دەبێ بودجە چی بەسەر بێ هەرچەند ئەو بودجەیەش ئەگەر هەر بەناویش بێ کارێکی ناشایستەی تر و مەترسیدار ئەوەیە نەبوونی لێژنەی جێبەجێ کردن و بەدواداچوون و وەرگرتن و کەشف و سەرپەرشتی و خەملاندن ئەگەر هەش بێ وەك نەبوون وایە بەمە هەر کارێك ئەنجام بدرێ بێ چەندوچون ئەنجامی خراپ و بێ کەلك و بەهەدەرچو ونی دارایی لێ دەکەوێتەوە بۆیە دەبینین حوکمەت هەر خەریکی چاککرنەوەو پێداچوونەوەیە بە کارە سەقەتەکان و ئەویش بەهۆی نەبوونی یان کارامەیی یان کاریگەری ئەو لێژنانەی باسمان کرد. چاودێری دارایی چۆن دەتوانێ لەو پاشەکەوتنە کاربکات چونکە هیچ دەرفەتێك نیە بۆ چاککردنی بۆیە راپۆرتەکانیان خۆی لەدوور دەگرێ لەو کارەساتانە ناچار راپۆرتی لاواز لەسەر فەرمانبەرێك کەرەنگە لەبەر کەمتەرخەمی پسوولەیەك دەگرێ کە بەبڕی پارەیەکی کەمیشە داوایی لێکۆلینەوە دەکات کەچی خۆی لەوانی تر بێدەنگ دەکات رەنگە جاری واش هەبێ دەنگ بکات بەلاّم سەیر لەوەدایە خۆی بەدەستی خۆی دەمی خۆی دەگرێ !! خالێکی تر بودجەی سەرلێ شێواو ئەوەیە کە لەناو لیستی خەرجیەکان باسێك بۆ خەرجی کەسی بەرپرس نیە لەناو دەولەت جگە لە هەندێ خالی وەزیفە نەبێ وەکوو ئوتۆمبیلێك ، چەند

پاسەوانێك یان شوێنی حەوانـەوە(سـكن)ئەگـەر خـانووی نـەبێ كەچـی ئـەو خەرجیـەی ئەوانـە دەیكـەن وەك مـاڵی خۆیـان رەفتـار دەكـەن بـێ ئـەوەی لـە بودجـە بـێ ئـەوەی یاسایەك هەبێ مافی پێ دابێ. مـاوەی وەزیفـە بەهـەل دەزانـێ راسـت و چـەپ شـەلم و كوێر ناپارێزێ چونكە دەزانێ كەس نیە لێی بپرسێتەوە لێرەدا هـەر كـەس وەزیفەیـەكی بۆ دەست نیشان بكرێ وەك ئەوە وایە بیتاقەی بۆ دەرچووە ئـەو وەزیفانـەش ئەوەنـدە زۆرن بوودجـەیان كـووڕ كردووتـەوە لـە هـیچ وولاتێكـی پێشكەوتوو یـان تـا رادیـەكیش دوواكەوتوو مولك ومالی گشتی بەدەگمـەن كـەس هـەبێ مـاف بـەخۆی بـدا بـەم شـێوەیە تەخشان و پەخشانی بكات. لێپێچینەوەش نـەبێ نـەبونی ووشـیاری كـارگێریی و دارای لەلایـەن دەزگاكـانی دەولـەت بـەوەی كـە شـارەزایان وئەوانـەی ئـەزمونی باشـیان لـە ئیدارەدانی دوولەت هەیەدوور خراونەوە لەبـەر هەرهۆیـەك بـێ وای كـردووە كەسـانی نـە شارەزاو لێ نـە هـاتوو پـەروەردەی دەسـتی گەنـدەلكاری شـوێنیان دەگرنـەوە بەمـەش كاروبارەكان بە ئاقاری تر دەرۆن ئەگەر بەرژەوەندیەكانیان هەبێ تەنیاهی تایبەتـە یـان بۆخۆیان یان بۆسەر رووی خۆیان ئەویاساو رێساو سیستەم و رێنمایانـەی كـە نزیكـەی هەشـتا سـاڵ دەبـێ ولادەنـرێ بـەبیانووی ئـەوەی كـە پاشمـاوەی رژێمـی دیكتـاتۆرین بەدەستی بەتال وهیچ هەولێكیش نادەن بۆئەوەی بـەردێك لـە سـەر بـەردێك دابنـێن كـە دەرۆن تەنیا پسولەیەكیش جێ ناهێلن ویان دەیسوتێنن یان لەگەل خۆیان دەیبـەن بـەم جۆرە دام ودەزگاكانی دەولەت مانایەكی بۆنامینێ كـە پـێ ی بلـێن حكومـەت بـەلكوهی فلان بەرپرسە وبەس.كەسێك هەولی داذانی سیستەمێك نادات كە ئـەوەی لـەدوای ئـەودێ سوودی لێ وەربگـرێ هـەوەس رۆلی خـۆی دەبینـێ ئەگـەر بەرنامەیـەك نـەبوو پڕبـێ لـە فـەرمان و ئامۆژگـاری ی و یاسـاو بریـار و لێكۆلینـەوەو رێنمایـەكان ئـەو ئیدارەیـە لـە خزمـەتی خـەلك نـابێ تـەنیا لـە خزمـەتی ئەوانەدایـە كـە كـاری سـەرەكی تێدادەكـەن هەرچیش بكەن بۆ دەولەت لەو روانگەوەیە كە خۆیان چ سوود بە خۆیان یـان سـەررووی خۆیان دەگەینن گیانی كارگێری دەخنكێنن ئەو هەولانەش بە فیرۆ دەبەن كە لە ئارادایە لە وولات بكرێ بە وولاتێكی (مؤسسات) واتە بە دام و دەزگاكردنی دەولـەت..راسـتە دام ودەزگا هە یە بەلام بێ گیان بێ هەیبـەت رۆژانـە وەكوو دارەبازەیـە بـۆ سـەر گۆرسـتان ببرێ ئاوایە.. بـەم شـێوەیەش خـەلك نـاتوانێ دەسـتبەرداری حوكومـەت بـێ یـا وەكـوو

بتوانیٚ دەستبەرداری حیزب بیٚ چونکە حوکومەت بەرپرسە لە ئاسایشی کۆمەلٚ لە ژیانی کۆمەلٚ لە بەریٚوەبردنی پیٚویستەکانی بە گشتی کەچی حوکومەت بیٚ ئەوەی هیچ ریٚزیٚکی یاسایی بۆ کۆمەلٚ دابنیٚ دەیەویٚ خۆی و ئەوانەی مشەخۆرن لەسەر حوکومەت بژین و خۆی لە خەلك دووردەخاتەوە بەوەی لیٚ ناگەریٚ

تیٚ ی بگەیٚنیٚ ، هاموشۆی بەکاتە سەردان قبوول ناکات خۆی لەبەرزایی دەبینیٚ لە خوارەوەش خەلك وەکو هەندیٚ گیانلەبەری بەستەزمان...... سەیر لـــــــە وەدایە حوکومەت بەو کارانەی لاف لیٚدەدا لەراگەیاندنەکاندا ئەسلا هیچ حوکمەتیٚکی دنیا ماف ناداتە خۆی خۆی پیٚهلکیٚشی وەکو: خزمەتگوزاری ریٚگاوبان و تەندروستی ی و ئاو ئاوەرۆ و ئاوەدانکردنەوە ئەمە ئەرکی حوکومەتە بە پارەی میللەت بە توانای کۆمەلٚ یان حوکومەت دەلیٚ بازاری ئازاد هەیە ئابووری بازار هەیە لە ریٚگەی پەنا بردنی بۆ دیموکراسی ئەم ئازادیانەش کۆنترۆل دەکا خۆی دەبیٚ بە بەشیٚك و سوود لە ئازادیەکە وەردەگریٚ کە ئەمە لە فەرهەنگی چ حوکومەتیٚك دا نی یە حوکومەتایەتی و بازرگانی کارگیٚری لە هەر فەرمانگەیەك کەسیٚتی خۆی هەیە بەلاٚم هەرکەسەکانیش زەبری توند لەو کەسیش دەدن بۆ ویٚنەکە دامەزراندن دیٚتە گۆریٚ کوان مەرجەکانی دامەزراندن وەکو (پیٚویستی) هەبوونی پلە ، پشتگیری دارایی ، مەرجەکانی یاسایی دامەزراندن هەرکەسە بەگویٚرەی بڕوانامە و خزمەت لە سنووری پلەی خۆی دابنریٚ. کەسیٚك تازە دامەزراوە دەکریٚ بە بەریٚوەبەر بە بەریٚوەبەری گشتی ،شارەزا، ویٚژکار ئەمە چ سەیریٚکە چ ویژدانیٚکە بەرامبەر بە ئیدارە دەکریٚ. پلە گۆرین و پلە پیٚدان وەك ئەوەوایە کەلە ریزی سوپرمارکیٚت بوەستی بەشی خۆی وەربگریٚ. ئەم تیٚکەل و پیٚکەلی یە بیٚ سنوورە هەموو سنوریٚکی مەعقوولی بەزاندووە پاداشتی لە خۆراو لەسەر مەغدوور کردنی کەسانی تر... لە هەرفەرمانگەیەك نووسراو وون دەبیٚ کەس نی یە بەدوای دابڕوات کەس وەلام ناداتەوە جاری واش هەیە بەبیٚ بەلگە لە خۆرا کارەکە ناکریٚ یان لە خۆرا دەکریٚ کەلەکەبوونی معامەلات و نەبوونی ریٚزی یەکتری و جیاکردنەوە کاری تیٚکەلٚ تەنیاو ئیدارەی شیرزە چاوەریٚی دەکات هەموو ماندوون ، بیٚزارن تەنیا چەند کەسیٚك نەبیٚ کاربەدەست و سوودمەند و لووت بەرزن وتەقەی سەریان دیٚ.....

د.نەرمین مەعروف غفور لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوولاتی ژمارە ٣٢٣ لە ٢٥\٤\٢٠٠٧ کە پسپۆڕە لە بوواری ئابووری هەندێ سەرنج و شتیووردی داوە لەسەر بودجەی عێراقی فیدرال و ئەوەی کە بۆ هەرێمی کوردستانیش تەرخانکراوە دەڵێ:بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٧ (٤٢)ملیار دۆلارەوە (٧٠٠\٥)ملیار و حەفصەد دۆلار بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە بەپێ ی ڕێژەی دانیشتوانەکەی ئەم ڕێژەیە هەرچەند کەمەو بەشی پێشکەوتنی ژیانی ئابووری ی و کۆمەلایەتی ی و فەرهەنگی ناکات لەبەر چەند هۆیەك لەوانە:

١. ژمارەیەکی بەرچاوی ناوچەکانی تری عیراق روویان لە کوردستان کردووە کە دەبنە برابەش لەو بودجەیەو بەشەکەی خۆشیان لەو ناوچانە جێهێشتووە.
٢. کوردستان زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە وەکو جینۆساید پێویستە قەرەبووی بکرێتەوە چونکە ڕەچاوی ئەمە نەکراوە
٣. نەبوونی شێوەی زانستی ئەکادیمی بۆ ئەوەی وەك پێویست خەرجیەکان بە ئەنجام بگەێنن واتا گەندەڵی نەبێ چونکە جاری واهەیە و هەبووە بەداهاتێکی کەم کاروچالاکی لە ئاستی باشی ئەنجام دەدرێت
٤. هەبوونی پارەی زۆر ئەگەر پلانی گونجاو رێك و پێکی لە پشتەوە نەبێ مانایەکی ئەوتۆی نیە بۆ وولات کە لە ئەوپەری پێویستیدایە
٥. ئەوپارەیەی دەچێتە خەزینەی حوکومەت چۆن خەرج دەکرێ لە چ پرۆژەیەکدا چ میکانیزم دانراوە بۆ خەرج کردنی ئێمەش نووسەری ئەم کتێبە دەتوانین خالێکی زۆر گرینگ باس بکەین وەك خالی:
٦. کێ و چ دەزگایەك چاودێری ئەم پارانە دەکات کە تەرخان کراوە لەهەر ناتەواویەك و نایاساییەك؟ بێتە وەلام و بۆ ڕای گشتی ڕوون بکاتەوە کە ئەرکی داواکاری گشتی یە.
٧. نەبوونی شفافیەت کەس نازانێ چارەنووسی ئەم پارە تەرخانکراوانە چی بەسەردێت یان جی لێ دێت گومانەکان کەلەکە دەبن و کێشەکانیش هەر وا دەمێنێتەوە چونکە بڕە پارەی زۆر بەخەرجیەکەمان دووایی نایەت.
٨. هەوەسکار ی بەرپرسی دام و دەزگاکان لەلایەك و خەمساردی هاوولاتی ی و نەبوونی ڕاگەیاندنێکی وورد نەوەك ئەو ڕاگەیاندنەی ئێستا هەر بەشمولی زۆربەی شتەکان

دەردەخـەن و زۆر جورئـەتیان هەیـە بـەلاّم بەلگـەیان زۆر بەدەسـتەوە نیـە یـان نایەتـە بەردەستیان ئەگینا وەك رۆژی رووناك پێشێلی دیـارە. بـەلاّم هـەموو لایـەك دەزانـیّ کـە کارەسات هەیە لە مشەخۆری لە گەندەلّی کەچی کێـشەکە و کارەسـاتێکی تـر لەوەدایـە دەزگاکانی یاسایی چ دەسەلاّت چ نوێنـەرانی خـەلك هەر خەریکی شەرعیەت دانـن بـەهێل بەزاندنی سنووری دەسەلاّت.

٩. کەباسی گەندەلّی دەکرێت داوای بەلگەت لیّ د ەکەن کەچی لە راستی دا خۆیان بەلگەن (هەلسوکەوت) و (دەولەمندبونیان) و (هەبوونی لە رادەبەدەر) و (لە پرێك بـوون بـەکورێك) لەبەرچـاوی خـەلك شـاراوەنین چ پێویـستی بەبەلگەهەیـە بـیّ منـەتن گـەلیش زەقەی چاوی دیّ.

١٠. بە بیانووی بازاری ئـازاد ئەمـەش کێبرکـیّ یـە لەسـەر هێنـانی کـالای بـاش و نرخـی گونجاو هەرزان شێوە بەکارهێنانی ئاسان و بەسوود و کەچی ئەمە دەبێتە بازاری بەرەلاّ و خۆسەپاندن کە چەند گـەورە کۆمپانیـای لـە پـشتەوە کاریگـەری خۆیـان لەسـەر ئـەم بازارانە دایە دەبێتە کێبرکیّ لەسەر هێنانی کالای خراپ و گران بە شـێوەی نارێـك و بـیّ سـوود بـەبیّ لێپێـچینەوە بـیّ دەزگایـەکی ووردبینـی و پـشکنین و ئەنجامـدانی سـاغ و سەلامەتی کەل و پەل و داو دەرمان و شت ومەکەکان.

١١. ئەمە وای لێدیّ دەسـەلاّت خـۆی ناکاتـە خـاوەنی هەلـسورێنەری بـازار لانـی کـەم لەرووی هونەریی و لایـەنی کاریگـەر لەسـەر ئـابوری بـازار و بازگـانی هـاتن و چـوون دا. کاتێك هیچ نامێنێتەوە جگە لەوەی خۆسەپاندنی ئەوانەی لەسـەر حـسابی دەولـەت پـیّ گـەییون و بـە هـۆی دەولّـەت ناسـنامەی بازرگـانی و کۆمپانیـایی گـەورەیان پـیّ بـراوە جارێکی تریش گەمە بەبازار دەکەنەوە ئەوانەی لـە پـشتەوە کاردەکـەن پلانـو خواسـتی جەهەنەمیانە دادەرێژن بیّ ترسن و کەس نایان بینیّ لەرێگـەی سـەرکارە چلێسەکانەوە قورگی بازاریان گرتوە یاری بە نرخ دەکەن وەك ئەوەی کە یـاریش بـە بوجـەی دەولـەت دەکەن بەبیانویو هۆی نابەجیّ پارە رادەکێشن و نـرخ گـران دەکـەن قـەیرانی ئـابوری دەقەومێنن خۆشیان ئەو هەلە دەقۆزنەوە قازانجی خەیالی دەکێشنەوە.وەك ئـەوەی لـە قەیرانەکانی سووتەمەنی قەمپالّی گەورە لیّ دەدەن..

١٢. خالێکی تر کە دەستی کوشندە لە بودجە دەوەشێنرێ ئەویش قرساندنی زەویە بازرگانیەکان و گەشتیارییەکان بە نرخێکی کەم وەك ئەوەی هەراج بکرێ بێ بڵاوکردنەوەی ئاگادارنامە و مزایەدەو و کەمکردنەوە.. لەلایەکی تریش لێبووردن لە رسم و باج هەروەها پێدانی ئاسانکاریی ی و پارەو پولێکی زۆر بۆ ئەوانەی گوایە پەرە بە بازرگانی ئازاد دەدەن و ئابووری بازار دەبوژێننەوە کەچی لە راستی دا رێك پێچەوانەی ئەو هەموو ئاسانکاریەکە حوکومەت پێشکەشیان دەکات جگە لە کاڵای خراپ و نرخی خیاڵی ی و بە فیرۆدانی داهاتی دەوڵەت چیی تر لێنایەتە دەست ئەمە لە ئابووری پێ ی دەڵێن رووتاندنەوە. رووتاندنەوەی میللەت رووتاندنەوەی دەوڵەت ئەگینا کەس بۆی نیە رەفتار بەسامانی دەوڵەت بکات ئەمانە وەکوو دیاریە بۆ د ەوڵەمەند کردنی کەسانێك کەنە عەقلی ئابووری و بازرگانیان هەیە نە لەوکارانەش دەوەشێنەوە تەنیا ئەوەندەیان هەیە سەرکارن بۆ دەست رۆیشتووەکانی ناو دەوڵەت کەس نایانبینێ هەندێکیان رەزیلانە خۆ نیشان دەدەن لەلیستی پێشەوەن بۆئامادەیی

١٣.بەهەدەرچوونی بودجە تەنیا لەوەدانیە کە گەندەڵی ی و بێ سەرو بەری و ئاڵۆزی ی کوشتویەتی بەلکو لە وەدایە خەرج کردنی پارەیەکی زۆر لە کارێکی زۆر پێویست ناوەك ئەوەی دروستکردنی بالەخانە لە کاتێکدا قەیرانی نیشتەجێ بوون هەیە یان دروست کردنی ئوتێل و مۆتێلی گەورە و بازاری هاوچەرخی زۆر و ئەوکارانەی کە تەنیا لەبەر خاتر و ختوور و حەز و ئارەزووی تاکە کەسی لە کاتێکدا کالایەکی ناوەخۆت نەبێ کارگەیەکت نەبێ پلانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانت نەبێ، بۆیە هەڵبژاردنی پرۆژەش بەشێکە لە بنیاتنانی زانستی و گەرانەوەی بوژانەوەی ئابووری.

١٤. هێزی کار و هێزی دارایی لەگەڵ هێزی پلان پشت بەستن بەیاساو رێنماییەکان تاکە رێگایە بۆ ئەوەی بودجە رۆلی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی تاك ببینێ ئەمانەش لەو کاتە سەر دەگرێ کە دروشمی بەدام و دەزگاکردنی دەوڵەت هەلبگرین واتە (دولة المؤسسات)

## بودجەی پلان

هەندێ رێنمایی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی سەر بە بودجەی پلان:

بودجـەی پـلان ئەوەیـە کـە ڕێگایـەکی پـلان دانـان و نەخـشەی هـەر دام و دەزگایـەکی دەوڵەت ڕێك دەخـرێ هەنـدێ تایبەتمەنـدی و میکـانیزمی جیـای هەیـە وەك ئـەوەی کـە بودجەی ئاسایی هەیەتی.

١. تایبەتمەندی لە ئیجرائاتی ووردبین و شیکردنەوە کان.

٢. هاوبەشی نوێنەری دارایی لە لێژنەکانی جێ بەجێ کردن.

٣. پێویستی بە ئیعلان کردن هەیە بۆ کەمکردنەوەو ئیحالەکردن و دەست پـێ کـردن و جێ بەجێ کردنی (واتە اعلان مباشر).

٤. بۆ خەرج کردنی پارەی تێچووی هەر پرۆژەیەك ڕەچاوی ئیحالـە کـە بکـرێ بـەراورد لەگەڵ بە خوێنەران جێ بەجێبکرێ کە بۆ ئەمانەت تەنیا پارەی تێچووی پەسندکراو.

٥. بۆ پرۆژەکانی کەبە ئەمانەت جـێ بـەجێ دەکـرێ حیـسابێکی جـاری لـە بانکەکانـدا دەکرێتەوە بە ناوی لێژنەکە پارەی پاشە کەوتەکانیش دەگرێتەوە بۆ دەزگایی دارایی.

٦. پاداشت بۆ لیژنەی جێ بەجێ کردن تەرخان دەکرێت لە هەمان حیسابی جاری.

٧. تۆمارکردنی کەل و پەلەکانی پێویست کە تۆماری تایبەت دەکرێت.

٨. لێژنەی جێ بەجێ کردن بەرپرسە لەهەموو کەم و کورییەك.

## چەندرێنماییەکی گرنگ بۆ پێداچوونەوەی لەسەر بودجەی ئاسایی بێت یـان بودجەی پلان

١. بۆ ئەو پرۆژانەی بەبێ لیژنە جێ بەجێ دەکرێ بڕی پارەکەی دیاری بکرێ

٢. ئەوەی لەلایەن لێژنەوە بێت دیاری بکرێت

٣. بەشداری کەسانی شارەزا و پسپۆر لە لێژنەکەدا

٤. دیاری کردنی تێچووی ئـەو بڕەپارانـە کـە لەڕێگـەی کەمکردنـەوەی گشتی یە یـان بانگهێشتی راستە وخۆ بکرێت

## هەندێك کاری تری چاودێری دارایی:

١. بوونی تۆماری بەردەوامی کارمەندان و بەراوورد لەگەڵ لیستی مووچە.

٢. ووردبینی لەسەر میلاكی فەرمانگە و بە بەراوورد لەگەڵ میلاكی پەسندكراو بودجەی پەسندكراو بەگوێرەی برگە و مادەكان.

٣. تۆماری پلە بەرزكردنەوەو پێدانی مووچە و سەرمووچە دیاری كردنی مووچەی تازە دامەزراوەكان رەچاوبكات.

٤. راوێژكردن لەگەڵ كەسانی فەرمانگە بۆ روونكردنەوە.

٥. لە كاتی پێویست وەرگرتنی فایلەكان و فایلی كەسەكان.

٦. داواكردنی گۆرینی لێژنەكان كە بۆ یەكجار دەبێت لەنێوان ماوەیەكی دیاریكراو.

٧. بەسەركردنەوەی كۆگاكان و بەراووردكردن لەگەڵ لیستی كرین و فرۆشتن و گەرانەوەی كەل و پەلە لەكاركەوتوەكان لە برِی كرِین.

٨. چاودێری دارایی دەبێ زیرەك و وورياو شارەزا بێ لە كاروباری ئیداریی ، ژمێریاری ، ووردبینی پێویستە لەو شوێنانەوە بگوازرێنەوە دەزگای چاودێری.

٩. كەسانی چاودێری دارایی رەوانەی ئەو فەرمانگانە بكرێت كە پاساویان نەبێ بەتایبەتی ژمێریارو بەرپرسی یەكەمی ئیدارە.

١٠. كاری رۆتینی چاودێری دارایی وەلابنرێ پەنجە لەسەر كاری خۆیان دابنێن وەك گرتنی پسوولەی گومانلێكراو ، نرخ و كرینەكانی دیاریكرا و لە فەرمانی كرین و سەیركردنی پێشینەی وەرگرتنی پارە (سلفة) چەند و چۆنی كەل و پەل و شت ومەكەكان و راپۆرتی داواكردن ( مذكره طلب مواد أو شراء مواد) ورەزامەندییەكان.

١١. جەخت لەسەر چاوپێكەوتنی تەواویی لیژنەكە كە ئایا هەموو بەشدارن لە كرین یان فرۆشتن.

١٢. بەراووردكردنی پسوولەكانی كرِین لەگەڵ چارەنووسی شتەكان وكۆگا (ادخال و اخراج مخزني)

١٣. جەخت لەسەر هەبوونی گشت تۆمارگا ژمێریاریەكان و كۆگاكان.

١٤. دووپات كردنەوە پێویست بوون بۆ كرینی شت و مەكەكان تا چەند زۆر پێویستن.

١٥. شارەزایی لەكاری هەر لێژنەیەك وەك لێژنەی كرین و فرۆشتن و خەملاندن ، كردنەوە ، شیكردنەوە، وەرگرتن ، جێ بەجێكردن ،

١٦. چاودێری دارایی پێویستە سۆراغی راپۆرتی خۆی بکات لەدادگا بۆ گەرانەوەی مافی گشتی.

١٧. داواکاری گشتی سوود وەردەگرێ لەو ڕاپۆرتە ترسناکانەی گەندەڵی بۆ جوولەی داوای یاسایی دژ بە کەسەکان یان دەوڵەت.

## چاودێری کارگێری ( ئیداری ):

هەر رێکخراو ئۆفیس و بەرێو ەبەرایەتی لە ئەندامان و ئامانجەکان و پەیرەو پرۆگرام پێك دێت پێش هەمووان کەسانی کارگێری.. چونکە هەتا ئەوکەسانە دەست بەکارنەبن گیان و جوولە ناکەوێنە دام و دەزگاکان. دروست بوونی کارگێری هەروا سووك وئاسان نیە پێویستی بەدەست نیشان کردن و رەچاوکردنی پسپۆری شارەزا مەرجی سەرکەوتنی هەر ئیدارەیەکە. کارگێری زۆر فرەوانە لە دامەزراندنەوە تا خانەنشینی بە چەند قۆناغ و ئەزمون و کێبرکێ و پاداشت و سزا و پلان دا تێ دەپەرێ..

چاودێری ئیداری بۆ ئەمانە چەندین رێو شوێنی تایبەت و گونجاو دەبێ بگرێ بۆ ئەوەی نەبادا ئە و ئیدارەیە ئالۆز و شێواو بێ سەروبەر دەربچێ ئەم کارانەی چاودێری کارگێری ووردبینیە لەسەر سستەم و بەرنامەی یاسایی فەرمانبەرایەتی ئەمە کارێکی هەستیارە و ناسکە چونکە ئەگەر ئیدارە لەدەست بچێ کاردەکاتە سەر دارایی جلەوی کارکردن بەرەو ئاقاری گەندەڵی و شپرزە یی دەچێ بۆیە ئەگەر رێوشوێنی ئیدارە باش بروات و بەرێوەبچێ ئەوە کۆمەل و وولاتێکی ئابووری ، سیاسی ، کلتووریشی بەرەو باشتر دەگۆرێ

## چاودێرانی ئیدارەی چی بکەن باشە :

١. جەخت لەسەر هەبوونی یاساو سیستەم و رێنمایی بکەن بۆئەوەی لانی کەم کارەکان بێنەوە سەرهێلی راست (سكة).

٢. بە پلە ئیداریەکان دا بچینەوە بزانن کەسی شیاو لە شوێنی شیاوە یان پێویستی بە گۆرانکاری هەیە رەچاوی (الحاجة+الخبرة+الكفاءة) بکرێ.

٣. فەرمانەکانی ئیداری یان وەزاری پشت بەچی دەبەستێ بۆ وێنە بۆ فەرمانی دامەزراندن چی پێویستە.

أ- پلەی بەتال و شوێنی پێویست (بەتاڵ) الدرجة ، الحاجة ، الشاغر.

ب- پشتگیری دارایی.

ت- پێویستی لە رووی پسپۆری ، بڕوانامە.

پ- دیاری کردنی شوێنی کار.

ج- چاوپێکەوتن لە رێگەی دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بە وەزیفەکان.

ح- دیاریی کردنی موچە.

چاودێری ئیداری دەبێ وا سەیر بکات کە ئەو فەرمانگەیە کۆگا نیە هەر کارمەندی تێ بکەی کۆگاش دەبێ بە پێویستی پر بکرێتەوە.. ئەگەر چاودێری ووردبێ دیقەتی هەبێ کەم و کوری و ناتەواویەکان دەردەخات پاشا گەردانی ئیداری ناهێلێ دیاردە ناشیرنەکان و زۆری و بۆری و خۆ خەریکی کارمەندان و رەنگدانەوەی لەسەر بەرێوەبردنی فەرمانگە بە چالاکی یان بە سستی دەردەکەوێ چونکە نەخۆشیەکانی ئیدارەیە گەندەڵی دارایی دروست دەکات.

٤.دەسەڵاتەکان:

١. دەسەڵاتی وەزیفی (وەزیفەکە): دەسەڵاتی پێدراو لە سەروو زۆر گرنگە چاودێری ئیداری لێکیان بکاتەوە و سنووریان بۆ دابنێ و تێکەل و پێکەڵ نەبێ هەروەها ئەم دەسەڵاتانە ببنە مایەی راپەراندنی کارەکان نەوەك داگیرکرنی دەسەڵات بێ:چاودێری ئیداری ئەو دەسەڵاتانە چۆن هەڵ دەسەنگێنێ چۆن و کێ پەیرەوی دەکات کێ بۆی هەیە کێ و لە کوێ بەکاردێت ئایا لەگەڵ یاساو سستەم گونجاوە یان کاریگەری خراپی دەبێ یان پێویستی بە گۆرانکاری هەیە یان راستکردنەوە...

٥. بەراووردکردنی هەر فەرمانگەیەك لەگەڵ میلاکی خۆی ی و کارو ئەرکەکان و مافەکان تا دەگاتە ئەوەی نەك کارمەندان زیاد بن یان کەم بن بەلکوو ئەو فەرمانگەیە بوونی پێویستە یان پێویست نیە لەبەر ئەوەی رەنگە فەرمادگەیەکی تر هەبێ بەهەمان شێوە

یان نزیك لە یەكتری یان ئەسلاً هەر پێویست نیە... وای لێ نەیەت لق و پۆپی زیادە لە فەرمانگەكان ببێتەوە چونكە فەرمانگەكان وەك دەرخت پێویستی بە بڕینی لق و پۆپ هەیە زۆر كەم پی‌ویستی بەزیاد كردن هەیە.

٦. سسیتەمی بەڕێوەبردنی دام و دەزگاكانی وولاتی تازە پێگەیشتوو لە سستەمی عەشایەریی ی و خیلەكی دەچێ دوور لە هەلس و كەوتی شارستانیانە بۆیە بەچاودێری ئیداری دەبێ ئەم سیستەمە نەك هەر بگۆرێ بەلكوو لەرەگ و ریشەوە دەری بێنێ سستەمێكی پوخت و كارگێریەكی ئەوتۆ بهێنێتە كایەوە نەك وەك ئەوەی كە لە دیوەخان و قۆناغ دەچن لەوەی زیاتر لە فەرمانگەو رێكخراوی سەردەمانەی چاوەروانكراو بچێ وەك: ژووری رازاوەی پڕ بەبەها مێز و كورسی و قەنەفەی جۆراو جۆرو گۆرینیان بە گوێرەی حەز و ئارەزووی بەرپرسەكان هەروەها هاتنی میوان بە لێشاو بۆ كات كوشتن و جگەرە دانانی كمالیات و جێشتخانەو قاوەخانەی گەرم وگور هەر ژوورێك كارگوزارێك یان دوو یان زیاتر هەر بەرپرسی یەكەم و دووەمی فەرمانگە حەشاماتێكی لە دواوەیە وا دەزانی دەچیتە بارەگایەكی حیزبی یان ئەهلی یان بۆ جەنگ. ئەم رەوشتانە و زیاتریش لە مانە وەكو نووسینگەی رەنگاو رەنگ و پرسگەی سەرسورهێنەر ئەمانە بارگرانی دەخەنە نەك سەر فەرمانگە بەلكوو سەر دەولەت ئەمە تەنیا جورئەتی چاودێری ئیداری جارێكی تر رێكی دەخاتەوە لە دونیای شارستانی و پێشكەوتوو كارمەند و بەرپرس رۆلی دیار دەبینی هەر كەسە ئەو خزمەتانە دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی.. وەك چایە ، قاوە، خواردن ، ئاو خواردن كەچی لە ئیدارەی دوواكەوتوو گرنگی بەراپەراندنی كار ئەوەندە نادرێ بەوەی گرنگی بەوانە دەدرێ گوایا كارەكان رادەپەرێنێ.

٧.حوكمەتایەتی (حكومة)

چاودێری ئیداری هەول بدا دەولەت لە قەیرانی بێ دام ودەزگای و سیستەمی بەر ێوەبردن و هەلس و كەوتی كادیرانی ئیداری رزگار بكات و بیان گۆرێ بەراستی دەبێ یان (حوكمەتایەتی) بكرێ یان بازاری بەردەوام بێ... بنیاتنانی دەولەت هەروا لەخۆرا ناكرێ ئەگەر عەقلیەتی دەولە تیمان نەبێ واز لە خورەوشتی دووا كەوتوو نەهێنن ئەوا

بنامەکانی دەولەت تێك دەچێ هەرکێ بەتەمای دەولەتیش بێ بەم شێوەیە دەولەتایەتی پێ ناکرێ بۆیە زەحمەتە لەو جۆرەئیدارانە لە قۆناغێك بپەڕێتەوە قۆناغێکی تر خۆ ئەگەر چاوی تیژو تەگبیری بەپلان نەبێ ئەوانەش کێن چاودێرانی ئیداریین.

کۆششی زیاتر بکەن خالە لاوازەکان دەست نیشان بکەن.

٨. چاودێری لەسەروو بۆ خوارێ:

ڕاستگۆیی لە کارەکانی چاودێری ئیداریی و دارایی کاتێك دەردەکەوێ کە لە دەزگاکانی سەروو یان لووتکەی بەر پرسیاریەوە دەست پێ بکەن لێ نەگەڕێن خۆیان بە پیرۆزو بە مەزن بزانن واتێ نەگەن کەس ناتوانێ تخونیان بکەوێ لێپێچینەوەو لێپرسینەوەو بەدووا داچوون مەسەلەی هاتنە گۆڕێ هەلس و کەوتی یاسایی بێتە گۆڕێ لەگەلیان دا.ئایا دەسەلاتی خەرجیەکان چەندە و چۆنە؟ ئایا یاساو ڕێنمایەك هەیە ڕێکی بخات؟ ئایا مووچەو دەرمالەکان چۆن دیاری کراوە؟ هەلس وکەوتنیان لەگەل بانکەکانداچۆنە؟ سەفە رو گەشتەکانیان بۆکاری دەولەتە یان تایبەتە؟ئایا لە حساباتیان؟ بودجەی تایبەتیان هەیە و پەسندکراوە؟ دەزگای داراییان پەیرەوی ڕێنمایەکان دەکات یان هەر بە پسوولە کاردەکەن؟ ئایا سامان و دارایی کەمولکی گشتی یە دەستی تێ وەردەدەن؟ ئایا پارەو پول تەخشان و پەخشان دەکرێ؟ ئایا خۆیان دەولەمەند کردووە؟ئەم هەموو پرسیارانە پێویستە وا قیعی ڕۆژانە دەسەلاتی سەروو وەلامی بداتەوە بە بە لگەو بە شەفافیەت بۆ ئەوەی لێرەدا دیموکراسی ڕۆلی خۆی ببینێ کە رای گشتی لێ ی ئاگاداربێ نەبادا واتێ بگەن گەل لەگوێی گادا نووستووە بە هەر حال ڕۆلی چاودێری ئیداری بە قەد پەیدا کردنی دارایی بۆ حوکمەت وگەل گرنگتر نەبێ کەمترنی یە.

٩. ڕۆلی چاودێری دارایی ی و ئیداری بۆ تەکنەلۆژیاکردنی فەرمانگەکان. سیستەمی دەیان سالەی ئیدارەی باشی ی و خراپی خۆی هەیە سوودلە باشەکان وەربگیرێ وخراپەکانیش وەلابنرێ. چە ند نەخۆشیەکی درێژ خایەن هەیە:

أ- فەرمانگـەکان وەك زبڵـدانی کاغـەز وایـە هـەموو نوسـراوێك ئەگـەر بەبەلگەنامـەی پێویستیش نەبێ فرێ نـادرێ و شـوێنی شـیاویش نیـە بـۆ هـەڵگرتنی زۆر بەشـپرزەیی و ئالۆزی دەخرێنە سەر یەك کە رەنگە بەدەگمەن جارێك لە جاران بگەرێنەوە لای.

ب- کـ ردنـەوەی دۆسـیەو فـایلی زۆر پـەرتووبلاو کـە ئەمـەش لەلایـەك جێگـا دەگـرێ لەلایەکی تریش دەبێ چەند کارمەندێك پێوەی خەریك بێ.

ت- نەبوونی فۆرم لە فەرمانگەکان بۆ ئەوەی ئەوەی کاری هەیە بـەگوێرەی فـۆرم کـە پرە لە زانیاری ئەمە دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ خەلك و بۆ کارمەندان.

پ- راپەراندنی کارەکان میکانیزمی خراپ هەیە چ بەوەی کە دەبێ بەچەندین قۆنـاغی بێ هوددە تێ پەرێ زۆر بەئاسانی فەرمانگە پێت دەڵێ برۆ بـەیانی یـان هەفتەیـەکی تـر یان مانگێکی تر سەربدەوە کە رەنگە کارەکە هـەر ئـەو وەختـە بکرێـت واتـە نەروانـدنی معامەلە بەئاسانی.

ج- پەیر ەو کردنی یاساو رێنمایی ووشك و بێ گیان بـێ ئـەوەی رەچـاوی بـاروودۆخ و کات و شوێن بکرێ تا بکرێ کێشە دروست دەکرێ لە جیاتی ئاسانکاری.

ح- نـەبوونی شـارەزایان و پـسپۆرانی بـواری ئیـدارە هـەروەها کارەکـان بـەرۆتین بەرێوەدەچن رۆتینیش هاوولاتی پیر دەکات.

خ- تا ئیستاش کەمتر کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای تر لە فەرمانگـەکان رەواجیـان هەیـە ئەگەر هەش بێ زۆر جار بۆ کاری تر بەکاردەهێنرێت وەك کاری جۆراو جۆر بۆ کات کوشتن.

د- واسیتە و واسیتە کاری بازاری زۆر گەرمە وەك خورەوشـتی لێهـاتووە بـە فراوانـی پەیرەو دەکرێ بـا کارەکـەش زۆر ئاسـان و بـێ بایـەخ بـێ ئـەویش چ بـە تەلـەفۆن یـان رووبەروو یان بە نامە یان بەراسپاردن.

ژ- بوونی حەلقەی زیاد لە کاتی راپەراندنی کارەکان کە پێویست ناکات.

ر- جگە لە گەنـدەڵی کـە وەك پرۆژەیـەك وایـە کـەم کـەس هەیـە لەسـەرو تـا خـوارو پێوەی. خەریك نەبێ و حوکومەتیش پێوەی دەنالێنێ ئەمە و زیاتر لەم خالانـەش بـەڵام چی بکرێ باشە بۆ رۆلی بینینی تەکنەلۆژیای نوێ لە ناو فەرمانگەکاندا.

١. كردنەوەی خولی ڕاهێنان و وورك شۆپ سوود وەرگرتنی لە ئەزموونی وولاتانی پێشكەوتوو واتە كادیری ئیدارە ئامادە بكریٚ بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە نویٚ یە بگوازرێتەوە ناو دەزگاكانی دەولەت (لە بار قورسی بۆ بار سووكی).

٢. **كۆكردنەوەی زانیاری ی و ئامارو بەلگەنامەكان لە عەقلی كۆمپوتەرو تەكنەلۆژیاكانی تر.**

٣. بەكارهێنانی فۆرمی تایبەت بۆ هەر كاروبارێك.

٤. كردنەوەی ژمارەی حیساب لە بانكەكان كە بۆ هەمو كارێك بەكاردێت و كە هەموو بوارەكان سوودی لیٚ ببینێت واتە ئەم ژمارەیە وەك ناسنامەی لیٚ دیٚ.

٥. ئاسانكردنی ڕێوشوێنی جیٚ بەجیٚ كردنی كارەكان و دیاركردنی ئەرك و مافەكان.

٦. **كەمكردنەوەی زنجیرەی دوورو درێژی قۆناغەكان جیٚ بەجیٚ كردن و ڕاپەراندنی كارەكان.**

٧. وا بكریٚ كە هەر فەرمانبەرێك بە تەنیا بەرپرسی كارێكی دیاری كراو بێت نەك پێویستی بەوەهەبیٚ چەندین ئیمزای لەسەر بكریٚ.

٨. دۆسیەی گەورەو قەبە و فراوان وەلابنریٚ تەنیا ئەو زانیاریە وورد و بەكەلكانە نەبیٚ كە لە دۆسیەی ژمارەی حیسابەكە هەیە واتا لە ڕێگەی ئەمباركردنی كۆمپیوتەری بۆ هەر ژمارەی حیسابەكان كاری لەسەر بكریٚ.

٩. معامەلەی كەسی پەیوەندار دەبیٚ ڕووبەروو بێتەوە لەگەلٚ كارمەندی بەرپرسی كارەكە كەسی تر بۆی نەبیٚ لەبری كەسی تر كارەكان بڕۆێنیٚ.

١٠. كەمكردنەوەی داوا كردنی بەلگەنامەی نا پێویست و نا مەعقول بەلكوو كەمترین كات و ئاسانترین ڕێگە كارەكان بكریٚ.

١١. دانانی كات (موعد) زۆر پێویستە و پابەندبوونیش پێویست ترە بەگشتی كانیش ڕێزی لیٚ بگیریٚ و بە فیرۆ نەروا.

١٢. ڕاستگۆیی ی و پێدانی زانیاری دروست هەولی ئیدارەی نویٚ سەردەخات.

## خشتەی مەزەندە كردنی بودجەی سالانە بەگوێرەی بەشەكان ( الفصول )

بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لەسەر بودجە ب زانری بەپێویستی زانرا كە دەقی ئەو خشتانە وەرگێرێتە سەر زمانی كوردی ی و شارەزابوون لەسەر پركردنەوەی بودجەو هەموو ئەو

ژمارانەی کە لەبوجەی گشتی دەردەچیّ لە ریّگەی ئەو ژمارانە یەکە لە بەند و بەش و ماددە و برگەکان ئەوخشتەیەوە دیّت و بودجەی وولاّت یان دەولّەتی پیّدەلّیّن.. پرکردنەوەی ئەو برِگەو مادانە هەروا لە خۆرانیە و بەلکوو لەسەر دوو بنەمایی زانستی سەر دەر دەکات.

١. خەرجی سالّی پیّشوو

٢. پیّویستی یەکانی ئەم سالّ کە بەمەزەندە دادەنریّ دارایی لەگەلّ وەزارەتی تایبەتمەند و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان تاوتۆی دەکریّ و دووا ژمارە پەسند دەکریّ هەر حوکومەتیّکیش رەچاوی بودجە نەکات ئەوە بەحوکومەتیّکی خاوەن دام و دەزگا ناژمیّردریّ بەلکوو بە حوکومەتیّکی بیّ بەرنامە ئەو جۆرە حوکومەتانەش ناچنە ژیّر دەسەلاّت ی دیموکراتی دەکەویّتە ژیّر باری هەوەس و ئالۆزو شپرزە.بەرنامەکانیش پلانەکانیش دووچاری شکست و بیّ سەروبەری دیّت بۆیە جیّگەی خۆیەتی بەهەر حالّ بیّت دەولّەت بودجەی خۆی پیّویستە دابنیّ و کاری لەسەر بکات زۆر بیّ یان کەم. بودجە بەواتای تەنیا پارەنییە بەلکوو جیّ بەجیّ کردنی پلان و بەرنامەیەو پیّشکەش کردنی خزمەت گوزاریش لە پشتی پشتەوەی بوجەیە یان ئەرکی دەولەت......

خشتەی مەزەندی خەرجیەکان بۆ بوودجەی سالّ بە گویّرەی بەشەکان (النفقات (تشغلی و أستثمار)

(چەشن)بەشی یەکەم:خەرجی کارمەندان ( مووجە و پاراستن و دەرمالە و شنی تر)

بەشی دووەم: پیّداویستیەکانی خزمەتگوزاری

بەشی سیّ یەم: پیّداویستیەکانی شتومەکەکان

بەشی چوارەم: پاراستنی ئەوەی کە هەیە (بوونی هەیە لە فەرمانگە)

بەشی پیّنجەم: خەرجی سەرمایە

بەشی شەشەم: خەرجی تحویلی (راگوزاریەکان)

بەشی حەوتەم:بەرنامەکانی تایبەت

بەشی هەشتەم:مووچە

بۆ هەر یەك لەم بەشانە ش برگە و مادەی خۆی هەیە كە بەم جۆرەی خوارەوە:خشتەی مەزەندەیی داهاتەكان بۆ بودجەی ساڵ بە گوێرەی ژمارەكان: (الايرادات)

١. باج لەسەر داهات و سامانەكان

٢. باجی شتومەك

٣. رەسمیی تر

٤. داهاتی بودجە لەسەر چاوەی تر

٥. داهاتی سەرمایە داری

٦. داهاتی كرێی مولكەكانی دەوڵەت

٧. داهاتی راگوێزەرەكان

٨. خزمەتگوزاری بۆ فەرمانگەی تر

٩. داهاتی تەسنیف نەكراو

# فۆرمی ئامادەکردنی بودجە ( چەشن )

# بەشی یەکەم خەرجیەکان فەرمانبەران

مووچە

مووچەی کارمەندان

خەرجی میلاکی کاتی

مووچەی گرێ بەستەکان

دەرمالەی ژن و مندال

دەرمالەی ژن (خێزان)

دەرمالەی مندال

هاوبەشی لە سندوقی خانە نشینی

دەرمالەی کارمەندان

دەرمالەی میوانداری

کرێی کاری زیادە

دەرمالەی پیشەی و هونەری

دەرمالەی خۆیەتی

دەرمالەی ترسناکی بەنۆرە

دەرمالەی خزمەتی زانکۆیی

دەرمالەی توێژەرانی زانستی

دەرمالەی قەزایی

دەرمالەی تایبەت

دەرمالەی گرتنەوە

دەرمالەی خواردن (خۆراك)

دەرمالەی نیشتەجێبوون

دەرمالەی ئاگادارای

دەرماڵەی جل و بەرگ

دەرماڵەی چەشن و وەستایی

دەرماڵەی پلەوپایە(پلە)

دەرماڵەی دابەشکردن

دەرماڵەی هاندەری

کرێی گوتنەوە (محاضرات)

پاداشتی هاندەری

کرێی ئەزمونەکان (تاقی کردنەوە)

قستی دلنیای لەسەر هێزی کار

کرێی لێژنەکان

پاداشت و دەرماڵەی ئەندامانی (حە.و)

دەرماڵەی نیشتە جێبونی ئەندامانی(حە.و)

دەرماڵەی گرانی بژێوی (غلاء المعیشة)

## بەشی دووەم پێداویستییە خزمەت گوزاریەکان

دەرماڵەی و خەرجی سەفەر

دەرماڵەی شەوانە

هۆیەکانی گواستنەوە

خەرجی سەفەر

دەرماڵەو خەرجی ناردن بۆ دەرەوە(إیفاد خارج البلاد)

دەرماڵەی خەرجی تحویل

بلاوکردنەوە و راگەیاندن

خەرجی بلاوکردنەوە

خەرجی راگەیاندن

هاوبەشی لە رۆژنامەکان

خەرجی چاپە مە نیە کان

پۆستەو پول

بروسکەو تەلەفۆن

بە کرێ گرتنی زەوی و خانوو

بەکرێ کرتنی دەزگاو هۆبە کانی گواستنەوە

بەکرێ گرتنی کەل و پەلە پێویستەکان

بەکرێ گرتنی تر

قستی دلنیابوون

کرێی پارێزەران

مێوانداری و سوتەمەنی ی و پەیوەندیەکان

کۆنگرەوسمینارەکان

ئاهە نگ گێران

بە رگری شارستانی

پاداشت بۆ ئەوانەی سەر بە دام و دەزگاکان

جۆراو جۆر

لە بری هاوبەشی خولەکانی راهێنان

چالاکی وەرزشی ی و دێدەوانی

چالاکی قوتابخانە

روپێوکردن و دیاریکردنی چەشنی زەویەکان

گواستنەوەی پارە

گواستنەوە شایەدوو دەست بەسەر گیراوان

دەرمالەی خوێندکار (قوتابی)

پاککردنەوەی فەرمانگە

توێژینەوەو وەرگێران و دانان

کرێی شارەزایان و راوێژکاران

گواستنەوەی کەڵ وپەڵ وشتومەك

پلان و رێکخستنی شارو ژمارە پێدانی خانوو

## بەشی سێ یەم: پێداویستیە کەڵ و پەلەکان

پەراوگەو چاپەمەنیەکان

پەراوگە

چاپەمەنیەکان

کریێ ی ئاو و ئاوەڕۆ

کریێ ی ئاو

کریێ ی ئاوەڕۆ

کریێ ی کارەبا

سوتەمەنی

جل و بەرگ

جل و بەرگی کارمەندان

جل و بەرگی هێزەکانی ئاسایش

خواردن

داو دەرمان

بەرەنگاری ی و خۆ پاراستن

کەرەستەو پێداویستی

پێداویستی تاقیگەکان

کەرەستەی پزیشکی

کەرەستەی قووتابخانەکان

کەرەستەی پیسەسازی

کەرەستەی کشتوکاڵی

کەرەستەو شتی تر

کتێبی قووتابخانە

کەرستەکانی نەخۆشی

ئالکی گیانلەبەران

## بەشی چوارەم: چاککردنەوە( پاراستنی هەبووەکان )

پاراستنی کەل و پەڵ

پاراستنی خانوبەرە

پاراستنی رێگا و پرد

پاراستنی رێگا

پاراستنی پرد

خەرجی لادانی بەفر

پاراستنی دام و دەزگاکانی ئاو و کارەبا

پاراستنی جهاز و مکینەو کەرستە

پاراستنی هۆیەکانی گواستنەوە

پاراستنی ئوتومبیلی قەمەرە

پاراستنی ئوتومبیلی بار (لۆری)

پاراستنی ئوتومبیلی کار

پاراستنی هۆکارەکانی گواستنەوەی تر

پاراستنی کتێب و گۆڤار و بەلگەنامەکان

پاراستنی پرد و پرۆژەکانی ئاودێری

پاراستنی چەك

پاراستنی باخچە و پارکەکان

پاراستنی کارگە و کارپێکردنیان

## بەشی پێنجەم: خەرجی سەرمایە

کەڵ و پەل

کەل وپەلی دار

کەل و پەلی مس

کەل و پەلی تر

ئۆتومبیل

ئۆتومبیلی قەمەرە

ئۆتومبیلی بار (لۆری)

ئۆتومبیلی حقل(بار)

پاس

ئۆتومبیلی تایبەتمەندیدار

هۆیەکانی گواستنەوەی تر

مەکینەو دەزگا و هۆکارەکانیان

دەسگا

ئالەتی ژماردن

ئاڵەتی چاپ

ئاڵەتی کۆپی

ئالەتی وێنەگرتن و مایکرۆ فلیم

ئالەتی گەیاندن

کۆمپیوتەر

زەوی ی و زار

تەلار

کتێب و گۆڤار

فلیمی سینەمایی ی و بەلگەنامەکان

چەك و تەقەمەنی

شانۆ و پێویستەکانی و ئالەتی موسیقا

گیانداران

پێداویستی ی و پۆستە کردنی تایبەت

کرینی کارگە

## بەشی شەشەم: خەرجی هەناردن ( تحويل )

گەراندنەوەکان

گەراندنەوەی باجی داهات

گەراندنەوەی باجی خانوو بەرە

گەرانەوەی رەسمی گومرگ

گەراندنەوەی غەرامەی گومرگ

گەراندنەوەی هەمەجۆر

قەرەبو کردنەوە

رەشکردنەوەی قەرزی کە وەرناگرێتەوەی

خەرجی تایبەت

زیانی گۆرینەوەی پارە

هاوکاری شارەوانیەکان (بۆ کاتی پەککەوتنی بودجەی شارەوانیەکان)

هاوکاری بۆفەرمانگەکانی کە لەسەر خۆیان دەژین

هاوکاری ئەوقاف

هاوکاری بۆ دروست کردن و چاککردنەوەی مزگەوتەکان

دەرمالەی البر

هاوکاری سەندیگاکان

هاوکاری کۆمەلەکان

هاوکاری پارتەکان

هاوکاری تر

بەخشین و پشتگیریەکان

یەدەگی گشتی

هاوکاری ناوەندە رۆشەنبیریەکان و لاوان

هاوکاری یانە وەرزشیەکان

ڕەسمی قەزایی

ڕەسمی تۆماری زەوی

مووچەی خانەنشین و دابین کردنی کۆمەلایەتی

هاوکاری دەرکردن بۆکارەکان

## بەشی هەشتەم: بەرنامەی تایبەت

## بەشی نۆیەم: مووچەی خانەنشینی شارستانی

مووچەی خانەنشینی سەربازی

پاراستنی خانەنشینی شارستانی

پاراستنی خانەنشینی سەربازی

مووچەی کارمەندانی تر وەك ئەنفالّ

مووچەی شەهیدان

مووچەی کەم ئەندامەکان

مەزندەی داهاتەکان

ژمارە یەك: ئەو باجانەی لەسەر داهاتەکان و سامانەکانی باجی داهات

پیشە

گواستنەوەی مولکداری خانووبەرە

کۆمپانیاکان

باج لەسەر داهاتی کارمەندانی کەرتی تایبەت

سەرپێچکەران

باجی تر

باجی پاشماوەکان

سەرپێچکەران

فرۆشتنی چاپەمەنیەکان

باجی خانووبەره

باجی خانووبەره بنەرەتیەکان

باجی خانووبەری زیاده

قازانجی بەهۆی دواکەوتن

باجی زەوی بەتال

باجی زەوی بەتال لە بنەرەتیەکان

باجی زەوی بەتال لە زیادەکان

سوودی زەویە بەتالی بەهۆی دواکەوتن

داهاتی تر

رەسمی سەیرکردن و کەشف

کرێی سەیر کردن

ژمارە دوو: باجی کەل وپەل

رەسمی گومرگی

رەسمی داهاتی گومرگی

رەسمی دەرچووی گومرگی

ترانسێت (رەسمی هاتوو چۆ)

داهاتی سەرپێچکارانی گومرگی

بەهای فرۆشتنی فۆرمەکان

کرێی سەیرکردنی گومرگ

داهاتی جۆراو جۆر

رەسمی بەرهەم و مەکس

رەسمی بەرهەم لەسەر پیشەسازی جگەره

چیمەنتۆ

رەسمی تر

ژمارە سێ: رەسمی هەمەجۆر

ڕەسمی دلنیایی تەندروستی

ڕەسم و فرۆشتنی پووڵ

ڕەسمی پووڵ

فرۆشتنی پووڵ

ڕەسمی هۆیەکانی گواستنەوە

بەخشش و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری

بەخشش و دووبارە نوێکردنەوەی ساڵانەی هۆیەکانی گواستنەوە ڕەسمی گواستنەوە مولکایەتی و هۆیەکانی گواستنەوە نرخ و وون بوون و گۆڕینی تابلۆیەکان (لوحة) ژمارە گومرگی بۆ هەموو هۆیەکانی گواستنەوە (هاتنە ناوەوەیی گومرگی) کرێی پشکنینی هۆیەکانی گواستنەوە

لیستی کارتی هۆیەکانی گواستنەوە

سزای سەرپێچیەکان

هەمەڕەنگ

ڕەسمی تۆمارکردنی خانوبەرە

ڕەسمی تۆمارکردن

ڕەسمی ڕوپێوو کرێی نەخشە

ڕەسمی پشکنین و تۆمار (پێوەند) قید

پسوولەی ڕوونوسەکانی بەنرخ

نوێکردنەوە و (مامەڵەیی نوێکردنەوە)

ڕەسمی دادگاکان

ڕەسمی دادگاکانی شارستانی

ڕەسمی دادگاکانی باری شارستانی

ڕەسمی دادگایی تێ هەڵچوونەوەو پێداچوونەوە

ڕەسمی نووسەرانی داد (کاتب العدل)

ڕەسمی دادگاکانی داد

رەسمی فەرمانگەکانی جیَ بە جیَ کردن

رەسمی هێنان و هەناردن

رەسمی پێدانی ناسنامە و نوێکردنەوەیان

رەسمی مۆڵەتی هێنان (إستیراد)

رەسمی مۆڵەتی هەناردن (تصدیر)

رەسمی تۆمار و بڵاوکردنەوە

رەسمی دامەزراندن و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکان

رەسمی هەمەجۆر

رەسمی پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوە

رەسمی ناسنامە و نویَ کردنەوە

رەسمی چاپەمەنیەکان

رەسمی گەشت بۆ دەرەوە و ناوەوە

رەسمی گەشت بۆ دەرەوە

رەسمی گەشت بۆ ناوەوە

ژمارە چوار: داهاتی بووجە لەسەر چاوەکانی تر

مادە نەوتیەکان

پترول

غاز

هی تر

قازانجی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی

کۆمپانیاکان

کارگەکان

بانگی بازرگانی

قازانجی تر

سامانی مەعدەنی (کانەکان)

سەرچاوەی تر

ژمارە پێنچ: داهاتی سەرمایە داری

فرۆشتنی زەوی

فرۆشتنی خانووبەرە

فرۆشتنی زەوی دەوڵەت

فرۆشتنی شووقە و سەربان و دووکان

فرۆشتنی هۆیەکانی گواستنەوە

فرۆشتنی مەکینەو کەل وپەلەکان

فرۆشتنی شت و مەك و پێداویستیەکان

فرۆشتنی گیانداران (مالآت)

فرۆشتنی کتێب و گۆڤار

فرۆشتنی چەك و کەرستەکان

فرۆشتنی ئالەتەکانی شانۆ و مۆسیقا

فرۆشتنەکانی تر

ژمارەشەش: داهاتی کرێی مولکەکانی دەوڵەت

کرێی خانووبەرە

کرێی خانووی حوکومەت

کرێی شووقە و دووکان

بەکرێگرتنی مولکی دەوڵەت

زەوی

زەویانەی پیادەڕەو

کرێی زەوی بەتال (عرصة)

بەکرێگرتنی مەکینەو ئالەت و هۆیەکانی گواستنەوە

کرێی زەویە کشتوکالیەکان

کرێی شتومەك و پێداویستیەکان

کرێی تر

ژمارە حەوت: داهاتی راگوێزراوەکان

جیاوازی نرخ

بڕینی پارەی مانگانە بۆ خانەنشینی

بڕینی پارەی خانەنشینی لە کارمەندانی دەوڵەت

بڕینی پارەی خانەنشینی لە کارمەندانی بنچینەی دەوڵەت

بڕینی دوو هەندەی خانەنشینی کەلەلایەن فەرمانگەکان دەدرێ

دادگاکانی سندوقی خانەنشینی

سوودی هاتنە سەر قەرزی پێدراو

داهاتی بانکەکانی تایبەتمەندی

قەرزدانەوە

قەرزدانەوەی سوودەکان

عمولەی بانك

داهاتی هەمەجۆر

ژمارە هەشت: خزمەتگوزاریەکانی فەرمانگە بۆ لایەنی تر

خزمەتگوزاریەکانی لاوان (گەنجان)

داهاتی مەلەوانگەکان

داهاتی یاریگەکان

داهاتی هۆڵەکان

داهاتی تر

خزمەتگوزاریەکانی گەیاندن

داهاتی خزمەتگوزاریەکانی گەیاندن

داهاتی دانان و گواستنەوەی هێلی تەلەفۆن

داهاتی پۆستە

داهاتی قسەکردن

داهاتی هاوبەشی لە تەلەفۆن

رەسمی نووسینگەکانی گەیاندنی ئەهلی

کرێی گواستنەوە

داهاتی هەمەجۆر

داهاتی ئاو ، ئاوەرۆ ، کارەبا

کرێی ئاو

کرێی کارەبا

پارەی تێچوی دامەزراندنی

داهاتی کرێی سەیرکردن

رەسمی کردنەوە و گۆرین

کارکردن بۆ لایەنی تر

سەرپێچی

رەسمی کارتی سەردان (تەندروستی)

رەسمی کارتی سەردان بۆ ناومەلبەندی پارێزگاکان

رەسمی کارتی سەردان بۆ دەرەوەی مەلبەندی پارێزگاکان

رەسمی پشکنینی خواردەمەنیەکان و پێداویستیەکانی تر

کرێی سەیر کردن (کەشف)

کرێی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان

داهاتی سەرپێچی

داهاتی خانەی منالی ساوا (دار الحضانة)

داهاتی دلنیایی تەندروستی

داهاتی کارتەکان

داهاتی داوو دەرمان

داهاتی هەمەجۆر

ژمارە نۆ: داهاتی تەسنیف نەکراو (پۆلێن نەکراو)

سەرپێچی

مالی دەست بەسەرداگیراو

فرۆشتنی پێداویستیەکان و ئیستۆکەکان (لەکار کەوتووەکان)

پیتاك و هاوکارییەکان

داهاتی پرۆژە حوکومیەکان

کرێی پشکنینی شتومەکی بیناکردن

خەرجی گەڕاندراوەکان

بەهای فۆرم و چاپەمەنیەکانی تر

رۆژنامە

گۆڤار

فۆرم و چاپەمە نیە کانی فەرمانگەکانی تر

داهاتی تر

نوێکردنەوەودرێژکزدنەوەی مۆلەتەکان

مۆلەتدان

فرۆشتنی تەندەر

بارمتە بەشداربووان

داهاتی جۆراوجۆر

داهاتی خولەکان

داهاتی پەروەردە و فێرکردنی بالاّ

پەسەندکردنی بروانامە

وەرگێرانی بروانامە

پۆزش گرتن لەسەر نمرەی تاقیکردنەوەکان (ئەزموون)

کرێ لە بری بەشداری لە تاقی کرنەوەکان

بەخشش و نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگە ئەهلیەکان

# ووشەی كۆتـایی:

١)پەسندكردنی بودجە ئەوە دەگەیـەنێ كـە هـەر فەرمانگەیـەك لـە بـچوكەوە تـا گـەورە دەبێتە خاوەنی سامانی خۆی ئەو سـامانەش بـە گـوێرەی پلانێـك ئامـادەكراوە هـەر بـە پلانیش پێویستەكان بەو بودجەیە جێ بەجێ دەكرێ واتە خەرجیەكان بەپێ ی رێنمایی ی و یاسـاو رێساكان ئـەنجام دەدرێ. بودجـەش بریتـی یـە لـە داهـات و خـەرجیـەكان.. تێكـەڵ و پێكـەل نـەكردنی پاشمـاوەی سـاڵی رابـردوو واتـە ئـەو برگـە و مادانـەی یەكلاكردنەوە (تسوية) پێویستە پێش كۆتـایی سـاڵ ئـەنجام بدرایـە هـەموو مامەلـەكانی ژمێریاری (دارایی) پێویستە كۆتایی پێ بـێ.. هاتنـە سـەر یـەكتری كـارێكی نـەگونجاوە مەتر سیدارە دەبێ تخوونی نەكەوێ دیاریكردنی پێویستەكان بە گوێرەی بودجەكە یە كە ئامادەكراوە كەسی تر نیە دەستكاری بكات تەنیا لە رێگەی دەسەلاتی پێدراو وەزارەتی دارایی ی و ئەنجومەنی وەزیرانەوەبێت ئەگەر بودجە باتەرخانیش بكرێ و پەسند بكـرێ بەلام كە دەسەلاتێك مافی بەخۆی دا چەك رەوانەی بانكـەكان بكـات بـەبێ ئـەوەی هـیچ رێگایەك دیاری كرابێ بـە گـوێرەی بودجـە ئـەو چـەكە رابكێشی ئـەوا رێـرەوی دەولـەت دەتـرازێ بـۆ رێـرەوی هـەوەس وەك ئـەوەی هەركەسـە (دەسـەلاتە) بـۆ خـۆی مانگانـە پاداشت دەبرێتەوە لە گەندەلیش تێپـەر دەكـات بـۆ تـاوان كـە چاودێری دارایـش پێـی ناوەستێ و پێ ی ناوێری

٢) داهاتەكان بەو گوێرەیەی كە لە بودجە داهاتووە

نابێ بە هیچ هۆیەك و بـەهیچ رێژەیـەك دەسـتكاری بكـرێ بـەلكوو دەبـێ داهاتـەكان بـە گشتی لـە خـشتەی ژمێریـاری /٤٣ تۆمـار بكـرێن وەك داهـاتێكی كۆتـایی لـە بانكـەكان دابنـ رێ بەپێ یی رێنماییەكان بەپێ ی رێنمایەكانیش بێتە دەرەوە

٣) داهاتیش بـەپێ ی پێـوەری یاسـایی ی و زانـستی و هونـەری و دادپەروەرانـە دەسـت بكەوێ

٤) هـەول بـدرێ رێـژەی داهـات بەرزبكرێتـەوە نـەك لەسـەر حیسابی هـاوولاتی بـەلكوو بەشێوەی گونجاو كارو كارامە

٥)خالێکی گ رنگیش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەو فەرمانگانـەی لەسـەر میزانیـەی خۆیـان دەژین (تحویل) لە ڕێگەی هەر شێوازێك بێت پێویـستە ڕێژەیـەك لـەو قازانجـەی بنێریتـە وەزارەتی دارایی

٦) لە کاتی دەست بەسەر داگرتنی زەوی ی و زار بە هەموو جۆرەکانی یان هەر شتێکی تر(مولك و ماڵ) دەبێ دەولەت دادپەروەرانەی هـەلس و کـەوت بکـات نـەبادا بـە بیـانوی کۆکردنەوەی داهات بۆ دەوڵەت خەلك بڕوتێننەوە وەك ئەوەی کـە بەرامبـەر بـە خـاوەن زەویەکان دەکرێ یان کارگە و پیشەوەریەکانی تر

٧) کەس نیە داهات بۆخۆی ببات بەلام رەنگە لە ڕێگەی ساختەکاری یان گەندەڵی یـان هەر ڕێگایەکی ناشەرعی بتوانی گەورەترین دەست کەوت لە داهاتی دەولەت کەهی گەلـە بۆ خۆی بیدزێ وەك ئـەوەی لـە ڕێگـەی دەزگاکـانی دەولـەت شـەرعیەت بداتـە هەنـدێ دستکەوتی وەك: برینەوەی مووچەی خیالی، وەرگرتنی پێشینە ، برینەوەی نسریەی بی سنوور.

دامەزراندنی دەورو پشتی خوی بە مووچەی پلە بەرز یـان لـە ریگـەی پیـشکەش کردنـی هەندیك پرۆژەی دەستکرد کە خویان دەبنە بەلێن دەر خویان پارەکەش دیـاری دەکـەن کە رەنگە ئەو پروژانەش بوونیان نەبی ئەگەر هەش بیت بە گویرەی ئـەو پـارە زورانەیـە کـە بـۆی تـەرخان دەکریـت زوربـەیان کـرچ وکـال و پـر لـە ناتـە واوین لـە رووی هونـەری لەناتەواوین رووی ماددەکانی کە هی باش نیننە.

٨- پاسەوانی یەکەم لەسەر سەلامەتی بوودجە ویژدانە دووەم: دەزگای چاودیری دارایی و کارگیرییە کە ئەرکی پیروزیان لەسـەرە بـەوەی بـەرگری لـە سـامانی دەولـەت دەکـەن بەمـەش پاراسـتنی شـکوداری سیاسـی و سیـستەمی حکومەتـە کـە هاوکـاری کردنیـان پێویسترە.

٩- لە کاتیکدا کەرتی گشتی رۆلی کەم دەنێتـەوە گورەپـان بـۆ کـەرتی تایبـەتی خـوش دەکات ئەگەر چۆلیش نەکات ئەوەی پێویستی باجەکان زیاتر بن بۆ پشتگیری حکومەت لـە ولاتـانی پیـشکەوتوو رەنگـە حکومـەت تـەنیا پـشت بـە بـاج ببەسـتیت بۆیـە کـەم کرد نەوەی باجەکان بە داناییە ئـەوەی یاسـا داریژەکان پـشتی کـەرتی تایبـەت دەگـرن

لەسـەر حیـسابی حکومـەت بۆیـە دەبـیٚ هاوکیـشەیەك هـەبیٚ بەرانبـەر هەمووئـەو ئاسانکاریانەکە بۆ کەرتی تایبەت دەکرێت ئەگـەر زەوی نیـشتەجیٚ یـان کـشتوکالٚ یـان گـشتیاری هـەروەها جلـوی بـازارو ئـابووری درا دەسـت کـەرتی تایبـەت کەواتـە چـی دەمێنێتەوە جگە لە باجەکان بۆیە هەلەیە یاسایەك دابریـژری لـە جـورەو سیـستەمانەی کە پشتگیری لە کەرتی تایبەت دەکات سەبارەت بە نەمان یان کەم کردنەوەی باجـەکان بەتایبەتی کەرتی تایبەتی ئەو وەلاتانەی کە کێبرکیٚ تەنها بۆ قازانجی خویان دەکەن لـە سەر حیسابی هاوەلاتی بیٚ ئەوەی گورانکارییەکی ئەوتۆ بێنە گۆڕیٚ لـە رووی سیاسـی ، دیموکراتی، ئابووری ، کومەلایەتی، کلتوری، زانستی ، پیشەسازی... هتد.

# سەرچاوەکان:

**المصادر العربية**

١. تطوير الادارة العامة في العراق / د حسين الدوري /د. عاصم الاعرجي / د. عبدالرزاق ابراهيم.
٢. الادارة العامة بين النظرية والتطبيق / د. عامر الكبيسي / د. زكي محمود هاشم.
٣. الادارة العامة/ د.عادل حسين ، مصطفي زهير ، عاطف عبيد.
٤. الادارة الاستراجية / العولمة والمنافسة/ د.كاظم نزار الركابي.
٥. الادارة الاستراجية / د. عباس خضير الخفاجي.
٦. التنمية الادارية / مجلة المركز القومي للاستشارات والتطوير الاداري.
٧. مبادئ الادارة العامة / د. حسين الدوري و د. عاصم الاعرجى.
٨. مبادئ الادارة/ د. محمد قاسم القربوتى.
٩. روابط الاعمال والاصلاح الديمقراطي / د.جون و د.سوليفان.
١٠. مواطنة الشركات / مركز المشروعات الدولية الخاصة.
١١. حقوق الملكية في اقتصاد السوق / بروس ان رنك / مركز المشروعات الدولية الخاصة.
١٢. الاصلاح الحكومي / د.بول هولدين / مركز المشروعات الدولية الخاصة.
١٣. الحكم الديمقراطى للاصلاح السياسى والاقتصادى / مركز المشروعات الدولية الخاصة / د.جون و د.سوليفان.
١٤. جمعيات الاعمال في الواقع العلمي / مركز المشروعات الدولية الخاصة.

**المصادر الانكليزية المترجمة**

١٥. خصخص الشركات المملوكة للدولة / مركز المشروعات الدولية الخاصة.
١٦. مكافحة الفساد منظورات وحلول القطاع الخاص / ٢٠٠٥ واشنطن.
١٧. الريادية/ مركز المشروعات الدولية الخاصة/١٩٩٢.

١٨. الاستثمار الاجنبي المباشر / المشروعات الدولية الخاصة/ ٢٠٠٤/
١٩. مجتمع الاعمال العراقي / ١٠٠ مقالة/ اتحاد رجال الاعمال العراقيين/ ٢٠٠٣-٢٠٠٥.
٢٠. ادارة السلوك التنظيمي / الدكتور احمد سيد مصطفى / القاهرة ٢٠٠٥.
٢١. اسس الادارة الحديثة/ د.بشير العلاق/ االطبعة الاولي ١٩٩٩.
٢٢. المبادئ ولأتجاهات الحديثة في ادارة المؤسسات/ ب. حسن ابراهيم بلوط /٢٠٠٥ بيروت.
٢٣. الفساد والحكم / سوزان – روز اكرمان / ترجمة فؤاد سروجى/ الطبعة الاولى /الاردن ٢٠٠٣.
٢٤. كردستان مستعمرة دولية / اسماعيل بيشكجى / ترجمة زهير عبدالملك/ ١٩٩٨.
٢٥. النظام في الاناضول الشرقية / اسماعيل بيشكجى / شكور مصطفى / ٢٠٠٠ اربيل.
٢٦. الصراعات الدولية في قرن العشرين / محمد احسان / ٢٠٠٠اربيل.
٢٧. قانون اصول المحاسبات رقم ٣ لسنة ١٩٤٠وتعديلاته.
٢٨. تعليمات لجنة دراسة العقبات الادارية في تبسيط الاجراءات/وزارة التربية /١٩٩٠ بغداد.
٢٩. الرقابة الداخلية / مطبوعات وزارة المالية والاقتصاد.
٣٠. اسس وضوابط الخدمة والملاك والانضباط/ مطبوعات وزارة المالية.
٣١. شرح الدليل المحاسبي للموازنة الجارية / الاعتيادية مطبوعات وزارة المالية والاقتصاد/ ٢٠٠١.
٣٢. السياسة البريطانية تجاه تركيا واثره فى كردستان / بيار مصطفى سيف الدين / اربيل.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

٣٣. کوردستان و ستراتیژی دەولەتان / حوسێنی مەدەنی / بەرگی یەکەم و دووەم.

٣٤. ئاغاو شێخ و دەوڵەت / مارتین فان / برۆندسن / وەرگێر لە ئەلمانی کوردۆ ١٩٩٠ سلیمانی.

٣٥. یەکەم گۆنگرەی پەروەردەی هەولێر/ ئابی ١٩٩٣ / کۆنگرەکانی پەروەردەی پارێزگاکانی عیراق.

٣٦. رێبازی پەروەردە/ گۆڤار / ژمارە سفر ١٩٩٦.

٣٧. روونکردنەوەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی/ سلێمانی ٢٠٠٧.

٣٨. رێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی بوودجەی ساڵی /٢٠٠٢ هەولێر.

٣٩. زاراوەی کارگێری/ لەبلاوکراوەکان کۆڕی زانیاری کوردستان/ ٢٠٠٤ هەولێر.

٤٠. رێکخراوەکان لە سەدەی بیست و یەکدا/کۆمەڵێك پسپۆر / وەرگێران محمد.

## نووسەر لەچەند دێڕێكدا:

- لەدایك بووی ١٩٥٠ هەولێر.
- ئاستی خوێندن: بەكالۆریۆس لەئاداب – زانكۆی بەغداد.
- دكتۆرا له ادارة الأعمال (الحكومية).
- بەشداری لە دامەزراندنی: بنكەی ڕۆشنبیری شەهید – ڕێكخراوی كۆما بۆ وشیاری لە مین و تەقەمەنی – یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان.
- ئەندامی خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان .
- چەندین پلەی وەزیفی وەرگرتووە: بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی تەندروستی، وەزارتی پەروەردە، بەڕێوەبەری گشتی چاكسازی كۆمەلآیەتی ، سەرۆكی دەزگای گشت و گوزار لە وەزارەتی شارەوانی، سەرۆكی بۆردی چەندین ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی.
- ئەندامی یەكێتی نووسەران – سەندیكای ڕۆژنامەنووسان – كۆمەڵەی زیندانە سیاسییەكان.
- سەرنووسەری گۆڤاری شەهید.
- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری پەرلەمانتار.
- (شۆڕشی مەستان) دیوانە شیعرێكی بلآوكراوەی نووسەرە.
- چەندین بابەت و توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی سیاسی و كۆمەلآیەتی و ئەدەبی و ئیداری و پەروەردە و زمان و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا بلآوكردۆتەوە.
- چەندین دەستنووسی بلآو نەكراوەی ئامادەی چاپن.


ئیدارەی گشتی
نووسەر
٢٠٠٩